زنجیرەی هزری هاوچەرخی ئیسلامی • مع القران في عالمه الرحيب • 62

د. عمادالدين خليل عمر

# لەگەڵ قورئان لە جیهانە فراوانەکەیدا



بسم الله الرحمن الرحيم

لەگەڵ قورئان

لە جیهانە فراوانەکەیدا

# لەگەڵ قورئان
# لە جیهانە فراوانەکەیدا


**نووسینی**
پرۆفیسۆر د. عیمادەدین خەلیل عومەر

**وەرگێرانی**
زێبار عزیزخان مهاجر

**بڵاوکردنەوەی**
نوسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن

**نەخشەسازی ناوەوە**
زەردەشت کاوانی

**خەت**
نەوزاد کۆیی

**بەرگ**
ئەمین موخلیس

**قەبارەی کتێب**
٢٤×١٧- ( ١٧٧ ) لاپەڕە

**نۆرە و ساڵی چاپ**
یەکەم ١٤٣٧ ک - ٢٠١٦ ز

**تیراژ**
١٥٠٠ دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی
سپاردنی ( ٢٢٥ ) ی ساڵی ٢٠١٣ ی پێدراوە



هەموو مافێکی لە بەرگرتنەوە و بڵاوکردنەوەی پارێزراوە
Copyright © Tafseer Publishing



**نوسینگەی تەفسیر**
بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن
هەولێر - شەقامی دادگا - ژێر هوتێلی شیرین پالاس
+964 750 818 08 66
www.al-tafseer.com
tafseeroffice@yahoo.com
/TafseerOffice

# لەگەڵ قورئان
# لە جیهانە فراوانەکەیدا

نوسینی:
برۆفیسۆر د. عیمادەدین خەلیل عومەر

وەرگێڕانی:
زێبار عزیزخان مهاجر

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

# پێشەکی وەرگێڕ

سوپاس و ستایش بۆ خوای زانا و خاوەن توانا، درودو سڵاو بڕژێ بەسەر پێغەمبەری خاوەن پەیامی ڕەوا و، بەسەر خانەوادە و یاران و شوێنکەوتووانی تا ڕۆژی جیاکردنەوەی ڕەواو ناڕەوا.

پاشان

**بێگومان ئادەمیزاد دوای ماڵئاوایی کردن لە دونیای نەبوونەوەو هەنگاونان بۆ ناو جیهانی بوون، خوای گەورە پەیڕەوێکی نەمری بۆ بڕیاردا لە دوو توێ پەیامە ئاسمانیەکان و پاشان لە دواهەمین پەیامی ئاسمانی کە قورئانی پیرۆزە، بۆ ئەوەی ببێتە نەخشە ڕێگەی دین و ژین و ڕێکخەری لایەنی ماددی و مەعنەوەی و داگیرسێنەری مەشخەڵەکانی ڕێگەی ڕاستی و پەرەپێدەری ڕەوڕەوەی چاکە و چاکەخوازی و ڕووخێنەری کۆشك و تەلاری خوانەناسی و خراپسازی.**

**قورئانی پیرۆز بریتییە لەو کانیاوە سازگارەی کە هەمیشە سارێژکەری زامەکان و دابینکەری ئارامی و ئاسایشی دەروون و دارێژەری دیدو تێڕوانینێکی ڕۆشنە بۆ مرۆڤ لەهەمبەر جیهانی بینراو و نەبینراو، بە تەواوی تیشکی خستۆتە سەر ئەو شتانەی کە مرۆڤ پێویستە بیزانێت سەبارەت بە جیهانی نەبینراو،**

کەچی سەبارەت بە شتەکانی جیهانی بیراو تەنها ئاماژەیەکی کورتبڕی پێداوەو هانی ژیرو هۆشمەندەکانیشی داوە بۆ ئەوەی هێزو توانایان بخەنەگەڕ لە پێناو داهێنان و بەرەوپێش چوون و گەشەی بەردەوام.

ئەم کتێبەش هەوڵێکە بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەو تێڕوانینە گشتیەی کە قورئانی پیرۆز بۆ مرۆڤی دیاریکردووە سەبارەت بە گەردوون و مرۆڤ و جیهانی بینراو نەبینراو... هتد، هیوادارم خوای مەزن پاداشتی دانەر بداتەوە. هەڵسانی بەندەش بە وەرگێڕانی ئەم کتێبە بیکاتە مایەی ڕەزامەندی خۆی. لێرەدا بە پێویستی دەزانم کە سوپاسی ئەم بەڕێزانە بکەم[١] کە هەڵساون بە هەڵەچنین و پێداچوونەوە: (م. انعام محمد طاهر، م ڕەقیب ڕەسول ڕوستایی، م. مهاجر محمد طاهر). هیوادارم ئەم کتێبە ببێتە مایەی زیاتر تێکەڵ بوون لەگەڵ زەریای زانیاری و زانستەکانی قورئان و خزمەت بە پەیامی نەمری ئیسلام.

زیۨار عزیزخان

سۆران

---

(١) بۆ ڕاڤەی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز سوودم بینیوە لە: خوڵاصەی تەفسیری نامی، دانراوی مەلا عبدالکریمی مدرس. تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان، نووسینی بورهان محمد أمین. (وەرگێڕ).

بەناوی خوای بەخشندەی دلۆڤان

## ڕەتکردنەوەی جیهانی پەنهان (الغیب) چی دەگەیەنێت؟

کات دوای کات لە گفتوگۆو مشتومڕە ڕۆژانەییەکانماندا هەندێك دەربڕین دەخرێنەڕوو (کە واتاکەیان دوورە) و هیچ چارەیەك نییە دەبێ هەر تاوتوێ بکرێت و ڕا لەبەرامبەری دەربڕدرێت وەك: (پێدانی بنچینەی زانیاری گشتی پێویست بە قوتابی... کە لەسەر ڕەت کردنەوەی نموونەگەرایی پەنهانی دامەزراوە) و دەربڕینی: (ڕەتکردنەوەی هزرە پەنهانگەرایی و نادیارگەرایی...).

یەکەم: ئەو دەربڕینانەی کە کەمێك بەر لە ئیستا بیرمان لێکردنەوە، ناڕۆشن و دیاری کراو نین، سەرباری ئەوەی ئاماژە بە بەیەکەوە بەستنەوەیەکی توند دەکات لە نێوان (زانینی پەنهان) و (نموونەگەرایی) و (نادیارگەرایی) کە هەر ئوممەتێك ڕەتی دەکاتەوە کە بیەوێت بە شێوەی ڕاستەقینە لەسەر گۆڕەپانی واقیع بجولێت لە پێناو ئایندەیەکی زیاتر پێشکەوتوو و باڵا.

گومان لەوەدا نییە _ هەروەك بە ڕوونی لە قورئانە پیرۆزەکەماندا دەردەکەوێت _ جیاوازیەکی ڕوون هەیە لە نێوان زانینی پەنهانی (دڵنیاکەر) کە سروش و نیگای ئەمیندار هێناویەتی بە پێی ڕێگە تایبەتەکانی بۆ ئەوەی (واقیعێکی) مرۆیی چارەسەر بکات و نەخشەڕێگەی شارستانیەت و پێشکەوتن و دەرخستن و داهێنانی بۆ بکێشێت، لەگەڵ بەهاکانی (ناڕۆشنبینی) و

(نموونەگەرایی) کە بێ هاوتا و نا ڕوون و دیاری نەکراو و نا واقیعین کە کتێبی خوا بە توندترین شێوە ڕەتی دەکاتەوە.

دووەم: پێویستە (خاڵی دەستپێکی هزریمان) دیاری بکەین لە دامەزراوە ئەکادیمیە (مرۆییەکەمان) و پەڕەوی خوێندنمان بە شێوەیەکی دیاریکراو و ورد بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕۆڵە گرنگەی کە ئەو دامەزراوانە دەیگێڕن لە ئایندەی هزرو ڕۆشنبیری لە وڵاتماندا. جا یان ئەوەتا ئێمە دەبینە (خوانەناس) کە هزرو کرداره ڕۆشنبیری و پەروەردەییەکانمان لە تێڕوانین (یان فەلسەفەیەکی) تەواو ماددەگەرا سەرچاوە دەگرێت، کە سنووری شتە بینراوەکان تێناپەڕێنێت بۆ دوای بینراوەکان و باوەڕ بە جیهانی (نەبینراو) ناکات، دواتریش (سروش: الوحی) وەك سەرچاوەیەکی زانین و زانیاری بۆ مرۆڤایەتی ڕت بکاتەوە... ئەمە شتێکی گونجاو نییە لە ناو وڵاتێکدا کە بۆ ماوەی چوارده سەدە ژیانی گوزەراندبێ لەگەڵ ئەزموونی هاوسەنگی و باوەڕ لە نێوان ئامادەیی (حضور) و ئامادە نەبوون (غیاب) و ماددە و ڕۆح و سروش و ئەزموون، و ئەمەش بووبێتە بەشێك لە مێژوو و شارستانیەت و بوونمان... یان دەبینە کەسانێکی (هەماهەنگ و گونجاو) لەگەڵ ئەم (مێژوو) و (شارستانیەت) و (بوون)ە کە تێڕوانینمان گشتگیر و هەڵوێستێکی (هەمەکی)مان هەبێ کە سروشت و ئەودیوسروشت و سروش و ئەزموون بەیەکەوە کۆبکاتەوە... ئاوابین وەك چۆن ئاینەکەمان لێمانی ویستووە.

لە هیچ یەکێك شاراوە نییە کە ئەمە لەوە ڕۆشنترە کە مشتومڕی لەسەر بکرێ، هەڵوێستی (میانڕەو) لە شتێکی لەم جۆرەدا نییە: یان تەواو ماددەگەرایی یان باوەڕ... و هەر لاسەنگ کردنێکی ڕۆشنبیری یان پەروەردەیی لە نێوان ئەم دوو هەڵوێستە ئەوا هەڵوێستێکی بێ هێزو پاساو و نا لۆژیکیە، لە کۆتاییدا ئەمە

سەردەکێشێ بۆ (گێژاوی هزری) کە کەساتی و دەرەنجامی خۆی هەن و ڕامان دەماڵێت، لە کاتێکدا زۆر پێویستی بەم کەسایەتیە و ئەم جیاوازیە شارستانیەتەی هەیە لە میانەی ململانێیە گشتگیرو هەمەلایەنەکەی دژی هێزی صەهیۆنیەت و داگیرکەری نوێ.

سێیەم: یەکەم شت کە لە قورئانی پیرۆزدا فێرمان دەکرێت سێ ئایەتە لە سورەتی (البقرة)، کە دەفەرموویت: ﴿ ذَٰلِكَ ٱلۡكِتَٰبُ لَا رَيۡبَۛ فِيهِۛ هُدٗى لِّلۡمُتَّقِينَ ٢ ٱلَّذِينَ يُؤۡمِنُونَ بِٱلۡغَيۡبِ وَيُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ وَمِمَّا رَزَقۡنَٰهُمۡ يُنفِقُونَ ٣ ﴾ واتە: (ئەم قورئانە کتێبێکە هیچ گومانێکی تێدا نییە، کە مایەی ڕێنوێنی و سەرچاوەی هیدایەتە بۆ خواناسان و پارێزگاران. ئەوانەی باوەڕ بە نەبینراوەکان دەهێنن، هەروەها نوێژەکانیان بە چاکی ئەنجام دەدەن و لەو ڕزق و ڕۆزیە _ حەڵاڵەی _ پێمان بەخشیوون، دەبەخشن). ئەمە _بە ڕوونی _ ئەوە دەگەیەنێت کە بەردی بناغە لە ئاینەکەماندا _ هەر ئاینێکی تری ئاسمانیدا _ بریتییە لە باوەڕ بوون بە جیهانی نەبینراو و پەنهان، چونکە خوای پەروەردگاری پاك و بێگەرد بە چاوەکان نابینرێت کەواتە لە نەبینراوەکانە، جا لەبەر ئەوەی ئەو شێوازانەی کە خوا سروشی بۆ پێغەمبەرانی پێ ڕەوانە دەکات ناکەوێتە ژێر دەزگاکان و توانا هەستەوەریەکانمان، ئەوا دەچێتە ناو جیهانی نەبینراو و پەنهانەوە... دواتر بانگەشەکردن بۆ پشتگوێ خستنی باوەڕ هێنان بە شتە پەنهان و نەبینراوەکان و وەسفکردنی بە سیفەتی نەرێنی (وەك: ناڕۆشنگەرایی و نموونەگەرایی) ئەوا ئەمە خۆی لە خۆیدا نکۆڵی کردنە لە بنچینەی زۆر قوڵی بناغەی هزری ئاینی لە وڵاتەکەماندا.

بەپێی سەرەنجمان لە قورئانی پیرۆزدا هەندێك پارچە و ئایەت هەن زانیاریمان لەبارەی جیهانی نەبینراو پێدەدەن و بە سەرچاوەی تێڕوانین و ڕەوشتی ئاینی دایدەنێت، سەرباری جەختکردنەوەی بەردەوامی قورئان لەسەر ئەوەی کە شتە نادیارو پەنهانەکان دەچنە چوارچێوەی (زانستی خواوە) کە لە هیچ لایەکەوە پوچی تێناکەوێت و زانستی خوا دەوری هەموو شتێکی داوە: ﴿وَعِندَهُۥ مَفَاتِحُ ٱلۡغَيۡبِ لَا يَعۡلَمُهَآ إِلَّا هُوَ﴾ الانعام: ٥٩. واتە: **(کلیلی هەموو شاراوەکان و زانینی هەموو نهێنیەکان بە دەست خوایە و هەر لای ئەوە، کەس نایزانێت جگەلەو زاتە).** ﴿وَلِلَّهِ غَيۡبُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَإِلَيۡهِ يُرۡجَعُ ٱلۡأَمۡرُ كُلُّهُۥ﴾ هود: ١٢٣. واتە: (هەر بۆ خوایە نهێنی و نادیارەکانی ئاسمانەکان و زەوی، هەموو کارو **فەرمانیش هەر بۆ لای ئەو زاتە دەگەڕێتەوە).** ﴿وَسَتُرَدُّونَ إِلَىٰ عَٰلِمِ ٱلۡغَيۡبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ ١٠٥﴾ التوبة: ١٠٥. واتە: (پاشان دەگەڕێنرێنەوە بۆ لای ئەو خوایەی کە زانایە بە نهێنی و ئاشکرا، ئەوسا ئاگادارتان دەکات لە هەموو ئەو کارو کردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن). ئا بەم شێوە لە قورئانی پیرۆزدا بەدەردەکەوێت کە (نهێنی و نادیارەکان) (زانستێکی) خوایی گشتگیرن، و ڕێکخەرێکی گشتین بۆ ڕێساکانی ئاسمانەکان و زەوی، ئەو ڕێسایانەی کە لە توانای دەزگا و توانا سنووردارەکانی ئێمەدا نییە دەوری بدەین. _ کەواتە _ جیهانی نەبینراو و نادیارەکان بریتی نین لە شتی (نموونەیی) و (تەپ و تۆزاوی و ناڕۆشن). لێرەدا دەتوانین ئەوە بخەینەڕوو کە وشەی (الغیب: نادیارو پەنهان) بە گەڕدان (تصریف)ە جیاوازەکانی زیاتر لە پەنجا جار لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە.

چوارەم: ئێمە _ بەپێی ڕێبازە لۆژیکی و ژیربێژیەکان _ ناتونین بابەتێك کە لەلای ئێمە نەناسراو بێت ڕەتی بکەینەوە یان دانی پێدانەنێین، تەنها دوای دڵنیا نەبوونەوە نەبێت بە بەڵگەی (بەرهەست)ی بڕاوە... لێرەدا یاساو ڕێسا و ڕووداوی (زانستی) کە دەزگا هەستەوەریەکانمان نەیانتوانیوە بە ڕاستەوخۆ دەستی لێبدەن یان پەیوەندی پێوە بکەن، جا لەرینەوە دەنگیەکان کە لە توانای گوێچکە بچوکترن و گوێچکە ناتوانێت ئەم جۆرە دەنگانە لەیەکتر جیا بکاتەوە، و تیشکی سەرووی وەنەوشەیی کە ئەستەمە چاوی ئاسایی جیای بکاتەوە... و چەند شتی گەلێك لەمە زۆرتریش... (چەندین ڕاستی) کە مرۆڤ نەیتوانی دەورەیان بدات تەنها دوای داهێنانی ئەو ئامرازو دەزگایانە نەبێت کە یارمەتی توانا هەستیەکانیدا بۆ بینین و زانین، جا لەگەڵ ئەمەدا پەیی نەبردن بەم دەنگ و تیشکانە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئەوا مۆڵەتمان پێنادات ڕەتی بکەینەوە بەوپێیەی کە ئەمانە شتی نادیارن و بچوکترن لەوەی بەشێوەیەکی دڵنیاکەرەوەو ڕاستەوخۆ درکیان پێ بکرێت. جا هیچ شتێك ماوە کە بوترێت دوای ئەوەی لە قۆناغە دواییەکانی ئەم سەدەیەدا بۆ زانا سروشتناسەکان بەدەرکەوت کە بناغەی سەرەکی بوونەوەر لەسەر (هێزو وزە)یە نەك (مادده)؟ جا هیچ پاساوێك ما بۆ جیاکاری لە نێوان (ئەوەی دەبینرێ) و (ئەوەی نابینرێ) لە میانەی پەردە هەڵدانەوە لەسەر بوونەوەرو ئاشکراکردنی ڕێسا و نهێنیەکانی؟.

بۆ نموونە لە کتێبی (أنشتاين و والنسبية)ی دانراوی موصتەفا مەحمود دەخوێنینەوە کە: ((بەشە بچوکەکانی هەموو مادده کەرستەیەك تەنانەت ئاسنیش جیاوازو دابڕاون و لەیەکەوە دوورن... تەنانەت بەشی بچوکیش لە چەند گەردیلەیەکی لەیەك دابڕاو پێکهاتووە، گەردیلەش لە پرۆتۆن و ئەلیکترۆن

پێکهاتووە کە لە یەکتر جیان... هەموو ماددەیەکی ڕەق بۆشایی تێدایە کە تیایدا گەردیلە پەرش و بڵاون، جا ئەگەر هەستی بینینمان کامڵ بووبا ئەوا دەمانتوانی لە ناو دیوارەوە ببینین، چونکە پێکهاتەکەی دابڕاوە وەك پێکهاتە و تۆڕی بێژینگ. ئەگەر لە ڕێگەی تیشکی (ئەکس) شمان بینیبا نەك لە ڕێگەی ڕووناکی ئاسایی، ئەوا یەکترمان وەك پەیکەری زۆر مەزن دەبینی، چونکە تیشکی (ئەکس) ماوە بچوکەکانی ناو گۆش دەبڕێت و لە ڕوونی شوشەدا ئەم تیشکە بەدی دەکەیت... بینینە بێ تواناکەمانە دیوارەکان بە کەڕی دەبینێت کەچی کەڕ نییە، بەڵکو دابڕان و لێکترازان و بۆشایی زۆری تێدایە، بەڵام ئامرازە سنووردارەکانمان و ئەو تیشکانەی کە لە ڕێگەیەوە دەیبینین ئەوا پێیا تێناپەڕێت بەڵکو لەسەر ڕووکارەکەی دەشکێتەوەو وا بۆمان دەردەکەوێت کە بەربەستێکە لە سەر ڕێگەی بینینمان.

ئەو حوکمانەی ئێمە بەسەر شتەکاندا دەیدەین ئەوا حوکمی ڕێژەیین _ بە درانە پاڵ هەستە سنووردارەکانمان _ و حوکمی ڕاستەقینە نین. ئەو جیهانەی دەیبینین بریتی نییە لە جیانی ڕاستەقینە. بەڵکو بریتییە لە جیهانێکی زاراوەیی کە تیادا وەك بەندکراوی ئەو هێمایانە دەژین کە عەقڵمان دروستیان دەکات بۆ ئەوەی ئەو شتانەمان پێ بناسێنێت کە کرۆك و ناوەڕۆکەکەی نەناسراوە...)).

((بێگومان لێرەدا زیاتر لە دونیایەك هەیە... دونیای ڕاستەقینە هەیە، کە ئێمە پەیی پێنابەین تەنها خوای گەورە نەبێت. و دونیایەك هەیە وەك چۆن سیسرکە دەیبینێت، تەواو جیاوازە لە دونیای ئێمە چونکە دەزگای دەماری سیسرکە تەواو لە دەزگای دەماری ئێمە جیاوازە، سیسرکە خۆر بەرێگەیەکی جیاواز دەبینێت، و لێرەدا دونیایەك هەیە وەك چۆن کرمی ئەسکارس دەیبینێت

کە تەواو جیاوازە لە دونیای سیسرکە، ئەم دونیایە هەمووی تاریکاییە، دونیایەکە بێ دیمەن و تابلۆ و نیگارە، تەنها چەند هەستێکی سادە لە ڕێی پێستەوە نەبێت هیچی تری تێدا نییە. جا بەم شێوەیە هەر چین و توێژێك لە بەدیهێنراوان دونیایەکی تایبەت بەخۆی هەیە... هەر بەدیهێنراوە وەك بەندکراوی تێڕوانینەکانی خۆی ژیان دەگوزەرێنێت، ناشتوانێت ئەو وێنانەی دەیبینێت بۆ چینەکانی تری بەدیهێنراوان وەسف بکات)).

((زانای بەناوبانگی سروشتناس هایز نیبرج دەڵێت: لە زانستدا شتێك نییە بەناوی ڕاستەقینە. زانست ناتوانێت ڕاستی هەموو شتێك بزانێت. دەزانێت کە ئەم شتە چۆن هەڵسوکەوت دەکات لە بارودۆخی دیاریکراودا، و دەتوانێت پەیوەندیەکانی خۆی لەگەڵ شتەکانی دیکە ئاشکرا و هەژمار بکات، بەڵام ناتوانێت بزانێت زانست چییە. پەیی بە چەندێتیەکان دەبات بەڵام درك بە کرۆکی شتەکان نابات. زانست ناتوانێت بزانێت ڕووناکی و ئەلیکترۆن چییە، جا کاتێك زانست دەڵێت: تیشکی ڕووناکی بریتییە لە شەپۆلی کارەبایی موگناتیسی یان "فوتونەکان"، ئەوا مەتەڵ دەخاتە سەر مەتەڵ، ئەی شەپۆلی کارەبایی موگناتیسی چییە؟ جوڵانە لە "ئەسیر"دا؟ کەواتە: جوڵە چییە؟ ئەسیر چییە؟ فوتونەکان چییە؟ بڕێکە لە وزە؟ کەواتە وزە چییە؟)).

ئا بەم شێوەیە پێشکەوتنە سەرسوڕهێنەکەی زانست لەم ماوانەی دواییدا، ئەوا بابەتەکە بە هەر دوو لایەن بۆمان دەخاتەڕوو... توانا عەقڵی و هەستیەکانمان _ لەلایەکەوە _ ناتوانێت پەیی بە ڕاستی ڕەها ببات و بزانێت، و (ڕێژەیی بوونی) زانینی مرۆیی _ لەلایەکی ترەوە _ ئەو باوەڕە دەسەپێنێت کە ئەوەی دەزگاکانمان نابینن ئەوا نییە... جا بۆیە ڕەتکردنەوەی (نەبینراو و نادیار)

بە ئاسانی وەك چۆن زۆرێك لە نیمچە فێرخوازەکان ئەمە دەکەن، ئەوا ئەمە _ بەپێی شرۆڤەی زانستی _ ئەوا نەزانیەکە بەناوی زانست و واقیعیەت ئەنجام دەدرێت.

پێنجەم: ئەگەر هەندێك فەیلەسوف و بیرمەند (شوێنکەوتووی یاسا دەستکردەکانن) بۆ چارەسەرو تویژینەوەو لێکۆڵینەوە لە (ئەودیو سروشت: ماوراء الطبیعة) هەڵسابن بە پیادەکردنی زۆرێك (نارۆشنبینی) و (نموونەگەرایی) و (نادیارگەرایی) (بۆ نموونە بڕوانە نموونەگەرایەکەی هیگڵ کە وەسف کراوە بەوەی لەسەر سەری دەڕوات!!) و ڕێبازو تیۆری وایان داناوە کە خوا هیچ بەلگەیەکی لەسەر دانەبەزاندووەو بەهیچ شێوەیەك هەماهەنگ نییە لەگەڵ دڵنیایی (زانستی ئەزموونی) یا واقیعی (جوڵاوی گەشەکردووە) ئەوا ئەمە شتێکی سروشتییە، چونکە ئامرازەکانی مرۆیی دەستکرد (هەستی و عەقڵی) ئەوا توانای ئەوەی نییە بچێتە ناو جیهانێکی نەبینراوی لەم شێوەیە، دواتر دەرەنجامەکان بە (نارۆشنی) و نەرێنی دێن. و (ئەنگلز) زۆر پیرسیاری کرد لە بارەی شوێنی ئەوەی کە هیگڵ ناوی ناوە گیانی جیهان یان عەقڵی گشتی کە جوڵەی مێژوو بەڕێدەکات و ئاڕاستەی دەکات...

هەڵە بە هەڵە پاساو نادرێت، ئەوەی لەلایەن خوای بەدیهێنەرو زانا و خاوەن ویستەوە دێت سەبارەت بە جیهانی نەبینراو لە ڕێگەی سروشی ئەمیندارەوە، جیاوازە لەوەی لە بەندەکانی خواوە دێت لە فەیلەسوف و بیرمەندەکان کە پڕیەتی لە نارۆشنی و شڵەژان و نموونەگەرایی تەپ و تۆزاوی کە هیچ نرخ و بایەخ و بەهایەکی نییە لە جیهانی (واقیعدا).

شەشەم: ئێمە لە جیاتی ئەوەی بەلای ماددەگەرایی تەواودا بڕۆین، پێویستە ئەو هاوسەنگیە بپارێزین کە بنچینەی دروستی هەڵسوکەوتی تاك و کۆمەڵە بە درێژایی مێژوو.

جا ئەگەر قورئانی پیرۆز تێڕوانینی ئاینی لەسەر بنچینەی (نادیارو جیهانی پەنهان) دامەزراندووە بەو پێیەی سەرچاوەی دڵنیاکەرەوەی زانینە، ئەوا لە هەمان کاتدا جەختی کردۆتەوە لەسەر پێویستی و گرنگی و بایەخداری (ئەزموون) و پشتبەستن بە (هەستەکان) و قوڵکردنەوەی پەیوەندی (عەقڵ) لەگەڵ ئەوەی لە دەوروبەریەتی لە کێڵگەکانی دروون و سروشت و ژیان بۆ ئاشکراکردن و ڕامکردنی بۆ خزمەتی شارستانیەتی مرۆیی و پێشخستنی، و بەرپاکردنی بیرۆکەی (بە جێنشین دانانی) مرۆڤ لەسەر زەوی لە پێناو گێڕانی ڕۆڵی شارستانی خۆی لە زەویدا، ئێمە ئەو بەرپرسیارێتیە کە خراوەتە سەر ئەستۆی هەستەکان و عەقڵ لەو ئایەتەدا بەدی دەکەین: ﴿وَلَا تَقْفُ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِۦ عِلْمٌ ۚ إِنَّ ٱلسَّمْعَ وَٱلْبَصَرَ وَٱلْفُؤَادَ كُلُّ أُو۟لَٰٓئِكَ كَانَ عَنْهُ مَسْـُٔولًا ﴿٣٦﴾﴾ الإسراء: ٣٦. واتە: ("ئەی مرۆڤ" لە شتێك مەدوێ و شوێن شتێك مەکەوە کە زانست و زانیاریت دەربارەی نییە، چونکە بەڕاستی دەزگاکانی بینین و تێگەیشتن هەر هەمووی، بەرپرسیارە لە بەرامبەریەوە). جا _ نزیکەی _ زیاتر حەوت سەد و پەنجا ئایەت هەیە کە داوا لە موسڵمانان دەکات بۆ پێویستی پشت بەستن بە هێزە هەستی و عەقڵی و ئەزموونیەکان بۆ ئاشکراکردنی یاساکانی سروشت و ژیان و ڕام و دەستەمۆکردنی بۆ خزمەتی مرۆڤ.

بێگومان جەختکردنەوەی قورئان لەسەر باوەڕبوون بە (جیهانی نەبینراو و نادیارەکان) ڕێگری لێ نەکردووە لە جەختکردنەوە لەسەر پشت بەستن بە

ئەزموون و تاقیکردنەوەو چالاکی عەقڵی و پیادەکردنی کرداری... بەڵکو بەپێچەوانەوە بەیەکەوە جەختیان لەسەر دەکاتەوە... بە یەکسانی دادەنێت و پشتیشی پێ دەبەستێت لە قوڵتر کردنەوەی باوەڕ بوون بە جیهانی نەبینراو وەك ڕاڤەیەکی دڵنیاکەرەوە بۆ بوونی بوونەوەرو مرۆڤ بەیەکسانی، بۆ هەموو وردەکاری و ڕێکاری و تەبایی و هەماهەنگی و سیستەمی تێیدایە، ئەوەی جەخت لەسەر ئەمە دەکاتەوە ئەوەیە کە ئەوەی قورئانی پیرۆز خستیەڕوو سەبارەت بە بەرهەمی هەندێك یاسا و ڕێسای بوونەوەری (لە کێڵگەکانی ژیان و سروشت و گەردوون... تاد) دواتر تیۆرە زانستیەکان هاتن بۆ ئەوەی قورئان فەرموویەتی بەهێزتری بکەن و پشتی بگرن و ڕەهەندەکانی دیاری بکەن کە لەلای گوێچکەی زۆر نەوەی ڕابردوو شاراوە بوو... ئەمەش سەلمێنەری ڕاستی ئەم ئایەتەیە:

﴿ سَنُرِيهِمْ ءَايَٰتِنَا فِى ٱلْـَٔافَاقِ وَفِىٓ أَنفُسِهِمْ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ ٱلْحَقُّ ۗ أَوَلَمْ يَكْفِ بِرَبِّكَ أَنَّهُۥ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ شَهِيدٌ ﴾ فصلت: ٥٣. واتە: (ئێمە لە ئایندەدا بەڵگە و نیشانەی سەرسوڕهێنەریان نیشان دەدەین لە ئاسۆکانی بوونەوەردا و لە خودی خۆیشیاندا، ئەمەش بۆ ئەوەی تا چاك بۆیان ڕوون بێت و دڵنیا بن کە ئەو زاتە حەق و ڕاست و ڕەوایە، ئایە شایەتی پەروەردگارت بەس نییە کە بێگومان ئاگا و زانایە بە هەموو شتێك).

## سەرنجێک سەبارەت

## بە لاساییکردنەوەی شارستانی: لە پاشا پاشاپارێزتر

شتێکی ڕۆشنە کە کوڕەکانی شارستانیەتی شکستخواردو لە چاڵاکی ڕۆشنبیری و زانستی خۆیاندا لاساییکردنەوە دەگرنەبەر کە جیاوازە لەوەی تاکەکانی شارستانیەتە ڕەسەنە داهێنەرەکان پەیڕەوی دەکەن... لاساییکردنەوەیەك کە لە ڕەگ و ڕیشەکانی بۆ دەستکەوتەکانی ئەزموون و ڕۆشنبیری ناگەڕێتەوەو بەس، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ ئەزموونی دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئەندازەی متمانە و سەربڵندی یان گومان و پێکهاتەی کەم و کورتی کە تاکەکانی شارستانیەتێك لە شارستانیەتەکان پێی جیا دەکرێنەوە. جا وا بەدەردەکەوێت کە تیۆری داروین لە (پەیدابوون و پەرەسەندن) چاکترین نموونە بێ کە لەو بارەوە بیهێنینەوە. لە کاتێکدا دەبینین خودی تاکەکانی خۆرئاوا لە پشتیوانان و قوتابیانی داروین هەوڵ دەدەن زیاتر دڵنیایی زانستی دەست بخەن، و زیاتر (گەشە) و (گونجان) لە نێوان تیۆری داروین و ڕاستییە نوێیەکان کە بەردەوام دەردەکەون... زۆرێك لە تیۆرەکە جیا دەبنەوە، سەربڵند و دڵنیان بە تێڕوانینە جیاوازەکەیان _ بەشێوەیەك لە شێوەکان _ لەگەڵ بنچینەکانی سەرەتای تیۆرەکەیان... لە کاتێکدا نەوەکانی خۆرهەڵات دەبینین چاوی خۆیان کە تووشی چاوئێشە بووە دەنوقێنن لە ئاست ئەو تروسکایی و ڕۆشناییە گەشاوەی کە بۆ یەکەم جار لە تیۆری داروین

سەریهەڵدا سەرباری دانپێدانانی خاوەنەکەی بە مەترسیداری بۆشاییەکانی و گوماناوی بوونی... بەڵام تاکەکانی خۆرهەڵات _ وەك دەروێشەکان کە لەگەڵ دەربرینی هەر سوپاس و ستایشێك ئەوا دەلەرزن _ دەڵێن ئەوەی (مامۆستا[1]) وتی هەر ئەوە ڕاستی ڕەهایە، ئێمە پێویستە هەموو هزرو ڕۆشنبیری و ئەزموون و دەستکەوتەکانمان ملکەچی تیۆری داروین بکەین و بەوپێیە ڕێکی بخەین... تەنانەت ڕاڤە و لێکدانەوەمان بۆ قورئانی پیرۆز دەبێت بەو پێیە بێت کە لە کۆتایی ڕێگەدا بگونجێت لەگەڵ تیۆرەکەی داروین!!.

شتێکی ڕاستە کە ئەو ئامرازو بارودۆخ و توانا ئەزموونیە تەواوانە لەلای خۆرهەڵاتیەکان نییە بۆ تاقیکردنەوەی ڕاست یان هەڵە بوونی هەر تیۆرێك لە تیۆرەکانی (زانستی) خۆرئاوایی، دواتر ئێمە داوایان لێ ناکەین کە پشکنین بۆ تیۆرەکە بکەن یان بەرهەڵستی یاخود پشتگیری بکەن (لە ڕووی زانستیەوە)، چونکە وەڵامی ئەوان ئەو کات زانراوە. بەڵام ئێمە دەمانەوێت تەنها ئاگاداری بدەن بۆ پێویست بوونی ئەوەی زیاتر (بابەتی) بن و دڵسۆزتر بن بۆ خودی تیۆرەکە لە ڕێگەی تێبینی و بەدواداچوون بۆ دەستکەوتەکانی خۆرئاواییەکان _ بە قوتابی و هاوڕێیانی داروینەوە _ سەبارەت بەم تیۆرە. ئەو کاتە دەزانن کە هەر تیۆرێك کە لەوێ دەخرێتەڕوو نابێتە یاسایەکی کارپێکراو یان بابەتێکی سەلمێنراو کە مشتومڕو قسە هەڵنەگرێت، بەڵکو دەبێت سەدان تاقیکردنەوەو هەڵسەنگاندن و پشکنینی ببڕێت و دەیان خەملاندن و دەرەنجامی (گوماناوی) لێ بپشکوێتەوە بۆ ئەوەی وەك شتێکی سەلمێنراو وەربگیرێت... لەوانەیە هەموو ئەمە وا لە تیۆرەکە بکات کە بەپێی ئاڕاستەی جیاواز بەپێچەوانی خاڵە دەستپێکەکان بڕوات!! تەنها

---

[1]) پێم وابێت مەبەستی لە مامۆستا: داروینە. (وەرگێڕ).

ئەوەمان لە خۆرهەڵاتیەکان دەوێت کە _ وەك نموونەکە دەڵێت _ لە پاشا پاشاپارێزتر نەبن.

جیاوازی سەرەکی لە نێوان ئەوانەی خاوەن شارستانیەتێکی زیندوو و پەرەسەندوو و داهێنەرن لەگەڵ ئەوانەی شارستانیەتیان نییە یان شارستانیەتێك زیندوو دەکەنەوە کە لە ڕێگەی تیاچووندایە، ئەوەیە کە ئەوانی تر (کە لاساییکەرەوەن[١]) کار بە بنەمای ملکەچی ڕەها دەکەن بۆ هەموو ئەو شتەی زانست یان ڕۆشنبیری دەیخەنەڕوو بێ ئەوەی هەوڵی پشکنین یان تاقیکردنەوەی شتەکە بدەن بۆ ئەوەی ئەندازی دروست و نادروستی شتەکەیان بۆ دەربکەوێت. بەڵام ئەوانەی یەکەم (کە خاوەن شارستانیەتی ڕەسەنن[٢]) ئەوا هەرگیز لە پشکنین و پرسیارو تاقیکردنەوە وازناهێنن، چونکە هەوڵی ڕاستەقینە و بابەتی بوونیان فێری ئەو ڕاستەیان دەکات کە زانست لە پیلکانێکەوە ناوەستێت بەڵکو هەر باز دەدات بۆ پلیکانێکی تر، دەستکەوتە زۆرەکانی زانست هەندێك هەندێکی تر پوچەڵ دەکاتەوە، هەندێك هەندێکی تر هەڵدەوەشێنێتەوە. جا وەستان و چەقبەستووی لە ئاست پیلکانیەك واتای ئەوە دەگەیەنێت کە (بزوێنەر)ی سەرەکی بۆ سەرکەوتن وەستاوەو دوای ئەمەش گەشە یا پێشکەوتن بە زاراوە ڕاست و قوڵەکەی نابێت... ئەمە دیاردەیەکی نەرێنیە کە هەر شارستانیەتێك لە شارستانیەتەکان پیادەی بکات ئەوە دەگەیەنێت کە لەسەر ڕێگایە بۆ چوون بەرەو کۆتاییە چاوەڕوانکراوەکەی.

---

١) وەرگێڕ.

٢) وەرگێڕ.

لە شانۆیەکەی بێرناردۆش (ڕاستگۆترە لەوەی ڕاستگۆ بێت) یەکێك لە پاڵەوانەکان دەڵێت: ((بەڵێ گەورەم، کون ئیسحاق نیوتن ... داڕوخا لەبەرامبەر ڕەخنەی ئەنشتاین. لە کاتێکدا کون نیوتن پایەی نەخشەی مێشك و هۆش بوو... لە توانایدا لێکدانەوە بۆ هەموو شتێك بکات... و هەموو شتێك ڕوودەدات چونکە دەبێت ڕووبدات.. بەلام ئێستا چ ماوەتەوە؟ هەموو شتێك خەیاڵە... ئەو جیهانەی کە هەژمارو لێکدانەوەی گونجاو بوو ئەوا ئێستا بووەتە شتێکی سەخت بەلای ژمێرکارانەوە)). و لە توێژینەوەکەی (هـ.ج. ولز) بەناوی (العقل في منتهى حدود الإحتمال) ئەم دەربڕینانە هاتوون: ((نامۆییەکەی ترسناك بەسەر ژیاندا هاتووە. ئەو ڕووداوانەی ڕوویانداوە بە جۆرێك جیادەکرێنەوە کە بەپێی عەقڵ و لۆژیك ڕێی تێدەچێت، تەواو وەك چۆن یاسای کێشکردن گەلەئەستێرەکانی ئاسمان ڕێك دەخات. بەڵام ئێستا ئاماژەی ئەوە هەیە کە ئەو زنجیرەییە نەماوە))[1]!!.

جا ئێمە لێرەدا درێژبڕی بۆ خوێنەر نانوێنین بە خستنەڕووی هەڵوێستی خۆرئاواییەکان بە فەیلەسوف و زانایانەوە لەبەرامبەر داروینگەرایی، بەڵام ئێمە تەنها بەسەر هەندێك نموونەدا دەچین بەخێرایی لە میانەی کتێبی (سقوط الحضارة)، کە شرۆڤەی ژیرانە بۆ ئەم هەڵوێستانە کراوە.

کولوف ویلسۆن دانەری کتێبی ناوبراو دەڵێت: ((ئەوەی توینیبی ئەنجامیدا ئەوەیە کە ڕاستیەکی سەرەکی دژی ماددیەتی وروژاند، جا تەنها تاکەکان پشت نابەستن بە وزەی داهێنەری پەرەپێدەر، بەڵکو شارستانیەتیش پشت دەبەستێت بەم وزەیە، ئەمەش تەواو پێچەوانەی مارکیسیەتە، چونکە مارکیسیەت دەڵێت:

---

(١) کولون ولسون: سقوط الحضارة: ٣٥٠، الطبعة الثانية (ترجمة: أنيس زكي حسن) دار العلم للملايين، بيروت: ١٩٦٣م.

شارستانیەت بەپێی فشارە شارستانیەکان پێش دەکەوێت، و هیچ ویستێکی ئازاد لێرەدا لە ئارادا نییە. بەڵام توینیبی دەڵێت: شارستانیەت پێشدەکەوێت یان دادەڕوخێت بەپێی وزەی ڕەوشتی کە (کەمینەی داهێنەر) هەیانە، جا لەبەر ئەمە وشەی (وزەی ڕەوشتی) مانا نەزۆك دەردەچێت ئەگەر هاتوو لێرەدا ویستێکی ئازاد نەبوو.

پێویستە تێبینی ئەوە بکەین کە شۆڕشی توینیبی دژی ماددەگەرایی هەمان ئەو هەنگاو و هێڵانە دەگرێتەبەر کە شۆڕشی لامارك دژی داروین دەیگرێتەبەر. پەرەسەندنی داروین تەنها لە ڕووی ماددیەوە بوو، بوونی زەڕافە مل درێژەکان کە ئەمڕۆ هەن، لەبەر ئەوەیە کە زەڕافە مل کورتەکان لەناوچوون، چونکە مل کورتەکان نەدەگیشتنە درەختە باڵا بەرزەکان، لە کاتێکدا زەڕافە مل درێژەکان ژمارەیان زۆر بوون و وای لێهات زەڕافەی تریان لێ پەیدا دەبوو بە ملی درێژترەوە. داروین ئەمە ناودەنێت بە (مانەوەی باشتر) یان (هەڵبژاردنی شێوەیی)، مەبەستی داروین لەمەدا ئەوەیە کە دیاریکردنی جۆری زەڕافەکان کە بە چاکترو باشتر دادەنرێن شتێکی شێوەییە. بەڵام لامارك وتویەتی کە زەڕافەکان ملیان درێژە، چونکە زەڕافەکان خۆیان ویستویانە ملی درێژیان هەبێت (!!) و کاتێك خۆراك کەم بووەوە لەسەر لق و چڵە نزمەکانی درەختەکان، ئەوا زەڕافەکان هەوڵیاندا بگەن بە لق و چڵە بەرزەکان بەمەش دەکرێ زەڕافە (ویستبێتی) ئەو ملە درێژانەی هەبێت.

بۆ هەر کەسێکی ژیر (!!) ڕوون و ئاشکرایە کە بیرۆکە و هزری لامارك ڕاست و دروستترە لە بیرۆکەی داروین، چونکە مرۆڤ دەتوانێت ماسولکەکانی بەهێز بکات یان هەر شتێکی تر کە شیاو بێت بیکات، ئەگەر مانەوەی پەیوەست بێت بەمەوە،

بارودۆخی سەخت مرۆڤ ناکوژێت _ ئەوەی داروین ڕوونی کردەوە کاتێك وتی ئەمە بەسەر زەڕافە مل کورتەکاندا هات _ بەڵکو ئەو بارودۆخانە وەك تەحەدایەکن کە مرۆڤ وەڵامیان دەداتەوە، ئەمەش پەرەسەندنی لامارکییە))[1].

سەبارەت بە بێرناردشۆ ئەوا لە پێشەکی شانۆیەکەیدا (گەڕانەوە بۆ میتۆشالح) دەڵێت: ((داروین ویستویەتی ژیان تەنها بکاتە ژیانی میکانیکی ڕووت، و لامارك پێش داروین تیۆرێکی بەهێزتری هێنا سەبارەت بە پەرەسەندن. و لامارك وتویەتی ڕەگەز و تۆخمەکان پەرەدەسەنن، چونکە پەرەسەندنیان دەوێت، بەڵام داروین دەڵێت بە خۆبزێوی _ ئۆتوماتیکی _ پەردەسەنن بەپێی گۆڕانی بارودۆخەکانی)).. و لە هەمان پێشەکیدا دەڵێت: ((... خەڵکی توانای ئەوەیان نەبوو تێبگەن... من لەبەرچی لە داروینیەتی نوێ دەترسام[2]، و گەوجایەتیەکی ترسێنەر دایدەنێم و بە توندی هێرش دەکەمە سەر بانگخوازەکانی)). دواتر لەبارەی ئەو دەرەنجامانە دەدوێت کە ماددەگەرایی تیۆری داروین هەڵقوڵا بوو و لە سیاسەتدا بە دەرکەوت _ لێرەدا ئاماژە بە جەنگی ١٩١٤ دەکات _ و بەهاوشێوەی توینبی دەڵێت: شارستانیەتەکان لەو ساتەدا دەڕوخێن کە لەو شارستانیەتانەدا هێزی مرۆڤ لە وزەی ئایین زیاتر بێت: ((چ ئومێدێك لێرەدا هەیە لە ڕۆیشتنی مرۆڤایەتی بەرەو باشتر؟ ئەگەر داروینیە نوێیەکان و میکانیکیەکان باوەڕیان وانەبێت کە لێرەدا هیوایەك هەیە، چونکە پەرەسەندن ڕووداوات تەنها بەشێوەیەکی ڕووکارو شێوەیی نەبێت کە هیچ دانایی و مشورخواردنێکی تێدا نییە... لە کاتێکدا ئەم کەرتە بیروباوەڕە نابێتە هۆی ورە

---

(1) هەمان سەرچاوە: ١٥٠ _ ١٥١.

(2) وەك جیاواز کردن، چونکە تیۆری لامارك پێش تیۆری داروین بوو.

نزمی ئەوانەی باوەڕیان وایە کە ئەو پاڵنەری لە پاڵ پەرەسەندنەوەیە هەر ئەو بەدیهێنەرە. لە کتێکدا تێبینی ڕاستییەکی زۆر سادەیان کردووە، ئەویش ئەوەیە کە ئەو ویستەی سورە لەسەر شتێك ئەوا لە کۆتاییدا دەیکات، لە چەند ساتێکی دیاریکراوی جەختکردنەوەدا کە باوەڕی پێدەگات بەهۆی هەست کردنی بە پێویستی ئەوا شت بەدیبهێنێت و قەوارەیەکی نوێ ڕێکبخات، لەبەر ئەمە ئەوانە ڕەگەزی مرۆیی بە یاریەك دانانێن کە ویستی نەبێت)). و (وایزمان) زانای زیندەوەرزانی بلیمەت کە داروینیەتی نوێ دایبەزاندووە بۆ ئاستی گەوجایەتی ئاماژەی بەوە کردووە کە مردن بارودۆخێکی هەمیشەیی نییە لە ژیاندا بەڵکو ڕووداوێکی ڕووکاری و شێوەییە کە شیاوی نوێبوونەوەی بەردەوامە و بۆ قەرەباڵغ نەبوونی زەویە!![1].

بێرنارد شۆ هەندێك شت زۆر ڕوون دەکاتەوەو جەختیشیان لەسەر دەکاتەوە: وەك گرنگی بابەتی ئاینی کە خۆی لە سیستەمدا دەبینێتەوە، لە ڕێکخستنی ناخ و خود: ((جا لەبەر ئەوەی لە داروینیەتدا هیچ ماوەیەك نەبوو بۆ ویستی ئازاد یان هەر ویستێکی تر، ئەوا داروینیەتی نوێ باوەڕی وایە کە هیچ شتێك لێرەدا نییە کە بە ناوی ڕێکخستنی خود و ناخ. لەگەڵ ئەوەشدا ڕێکخستنی خودی بریتییە لە تایبەتمەندی یەکەم بۆ بەهای مانەوە کە دەبینین دیاری کردنی بارودۆخەکان دەبێت هەردەم لە ماوەی دوورو درێژدا سەربکێشێت بۆ ئەمە. لەوانە خەسڵەت و سیفەتانێکی نا ڕێکخراو هەڵبژێردرێن بە مەبەستی مانەوەو پەرەسەندن بۆ هەندێك ماوەی دیاریکراو لە بارودۆخی دیاریکراودا. جا کاتێك چلێسەکان تێدەکۆشان لە پێناو خواردن و خواردنەوە، ئەوا کۆششەکانیان هێزو لێهاتوویی

---

() بڕوانە: سقوط الحضارة: ٣٣٩.

ئەوان لە ماوەیەکی زۆر کورتدا پێشدەخات، بەشێوەیەك کە ئەوپەڕی ئەوەی لە توانیاندایە بیکەن ئەوا ناتوانن زیاتر لەوە بخۆن کە لە توانایاندایە. بەڵام لە هەر گۆڕانێکدا لە بارودۆخدا ببێتە مایەی ئەوەی ئەندازەیەکی زیاتر خواردنیان بۆ بێت ئەوا دەیانڕوخێنێت. ئێمە دەبینین هەردەم ئەمە ڕوودەدات، جا دەبینین هەژارێك لە ڕووی بناغەی جەستەییەوە بەهێزە کاتێك بە ڕێکەوت دەبێتە ملیۆنلێر ئەوا زۆربەی جار دەکەوێتە ناو ململانێی بازرگانیەوە، هەر خێرا دەست دەکات بە هەڵکەندنی گۆڕەکەی بە ددانەکانی خۆی، بەڵام ئەو مرۆڤەی لە ڕووی خودیەوە ڕێکخراوە هەر لە ژیاندا دەمێنێتەوە لە ناو گۆڕانی بارودۆخەکانیشدا، چونکە خۆی بۆ ئامادە دەکات، زیاتر یان کەمتر لەوە ناخوات کە گونجاوە بۆی، بەڵام بەو ئەندازەیە دەخوات و دەخواتەوە کە سوودی بۆی هەیە. کەواتە ڕێکخستنی خودی چییە؟ هیچ شتێك نییە بێجگەلە زیندوێتی پەرەسەندوو، کە حەزو ئارەزووە ئاساییەکان ڕێك دەخات و ئاڕاستەیان دەکات، جا ئەگەر بوونی ئەم زاراوە باڵایەمان پشتگوێ خست، و ئەگەر شکستمان هێنا لە تێگەیشتن لە بەڵگەنەویستی ڕۆشن لەوەی کە جۆرێتیە ئەو شتە جیادەکاتەوە کە شیاوی مانەوەیە، هەروەك ماددەگەرایی داروینی نوێ ئەمە دەکات بە ناوی هەڵبژاردنی سروشتی، ئەمە ئاماژە دەکات بۆ ئەوەی کە زانایانی ئەم بیرۆکەیە پێویستیان بە تێگەیشتنە لە خودی ئەم بابەتەیان، هەروەك ئاماژەشە بۆ ئەوەی کە تێبینی ئەو هێزەیان نەکردووە کە بەهۆیەوە هەڵبژاردنی سروشتی ڕوودەدات))!![1].

تونیبی یان کولن ویلسون یاخود بێرنارد شۆ یان هەر بیرمەندێکی تر کە هەڵسابن بە ڕەخنەگرتن و لە بێژینگدانی تیۆری داروین، ئەگەر _ بە دڵنیاییەوە

[1] هەمان سەرچاوە: ٣٤١_٣٤٢.

_ بیزانیایە کە ئەوەی داروین هێناویەتی ڕاستی ڕەهایە و لە هیچ لایەکەوە پوچەڵی و ناردوستی تێ ناکەوێت، ئەوا گیلێ و گەوجێتی بوو کە هەڵبستێت بە مشتومڕو تاوتوێکردنی (شتێکی دڵنیاکەرەوە) وەك ئەمە بە دەربڕینی خەملێنراوی وەك ئەمانە: (بۆچوونم وایە... بۆچوونی وایە... پێویستە بەخۆیان لە بابەتەکەیان تێبگەن... بەڵگە لەسەر تێبینی نەکردنیان... دایبەزاندووە بۆ ئاستی گەوجێتی... تاد)، بەڵام _ بەدڵنیاییەوە _ دەزانێت کە هاوڕێکەی بەشە گەورەکانی تیۆرەکەی لەسەر گومان و خەملاندن بنیات دەنێت، بۆیە شیاوی تاوتوێ کردن و بەرپەرچدانەوەیە جا چ بە شێوەیەکی زانستی ئەزموونی یان بە گومان و خەملاندن و پەسەندکردن!!، جا _ لەم لایەنەوە _ زیاتر بە تیۆرێکی فەلسەفی دەچێت کە هەموو لێکۆڵەرێك لە ناو کێڵگەکانی فەلسەفەدا مافی ئەوەی هەیە ئەوە وەربگرێت کە پێی وایە ڕاستە و ئەوەش ڕەت بکاتەوە کە پێی وایە پوچەڵە، ئێمەش خودی ڕەخنەگرەکانمان بینی کە دەکەونە ناو گومانەوە بەوەی زەڕافە ویستێکی خودیان هەیە لە درێژبوونی قەدی ملیان بۆ گەیشتن بە خۆراکیان کە بە قەد و چڵە بەرزەکانی درەختەکانەوە هەڵواسراوە!!.

هەموو دەرەنجامەکانی بیرۆکەی داروین دانەمەزراون لەسەر پێشەکی زانستی سەلمێنراو کە گەڵاڵە بووبن لە چەند نموونەیەکی زیندەوەری کە هەموو قۆناغەکانی توێژینەوەی داروین لەو نموونەیەدا بووبێتن، بەڵکو ئەم نموونانە خزمەتی بیرۆکەی ئەویان نەکردووە تەنها لە چەند ماوەیەکی بچوکەوە نەبێت لە کاروانە ئەزموونیەکەی و تێبینیە هەڵهێنجراوەکانی، بەڵام بۆشاییە فراوانەکانی ڕووماڵ کردووە بە گومان و پەسەندکردن و خەملاندن... بۆیە شتێکی ئەستەم نییە کە ئەو بیرمەندانە کە متمانەیان بەخۆ هەیە مشتومڕو تاوتوێی تیۆری

داروین بکەن و لێپرسینەوەی لەگەڵ بکەن لەسەر خەملاندنەکانی و شت وەربگرن و ڕەت بکەنەوە لە تیۆری داروین بەوەی لەگەڵ بیرکردنەوەو بەدواداچوونی زانستی و دەرەنجامی توێژینەوەکان و هەڵکەندراوەکان و ئاشکرا کراوە نوێیەکان دەگونجێت کە لە ئاست هیچ سنوورێك ناوەستێت بەڵکو لێی تێ دەپەڕێت بۆ ئاسۆی تر...

ئێمە ئەگەر لەگەڵ تیۆری داروین بڕۆین لە ڕووانی بازدان لە پەرەسەندنی هەندێك جۆردا، ئەوا پێویستە خۆمان لەبەرامبەر ئەو پرسیارە ببینینەوە: بۆچ ئەم بازداانانە ڕۆژێك هەڵە ناکەن _ چ لە ڕووی جۆرێتی یان چەندێتیەوە _ و سەرناکێشن بۆ دەرکەوتنی (جۆرێك) یان (چەند جۆرێك) کە ببنە مایەی لەناوبردنی ژیان لەسەر زەوی؟ ئایا ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە _ ئەگەر وا دابنێین باوەڕی ڕەهاش بە بازدان هەیە _ لێرەدا هێزێکی عەقڵمەند و ژیر هەیە سەرپەرشتی ئاڕاستەکردنی دەکات بۆ بەرژەوەندی ژیان؟ یان بەلایەنی کەمەوە توانای ڕووبەڕوو بوونەوە بە مرۆڤی ژیر بدات؟ جا ئەگەر (سروشت) ئامرزای تایبەت فەراهەم بکات بۆ هەر بەدیهێنراوێك بۆ ئەوەی جۆری خۆی بپارێزێت لە تیاچوون و لەناوچوون، ئایا ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە سروشت بەرچاوڕۆشنی تەواوی هەیە کە ڕێگری لێبکات لەوەی مرۆڤ مشارێکی وەك مشاری تیمساحەکان، چ جای عەقڵەکەی؟ ئایا ناکرێت ڕۆژێك سروشت هەڵە بکات ئامرازێکی ماددی زیاتر بدات بە مرۆڤ بۆ بەرگری کردن لە خۆی؟ ئایا ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە (سروشت) لە دابەشکردنە ژیرانەکەی بۆ ئامرازەکانی بەرگری بەسەر بەدیهێنراواندا بیردەکاتەوەو تێدەفکرێت؟!.

خوای پاك و پێگەرد كە خاوەن توانا و بەدیهێنەرە، ویستویەتی زەوی ببێتە _ لە بنەڕەتدا ئامادەی كردووە بۆ لەدایكبوونەوەی ژیان و نەش و نماكردن و پاراستنی _ شانۆیەك بۆ نمایشكردنی توانا بەدیهێنەرەكانی لە شێوەی بەدیهێنراوە سادە و ئالۆزەكان، كە شێوەو پێكهاتەی دەرئاسا و موعجیزەیان هەیە... ئێمەش لە بەردەم دوو گریمانەداین كە هیچ یەكێكیان دژ نییە لەگەڵ ڕاستییە ئاینیە گشتیەكان و ڕاستی قورئانی بەشێوەیەكی تایبەت، بەڵكو بەپێچەوانەوە لەگەڵی دەڕوات و ڕوونی دەكاتەوە... یەكێكیان بەدیهێنانی ڕاستەوخۆ (سەربەخۆیە) بۆ ژمارەیەكی زۆر لە بەدیهێنراوە تایبەتمەندەكان، ئەمەش شتێكە خوا دەستەوەسان ناكات لەكاتێكدا هەر خوا لە شەش ڕۆژدا گەردوونی دروست كردووە، ئەوەشی بۆ زەوی فەراهەم هێناوە كە شیاو بێت بۆ ژیان بەشێوەیەكی موعجیزەی دەرئاسا لە نێوان ملیۆنان كاكێشان و ئەستێرە... پێشبینیەكەی دیكە فەراهەم كردنی ماوەیە بۆ سروش و هۆكارو ڕێسا و یاساكان _ بەدرێژایی ڕۆژگارە دوورو درێژەكان _ كە كاری خۆیان بكەن لە پەرەپێدانی ژیان لەسەر ڕووی زەوی، داروین ئەمەی بە (پاڵاوتن و هەڵبژاردنی سروشتی) ناوناوە، ئەمەش بە پەرەپێدانی بەدیهێنراوە زیندووەكان و بە پلەبەندی بروەپێدانیان لە شێوەیەكەوە بۆ شێوەیەكی دیكە لە ڕووبەڕوو بوونەوەی تەحەداكانی ژینگەدا... ئەمە شتێكە ڕوودەدات نەك تەنها لەسەر ئاستی بازنەی ژیان بەڵكو لەسەر ئاستی هەموو بازنەكان (پەرەسەندنی جیۆلۆجی، كەش و هەوا، گەردوونی بەشێوەیەكی گشتی هەروەك فراوانبوونی بەردەوام هەیە، وەك چۆن قورئانی پیرۆز جەختی لەسەر دەكاتەوە)... بەڵام ئەو ڕێسا و یاسایانە كە ئەم پەرەسەندنە (ڕێكدەخەن) و (ئاڕاستەی دەكەن) ناكرێت

بەهیچ شێوەیەك لە نەبوونەوە بووبێت بۆ ئەوەی ئەو ئەرکە ژیرانە و وردو دەرئاساکەی خۆی بەڕێوەبەرێت!!.

بەڕاستی توانای خوای پاك و بێگەرد لەسەر بەدیهێنانی فرە جۆری بوونەوەران بەو جۆراو جۆرێتیە، ئەوە بەدەستەوە دەدات کە پلەبەندیەك لە بەدیهێناندا هەیە لە شێوە ساکارەکان بۆ شێوە باڵاکان، ئێمە ناتوانین بە ڕەهایی ملکەچی ئەم بیرۆکەیە بین، بەڵام پێویستە تێبینی ئەوە بکەین کە خوای پاك و بێگەرد مادەم ژیانی فەراهەم کردووە لەسەر ڕووی زەوی بە خەسڵەت و پێکهاتە ناسراوەکانی ئەوا کەواتە دەبێت پەیوەندیەکی هاوبەشی مەزنتر هەبێت لە سروشتی پێکهاتنی بایلۆژی بۆ سەرجەم بەدیهێنراوان، ئەمەش دەکرێت پەیی پێ ببەین لە پێکهاتنی خانەدا... ئەم پەیوەندیە هاوبەشە گەورەترین بەڵگەیە کە گومانی تێدا نییە لەسەر ئەوەی یەکێتی بەدیهێنان لە یەکتایی بەدیهێنەرەوەیە... پێتوانیە کە ئەگەر خوا لەسەر هەسارەیەکی تر بارودۆخی ژیان بە خەسڵەت و تایبەتمەندی تر بڕەخسێنێت ئایا لەم پێکهێنانە بایلۆژیەی بەدیهێنراوەکانی جیاوازی نابێت _ بەشێوەیەك لە شێوەکان _ لەوەی لەسەر زەوی هەیە بۆ ئەوەی گونجاو بێت لەگەڵ بارودۆخی ئەو هەسارەدا؟! کێیە ئەم گونجاویە زیندوێتیە دێنێتە کایە لە نێوان هەموو بەدیهێنراوان و ئەو زەویەی کە لەسەری دەجوڵێت و ژیانی لەسەر دەگوزەرێنێت؟ _ بۆ نموونە _ کێیە بۆ هەموو گیانلەبەران توانای زیندوێتی فەراهەم کردووە کە بەهۆیەوە بتوانێت ئۆکشجین یان کاربۆن هەڵبمژێت و فڕێبداتەوە؟ ئایا ئەمە وامان لێناکات کە هەڵبستین بە خەملاندنی پێچەوانەی تیۆری داروین کە بریتییە لەوەی وێکچوونی بەرایی ژیان لە نێوان جۆرەکانی بەدیهێنراوان لەبەر ئەمە نەهاتووە کە لە یەکترەوە پەرەیان سەندووە،

بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە بە بەدیهێنانە (سەربەخۆکەی) هاوبەشن بە یەك هەڵسوکەوت سەبارەت بە بارودۆخەکانی یەك ژیان کە بەسەر بەدیهێنراوانی سەر گۆی زەویدا دەسەپێنێت کە بخوات و بخواتەوەو هەناسە بدات و بخەوێت؟!.

زانای زیندەناسی بەناوبانگ (مەندڵ) داندەنێت بەوەی کە هەموو جۆرێك _ بەلایەنی ئەکەمەوە _لە ماوەکانی کۆتایی نێژووی ژیاندا کە بریتین لەو ماوانەی ملکەچی پشکنین و تاقیکردنەوەن نەك گومان و خەملاندن _ تایبەتمەندی و خەسڵەتە بۆماوەییەکانی هەر ماوە کە خۆی پێ دەپارێزێت بە پێی یاسای زۆر ورد و دەرئاسا، ئایا ئەمە دژ نییە لەگەڵ تیۆری داروین کە خەسڵەتە تایبەتمەندەکان ڕەتدەکاتەوە؟ جۆرەکانی مەیمونی باڵا _ وەك بەدەردەکەوێت _ لە ئاست قۆناغێکەوە وەستاون لە پەیی پێبردن و توانای داهێنان و جێبەجێکردن کە بە _ هیچ شێوەیەك _ ناکرێت بە پەیی پێبردنەکانی مرۆڤ بەراورد بکرێن (هیکسلی کە یەکێکە لە سەرکردەکانی تیۆری پەیدابوون و پەرەسەندن جەختی لەسەر ئەم جیاوازیە کردۆتەوە)... زانستی دەرونزانی سەلماندوویەتی کە لە ڕێگەی (ئەزمونی هەڵە و ڕاستەوە) دەکرێ پشیلە و سەگەکان فێری زۆرێك لە جوڵە و لێهاتوویەکانی مەیمونەکان بکرێن.

***

داروین بە تەواوی دەستەوەسان بوون لە دەستنیشان کردنی سەرچاوەی یەکەمی ژیان لەسەر زەوی.. ڕۆژێکیان وتی لەبارەی ئەوەی کە پێکهاتە دەرئاساکەی چاوی بینیبوو: (هەر کاتێك بینینی پێکهاتەکانی چاوم دێتەوە یاد ئەوا مووچڕکە دەمگرێت... من باوەڕم وا نییە کە خوایەك لێرەدا نەبێت)!!..

**هیکسلی لە دوای داروین ڕایگەیاند، کە پێویستە دەستکاری سەرەکی بکرێت لە کرۆکی بابەتەکەدا. بەڵام فەیلەسوف و بیرمەندەکانی ئەوڕوپی وەك توینیبی و بێرنارد شۆ ئەوا بە گومان بوونی خۆیان خستەڕوو سەبارەت بە زۆرێك لە خەملاندنەکانی تیۆری داروین، بەتایبەت ئەو خەملاندنەی داروین کە ئازادی مرۆڤ و ویستە خودیەکەی ڕەت دەکاتەوە لە پەرەپێدانی تواناکانی لەسەر ئاستی ژیانی تایبەت و شارستانیەت.**

**بەڵام ئەی ئێمە هەر دیلی دەستی شارستانیەتە ونبووە و بەها شێوێنراوەکانمان بین، و لە پاشا پاشاپارێزتر بین؟!.**

# قورئان و ڕەهەندی کات

## یەکەم:

لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژە و سەرنجی موعجیزەیی هەن سەبارەت بە ڕەهەندی کات لە گەردووندا، کە سەرسوڕمانی و پرسیار دەوروژێنێت، ئەگەر بۆ زانایەکی سروشتناس یان بیرکارێك (ی باوەڕدار) گونجا ئەو سەرنج و ئاماژانە کۆ بکاتەوەو ڕێکیان بخات و شرۆڤەیان بکات و بەراوردیان بکات بە ڕێژەییەکەی ئەنشتاین کە ڕەهەندی کاتی وەك ڕەهەندی نوێ و ڕەهەندی سێیەمی داناوە لە لێکۆڵینەوە لە تۆپەڵە و پارچە گەردوونیەکان، ئەوا بە چاوی سەری خۆی شتی زۆر سەرسوڕهێنەر بەدی دەکات، ئەو کاتە بە دڵنیایی پەیی دەبرد بەوەی ئەم دەوردانە بیرکاریە گشتگیرە بە ڕەهەندەکانی گەردوون و خۆنەبەستنەوە بە پێوەرەکانی زەوی و ڕێژەیی سنووردارەکانی بە تایبەت لە سەردەمی دابەزینی قورئان کە ئەو کات زانستەکانی سروشتانسی و بیرکاری تازە چەکەرەیان دەکرد و هێشتا قۆناغی منداڵێتیان تێنەپەڕاند بوو، و ئەو تێڕوانینە گشتگیرە کە بەسەر بوونەوەردا درێژ دەبێتەوەو ئاوێتەی نابێت ئەوا هەموو لەلایەن خوای زانا و شارەزایە کە زانایە بەهەموو شتێك!!.

من لێرەدا توێژینەوە ناکەم لەسەر ئەو شرۆڤەکردن و بەراوردکاریانە، تەنانەت ئەو توانایەشم نییە... بەڵکو دەمەوێت هەندێك تێبینی سەرەتایی لەم

**بوارە موعجیزە و دەرئاسایەدا بخەمەڕوو لە قورئانی پیرۆزو ژیانی ئێمەی مرۆڤایەتیدا، چونکە _ ڕاستیش دەڵێت _ حەزو ئارەزوو دەوروژێنێت و هان دەدات بۆ بەدواداچوون ئەگەرچی ڕامێنەرو توێژەرەکان بکەونە ناو دەیان هەڵەوە... بەڵام پاساویان ئەوەیە کە ئەوان دەیانەوێت لە میانەی ئەم توێژینەوەیدا خواپەرستی بکەن و لێی نزیك ببنەوە!!.**

## دووەم:

**چ شتێك لە قورئانە پیرۆزەکەمان سەرنجەکان لەم بارەوە ڕادەکێشن؟ کۆمەڵێك لە ئایەت و ئاماژە و هێما کە لە دوو توێی سوڕەتەکان لێرەو لەوێ بڵاون، لەوانە ئەم ئایەتانەیان لێ باس دەکەین کە واتای قوڵیان هەیە.**

﴿قَالَ كَمْ لَبِثْتَ قَالَ لَبِثْتُ يَوْمًا أَوْ بَعْضَ يَوْمٍ﴾ البقرة: ٢٥٩. **واتە: (پێی فەرموو: چەند مایتەوە؟ وتی: ڕۆژێك یان کەمتر لە ڕۆژێك ماومەتەوە).**

﴿وَيَوْمَ يَحْشُرُهُمْ كَأَن لَّمْ يَلْبَثُوٓاْ إِلَّا سَاعَةً مِّنَ ٱلنَّهَارِ﴾ یونس: ٤٥. **واتە: (ڕۆژێك دێت خوا هەر هەموویان کۆدەکاتەوە، وا هەست دەکەن تەنها سەعاتێك لە ڕۆژیان پێچووە).**

﴿يَوْمَ يَدْعُوكُمْ فَتَسْتَجِيبُونَ بِحَمْدِهِۦ وَتَظُنُّونَ إِن لَّبِثْتُمْ إِلَّا قَلِيلًا﴾ الإسراء: ٥٢. **واتە: (ڕۆژێك دێت پەروەردگارتان بانگتان دەکات، بەدەم سوپاس و ستایشەوە _ زیندوو دەبنەوەو ملکەچ و فەرمانبەردارن _ واگومان دەبەن کە ماوەیەکی کەم نەبێت لە دونیا نەژیاون).**

﴿قَالُواْ لَبِثْنَا يَوْمًا أَوْ بَعْضَ يَوْمٍ فَسْـَٔلِ ٱلْعَآدِّينَ﴾ المؤمنون: ١١٣. **واتە: (دەڵێن ڕۆژێك یان کەمتر لە ڕۆژێك لەسەر زەوی ژیانمان بەسەر بردووە، لەو کەسانە بپرسن کە بیرو هۆشیان لای خۆیانە و حیسابی ژمارە و کات دەکەت).**

﴿وَيَوۡمَ تَقُومُ ٱلسَّاعَةُ يُقۡسِمُ ٱلۡمُجۡرِمُونَ مَا لَبِثُواْ غَيۡرَ سَاعَةٖ﴾الروم٥٥. **واتە: (ئەو ڕۆژەی کە قیامەت بەرپا دەبێت تاوانباران سوێند دەخۆن کە لە جیهانی دونیا تەنیا کاتژمێرێك ماونەتەوە).**

﴿ يَعۡرُجُ إِلَيۡهِ فِي يَوۡمٖ كَانَ مِقۡدَارُهُۥٓ أَلۡفَ سَنَةٖ مِّمَّا تَعُدُّونَ ﴾السجدة٥. **واتە: (لەوەو دوا ڕووداوەکان و بەسەرهاتەکان و کارو کردەوەی بەندەکان دەگەڕێتەوە بۆ لای خوا لە ڕۆژێکدا کە بەرامبەر هەزار ساڵە بەو حیسابەی ئێوە دەیکەن).**

﴿يَسۡـَٔلُهُۥ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۚ كُلَّ يَوۡمٍ هُوَ فِي شَأۡنٖ ﴾الرحمن٢٩. **واتە: (هەموو ئەوانەی لە ئاسمانەکان و زەویدان پرسیارو داوای لێدەکەن لە هەموو بابەتێك، و لە هەموو کات و ساتێکدا لە بەجێهێنانی نیازێك و دروستکردنی شتێکدایە).**

﴿كَأَنَّهُمۡ يَوۡمَ يَرَوۡنَهَا لَمۡ يَلۡبَثُوٓاْ إِلَّا عَشِيَّةً أَوۡ ضُحَىٰهَا﴾النازعات٤٦. **واتە: (ئەو ڕۆژەی کە قیامەت بەرپا دەبێت، بێ باوەڕان وادەزانن کە تەنها سەر لە ئێوارەیەك یان سەر لە بەیانیەك درێژەی ژیانی دونیایان بووە).**

﴿ نَّحۡنُ أَعۡلَمُ بِمَا يَقُولُونَ إِذۡ يَقُولُ أَمۡثَلُهُمۡ طَرِيقَةً إِن لَّبِثۡتُمۡ إِلَّا يَوۡمٗا ﴾طه١٠٤. **واتە: (ئێمە چاك دەزانین سەرەنجام چی دەڵێن، چونکە ژیرترین و وریاترینیان دەڵێت: تەنها ڕۆژێك نەبێت هیچی ترتان پێ نەچووە).**

﴿وَيَسۡتَعۡجِلُونَكَ بِٱلۡعَذَابِ وَلَن يُخۡلِفَ ٱللَّهُ وَعۡدَهُۥۚ وَإِنَّ يَوۡمًا عِندَ رَبِّكَ كَأَلۡفِ سَنَةٖ مِّمَّا تَعُدُّونَ ﴾الحج٤٧. **واتە: (خوانەناسان پەلەت لێدەکەن کە ئەو سزایە**

زوو یەخەیان پێ بگرێت، بێگومان هەرگیز خوا لە بەڵێنی خۆی لانادات، بەڕاستی ڕۆژێك لەلای ئەو پەروەردگارەت وەکو هەزار ساڵ وایە لەوەی کە دەیژمێرن).

﴿إِنَّ رَبَّكُمُ ٱللَّهُ ٱلَّذِي خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٖ ثُمَّ ٱسۡتَوَىٰ عَلَى ٱلۡعَرۡشِۖ يُغۡشِي ٱلَّيۡلَ ٱلنَّهَارَ يَطۡلُبُهُۥ حَثِيثٗا وَٱلشَّمۡسَ وَٱلۡقَمَرَ وَٱلنُّجُومَ مُسَخَّرَٰتِۭ بِأَمۡرِهِۦٓۗ أَلَا لَهُ ٱلۡخَلۡقُ وَٱلۡأَمۡرُۗ تَبَارَكَ ٱللَّهُ رَبُّ ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾ الأعراف: ٥٤. واته: (بێگومان پەروەردگارتان _ الله _یە کە دروستکاری ئاسمانەکان و زەویە لە ماوەی شەش ڕۆژدا، پاشان لەسەر تەختی فەرمانڕەوایی وەستا، بەشەو ڕۆژ دادەپۆشێت، لە کاتێکدا عەودالّە بەدوایدا، خۆر و مانگ و ئەستێرەکان بە فەرمانی خوا کەوتوونەتە گەڕو لە فەرمانی دەرناچن، ئاگادار بن و بزانن و تێفکرن کە: هەرچی دروستکردن و بڕیاردانە هەر بۆ ئەوە، موبارەك و پیرۆزو گەورەیە زاتی _ الله _ پەروەردگاری هەموو جیهانیان).

﴿ٱللَّهُ ٱلَّذِي خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ وَمَا بَيۡنَهُمَا فِي سِتَّةِ أَيَّامٖ ثُمَّ ٱسۡتَوَىٰ عَلَى ٱلۡعَرۡشِۖ مَا لَكُم مِّن دُونِهِۦ مِن وَلِيّٖ وَلَا شَفِيعٍۚ أَفَلَا تَتَذَكَّرُونَ﴾ السجدة: ٤. واته: (خوا ئەو زاتەیە کە ئاسمانەکان و زەوی و هەرچی لە نێوانیاندا هەیە لە شەش ڕۆژدا دروستی کردووە، پاشان خوا لەسەر تەختی فەرمانڕەواییەوە سەرپەرشتی کارو فرمانی دروستکراوانی دەکات، خەڵکینە جگە لەو خوایە کەس نییە پشتیوانیتان لێ بکات یان تاکاکارتان بێت، ئایا یادەوەری وەردەگرن و تێدەگەن).

سێیەم:

لە نێوان ئەم ئایەتانەدا کە لە ناو قورئانی پیرۆزدا هاتوون _ زۆر ئایەتی تری جگەلەمانەش _ پەیوەندی و گونجانێکی بیرکاری زۆر ورد هەیە، لەم ئایەتانەدا بەردەوام جەخت کردنەوە هەیە لەسەر ڕاستیەکی سروشتی هەرە مەزن کە تا ئەم دواییانە هەندێك لایەن بۆ زانست ئاشکرا نەببوو، ئەویش ئەوەیە کە کات لە سەر زەوی و کات لە پانتایی گەردووندا وەك یەك نین، تەنانەت جیاوازیەکی زۆر هەیە لە نێوان یەکێتی کاتی زەوی و یەکێتی کاتی گەردوونی، هەندێك جار دەگاتە ٣٦٥٠٠٠ کەڕەت زیاتر، هەندێك جاری تر دەگاتە ١٨٢٥٠٠٠٠ زیاتر بە ژمێرەی خودی قورئانی پیرۆز. جا ئێمە لە ژیانی دونیامان و لەو ڕۆژە کەم و بی نرخانەمان لە کوێداین؟.

لەبەر ئەمە خەڵك ڕۆژی قیامەت گەواهی دەدات و پێی وادەبێت کە ژیانی دونیایان جگە لە کاتژمێرێك لە ڕۆژ هیچی تر نەبووە، و تەنها ماوەیەکی کەم لە دونیادا ماونەتەوە، کاتێك پرسیار لە یەکێکیان دەکرێت: ئەوە چەندە مایتەوە؟ وەڵام دەداتەوە بەوەی: ڕۆژیك یان کەمتر لە ڕۆژێك ماومەتەوە... بەڵام تاوانباران سوێند دەخۆن کە جگە لە کاتژمێرێك زیاتر لە دونیا نەماونەتەوە... چاکترین و ژیرترینیان دەڵێت: تەنها ڕۆژێك ماوینەتەوە.

ئەم تاوانبارانە هەوڵ دەدەن دڵنیاببنەوە لەو ڕاستیەی کە زۆر ڕۆشنە جا داوا لە خوای مەزن دەکەن کە پرسیار لەوانە بکەن کە ژمێرکارن بەڵکو هەواڵی

دڵنیاکەرەوەیان لابێت... هەر لە پێناو ئەمەدا لە کاتێکدا کافرەکان لە ناخی دۆزەخدان داوا لە پەروەردگاریان دەکەن کە ڕۆژێك لە سزای ئەوان کەم بکاتەوە، ئای ئەم ڕۆژە گەردوونیە چەند سەخت و دوورو درێژە!! لەوانەیە ئەو ڕۆژە بە ئەندازەی هەژدە ملیۆن و دوو سەد و پەنجا هەزار ڕۆژی سەر زەویمان بێت!!. ئەمە ڕاستیەکی زۆر ترسناکە... کە بەهۆیەوە موو چرکە بە جەستەکاندا دێت، _ جا ئەگەر کەمێك باوەڕدار بین _ ئەوا ئەو هەستەمان لەلا دروست دەکات کە زۆر بێ نرخ و کەمین و کورت هەڵهاتووین لە گۆشەیەك لە گۆشەکانی گەردوون کە ڕۆژەکانی سەر زەوی لەوە تێپەڕ نابێ کە بریتی بێ لە چەند ساتێکی ڕۆژەکانی گەروون، کە لەو دیوی جیهانی زەوی و ڕێژە خەمناکەکانیەتی!!.

سەرباری ئەوەی خوای گەورە دەیەوێت بەرزمان بکاتەوەو پاك و ڕێزدارمان بکات بەسەر جیهانیان، و شوێن و پێگەیەکی گەورەمان لەم گەردوونە فراوانەدا پێ ببەخشێت، بەمەش گۆشەگیر بوون و بێ نرخی و قەبارە بچوکی خۆمان تێبپەڕێنین، بەڵام ئێمە ئەم دیاریە ڕەت دەکەینەوەو پشت لەم بانگەوازە مەزنە دەکەین و بەسەر یەکدا کۆدەبینەوە بە ترسەوە وەك کرمەکان کە خەریکە بخنکێین، ئەمەش لە پێناو ئەوەی گوێبیستی دەنگێك نەبین کە لە چاڵێکی تەسکەوە بمانگوێزێتەوە بۆ باوەشی فراوانی گەردوون!! هەر بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (خوای گەورە ماوە دەدات بە ڵام فەرامۆش ناکات) و و فەرموویەتی: (ماوە دەدات بە ستەمکار تا کە گرتی بەرینادات)... جا ئەم ماوە پێدانە بە بێ باوەڕو تاغوت و تاوانبارەکان بە پێی لێکدانەوەکانی ئێمەی زەویگەرایی ئەوا زۆر دوورو درێژە کە دەکرێ ساڵانێك تێپەڕێنێت، بەڵکو لەوانەیە

بۆ چەندین ساڵ تەنانەت بۆ چەندین سەدە بڕوات، بەڵام بڕیاری خوا ستەمکاران هەر دەگرێتەوەو دادی خوایی ڕێڕەوی خۆی دەگرێت...

بەڵام ئەو ڕۆژو ساڵ و ڕۆژگارو سەدانە بە بەراورد لەگەڵ کاتی پەروەردگار لە ڕۆژێك یان کەمتر لە ڕژێك تێناپەڕن، دواتر ماوەپێدانی پەروەردگار لە لێکدانەوەی ئێمەدا هێواش بووە، لە کاتێکدا لە لێکدانەوەی فریشتە بەرزەکاندا زۆر خێرا بووە... ئەگەر ئێمە هەندێك جار داوای هێواش کردنەوەی سزای پەروەردگار بکەین، ئەوا لەوانەیە فریشتە بەڕێزەکان داوای خێرا بوونی بکەن، لەو کاتەدا هیچمان بۆ ناکرێت جگە لەوەی ملکەچ بین بۆ فەرمانی خوا، و دەروونمان ئارام بێت بە دادگەری هەمیشەیی و گشتیری خوایی کە لە سنووری ڕێژەیی کات و شوێن دەردەچێت بۆ بەهای ڕەها کە تەرازووی پێ لە ڕێی ڕاست لاناچێت و سزا یان پاداشتی پێ ناسڕێتەوە...

## چوارەم:

**لە نێوان ئەم ئایەتە یەك واتا هەڵگرانە دەگەینە ڕاستیەکی تری سروشتی کە مەترسیداری و مەزنایەتیەکەی کەمتر نییە لە ڕاستی ڕابردوو، ئەگەر سەرنەکێشێت بۆ ئەوەی کە پڕ مەترسی ترە، قورئانی پیرۆز ڕایدەگەیەنێت کە خوای گەورە ئاسمانەکان و زەوی لە شەش ڕۆژدا دروست کردووە، ئەم ڕاگەیەنراوە لە چەندین شوێندا دووپات دەکاتەوە، دواتر بە تێروتەسەلی لە سوڕەتی (فصلت)**
**دەیخاتەڕوو:** ﴿قُلۡ أَئِنَّكُمۡ لَتَكۡفُرُونَ بِٱلَّذِي خَلَقَ ٱلۡأَرۡضَ فِي يَوۡمَيۡنِ وَتَجۡعَلُونَ لَهُۥٓ أَندَادٗاۚ ذَٰلِكَ
رَبُّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ٩ وَجَعَلَ فِيهَا رَوَٰسِيَ مِن فَوۡقِهَا وَبَٰرَكَ فِيهَا وَقَدَّرَ فِيهَآ أَقۡوَٰتَهَا فِيٓ أَرۡبَعَةِ أَيَّامٖ
سَوَآءٗ لِّلسَّآئِلِينَ ١٠ ثُمَّ ٱسۡتَوَىٰٓ إِلَى ٱلسَّمَآءِ وَهِيَ دُخَانٞ فَقَالَ لَهَا وَلِلۡأَرۡضِ ٱئۡتِيَا طَوۡعًا أَوۡ كَرۡهٗا قَالَتَآ
أَتَيۡنَا طَآئِعِينَ ١١ فَقَضَىٰهُنَّ سَبۡعَ سَمَٰوَاتٖ فِي يَوۡمَيۡنِ وَأَوۡحَىٰ فِي كُلِّ سَمَآءٍ أَمۡرَهَاۚ وَزَيَّنَّا ٱلسَّمَآءَ
ٱلدُّنۡيَا بِمَصَٰبِيحَ وَحِفۡظٗاۚ ذَٰلِكَ تَقۡدِيرُ ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡعَلِيمِ ١٢﴾ **واتە: (ئەی پێغەمبەر ﷺ**
**پێیان بڵێ: باشە ئێوە باوەڕتان بەو زاتە نییە کە زەوی لە دوو ڕۆژدا دروست کردووە؟، چەند هاوەڵێکیشی بۆ بڕیار دەدەن!، ئەو بەدیهێنەرو دروستکارە پەروەردگاری هەر هەموو جیهانیان و بوونەوەرە. لەسەر ڕووکاری زەوی کێوەکانی دامەزراندووەو بەرەکەتی زۆری تێدا دابین کردووە، هەموو ڕزق و ڕۆزیەکانی تێدا بڕیارداوە هەموو لە ماوەی چوار ڕۆژدا بە دوو ڕۆژەکەی پێشووشەوە، تا نیازو داخوازیەکانی ئادەمیزاد جێبەجێ بکات. لە ماوەی دوو ڕۆژدا ئاسمانی کردە حەوت چین و فەرمانی بۆ هەر چینێکیش دەرکرد، ئینجا دەفەرمووێت: ئاسمانی**

دونیاشمان ڕازاندەوە بە ئەستێرەو کردمانە چراخان و هۆی پاراستن، ئا ئەو شتانە هەمووی بە ویست و فەرمانی زاتێکە کە باڵادەست و زانایە).

دەتوانین بەپێی لێکدانەوەی زەویگەرایی خۆمان نا، بەڵکو بەپێی (لێکدانەوە ڕەهاکان)ی قورئانی ئەندێشەی ئەو پانتاییە کاتیە بکەین بۆ ئەم شەش ڕۆژانە کەتیایاندا خوای گەورە نەخشەی پەیکەری ئاسمانەکان و زەوی کێشاوە، و گۆی زەویەکەمانی سازاندووە بۆ پێشوازی کردن لە ژیان و نەش و نما پێدان و پێشخستنی لەسەر دەستی مرۆڤ، کە کراوەتە جێنشین لەسەر زەوی و گەورەی بەدیهێنراوانیەتی!! _ بەهەمان شێوە _ بۆمان هەیە ئەندێشەی ئەوە بکەین کە ئەم ئەندازەگیری و سازاندنە موعجیزە و دەرئاسایانە چۆن جێبەجێکراون کە دامەزراون لەسەر یاسا و ڕێسا پڕ لە وردەکاری و لێزانی و ڕێکخراو، هەر لە یاساکانی کێشکردن و بەڕێکردنی با و جوڵەی شەو و ڕۆژ و چاندنی دارخورما و هەنارو ترێ لە دڵی خاکدا، و هاوسەنگی ڕێژەی پێکهێنەرە گازیەکان، و بەدیهێنانی ماڵات و جێگیر کردنی چیاکان، و چڕکردنەوەی گازو دوکەڵ بۆ تۆپەڵەیەکی ڕەق کە شیاوی جوڵە و بنیاتان بێ، و ڕازاندنەوەی ئاسمانی دونیا بە چرای شین، و هەڵقوڵاندنی ژیان لە قوڕی جیرو چڕ!! بۆمان هەیە _ لەدوای ئەمەی ڕابردوو _ ئەندێشەی ئەوە بکەین کە ئەم ئایەتە دەیەوێت چیمان پێ بڵێت: ﴿يَسْـَٔلُهُۥ مَن فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۚ كُلَّ يَوْمٍ هُوَ فِى شَأْنٍ﴾ الرحمن: ٢٩. واتە: (هەموو ئەوانەی لە ئاسمانەکان و زەویدان پرسیارو داوای لێدەکەن لە هەموو بابەتێك، و لە هەموو کات و سات و ڕۆژێکدا لە بەجێهێنانی نیازێك و دروستکردنی شتێکدایە). هەموو ڕۆژێك! و چ ڕۆژێك؟ ئەوە ئەو ڕۆژەیە کە وتمان دەکرێ بگاتە ١٨٢٥٠٠٠٠ ڕۆژ بە ئەندازەی

**ڕۆژی ئێمە، (دەی کەواتە چ بەڵگە و نیشانە و بەخشش و نیعمەتێکی خوا بەدرۆ دەخەنەوە؟).**

## پێنجەم:

دەمانەوێت کەمێك هەڵوێستە بکەین لەسەر ئەم ئایەتانە، کە ڕاستی گشتگیرو ئاماژەی قوڵی تێدا هەن کە هزرو ویژدان دەلەرزێنێت... ئەوەی سەرسوڕهێنەرە ئەوەیە کە ئەم ڕاستیە (بیرکاریانە) بەشێوەیەك دەخاتەڕوو کە جوانی و کاریگەری و ویژدانی لێ دەبارێت... دەی با بەیەکەوە لێی ورد ببینەوە: ﴿سَأَلَ سَآئِلُۢ بِعَذَابٖ وَاقِعٖ ﴿١﴾ لِّلۡكَٰفِرِينَ لَيۡسَ لَهُۥ دَافِعٞ ﴿٢﴾ مِّنَ ٱللَّهِ ذِي ٱلۡمَعَارِجِ ﴿٣﴾ تَعۡرُجُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ وَٱلرُّوحُ إِلَيۡهِ فِي يَوۡمٖ كَانَ مِقۡدَارُهُۥ خَمۡسِينَ أَلۡفَ سَنَةٖ ﴿٤﴾ فَٱصۡبِرۡ صَبۡرٗا جَمِيلًا ﴿٥﴾ إِنَّهُمۡ يَرَوۡنَهُۥ بَعِيدٗا ﴿٦﴾ وَنَرَىٰهُ قَرِيبٗا ﴿٧﴾﴾ المعارج: ١_٧. واتە: ( داواکارێك پرسیاری کرد دەربارەی پرسیارێك کە هەر پێش دێت. جا ئەو سزایە، یەخەی هەموو بێ باوەڕان دەگرێت و هیچ هێزێك ناتوانێت پەنایان بدات و لێیان دوور بخاتەوە. ئەو سزاو تۆڵەیە لەلایەن خوای خاوەنی گەورەیی و پلەو پایە و جێ بەرزەکانە. فریشتەکان و جبریل بەرز دەبنەوە بۆ لای پەروەردگار لە ڕۆژێکدا کە ماوەکەی هەزار ساڵە _ بە حیسابی ئادەمیزاد _. کەواتە خۆگرو ئارام گربە بەشێوەیەکی جوان و چاك. بەڕاستی ئەو بێ باوەڕانە قیامەت بە دوور دەبینن و بەدووری دەزانن، ئێمەش بە نزیکی دەزانین)).

بێگومان فریشە و ڕۆح (گیان) کە لە ڕێگرو کۆسپەکانی جەستە و خاك دامالڕاون، چونکە جەستە و خاك مرۆڤ کۆت و بەند دەکەن، بەمە فریشتە و ڕۆح

سنووری یاساکانی کات و شوێنی ڕێژەیی زەویان تێپەڕاندووە، ئێستا بە ڕێگەی خۆیان بەرز دەبنەوە بۆ لای پەروەردگاریان بەشێوەیەك کە هەرگیز خەیاڵی مرۆڤ دەوری نادات، هەر چەندە خەیاڵیشی دوور بڕوات... چونکە ئەو پانتاییە دەبڕن کە تیایدا پێنج سەد ملیۆن گەلەئەستێرەی تێدا بڵاوە کە یەکێکیان هەزاران کۆمەڵانی خۆریان تێدا وەك کۆمەڵەی خۆری ئێمە بەڵکو زیاتریش... هەموو ئەمانە لە یەك ڕۆژدا دەبڕێت، بەڵام ئەم ڕۆژە وەك ڕۆژەکانی ئێمە نییە، بەڵکو بە پێی لێکدانەوەی ڕۆژەکانی ئێمە دەگاتە هەژدە ملیۆن و چارێگە ملیۆنێك ڕۆژ... بەڵام ئەو ڕۆژە درێژە ڕۆژێکی گەردوونیە، (ئەنشتاین) لەو ڕێژەییەدا ئاماژەی پێکردووە کە ئەوی گواستەوە بۆ ئاسۆی نوێ و فراوان لە گۆڕەپانی زانستە سروشتی و بیرکاریەکاندا؟.

بەبیرم دێتەوە کە جارێکیان گوێم گرتبوو بۆ کۆڕێکی زانستی تەلەفزیۆنی، یەکێکیان لە بارەی لایەنێکی ئەم تیۆرە دوا، جا وتی: گەیشتنی مرۆڤ بە یەکێك لە گەلەئەستێرەکان، ئەوا پێویستی بە پێنج سەد ساڵی تیشکی دەبێت، ئەگەر هەمان ئەو مرۆڤەی باسمان کرد دەزگایەکی بۆ فەراهەم بوو کە لە بۆشایی ئاسماندا بیگوازێتەوە بە خێرایی تیشکی خۆر، ئەوا ئەو ماوە زۆرە کەم دەبێتەوە بۆ نزیکەی پەنجا ساڵ!!.

بێگومان فریشتە و ڕۆحی سوك لەناو جەستە و تووندگیری ئەندامەکان دەستەوەسانی ناکات لەوەی خێراتر بێ لە خێرایی تیشك، دواتر بەناو هەموو گەردووندا دەڕەوات بە ڕێگەی خۆی بۆ لای بەدیهێەری گەردوون لە یەك ڕۆژدا بە پێی جولە کاتیەکانی ناو گەردوون... بەڵام لە لێکدانەوەو حیسابی ئێمەدا چەندە؟!، پاشان پەروەردگار بانگی پێغەمبەری ڕێزداری دەکات، لە کاتێکدا کە

پێغەمبەر سکاڵای لە دەست کەسانێك دەکرد کە پێیان وایە ڕۆژی دوایی دوورە وەك دووری تراویلکە: ﴿فَٱصۡبِرۡ صَبۡرٗا جَمِيلًا ۝٥ إِنَّهُمۡ يَرَوۡنَهُۥ بَعِيدٗا ۝٦ وَنَرَىٰهُ قَرِيبٗا ۝٧﴾ المعارج: ٥ _ ٧. واتە: (کەواتە خۆگرو ئارام گربە بەشێوەیەکی جوان و چاك. بەڕاستی ئەو بێ باوەڕانە قیامەت بە دوور دەبینن و بەدووری دەزانن، ئێمەش بە نزیکی دەزانین)!!.

ئەمە نزیکمان دەکاتەوە لە تێگەیشتن لە دوو ڕووداوی کاتی کە قورئانی پیرۆز بۆ ئێمەی خستۆتەڕوو لە میانەی ژیاننامەی دوو پێغەمبەر لە پێغەمبەرانی (سڵاوی خوای لێبێت)، ئەمەش وەك ڕێزو حورمەت بۆ ئەم دوو پێغەمبەرە... ڕووداوی گواستنەوەی تەختی بەلقیس لەوپەڕی باشورەوە بۆ ئەوپەڕی باکور لە ساتە بەشێکەوە... و ڕووداوی شەوڕەوی پێغەمبەر ﷺ لە مزگەوتی حەڕامەوە بۆ مزگەوتی ئەقصا و لەوێشەوە بەرزکردنەوەی بۆ باوەشی گەردوون لە یەك شەو یان لە بەشێکی شەودا!!.

لەبارەی ڕووداوەکەی یەکەمەوە ئەمە دەخوێنینەوە: ﴿قَالَ يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡمَلَؤُاْ أَيُّكُمۡ يَأۡتِينِي بِعَرۡشِهَا قَبۡلَ أَن يَأۡتُونِي مُسۡلِمِينَ ۝٣٨ قَالَ عِفۡرِيتٞ مِّنَ ٱلۡجِنِّ أَنَا۠ ءَاتِيكَ بِهِۦ قَبۡلَ أَن تَقُومَ مِن مَّقَامِكَۖ وَإِنِّي عَلَيۡهِ لَقَوِيٌّ أَمِينٞ ۝٣٩ قَالَ ٱلَّذِي عِندَهُۥ عِلۡمٞ مِّنَ ٱلۡكِتَٰبِ أَنَا۠ ءَاتِيكَ بِهِۦ قَبۡلَ أَن يَرۡتَدَّ إِلَيۡكَ طَرۡفُكَۚ فَلَمَّا رَءَاهُ مُسۡتَقِرًّا عِندَهُۥ قَالَ هَٰذَا مِن فَضۡلِ رَبِّي لِيَبۡلُوَنِيٓ ءَأَشۡكُرُ أَمۡ أَكۡفُرُۖ وَمَن شَكَرَ فَإِنَّمَا يَشۡكُرُ لِنَفۡسِهِۦۖ وَمَن كَفَرَ فَإِنَّ رَبِّي غَنِيّٞ كَرِيمٞ ۝٤٠ قَالَ نَكِّرُواْ لَهَا عَرۡشَهَا نَنظُرۡ أَتَهۡتَدِيٓ أَمۡ تَكُونُ مِنَ ٱلَّذِينَ لَا يَهۡتَدُونَ ۝٤١ فَلَمَّا جَآءَتۡ قِيلَ أَهَٰكَذَا عَرۡشُكِۖ قَالَتۡ كَأَنَّهُۥ هُوَۚ وَأُوتِينَا ٱلۡعِلۡمَ مِن قَبۡلِهَا وَكُنَّا

مُّسۡلِمِينَ ﴿٤٢﴾ النمل: ٣٨_٤٢. واتە: (_ سولەیمان وتی: _ ئەی خەڵکینە کامتان دەتوانێت تەختی شاژنە بەلقیسم بۆ بهێنێت پێش ئەوەی بێن بۆ لام و تەسلیم ببن. دێوێك وتی من بۆت دەهێنم بەرلەوەی دەوام تەواو بێت و لە جێی خۆت هەستیت، بەڕاستی من بۆ ئەو کارە خۆم بە هێزو ئەمیندار دەزانم. _ بەڵام یەکێك لە پیاوچاکان _ کە زانست و زانیاری لە "نهێنیەکانی" کتێبی تەورات هەبوو وتی: من بۆت دەهێنم بەچاو تروکانێك _ دەستی کرد بە نزاو پاڕانەوەو داوای لە خواکرد _، ئینجا کتوپڕ سولەیمان بینی تەختی پاشایەتی لەلایدا دانراوەو وتی: ئەمە لە فەزڵ و بەخششەکانی پەروەردگارمە بۆ ئەوەی تاقیم بکاتەوە... کە: ئایا سوپاسگوزار یان ناشوکرو بەدنمەك دەبم، جا ئەوەی سوپاسگوزار بێت ئەوە بەڕاستی سوپاسگوزارە بۆ خۆی، ئەوەش کە سپڵەیە ئەوە بێگومان پەروەردگارم دەوڵەمەندو بێ نیازە و خاوەنی بەخششە بە هەمووان. _ ئینجا سولەیمان فەرمانیدا _ و وتی: تەختی پاشایەتی دەستکاری بکەن _ هەندێك ڕەنگ و نەخشی بگۆڕن _ سەرنج دەدەین بزانین کە بەڵقیس گەیشت ئایا لەو کەسانە دەبێت کە نایناسنەوە. جا کاتێك بەلقیس گەیشت، پێی وترا: تەختی پاشایەتی تۆ ئاوایە؟! بەڵقیس وتی: هەر دەڵێی ئەوەو لەو دەچێت، ئێمە پێش ئەمە زانیاریمان هەبوو _ دەربارەی توانا و دەسەڵاتی سولەیمان _ ئێمە تەسلیم بووین).

ئایا لەم نمایشە دەربڕینێکی لە شێوەی (عِندَهُۥ عِلۡمٞ مِّنَ ٱلۡكِتَٰبِ) و (وَأُوتِينَا ٱلۡعِلۡمَ مِن قَبۡلِهَا) سەرەنجمان ڕاناکێشێت، دواتر پرسیارمان لا دروست نابێت سەبارەت بە سەرکەوتن و بەهێزتر بوونی (ئەو مرۆڤەی) کە زانیاری سەبارەت بە کتێب

(تەواراٍت) هەبوو بەسەر (عیفریتی) پەریدا، و ئەوەش پرسیارمان لا دروست ناکات کە چۆن ئەو مرۆڤە توانی ماوەی پرۆسەی گواستنەوەکە لە شەش کاتژمێرەوە کەم بکاتەوە بۆ شەش یەکی چرکە؟! سولەیمان ئەمەی چۆن بەستەوە بەوەی کە پێشتر زانراوە کە ئەم کارە ملکەچی ڕێساو یاکانی خوایە؟ دواتر ئایا هەموو ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە پێدانی (زانستی کتێب) بە پیاو یان عیفریت یاخود پێغەمبەر یان فریشتەیەك بریتییە لەوەی فێری دەستوورێکی بیرکاری و سروشتی یاساکانی ئاسمانەکان و زەوی دەکات و دواتر (ڕام کردن)ی بۆ ئەوپەڕی گونجاوی بۆ دەستەبەرکردنی جێبەجێکردنی شتی کاتی و شوێنی دەرئاسا؟.

خەڵك بەر لەوەی هێزی هەڵم و کارەبا و گەردیلە ڕام بکەن، ئەوا ماوەی نێوان بەغداد و قاهیرەیان بە دوو یان سێ مانگ دەبڕی، ئەگەر ئەو کات بوترایە _ ئەگەر مرۆڤ زیاتر شارەزاو زانا بووبا سەبارەت بە ڕێسا و یاساکانی سروشت _ مرۆڤ دەتوانێت ئەو ماوەیە کەم بکاتەوە بۆ چەند ڕۆژێك یان چەند کاتژمێرێك... ئەوا باوەڕیان نەدەکرد و ئەوەی ئەو پرسیارەی دەوروژاند بە شێت تۆمەتباریان دەکرد یاخود بەلایەنی کەمەوە بە خەیاڵ پڵاو دایاندەنا... ڕۆژ و ساڵەکان تێپەڕین و هێزی هەڵم و کارەبا و گەردیلە ڕام و دەستەمۆ کرا، وای لێهات بە چەند کاتژمێرێك بگەینە ئەوپەڕی زەوی و زەوی بەجێبهێڵین و بەرەو مانگ بەڕێ بکەوین، هەوڵدەدین بەرەو دوورتر لەوە بچین کە لە کۆمەڵە خۆرەکەی ئێمەدا هەیە، لەم نزیکانە یان لە ماوەیەکی دووردا... ئەگەر یەکێك پێمان بڵێت ڕۆژێك دێت کە زانایان ڕێسا و یاسای سروشتی و بیرکاری زیاترمان بۆ ئاشکرا دەکەن، و بەمەش دەتوانن دەزگای وا دروست بکەن کە مرۆڤ بگوازنەوە بۆ مانگ لە دوو یان

سێ کاتژمێر، ئەوا بە شێتمان دادەنا یان بەلایەنی کەمەوە بە خەیاڵ خاوی تۆمەتبارمان دەکرد..

بەڵام ئەو ڕۆژە دێت... بێگومان هەر دێت... مادەم لێرەدا هەوڵێکی بەردەوام هەیە بۆ ئاشکرا کردنی لایەنی زیاتری زانست کە ئاسمانەکان و زەوی پێ ڕامکراوە..

قسەبێژان زۆر قسەیان کرد و چیرۆکنووسان زۆریان نووسی و پشکنەران گەلێك گێڕانەوەیان دەرهێنا سەبارەت بەو هەوڵانەی کە دەدرێن بۆ گواستنەوەی جەستە و شتەکان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دوور بە خێراییەك وەك خێرایی خۆر، ئەمەش دوای هەڵوەشاندنەوەی بۆ پێکهاتە گەردیلەییەکانی بەرایی و دووبارە پێکهێنانەوەی لەو شوێنەی کە تێیدا دەنیشێتەوەو لەمپەرەکانی کات و شوێنی تێدا هەن... بەهەمان شێوە ئەمەش دوور نییە جێبەجێ ببێت لە ئایندەیەکی نزیك یان دووردا، بەر لە دوو سەدە لە توانای کەسدا هەبوو بڕوا بەوە بکات کە بۆمبێك کە لە قەبارەی کتێبێك گەورەتر نییە و گەردیلەی بێ نرخ و بچوکی تێدا دانراون بەشێوەیەکی ئاڵۆز بتوانێت شارێکی گەورە بە تەواوی تێك و پێك بدات و لە چەند ساتێکدا لەسەر ڕووی زەوی بوونی ئەو شارە بسڕێتەوە.

ئەو یاسا و ڕێسا سروشتیانەی کە ئاسمانەکان و زەوی بەرەو ئەو ئامانجانە دەبەن کە لە زانستی خوادا نەخشەیان بۆ کێشراوەو ئەو هێزانەی کە لەم تۆپەڵە گەردوونیانەدا هەن، ئەوا هەر هەمان ئەو یاسا و ڕێسا و هێزانە لە هەموو کات و سەردەمێکدا هەن... ئەوەی بۆی دەگونجێت شارەزا ببێ سەبارەت بە هەندێك لایەن و کارایی ئەم هێزە گەردوونیانە ئەوا دەتوانێت شتی سەرسوڕهێنەر بخاتەڕوو و

تەحەدای ڕووداوە باوەکان بکات و سنووری کات و شوێن تێپەڕێنێت... جا ئەمە لە کاتێکدایە کە ئەم زانستە ڕاستەوخۆ لەلایەن خواوە دەبەخشرێت، بە پاڵپشت بە ویستی تێکنەشکاوی پەروەردگار، هەر بۆیە (ئەو کەسەی شارەزا بوو سەبارەت بە کتێب) یان پێغەمبەر سولەیمان (سڵاوی خوای لێبێت) دەستەوەسان بوون لە هێنانی تەختی بەڵقیس لە دووری هەزاران (میل)ەوە لە بەشێکی بچوکی ساتە وەختدا؟!.

## شەشەم:

لەبارەی ڕووداوی دووەم لە سوڕەتی (الإسراء) ئەمە دەخوێنینەوە: ﴿سُبۡحَٰنَ ٱلَّذِيٓ أَسۡرَىٰ بِعَبۡدِهِۦ لَيۡلٗا مِّنَ ٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡحَرَامِ إِلَى ٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡأَقۡصَا ٱلَّذِي بَٰرَكۡنَا حَوۡلَهُۥ لِنُرِيَهُۥ مِنۡ ءَايَٰتِنَآۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡبَصِيرُ ۝١﴾ واتە: (پاکی و بێگەردی و ستایش بۆ ئەو زاتەی کە شەوڕەوی کرد لە بەشێکی کەمی شەودا بە بەندەی خۆی _ محەممەد ﷺ _ لە مزگەوتی حەڕام _ کەعبەی پیرۆزەوە _ بۆ مزگەوتی ئەقصا لە _ بەیتولەقدیس _ کە دەوروبەریمان پیرۆزو پڕ بەرەکەت کردووە، تا هەندێك نیشانە و بەڵگە و دەسەڵاتداری و توانایی خۆمانی نیشان بدەین، بەڕاستی ئەو زاتە بیسەرو بینایە). و لە سوڕەتی (النجم)دا ئەمە دەخوێنینەوە: ﴿وَلَقَدۡ رَءَاهُ نَزۡلَةً أُخۡرَىٰ ۝١٣ عِندَ سِدۡرَةِ ٱلۡمُنتَهَىٰ ۝١٤ عِندَهَا جَنَّةُ ٱلۡمَأۡوَىٰٓ ۝١٥ إِذۡ يَغۡشَى ٱلسِّدۡرَةَ مَا يَغۡشَىٰ ۝١٦ مَا زَاغَ ٱلۡبَصَرُ وَمَا طَغَىٰ ۝١٧ لَقَدۡ رَأَىٰ مِنۡ ءَايَٰتِ رَبِّهِ ٱلۡكُبۡرَىٰٓ ۝١٨﴾ واتە: (بەڕاستی پێغەمبەر جارێکی تریش _ جوبریلی _ بینیوە، لە کاتێکدا لەلای درەختی کۆتایی "سدرة المنتهى" بوو. کە لەوێدا بەهەشتی _ مأوى _ هەیە بە واتای لانە و جێگەی حەوانەوە. کاتێك ئەوەی _ درەختی" سدرة المنتهى _ داپۆشی بوو، مەگەر خوا خۆی بزانێت کێن و چین و کاریان چییە. جا بینینی ئەو بەدیهێنراوانەدا لەو شەوەدا وەنەبێت چاوبەست لە پێغەمبەر کرا بێت و چاوی لێ لابدات، بێگومان پێغەمبەر ﷺ لەو شەوەدا لە بەڵگە و نیشانە و موعجیزە گەورەکانی

پەروەردگاری بینیوە، بە چاوی سەری، بە هەموو هەستی). لە صەحیحی بوخاریدا ئەمە دەخوێنینەوە: مالکی کوڕی صەعصەعە وتویەتی: کە پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ ئەوان دواوە لەبارەی ئەو شەوەی کە شەوڕەوی پێکراوەو فەرموویەتی: (... دواتر وڵاغێکیان بۆ هێنام کە لە ئێستر بچوکترو لە گوێدرێژ بەرزتر بوو، ڕەنگی سپی بوو، گێڕەڕەوی فەرموودەکە دەڵێت: ئەم وڵاغە ناوی بوڕاقە، سمەکەی لەو پەڕی بینینی خۆی دادەنێت[1]، پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێت: من لەو وڵاغە سوارکرام، جبریل منی برد بە سواری ئەم وڵاغە تا گەیشتمە ئاسمانی دونیا) تا کۆتایی فەرمووده پیرۆزەکە...

کەواتە پێغەمبەری ڕێزدارمان ﷺ سواری بوڕاق بووە، لە قودسەوە بەو وڵاغە ڕۆیشتووە بۆ پانتایی گەردوون بەرەو درەختی کۆتایی (سدرة المنتهى) کە لەوێدا بەهەشتی پڕ لە بەتەوەری لێیە.. بۆ ئەوەی هەل و فرسەتێکی دەگمەن بۆ پێغەمبەر ﷺ هەڵبکەوێت بۆ بینینی چەند لایەنێك گەردوون لە نزیکەوە، ئەمەش وەك ڕێزو حورمەتێك بۆ پێغەمبەر ﷺ.

بوڕاق ئەم بەدیهێنراوە نەناسراوەیە کە سمەکەی لە دوایین شوێن دادەنێت کە دەیبینێت، کە دووری و ماوەی زۆری بڕی لە یەك شەودا یان لە بەشێکی شەودا، لەوانەیە لە چەند ساتێکی زۆر بەپەلە بووبێ، ناوی ئەم بەدیهێنراوە داتاشراوە لە جیهانی ڕووناکی و کارەبا، ئەمە ناونانێکە کە مەبەستێکی قوڵی هەیە و لە سەردەمێکدا هاتووە کە هیچ یەکێك شارەزا نەبووە سەبارەت یاساکانی ڕووناکی و خێراییەکەی و وزەی کارەبا و تواناکانی.. بەخوا ئەم ناونانە هێمایە،

---

(1) کۆتا شوێن کە بە چاوی خۆی دەبینێت ئەوا سمەکەی لەوێ دادەنێت. (وەرگێڕ).

دواتریشی ئاماژەیە بۆ دەربڕینی گونجانی تەواو لە نێوان گەشتەکەی پێغەمبەر ﷺ و یاسا و ڕێساکانی سروشت... ئەم گەشتەی کە زیاتر بۆ ئەوە نەهات ببێتە موعجیزەیەك کە هاوبەشدانەران دەمکوت بکات دوای ئەوەی خودی موعجیزەکەی قورئانی ئەوانی ڕازی نەکرد، بەڵکو زیاتر مەبەست لەو گەشتە وەك ڕێزێك بوو بۆ پێغەمبەر ﷺ بۆ ئاشناکردنی بە لایەنەکانی گەردوون کە خوای گەورە زۆر بە ڕێك و پێکی چنیویەتی و دایڕشتووەو نیگاری کێشاوە... ئەگەرچی شتێکی بەڵگە نەویست بێت کە بوترێت لە توانای خوای گەورەدا هەیە سنووری ڕێسا و یاساکان ببڕێت لە هەر ساتێك کە بیەوێت، چونکە توانای پەروەردگار زاڵە بەسەر هەموو شتێکدا و هەر ئەویش بەدیهێنەری ڕێسا و یاسکانە... بەڵام ئەم ڕاستیە مەزنە ڕێگەمان لێناگرێت کە بڵێین دەکرێ ئەم گەشتەی پێغەمبەری مەزن ﷺ شرۆڤە و لێکدانەوەی بۆ بدۆزرێتەوە لەسەر ئاستی سروشتی و بیرکاری!!.

لە بەیانی ڕۆژی دواتردا کاتێك هاوبەشدانەرانی شاری مەککە تەحەددای پێغەمبەریان کرد ﷺ کە بۆیان وەسفی بەیتولەقدیس بکات، ئەگەر ئەوەی پێغەمبەر ﷺ بینیبێتی ڕاست بێت، پێغەمبەر ﷺ دەستی کرد بە وەسفکردنی وەك ئەوەی: گەڕەك و بازارو کڵێسا و بیستان و ڕێگەکانی بۆی خرابێتەڕوو... جابر وتویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: (کاتێك قوڕەیشیەکان منیان بەدرۆ خستەوە، چووم لەلای بەردە ڕەشەکە وەستام، خوای گەورە وێنەی بەیتولەقدیسی خستەبەرچاوم، جا دەستم کرد بە باسکردنی نیشانەکانی ئەوشارە و سەیرم دەکرد)... و سەیرم دەکرد!! ساتێك لەو ساتانەی کە دووری و کۆسپەکانی کاتی و شوێنی دەبڕێت، بە پشت بەستن بە هەمان ئەو ڕێسا و یاسایانەی کە گیرانەبەر بۆ گواستنەوەی تەختی بەڵقیس لەو پەڕی باشورەوە شەوڕەوی کردن بە

پێغەمبەر ﷺ بۆ ئەوپەڕی باکورو لە شەوێك یان لە بەشێکی شەودا بەرزکرایەوە بۆ ئەوپەڕی بوونەوەر)... ئەو ڕێسایانەی کە وایان لە عومەری کوڕی خەتاب کرد کە لە ناو مزگەوتی مەدینە بوو و لە ماوەیەکی دوورەوە هاوار بکات: (ساریە چیاکە ... چیاکە..) ساریە کە بەخۆی و سەربازەکانی لە عێڕاق دەجەنگان و دووچاری بۆسەیەکی بکوژ دەبوونەوە.

## حەوتەم:

**هەروەك چۆن جیهانەکانی سروشت چەندین یاسا و ڕێسای هەن کە هەر یەکێك شارەزایان بێت ئەوا دەتوانێت کۆسپە ڕووکەشیەکان ببڕێت و بگاتە ئەو ئامانجانەی کە دەستخستنیان پێشتر سەخت بووبێ و لە دەرەوەی سنووری خەیاڵ بێت... هەمان شت لە جیهانەکانی ڕۆح و ویستدا هەن، جا خوا ویستویەتی لە ڕێگەی ئەم ڕێسا و یاسایانەوە وزە ڕۆحیەکان لە گەردووندا ڕێکبخات هەروەك چۆن یاساکانی کێشکردن و ڕێژەیی وزە ماددیەکان ڕێکدەخەن، بەڵام ئەوەندە هەیە کە ئاشکرا کردنی ئەم ڕێسا و یاسایە ڕۆحیانە و پەیی پێبردنیان زۆر لە ئاشکرا کردنی یاساکانی سروشت و ماددە سەختترە لەبەر ئەوەی لەسەرووی پێوانە و ژمێرکاریەوەیە... جا ئەگەر ئەوەمان لە تواناداا هەبێ کە لە پەنجەرەی پێنج هەستەکانمانەوە بڕوانینە سروشت، ئەوا ڕوانینە جیهانی ڕۆحەکان ئەوەندە بە ئاسانی فەراهەم نابێت، تەنها بۆ کەسانێکی گەلێك زۆر کەم نەبێت کە بە وەرزشە بەردەوامەکەی یان بە یارمەتی خوای بێگەرد بتوانن شارەزا ببن لە هەندێك لایەنی ڕێسا و یاساکانی ڕۆح، و ڕامیان بکات و شتی سەرسوڕهێنەری پێ دروست بکات... هەر بۆیە کاتێك پرسیار لە پێغەمبەر ﷺ کرا لەبارەی ڕۆح: کە چییە؟ کرۆکی چییە؟ سروشتی ئەو یاسا و ڕێسایانە چییە کە جڵەوی ڕۆحیان بەدەستە؟ خوای گەورە بە پێغەمبەری ﷺ فەرموو:** ﴿ وَيَسۡـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلرُّوحِۖ قُلِ ٱلرُّوحُ مِنۡ أَمۡرِ رَبِّي وَمَآ أُوتِيتُم مِّنَ ٱلۡعِلۡمِ إِلَّا قَلِيلٗا ﴾ الإسراء: ٨٥. **واتە: (پرسیارت لێ دەکەن**

دەربارەی ڕۆح، بڵێ: ڕۆح بەشێکە لە فەرمانی پەروەردگارم و بە دەست ئەوە، و هیچتان پێنەبەخشراوە لە زانست و زانیاری تەنها کەمێکی نەبێت).

لەڕێگەی ئاشکراکردنی هەندێك یاسا و ڕێسای ڕۆحەوە، کە سەرچاوە دەگرێت لە وەرزش و خۆماندووکردن، ئەمە بۆ ئەوانەی موسڵمان نین، یاخود سەرچاوە دەگرێت لە یارمەتی خوایی ئەمەش بۆ ئەوانەی کە موسڵمانن بەشێوەیەکی گشتی و صۆفیەکانیان بەشێوەیەکی تایبەتی... ئەمە بابەتێکی بەهەمان شێوە یەکسانە بە ئاشکرا کردنی یاساکانی سروش کە دەکرێ زانا خوانەناساکان ئاشکرای بکەن یان پیاوان و پێغەمبەرانی باوەڕدار دەری بخەن، هەروەك چۆن ئەمە ڕوویدا بە نیسبەت سولەیمان (سڵاوی خوای لێبێت) و پێغەمبەری مەزن محەممەد ﷺ.

لەم ڕێگەیەوە زۆرێك لە خەڵك توانیان پشت ببەستن بە ئاشکراکردنی ئەم ڕێسایانە و بەهۆیەوە زاڵ ببن بە سەر یاساکانی جەستە و ڕێساکانی سروشتدا، بەمەش بگەن بە ئامانجەکانیان یان کارایی ئەم ڕێسایانە بەکاربهێنن بەشێوەیەك کە زانستی سروشتی دەستەوەسان بێت لە ڕاڤە و شیتەڵکردنی.

## هەشتەم:

جا _ بۆ نموونە _ باس لە ڕووداوێك دەکەم کە دوو ساڵ لەمەوپێش ڕوویداوە... بە پزیشکێك وترا کە بڕوانامەی دکتۆرای لە نەشتەرگەریدا بەدەستهێناوەو بۆ ماوەیەکی زۆریش ئەم کارەی کردووەو بووەتە پسپۆر تێیدا: کۆمەڵێك لە خەڵکی (دەرباشە) هاتوونەتە ناو شارەوە نمایش پێشکەش دەکەن لەوەی شمشێر دەخەنە ناو سکیانەوەو لە پشتیان دەردەهێنن، بزماری ئاسنین لە ڕوومەتی ڕاستەدا دەچەقێنن و لە ڕوومەتی چەپەدا دەریدەهێنن... دەفری شوشەیی دەخۆن و قوت دەدەن، ئەم کارانە دەکەن بە گوێگرتن بۆ دەنگی دەف و نزاو پاڕانەوە... ئەم شتانە دەکەن بێ ئەوەی خوێنیان لێ بچۆڕێت یان ئەندامێکیان پارچە ببێت... (پزیشکە نەشتەرگەرەکە) گاڵتەی بە بانگەشەی لەو جۆرە کرد و بڕیاریدا بەخۆی بڕوات تا بە چاوی سەری خۆی ئەم نمایشە ببینێت...ئینجا دەرەنجامەکە چی بوو؟ ئەوانە نمایشی خۆیان بەهەمان شێوە پێشکەش کرد، پزیشکەکە پێی سەیر بوو و تەنها ئەوەندەی وت کە کارێکی لەم جۆرە سەرسامی دەکات، و هیچ پاساوێکی (زانستی) پەسەند بۆ ئەم جۆرە نمایشانە بەدی ناکات کە لە ڕاستیدا ئەم نمایشانە تەحەددای ئاشکران بۆ زانستەکانی فسیۆلۆژی و ئەرکی ئەندامەکان... تا دوایی!!.

ئەمە زۆر لەبەر چاوی ئێمەدا ڕوودەدات... ئەو بوزایانەی چەندین مانگی دوورو درێژ واز لە خواردن و خواردنەوە دەهێنن، ئەوا ئەم کارەیان شتێکی سەولمێنراوە، ئەوەش کە ڕوودەدات لە بازنە و تاقیگەکانی ئامادەکردنی ڕۆحەکان و

نواندنی موگناتیسی ئەوا مادديەکان و سروشتگەراکان نەیانتوانیوە بەرپەرچی بدەنەوە... جا چی دەڵێی بۆ خاوەن هەنگاو و خاوەن کەرامەتەکان، ئەوانەی کە توانای خۆیان لە ئاست دەرخست و ئاشکراکردنی ڕێسا ڕۆحیەکان لە خواوە وەردەگرن نەك وەرزشێکی خودی، ئایا لە توانای ئەمانەدا نییە ماوە دوورەکان بە چەند ساتێك و بە چەند هەنگاوێك شارو وڵاتان ببڕن؟!.

پێغەمبەری خوا ﷺ لە فەرموودەیەکی پیرۆزی قودسیدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە بەندە لە خوای گەورە نزیك دەبێتەوە تا دەستی دەبێتە دەستی خوا کە بەهۆیەوە دەست لە شت دەدات و دەبێتە چاوی خوا کە پێی دەبینێ، جا بەردەوام لە خوا نزیك دەبێتەوە تا دەگاتە ئەم لوتکە ڕۆحیە باڵایە کە شت و ڕووداو بەدیهێنراوان بە ویستی خوای کارا و کاریگەر ڕام و دەستەمۆ دەکات[1]...

خوای گەورە ڕێسا و یاساکانی هەر دوو جیهانی ڕۆح و سروشتی بەدیهێناوە، ئەم توانا (دەرئاسایە) بە هەندێك لە بەندەکانی دەدات لە سروشتە تایبەت و ئەو شتانەی لە دەوروبەریەتی بەمەش شتی ئەستەم دروست دەکات... ئەم شتە (دەرئاسایانە) لە ڕووکەشدا بە لای خەڵکەوە بە ئەستەم دەردەکەون، بەڵام شتەکە بۆ خودی ئەو بەندەیەی لەسەر دەستی ڕوویداوە لە بابەتێکی زانستی تێپەڕ نابێ

(١) شایەنی باسە کە خوای مەزن پاکە لە شوێن و کات، تەنها بەدیهێنراوان دەکەونە ناو بازنە و چوارچێوەی کات و شوێن، خوای گەورە ناکەوێتە ناو ئەو بازنەیە، چونکە خۆی بەدیهێنەری هەموو شتێکە بە کات و شوێنەوە، بێ نیازە و جێگای نیازە. ئەم فەرمایشتەی پێغەمبەر ئەوە دەگەیەنێت کە مرۆڤ کاتێك لە پلەکانی بەندایەتی و خواپەرستیدا تەواو بەرزدەبێتەوە ئەوا ئەو سنوورانە نابەزێنێت کە خوای گەورە بۆی داناون، دەست بۆ شتێك نابات کە خوا حەرامی کردبێ، ناڕوانێتە شتێك و بەرەو شوێنێك هەنگاو نانێ و حەز لە شتێك ناکات کە خوا قەدەغەی کردبێ، بەمەش ویستی ئەم بەندەیە شتێك ناخوازێت کە مایەی ڕەزامەندی خوا نەبێت، و بەرنامەی خوا هەر جوڵەیەکی خۆویستی ئەم بەندەیە دادەڕێژێت و ئاڕاستە دەکات. (وەرگێڕ).

و پشت دەبەستێت بە یاساکانی ڕۆح و وزەکانی بۆ ڕامکردنی ئەو شتانەی هەن، و بۆ تێکشکاندنی کۆسپە دەرەکیەکانی کات و شوێن!!.

دەیەم:

خودی زانستی سروشتی لەو ماوانەی دواییدا لە میانەی شیکردنەوەی لایەنە تایبەتەکانی ماددە و پێکهاتە ناوەکیەکەی ڕاستیەکی مەترسیداری ئاشکرا کرد ئەویش ئەوەیە کە وزە یان جوڵە بناغە و بنچینەی ماددە و شتەکانە و پێکهاتەی گەردیلەکان و ئەو شتە وردانەی تێیاندایە وەك نیوترۆنەکان و پرۆتۆنەکان و ئەو وردەکاریانەی تێیاندا، ئەوا لە کۆتایی ڕێگەدا سەردەکێشێت بۆ وزەیەکی جوڵەیی نا ماددی کە گەردیلە و شتە وردەکانی لێ دروست دەبن و هەر ئەم جوڵە نامادییە لە خێرایی و لەسەرخۆیی و سروشتی جوڵەکەیدا شێوە ڕەق و شل و گازیەکانی شتەکان دیاری دەکات و دادەڕێژێت.

جا ئەگەر کەرتی بناغەی پەیکەری سروشتی ماددی لە ڕێگەی جوڵەی نا ماددیەوە ئاشکرا ببێت، _ کەواتە _ ئایا ناکرێ بوترێت وزەی ڕۆحی کە تایبەتمەندە بە هۆشیاری و جیابوونەوەو خۆنواندن و سەرپەرشتی کردن و ویست هەڵسوکەوت بکات لەگەڵ ئەم وزە (نامادیە) بەشێوەیەك لە شێوەکان ملکەچی فەرمانی خۆی بکات، ئەویش ملکەچ بێ و وەڵامی فەرمانەکانی ڕۆح بداتەوە؟! کەشتی ئاسمانی کە ئاماژەیەکی ڕووناکی نا بەرهەست لەو سەردەمەمان بۆ ئامانجەکەی ئاڕاستە دەکات لە بارودۆخێکی نزیك لە ئەستەم بووندا، ئایا ناکرێت لە جیهانی سروشتدا ئامازەکانی ڕۆح فەراهەم ببن لەو شتانەی کە ئەستەمترو پڕ موعجیزەترن؟!.

داڕووخانی بنچینەی ماددی بۆ شتەکان کە لەم دواییانەدا زانست ئاشکرای کرد، چەند هەنگاوێك نزیکمان دەکاتەوە لە تێگەیشتن لە سروشتی هەڵسوکەوت کردن لە نێوان ڕۆح و مادده، بەڵام ئەمانە تەنها چەند هەنگاوێکن، لەوانەیە یەکێتی بنیاتی گەردوونیمان پێشان بدات، پاشان تاك و تەنهایی بەدیهێنەری گەردوون... بەڵام بەهەر حاڵ هەموو ڕەهەند و تایبەتمەندییەکانی ڕۆحی مرۆییمان پیشان نادات، و هەموو ڕێسا و یاساکانی ڕۆحمان بۆ ناخەتەڕوو، ئەو ڕۆحەی کە فووی پەروەردگارە لە گڵ و و خۆڵدا، و سەرچاوەی ژیان و هزرو ویست و پێشکەوتنە، هەر بە داخراوی دەمێنێتەوە لەوەی بە تەواوی پەیی پێبرێ و شرۆڤەی بکرێ، چونکە جێنشینایەتی ئێمە لەسەر زەوی وا ناخوازێت بە تەواوی ڕەهەند و یاساکانی ڕۆح ئاشکرا ببن، چونکە ئەندازە (کەممەکان) کە خوا بەئێمەی داوە لە جیهانی ڕۆحدا لە کارایيەکەیدا یەکسانە بەو ئەندازە مەزنانەی شارەزایی کە هەمانە سەبارەت بە جیهانی سروشت... و ئەم هاوسەنگیە شارستانیە دەگمەنەی لە نێوان ڕۆح و ماددەدا هەیە لە گۆڕەپانی دەرخست و ئاشکراکردن و زانین، ئەوا قورئان لە چەندین ئایەتدا سەرەنجمان هەر بۆ ئەوە ڕادەکێشێت و داوامان لێدەکات کە هەموو دەلاقە و پەنجەرەکانمان بکەینەوە بەسەر سروشتدا بۆ ئاشکراکردنی یاسا و وزەکانی و ڕامکردنی بۆ بەرەو پێشبردنی ژیانی مرۆڤایەتی و گەشەپێدانی... لە بەرامبەر ئەو هەموو ئایەتە زۆرانە یەك ئایەتی داناوە:

﴿ وَيَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلرُّوحِۖ قُلِ ٱلرُّوحُ مِنۡ أَمۡرِ رَبِّي وَمَآ أُوتِيتُم مِّنَ ٱلۡعِلۡمِ إِلَّا قَلِيلٗا ﴾ الإسراء: ٨٥. واتە: (پرسیارت لێ دەکەن دەربارەی ڕۆح، بڵێ: ڕۆح بەشێکە لە فەرمانی پەروەردگارم و بە دەست ئەوە، و هیچتان پێنەبەخشراوە لە زانست و زانیاری تەنها کەمێکی نەبێت).

## چەند هەڵوێستــێکی دەرچووانی

## قوتابخانەی قورئان

مێژووی هەر گەلێك لە گەلان هەڵسەنگاندنی دادگەری خۆی هەیە لە میانەی ئەو هەڵوێستانەی بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی و دۆزی مرۆڤ لەسەر زەوی پێشکەشی دەکات... بێگومان بارودۆخی کات و شوێن و خەسڵەتەکانی ژینگە و سروشت کاری خۆیان دەکەن لە ئاراستەکردنی مێژوودا، بەڵام دارِشتنی کۆتایی و نەخشەکەی هەر بەدەست مرۆڤ دەمێنێتەوەو هەردەم چاوەڕێی فەرمانی ویستی مرۆیی دەکەن بۆ ئەوەی داخوازیەکانی جێبەجێ بکەن و ملکەچ بن بۆی، جا لە میانەی ئەو هەڵوێستانەی مرۆڤ دەیانگرێتەبەر لە ساتەکانی پرسیارو هەڵبژاردن و وەستان لە ئاست دووڕیانەکان ئەوا ڕووداوی مێژووی یان واقیعی مێژوویی ڕێڕەو و ئاراستەی خۆی وەردەگرێت و هەر کاتێك ئەو هەڵوێستانە زیاتر سەرپەرشتیارو گشتگیر و ئازاد بێ لە فشاری ڕاستەوخۆ و گرانیەکانی واقیع و وردەکاریە ڕەق و تەق و داخراوەکانی، هەر کاتێك بزوتنەوەی مێژووی هات و هەنگاوی بەرەو پێشەوە نا ئەوا مرۆڤ بە فەڕو بەرەکەت و بەختەوەرو پاك دەبێت و بەرزی دەکاتەوە لە ئاست جیهانی مێروولە و هەنگ و گیانلەبەر!.

ئێمە لێرەدا نامانەوێت لێکۆڵینەوە بکەین لەسەر ڕەهەندەکانی هەڵوێستی مرۆیی و پەیوەندیەکەی بە ڕووداوی مێژوویی، بەڵکو تەنها دەمانەوێت تیشك

بخەینەسەر هەڵوێستی هەندێك لە سەرکردەکانی هزری و هزرمەندان لە مێژووەکەمان لەبەرامبەر ڕێزو ئازادی و بەختەوەری مرۆڤ و بەرز کردنەوەی حورمەتی هزری مرۆیی بۆ ئاستە بەرزەکان کە یاخی بوونی ستەمکار یان هێرشی دوژمن یاخود ناچاری حوکمڕانی نەخوێندەوار کە بەناوی پەروەردگاریەوە نەیخوێندووەو پێنووسی نەگرتووە تا فێر ببێت لەم بەرزاییەی ناهێنێتە خوارەوە... ئای هەڵوێستەکانی زانایانمان لە مێژووی ئێمەدا چەندە زۆرو بەرزو ڕێزدارن!! ئەم هەڵوێستانەیان _ لە ڕاستیشدا هەر وایە _ ناوەندی قورسایین لە گۆڕەپانی ئەم مێژووەدا کە پەکی ناکەوێت لە جوڵە و گەشە، و ئەم هەڵوێستانە ئەستێرەی ئاسمانی دونیای ئەم مێژووەن کە هەڵواسراون و مەشخەڵەکانی ڕێ بۆ ڕێبواران ڕووناك دەکەنەوە لە ناو تاریکیەکاندا و ئەوەندە گەشانەوە خەریك بوو بە ڕووناکی بتوێنەوەو بە ئاگر بسوتێن... لەبەرامبەر زانایەك کە ڕووناکی خواناسی و عیرفان و تۆپەڵەیەك لە ئاگری دڵی هەڵبژاردووە هیچ شتێك ناوەستێت ئەگەر هاتوو ویستی هەڵوێستە بکات لە کات و شوێنی گونجاودا.

بەڕاستی بوونی ژیاننامەی نیو ملیۆن بیرمەند و پیاوانی هزری لە مێژووەکەماندا ژمارەیەکە کە بیرمەندەکانی گەلانی تر ئیرەییمان پێدەبەن لەسەری، ئەی چۆن ئەگەر ئاگادار بن لە هەڵوێستی یەکە یەکەی بیرمەندەکانمان لە ڕووی بەرگری کردن لە ڕاستی و خۆڕاگری لەهەمبەر هێرشی خۆسەپێن و پەردە لادان لەسەر ئەو تروسکانەی کە خاوەنەکانیان دەیانەوێ پاکی شتەکان و پاساوەکانی بوونی مرۆیی لەسەر زەوی پێ بسڕنەوە؟... ئەی بەلای بیرمەندانی گەلانی ترەوە چۆن دەبێ ئەگەر هەڵسن بە پشکنینی ئەو ڕۆڵانەی کە بیرمەندەکانمان گێڕاویانە لە شانۆی مێژووی ئیسلامیماندا و ئەو دەرەنجامە

مەزنانەی کە دەستیانخستووە هەر یەکە لە کێڵگە و بواری خۆیدا، ئەمانە دەرەنجامانێکن کە چوارچێوەی کات و شوێن بەجێ دەهێڵن و بەرەو بەهای نەمرەکان و ئەو پێگەیەی مرۆڤ دەڕۆن کە خوا لەسەر زەوی پایەدارو ڕێزداری کردووەو کردوویەتیە جێنشینی خۆی؟.

جا باوکی عەبدوڵای کوڕی محەممەد ی کوڕی غانمی ئەصفەهانی کە لە بەراییەکانی سەدەی حەوتەم هاتە شاری بەغداد گەنجێك بوو هەر لە هەڕەتی لاویدا بەشدار بوو لە گۆڕەپانی ڕاڤەی قورئان بەشێوەیەکی کاریگەرو قوڵ و هاواری (خۆشەویستانی) دەکرد لە ئوممەتەکەی لە کاتێکدا زۆر پێویستیان بە هاوارێکی لەو جۆرە هەبوو کە بیانجوڵێنێت بەرەو ئەو ئامانجانەی کە خەریك بوو پێشێل بکرێن لەلایەن سمی ئەسپە تەتەریەکان، دەنگێك کە دووبارە ناخیان ڕادەچڵەکێنێت و دەیانبات بەرەو بەرگری کردن لە چارەنووسی ئوممەت پاراستنی ڕێزو حورمەتە شارستانیەکەی. باوکی عەبدولا دەیەوێت پێیان بڵێت کە خوایان خۆش بوێت و لەو پێناوەشدا بتوێنەوە... و دەیەوێت پێگەی ئەوان لەسەر زەوی بۆ ئەوان ڕوون بکاتەوەو خۆدانەپاڵ مشتێك لە خۆڵ و جوڵانەوە لەسەری و خنکان تیایدا و دواتر خورانی لەلایەن کرمەکان ئەم گڵە چەند بێ نرخانەیە (_ باوکی عەبدوڵا دەڵێت _ جیهان وەك گەردیلەیە لە بازنەی گەورەیی خوادا، و گەردیلە وەك جیهانە لە کتێبی دانایی خوادا، بنچینەکان لق و پۆپن کاتێك جوانی بێ سەرەتاییەکەی دەرەوشایەوە، و لق و پۆپەکان بنچینەن کاتێك خۆری بێ ئاوابوونی کۆتاییەکەی هەڵدێت، پەردەکانی شەو دادراوەن، مۆمی هەسارەکانیش داگیرساون، و چاوی چاودێران سەرقاڵن بە خۆشەویستەکانیانەوە، پەردەی سەر دەرگاکانی گەیشتن بە خوا لادراون، جا ئەم وەستانە بۆچی کاتێك خۆشەویست

دەرگاکەی واڵاکردووە؟ ئەم شلی و خاویە بۆچی کاتێك گەورەمان پەردەی داپۆشەری کردۆتەوە؟.

وقوفي بأكناف العقيق عقـــــــوق إذا لــم أرد والدمع فيه عقيق

وإذا لم أمت شوقا إلى ساكن الحمى فــما أنا فيما ادعيه صدوق

ايا ربع ليلى ما المحبــــــون في الهوى سواء، ولا كل شراب رحيق

ولا كـــل مـــن تلقـــاه يلقاك قلبه ولا كل من يخطو اليك مشوق

تكاثرت الدعوى على الحب فاستوى اسيير صبابات الهوى وطليق

واتە: وەستانم لە پاڵ گەوهەری شەوچرا سەرکێشیە، ئەگەر هاتوو وەڵامم نەدایەوە لە کاتێکدا فرمێسکی قەتیس بووە. ئەگەر نەمرم لە تاوی گەیشتن بە دامرکێنەرەوەی تا، بێگومان ڕاستگۆ نیم لەوەی کە بانگەشەی بۆ دەکەم. ئەی خزمانی لەیلا خۆشەویستان چۆن یەك نین، هەروەك چۆن هەموو خواردنەوەیەك وەك یەك بۆن خۆش نییە. هەر کەسێك ڕوو لە تۆ بکات مەرج نییە دڵەکەی ڕووی لە تۆ بێت، و هەر یەکێك کە هەنگاو دەنێت بۆ لات پەرۆشت نییە. داواکارانی خۆشەویستیت زۆر بوونە، بەڵام هەندێکیان دیلی ڕێژنەی خۆشەویستی تۆن و هەندێکی تریشیان بێ بەشن لێی.

باوکی عەبدوڵا هەر بەردەوام دەبێت لەسەر ئامۆژگاری کردنی جەماوەری شاری بەغداد و دەڵێت: ((ئەی باوەڕداران ئایا کەسێکتان تێدایە کە بەرز ببێتەوە بۆ ئاسمان؟ ئەی ئەوانەی بەندن لە چوارچێوەی ناوەکانیان کەسێکتان تێدایە تێگەیشتنی تەواو بێت لە هێمای دڕندە و باڵندەکان تێبگات؟ ئایا کەسێکتان

تێدایە کە ڕووناکی خۆشەویستیەکەی وەك هی موسا بریسکە بداتەوەو بە زمانی خۆشەویستی و جۆش و خرۆشەکەی بڵێت: مۆڵەتم پێبدە سەیرت بکەم بەڕاستی چاوەڕوانی درێژەی کێشا)) دواتر زۆر ناخایەنێت ڕووناکی خۆشەویستی دەیهەژێنێت و ئاگر دەیسوتێنێت و هاوار بەسەر خەڵکەکەدا دەکات و دەڵێت: ئەی خەوتووان بە ئاگا بێنەوە!!(١).

لە سەرەتای هەمان سەدە (ساڵی ٦٠٦ك) نەوەی ئیبن جەوزی لە مزگەوتی دیمەشق ڕادەوەستا و جەنگاوەرەکانی هان دەدا و گلێپەی بەرگری دژی هێرشی خاچپارێزەکان خۆش دەکرد... جا ئەگەر باوکی عەبدوڵای لەم هەڵوێستە کە لە لە شاری بەغداد نواندی ویستی وابووە ناخی خەڵك بجوڵێنێت و لە چاوی ئەواندا نرخی ژیان کەم بکاتەوە تا بجوڵێن بەرەو کارە مەزنەکان بێ ترسان لە مردن یان لە ئێش و ئەشکەنجە... ئەوا نەوەی ئیبن حەوزی ناودار، بە کرداری خەڵکی دەجوڵاند بەرەو گۆڕەپانەکانی جەنگ و قوربانی دان بە خوێن و سامان، لە پێناو بەرنگاربوونەوەی دوژمنی داگیرکەر و ڕزگارکردنی خاکی داگیرکراو... ئیبن عیمان لە کتێبی (شذرات الذهب) دەڵێت: ((خەڵکێکی زۆر لە دەوری کۆبوونەوە هەر لە لای دەروازەی ساعات تا مەشهەدی زەینولعابدین، مووی پرچی زۆرێك لە ئافرەتانی لەلا کۆبووەوە، یەکێك لە ئافرەتان پرچی خۆی بڕی و بۆی نارد و وتی بیکە بە ئەوساری ئەسپەکەت لە پێناوی خوادا...جا لەو موو و پرچەی کە لەلای ئەو بوو شێوەی ئەسپێکی تێکۆشەرانی دروست کرد، کاتێك چووە سەر مینبەر فەرمانی کرد ئەو شێوانە بهێنرێن کە سێ سەد شێوەو وێنەی ئەسپ بوون بە مووی سەر، کاتێك خەڵك ئەمەی بینی بە یەکجار هاواریان کرد و بەهەمان شێوە ئافرەتان

---

(١) ابن كثير: البداية والنهاية: ١٨٣/١٣.

پرچی خۆیان بڕی. والی دیمەشق و گەورە بەرپرسان لەوێ ئامادە بوون، کاتێك نەوەی ئیبن جەوزی لە سەر دوانگە هاتە خوارەوە ئەوا والی دیمەشق لەگەڵی ڕۆیشت و سواری وڵاغەکەی بوو، و خەڵکیش سواری وڵاغەکانیان بوون و بەرەو دەروازی مزگەوت ڕۆیشتن لەبەر زۆریان نەدەهاتنە ژمار و ڕۆیشتنە نابلس بۆ جەنگ کردن لەگەڵ فەڕەنسیەکان، ئەوانیان تێکشکاندن و هەندێکیان بەدیل کرت و زۆرێکیانیان لێ کوشت و بە سەلامەت و هاوڕێ لەگەڵ دەستکەوتەکان گەڕانەوە...))[1].

باوکی وەفائی کوڕی عەقیل (٤٨٨ك) ڕووبەڕووی داخوازی وەزیری سەلجوقی (کوڕی جەهیر) دەبێتەوەو ڕەخنەی لێدەگرێت سەبارەت بە داڕوخانی بارودۆخە کۆمەڵایەتیەکان و هەڵسوکەوتی ڕەوشتی لە ماوەی سەرقاڵی خەڵك بە بنیاتنانی یەکێك لە دیوارەکانی شاری بەغداد... لە کاتێکدا باوکی عەبدوڵا تێدەکۆشێت لە گۆڕەپانی دەروونددا، و نەوەی ئیبن جەوزی لە بەرەی دەرەکی تێدەکۆشێت، ئەوا ئیبن عەقیل بەرەنگاری شەپۆلێك لە شەپۆڵەکانی هەڵوەشانەوەی ناوخۆیی دەبێتەوە لە ناو دڵی کۆمەڵگەی موسڵماندا و بۆ وەزیر دەنووسێت: ((ئەگەر ئەو باوەڕەم نەبێ کە هەمە بە ڕاستی زیندوو بوونەوەو بوونیماڵێکی تر بۆمان لە دواڕۆژدا کە دەکرێ لەوێ لە بارودۆخێکدابم کە سوپاسی لەسەر بکەم ئەوا وام نەدەکرد دەسەڵاتداری سەردەمەکەم لێم تورە ببێت، لە هەموو ئەوەی دەخەمەڕوو پشت تەنها بە خوا دەبەستم دوای ئەوەی خوا دەکەمە گەواهیدەر کە لەسەر ئەوەی ئەوەم خۆشدەوێت و دەمارگیرم بۆی کە دەیخەمەڕوو. بەڵام ئەگەر ئاینی محەممەد کەوتە بەرامبەر ئاینی نەوەکانی

---

[1] ابن عماد الدين: شذرات الذهب: ١٨/٥

جەهیر ئەوا بەخوا هەرگیز ئەوەیان بەوەی تر ناپێوم، ئەگەر وابکەم ئەوا من بێ باوەڕم. جا وتەکە ئەوەیە کە ئەو پێشێلکردنەی شەریعەت کە بە ئەنقەست ئەنجام دەدرێ بۆ دژایەتی کردنی دانەرەکەی ئەوا بۆچی ئێمە لەگەڵ ئەوەشدا باوەڕمان بە گرێدانی کۆڕی خەتمی قورئان و گێڕانەوەی فەرمووده هەیە... پێتوایە بە چ ڕوویێك بە خزمەت پێغەمبەر ﷺ دەگەیت کە ئەگەر لە خەوندا بە ڕووگرژی بیبینیت و ئەمەش بێزارت بکات لە کاتێکدا کە بە ئاگای. دواتر چۆن داوا لە سەربازەکان بکەین پەیژەو خۆڵەکەی ماچ بکەن و بەیانیان و ئێواران سەرگەرمی سزادانی ئەوانە بین کە ڕێگەی قەدەغەکراوی خواردنەوەی پێکی مەیی دەگرنەبەر کە ڕاجیایی لەسەرە؟!! ئەی شەڕەفەددین لە ڕق و کینەی خوا بترسە، چونکە ئاسمانەکان و زەوی بەرگەی تورەیی ئەو ناگرن. ئەگەر منت سەغڵەت کرد لەسەر ئەو قسانەی کە پێم ڕاگەیاندی ئەوا بەڵکو خوا بەزەیی پێمدا دێتەوەو دەمحەسێنێتەوە لە دەست سروشتە گێل و سەرکێشەکان. پاشان سەرزەنشتمان مەکەن لەسەر لە مانەوە لە ماڵ و خۆشاردنەوە لە خەڵکی سادە چونکە ئەگەر خەڵك پرسیاریان لێکردین ئەوا تەنها ئەوەیان پێ ڕادەگەیەنین کە ئەمە کارێکی زۆر خراپ و مەزنە و نکۆڵی لێ بکەن... لە خوابترسە بە ئەندازەی گەورەیی قەبارەی تورەیی خوا، هەروەك پەروەردگار فەرموویەتی: ﴿ فَلَمَّآ ءَاسَفُونَا ٱنتَقَمۡنَا مِنۡهُمۡ فَأَغۡرَقۡنَٰهُمۡ أَجۡمَعِينَ ﴾ الزخرف: ٥٥. واتە: "". بەڕاستی پێداهەڵگوتنی هونەرمەندان و ستایشی ئەوانە بەوهۆیەوە پارە لە دەوڵەتەکانەوە بەدەستدێنن چاوی ئێوەی پڕکردووە، ئەو دەوڵەمەندە گەوجانەی خوایان لە پێناو

ئێوەدا دۆڕاند و ڕێبازەکانیان بۆ ئێوە ڕازاندەوە. بێگومان کەسی ژێر ئەو کەسەیە کە خۆی دەناسێت و ستایشی ئەو کەسەش نەیگۆڕێت کە پێی ناڵێت))(١).

باوکی وەفا لەم هەڵوێستەیدا تەنها ڕووبەڕووی دەسڵاتی حوکمڕان نابێتەوەو بیترسێنێت بە لە خواترسان، بەڵکو هەوڵیدا پەردە لابدات لەسەر ئەو تێکگیرانەی هەیە لە نێوان ڕووکارو واقیعی ڕاستەقینە و ڕووکەش و ناواخن... تەنانەت هەڕەشەکەی خۆی بەسەر دیاردەی دووڕوویی کۆمەڵایەتدا دەرژێت کە دزەی کردۆتە ناو ناخەکان لە پێناو سور بوون لەسەر بەدەستهێنانی ئارەزووەکانی دونیا و حەزە پوچەڵەکانی... جا هۆنراوەو شیعر بێ نرخ دەکرێ تا دەکرێتە ستایشێکی پوچەڵ کە لە خزمەت پێشەواو حوکمڕانان دەخوێنرێت، و ڕاستیەکان ساختە دەکات و لەسەر حیسابی ڕاستیەکان خۆی دەنوێنێت... و دەوڵەمەندە _ گەوجەکان _ ئای ئەمە چەند سەرنجێکی جوانە (دەی با بانگخوازانی شۆڕشی مارکسیەت ئەمە بخوێننەوە کە مێژوو و ئاینەکەمان بە ڕەهایی ڕەتدەکەنەوە)... خۆیان دۆڕاندووەو هەوڵی بڵاوکردنەوەی تاریکایی دەدەن، بۆ ئەوەی ئەو شتانە بۆ حوکمڕان و کاربەدەستان حەڵاڵ بکەن کە خوا حەرامی کردووە، و ئەوانەشیان لێ حەرام بکەن کە خوا حەڵاڵی کردووە، ئەمەش لە پێناو زیاتر ڕازاندنەوەی ڕێگەکانی کاربەدەستان و گەیشتن بە کۆکردنەوەی زیاتری زێڕو زیو.

یەکێك لە گەورە قوتابیانی ئیبن تەیمیە کە ناوی ئەحمەدی کوڕی موسای زەڕعی بوو بەرەنگاری ساختەیی هۆنراوەو گەوجێتی دەوڵەمەندی بووەتەوە، زۆریش لەم بارەوە تێکۆشاوەو کاری کردووە، عەبای لە خوری دروست دەکرد بۆ

(١) ابن الجوزي: المنتظم: ٩/٨٥_٨٦.

پەیداکردنی خواردنی ڕۆژانەی و بە درێژایی ژیانی هیچ شتێکی لە کەس وەرنەگرتووە!! جا لەم تێکۆشانە و خۆداماڵینەیدا هەنگاو دەنێت بۆ ئەوەی بە وشەی ڕاست ڕووبەڕووی کاربەدەست و حوکمڕانانی شام و میسڕ ببێتەوە، چەندین جار سەرەدانی شاری قاهیرەی کرد و نەدەگەڕایەوە تا وەڵامی داخوازیەکانی نەدەدرایەوە (ڕێگەی لە گەلێك زۆرداری گرت و خەڵکێکی زۆر سوودیان لێبینی)[1] جا دەرەنجام چی دەبێت؟ (زۆرێك لە کاربەدەستان ڕقیان لێ بووەوەو بۆشیان نەدەگونجا کە داخوازیەکانی ڕەت بکەنەوە)، چونکە جەماوەری خەڵك لە پاڵی دەوەستان... جا لە پاڵ هەر دوو لای _ زانا و ئوممەت _ ئەو ڕاستیە دەوەستێت کە شکست ناخوات.

جا مادەم هەر لەسەر باسی هزرێکی باوەڕداری داماڵەرو تێکۆشەرداین... وەك چۆن پێغەمبەر ﷺ ویستویەتی وا بێت، مادەم هەر لەسەر باسی کەسانێکین کە خۆیان ڕاهێناوە لەسەر پاراستنی ڕێزو حورمەتی (هەڵوێستەکانیان) بە چنینی عەبا و پێڵاوی خوری... مادەم ئێمە لەسەر باسی پێشەوای وادواین کە بە قوڵی تێگەیشتوون خەڵك بە هزر دەوڵەمەند ناکرێ بەڵکو لەگەڵ ئەوەشدا تێرو برسی و دەوڵەمەند و هەژار و بەشخۆرو بەشخوراو دەبن... دەکەواتە با گوێبرین بۆ کوڕی شیرزیمە کە دەڵێت: (سەرم سوڕماوە لەو ڕازیە _ کە دەکاتە جەریری کوڕی عەبدولحەمید _، پێشنیارم بۆ کرد کە مانگانە سەد دیرهەم لە صەدەقەی پێبدەم، وتی: ئایا هەموو موسڵمانان ئەوەندە لە صەدەقە دەبەن؟ وتم: نا، وتی: کەواتە من پێویستیم پێ نییە)[2]، با گوێ بگرین بۆ جونەید و کوڕی مەسروق کە دەڵێن:

---

(١) ابن الحجر: الدرر الكامنة: ١/٣٢٤.

(٢) الخطيب: تاريخ بغداد: ٧/٢٥٨.

(حەسەنی مەڕحی یەکەم کەس بوو کە لە شاری بەغداد بازنەی بۆ گرێدرا، مامۆستای زۆربەی بەغدادیەکان بوو، کەچی خانوێکی نەبوو کە تێیدا بحەوێتەوە، لە لای دەرگای زبڵدان لە مزگەوت دەمایەوە لە سەرما و گەرمادا ئەمە شوێنی بوو)[1]... و با گوێ شل بکەین بۆ عیسای کوڕی موسای کوڕی محەممەد ی کوڕی موتەوەکیل کە لەبارەی خۆیەوە قسە دەکات: (سی ساڵ حەزم دەکرد وەك خەڵکی بەشدار بم لە خواردنی گەنمەکوتای بازار، بەڵام نەمدەتوانی ئەمە بکەم لەبەر زوو ڕۆیشتنم بۆ گوێگرتن لە فەرموودە)[2].

ئەی چی لەبارەی شێخ عەبدولقادری گەیلانی پێشەوای صۆفی مەزن؟ دە گوێی بۆ بگرن: ((دەروونم داوای تێر کردنی حەزو ئارەزوێکی لێکردم، منیش هەراسانم دەکرد، مەشقم پێدەکرد و بۆ مەشق دەچوومە دەرەوەو بەرەو بیابان دەڕۆیشتم. لە کاتێکدا کە دەڕۆیشتم بینیم پینە پەڕۆیەك فڕێدراوەتە ئەوێ و تیایدا نووسراوە: بەهێزەکان ئارەزوویان نییە؟ بەڵکو ئارزووەکان بۆ لاوازەکان دروستکراون تا خۆیان پێ بەهێز بکەن لەسەر پەرستشی من، کاتێك ئەوەم خوێندەوە ئەو ئارەزووەم نەما... هەموو کارەکانم پشکنیوە هیچ کارێکم لە پێدانی خواردن باشتر نەدیوە، پێم خۆش بوو دونیام بەدەست بووبا تا خواردنم بە هەژاران بدایە))!!.

ئەم دەربڕینەی گەیلانی تا هەتایە دەمێنێتەوە وەك مۆرك و نیشانەی ڕێزو شەڕەف و سەربەرزی بۆ هزری ئیسلامی و دادی مێژووی بیروباوەڕمان، هەروەك بۆ هەمیشە وەك نەفرەت دەمێنێتەوە بۆ ئەوانەی لەسەر خوانی خۆرئاوان و بەبێ

---

(١) هەمان سەرچاوە: ٣٦٧/٧.

(٢) هەمان سەرچاوە: ١٧٨/١١.

بەرچاوڕۆشنی و بە گێلی و کوێری هەندێك وتەی جولەکەیەك دووبارە دەکەنەوە کە بێ وردبوونەوەو پشکنینی کاروان و شوێنکەوتووانی ئاینەکان لە هەموو شوێنەکان وتویەتی: (ئایین تلیاکی گەلانە)...توخوا پرسیارتان لێدەکەم چۆن ئاینەکەمان دەبێتە تلیاکی بەشخوراوان لە کاتێکدا ئەم پێشەوایە بە برسی و تێکۆشان و بێ بەشیەوە دەژیەت، کەچی _ لە چەند ساتێکدا _ لە توانایدا هەیە پێ بەناو زێڕو زیویدا نغرۆ بکات تا چۆکەکانی و خەڵك فریوبدات و ئەوانە بێ هۆش بکات کە خوێن و ئارەقیان زێڕو زیوی کۆکردۆتەوە، لەبەر خوا پرسیارتان لێدەکەم، چۆن ئایین دەبێتە تلیاك لە کاتێکدا ئەمە گەیلانیە و دەڵێت: (پێم خۆش بوو دونیام بەدەست بووبا تا خواردنم بە هەژاران بدایە)؟!.

بەڕاستی هزرێکی ئازاد لە دەست پوچگەرایی مادده و هۆشبەری ڕابواردنی بێ تام و کۆیلایەتی کردنی دینارو دیرهەم شایستەیە کە هەر دەم لە هەڵوێستە بەرزەکەیدا بمێنێتەوەو دانەبەزێت بۆ پێشوازی کردن لە کەسی (گەورە) و ماستاوچیانە دەست درێژ نەکات بۆ هیچ ئیمپڕاتۆر یان پاشا یاخود سەرکردەیەك... باوکی عوبەید بۆمان دەگێڕێتەوەو دەڵێت: ((ئێمە لەگەڵ محەممەد ی کوڕی حەسەندا بووین ئەو کاتە ڕەشید هات و خەڵکی هەموو لەبەری هەڵسان تەنها محەممەد لەبەری هەڵنەسا. ڕەشید لێی پرسی: بۆچی لەگەڵ خەڵك هەڵناستیت؟ وەڵامی دایەوە: پێم خۆش نەبوو لە بازنەی زانستداری دەربچم بۆ ناو چینی خزمەتکاران کە زانستی تێدا نییە))[1] دەك خوا پاداشتت بداتەوە ئەی باوکی حەسەن! بەڕاستی زانستی ڕێزدار ناکرێت بچێتە ناو چینی خزمەتکاران و ئەوانەی دەستدێنن بە بەری دەرگاکانەوە... چونکە ئەو ڕۆژەی زانست دەچێتە

[1] هەمان سەرچاوە: ٢/١٧٣.

بەردەستی خزمەتکارو ماستاوچیەکان ئەوا چیتر بە زانست ناچێت... بەڵکو دەبێتە ساختەیی و پوچگەرایی.. و تلیاك!!.

ئەگەر لە لاپەڕەکانی پێشوودا هەندێك هەڵوێستمان خستبێتەڕوو بەشێوەیەکی ئاسۆیی، ئای چەندە جوان دەبێت ئەو باسە پوختە کۆتایی بهێنین بە نمایشێکی ستوونی بۆ هەڵوێستی یەکێك لە زانایانمان کە لە ژمارە نایەن، ئیبن عیماد بۆمان باس دەکات[١]، ئەمانە هەڵوێستانێکی فرە ڕەهەندی کۆمەڵایەت و سیاسی و ڕۆحی و مرۆیین و هەمووشیان هەماهەنگ و دەگونجێن لە پێکهێنانی کەسایەتیەکی سەربەخۆی ژیر و ناسك و بوێرو باڵا، هەروەك مێژوومان ئێمەی ڕاهێناوە لەسەر ئەوەی بەمە بگەین لە هەموو کات و شوێنێك... باوکی عومەری محەممەد ی کوڕی ئەحمەدی قودامەی حەنبەلی مەقدیسیە... لە (جماعیل) لە وڵاتی فەلەستین لە ساڵی ٥٢٨ك لە دایك بووەو کۆچی کردووە بۆ فەلەستین بەهۆی داگیرکرانی خاکی پیرۆز لەلایەن خاچپارێزەکانەوە، فەرموودەی لە زۆر کەسەوە بیستووە، و قورئان و فیقهی خوێندووە، پێشەوایەکی پایەبەرزو قورئان خوێن و دونیا نەویست و لە خواترس و پارێزگار بووە، زۆر سوودی هەبوو بۆ خەڵکی هەبوو و سەرگەرمی شەونوێژ و تێکۆشان بوو و کاتەکانی دابەشکرا بوون بەسەر پەرستشەکان لە نوێژو ڕۆژوو و زیکرو زانست وتنەوەو فەتوادان و جوامێری و خزمەت و خاکی بوون، لە سەردەمی خۆیدا هاووێنەی نەبوو... کۆچی کردووە بۆ میسر، دواتر لەوێ گەڕایەوە، زۆرێك لە کتێب و لەبەرگراوی قورئانی نووسیوەتەوە، شتی بۆ خەڵك دەنووسی بەبێ بەرامبەرو کرێ، زۆر خێرا بوو لە نووسیندا لەوانەیە دوو دەفتەری پارچە گەورەی لە ڕۆژێکدا نووسیبووبا... خوای

---

[١]) شذرات الذهب: ١٧٣/٢.

گەورە تێگەیشتنێکی باشی پێدابوو لە فیقهو میرات و ڕێزمانی عەرەبی، لەگەڵ ئەوەی دونیانەویست بوو و کاری زۆری دەکرد و پێداویستیەکانی خەڵکی جێبەجێ دەکرد، گوێبیستی هەر فەرموودەیەك بووبا ئەوا جێبەجێی دەکرد، لە تەمەنی لاوێتیشدا شەونوێژی فەرامۆش نەدەکرد... کاتێك مردیش ئەوا بە پەنجەکانی ستایش و تەسبیحاتی خوای دەکرد.

خێزانەکەی لەبارەیەوە وتویەتی: شەو بۆ شەونوێژ هەڵدەستایەوەو دارێکی لەلا بوو ئەگەر کەمێك خەوی هاتبا ئەوا بەو دارە لە ڕانەکانی دەدا تا خەوەکەی دەڕەویەوە... ئامادەی سەر هەموو تەرمەکان دەبوو و سەرەدانی هەموو نەخۆشانی دەکرد و هەر جیهادێك بووبا ئەوا بۆیی دەردەچوو... کە دەچووە نوێژی هەینی ئەوا هەردەم شتێکی هەر پێ بوو و دەیبەخشی و ئەوەی کە هەیبوو بە خزمە نزیکەکانی دەبەخشی و ئەوەندە شتی دەبەخشتی تەنانەت جلەکانیشی تا وای لێدەهات لە زستاندا تەنها عەباکەی دەمایەوەو هیچ کراسێکی نەبوو لە ژێریدا لەبەری بکات، مێزەرەکەی پارچەك بوو لە بەتانی و ئەگەر یەکێك پێویستی بە پەڕۆیەك بووبا ئەوا بۆی لە مێزەرەکەی دەکردەوە.

شتی زبری دەپۆشی و لەسەر حەسیر دەنووست. بۆ ماوەیەك خەڵکی دەڤەری (الدير) هەر لە ماڵی ئەو نانیان دەخوارد، پیاوان لە لایەك و ئافرەتان لەلایەکی تر، ئەگەر شتێکی هێنابایە ماڵەوە ئەوا بەسەر خەڵکی تایبەت و گشتیدا دابەشی دەکرد. و دەیوت: زانست تەنها ئەوەیە کە لەگەڵ خاوەنەکەی دەچێتە ناو گۆڕەوە، و دەیوت: ئەگەر نەبەخشن ئەوا کەس لە جیاتی ئێوە نابەخشێت، ئەگەر شت بە سواڵکەر نەدەن ئەوا یەکێکی تر پێی دەدات جگە لە ئێوە. و کە وتاری دەدا

دڵەکانی نەرم دەکرد و خەڵکی زۆر دەهێنایە گریان. ڕێزو حورمەتێکی زۆری هەبوو لە دڵی خەڵکدا.

ساڵێك خەڵکی پێویستیان بە باران بوو، ئەویش لەگەڵ ئافرەتە نزیکەکانی ڕۆیشتە دەڤەری (مغارەتودەم)، پاڕایەوەو داوای باران بارینی لە خوا کرد، ئەو کاتە باران باری، شیو و دۆڵەکان ئاویان لێدەچۆرا بەشێوەیەك کە بۆ ماوەیەکی زۆر بوو خەڵك شتی وایان نەبینیبوو... باڵایەکی ڕێك و پێك و ڕووخسارێکی جوانی هەبوو، ڕووناکی پەرستشی بەسەریەوە دیار بوو، هەردەم دەم بەزەردەخەنە بوو، جەستەی لاواز بوو لەبەر زۆری نوێژکردن و بەڕۆژووبوونی. تەلوشکەداری لە چیاکانەوە بە پشت دەگواستەوە بۆ ماڵی بێوەژن و هەتیوان، بەشەو ئارد و دیرهەمی بۆ ماڵی ناوبراوان دەبرد، کەچی ئەویان نەدەناسی! هەرگیز لە کەسی هەڵنەداوەو دڵی هیچ یەکێکی نەئێشاندووە. براکەی موەففەقی بلیمەت دەیوت: ئیبن قودامە شێخ و گەورەمانە، ئێمەی پەروەردەکرد و چاك بوو لەگەڵمان و فێری کردین و سور بوو لەسەرمان، بۆ کۆمەڵ وەك باوك هەڵدەستا بە جێبەجێکردنی پێداویستیەکانیان، هەر یەکێك لەوان دیار نەبووبا ئەوا وابوو ئەوا لە جیاتی ئەو کارەباری خانەوادەکەی جێبەجێ دەکرد. ئەو کۆچی بە ئێمە کرد و ئێمەی بردە شاری بەغداد، و دڤەری (الدیر)ی دروستکرد!! کاتێك لە بەغداد گەڕاینەوە ژنی بۆ هێناین و چەند خانووێکی لە دەرەوەی دەڤەر (الدیر)ی بۆ دروستکردین و ئێمەی حەساندنەوە لە دەست خەفەتەکانی دونیا، شتی لە دەمی خانەوادەکەی دەگرتەوەو دەیدا بەئێمە. بە ورە بەرزی خۆی قوتابخانە و کاریگەی دروستکرد، نزاکەی گیرا دەبوو، پەڕاوی تای بۆ هەر یەکێك نووسیبێ ئەوا خوا شیفای داوە.. یەکێك باسی ئەوە دەکات کە بەر لە کۆچی دوایی کردنی ئیبن

قودامە بە شەش ساڵ ئەوا خەمباریەك دەم و چاوی داگرت، و نەوەی ئیبن جەوزی لەبارەیەوە وتویەتی: لەسەر ڕێبازو ڕاڕەوی پێشینە چاکەکان بوو، دەستگربوو بە قورئانی پیرۆزو سوننەتی بەپێزو شوێنەوارە گێڕدراوەکان، بێ ئەوەی توانج لە پێشەواکانی ئایین و زانایانی موسڵمانان بدات، ڕێگری دەکرد لە هاوەڵایەتی کردنی بیدعەچیەکان و فەرمانی دەکرد بە یاوەری کردنی پیاوچاکان...

کاتێك بووە ئێوارەی ڕۆژی دووشەممە، بەرواری ٨ ڕبیعی یەکەمی ساڵی ٦٠٧ك و خاوخێزانەکەی کۆکردەوەو ڕووی کردە ڕووگە (قیبلە) و ئامۆژگاری ئەوانی کرد کە لە خوابترسن و هەمیشە واهەست بکەن چاودێرە بەسەریانەوە، کۆتا وتەشی ئەمە بوو: (بەڕاستی خوای گەورە ئاینی ئیسلامی بۆ ئێوە هەڵبژاردووەو دیاریکردووە، کە دەشمرن با بەموسڵمانێتیەوە بێ)، زۆری پێنەچوو کۆچی دوایی کرد بێ ئەوەی کەم یان زۆر شت بەدوای خۆی جێبهێڵێت... بەڕاستی ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی مەزن بوو!!.

ئەمانە هەندێك مرواری بوون لە هەزاران (هەڵوێست) کە مێژووی ئێمە دروستی کردن و لە مێژووی گەل و نەتەوەکانی تری جیا کردەوەو ڕەنگ و تام و بۆنی تایبەتی خۆی پێدا... کتێبەکانی ژیاننامە کە گەلێك زۆر و دەوڵەمەندن لە دوو توێی خۆیاندا گەلێك زۆر لە هەڵوێستی لەم جۆرە لە خۆیان دەگرن بە ڕەهەندە جیاوازە مرۆییەکان: کۆمەڵایەتی و سیاسی و هزری و ڕۆحی... و بەراوردێکی سادە لە نێوان بیرمەندان لە سەردەمانی بیروباوەڕو داهێنان لەگەڵ بیرمەندان لە سەردەمانی شرۆڤە و لاساییکردنەوە ئەوا کەلێنێکی زۆر گەورەمان پیشان دەدات، کە لەهەمان کاتدا مایەی داخە، لە نێوان چەند نەوەیەك لە

سەرکردەکانی بیروباوەڕو هزر کە سەرکردایەتی ئوممەتەکەمانیان کرد لەناو ناخۆشی و دەردەسەری لە گۆڕەپانەکانی دەروون و کۆمەڵگە و جیهاندا، و لەگەڵ چەند نەوەیەکی تر لە ڕابەرانی بیروباوەڕو فیکر کە لە هەندێك ماوەی تردا چەرمەسەری و ناخۆشیەکانیان تێپەڕاندووە، بەڵام من و هیچ یەکێکیش گومان نابات کە ئەوان ئێمەیان بردۆتە سەر زەوی ئازادی ڕاستەقینە و یەکتاناسی و داد و هەماهەنگی...

لەبەر ئەوەی هەڵوێستی پێشینان و سەرکردایەتیان لە بیروباوەڕێکەوە بوو کە لە ناخی دەروونیدا سەریهەڵدا بوو، و لە خانەکانی هزردا بڵاو ببووەوەو لە کرۆکی بووندا بووە بنچینە... بەڵام ئەمڕۆ هەڵوێستی سەرکردەکانمان _ ئەوەیان نەبێ کە پەروەردگارت ڕەحمی پێکردبێ _ تەنها لە لاساییکردنەوەی مردووی ساختە سەرچاوەی گرتووە، هەرچەندە بانگەشەی ئەوە بکەن کە خاوەنی بیروباوەڕو ئایدۆلۆژین. بەڕاستی هەر یەکێك لەم سەرکردانەی پێشینان نیگارکێش و بەرجەستەکەرێکی زیندوو بوون بۆ هزرو بنەما و بانگەوازەکەیان، جا وشە و ئامۆژگاریەکانیان لە ناخی خەڵکدا بڵاو دەبووەوە وەك بڵاوبوونەوەی ئاگر بەناو پووشدا، ئەوان وەك چاوڕۆشنکەرەوە دەڕواننە مامۆستاکانیان، ئەگەر بجەنگابان ئەوانیش دەجەنگان و برسی بووبان ئەوانیش برسی دەبوون و بگریابان ئەوانیش دەگریان و پێبکەنیبان ئەوانیش پێ دەکەنین!! بیروباوەڕ _ وەك ئەزموون _ ئەوەندە توانا و زیندوویێتی هەیە کە وا لە مامۆستا و قوتابی دەکات ببنە وەڵامگۆی یەکترو هەماهەنگ و جوڵەیان هاوئاواز بێ لەگەڵ سروشت و جیهان و شتەکان... دواتر مامۆستا و قوتابی مێژوویێکیان دروست کرد کە ڕەسەنایەتی و زیندویێتی و داهێنان دەخستەڕوو... هەردەم بنچینە و بناغە پشتی دەبەست بە

**ترس و خۆشویستنی خوا، و چاودێری و بینینی خوا کە هیچ ساتێك سارد و خاو نابێتەوە... بنچینە و ڕێسایەك کە ئەوەی لەسەری ڕۆیشتووە هیچ ڕۆژێك لە ڕۆژان ئاکام خراپ نەبووە، جا چۆن ئاکامی یەکێك خراپ دەبێت کە هەموو ژیانی خۆی ببەخشێتە دەستکەوتانێك کە مایەی ڕەزامەندی خوایە و توڕەیی و ڕق و کینەکەی ناوروژێنێت؟!.**

**هەر زانایەك لەو هەزاران زانایانەمان پێشەوایەکی زیندوون، ئای چەندە پێویستە شوێن پێیان هەڵبگرین ئەگەر بمانەوێت دووبارە ڕەزامەندی خوا دەستبخەین، و جارێکی تر بتوانین مێژوو و سەروەریەکەمان بنیات بنێینەوە... جا هەر چەندە گومڕا و بێ سەروبەر بین و هەڵە بکەین، ئەوا دەبێت ڕۆژێك هەر پێی بگەین، مادەم پێمان داناوەتە سەر ئەو هێڵ و ڕێگەیەی کە پێشەوایانی شەرەف و ڕێزو سەربەرزیمان نەخشەیان بۆ کێشاوە لەسەر لاپەڕەی جیهان، جا بەم هەڵوێستانەیان سەرکەوتنی مرۆڤیان ڕاگەیاند و ئەوەشیان خستەڕوو کە مرۆڤ جیهانەکانی مێرووله و هەنگ و گیانلەبەرانی تێپەڕاندووە!!.**

# بەرەو ئاسۆیە پەروەردەییەکان

# لە پیشاندانی مێژووی ئیسلامی لە شاشەیەکی بچوکدا

یـەکـەم:

هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ مێژووی ئیسلامیمان لە میانەی چوارچێوە هونەریەکان بەشێوەیەکی گشتی و نمایشە تەلەفزیۆنیەکان بەتایبەتی، _ ئەگەر مەرجەکانی بە تەواوی بێنەجێ _ دەرەنجامی زۆر بەنرخی دەبێت لەسەر ئاستی پەروەردەیی، چ جای ئەو چێژە دەروونی و بەرهەستەی بە بینەران دەبەخشێت لە تێرکردنی ئارەزووە جوانیەکان کە بە ڕۆڵی خۆی دەبێتە مایەی بەرهەمێکی کارا.

بێگومان پەیژەکانی بەها پەروەردەییەکان کە کاری تەلەفزیۆنی ئامانجدار دەیخوازێت ئەوا پەیژەیەکی ماوە فراوان و پلیکانە زۆرە کە ئەندازەیەکی زۆر لە ئازادی دەداتە وێژەوان و هونەرمەند لە دیاریکردن و جەختکردنەوە بێ هیچ شڵەژان و پەند و چاوپێکەوتن... واتە لە توانایدایە لە ناو ئەو ئەندازە فراوانە بجوڵێتەوە بۆ ئەوەی لە ئاست ئەم بەها پەروەردەییانە بوەستێت، جا لەهەر کوێیەك گونجانێکی هاکەزایی هاوئاوازی بینی لەگەڵ پەیکەری کارە هونەریەکەی و دەستکەوت و وردەکاریەکانی، ئەم گونجانەش لە ڕووی ڕەنگ یان پێکهاتنەوە بێتەوە لەگەڵ ئەو ئامانجەی کە دەیەوێت دەستەبەری بکات و قوڵی بکاتەوە لە

میانەی چنینی داهێنانە هونەریەکەی؛ ئەوا وەری دەگرێت و دەیخاتە پاڵ نمایشەکەی.

بە خوێندنەوەیەکی ژیرانە بۆ کتێبی خواو سوننەتی پێغەمبەرەکە و بەدواداچوونی قووڵ بۆ بزاڤی کۆمەڵە ئیسلامیەکان بە درێژایی مێژووە دوورو درێژەکەی دەتوانین زۆرێك لەو بەهایانە دەربخەین کە بێ زۆرلێکردن شیاون بۆ ئەوەی ببنە خولگەی کاری هونەری تەلەفزیۆنی داهێنەر کە پشت ببەستێت بە ڕووداوەکانی مێژووە قەرەباڵغەکەمان.

لێرەدا هەوڵ و تەقەلا هەیە لە پێناو دابینکردنی پاکژی ڕۆحی، و جەختکردنەوە لەسەر هاوسەنگی کارا لە نێوان عەقڵ و ڕۆح و جەستە، و لە نێوان زانست و ئیمان... و لێرەدا کار هەیە لە پێناو گەشەپێدانی بەها پاڵەوانێتیەکان و قوڵکردنەوەی هەڵوێستی ڕەتکردنەوەو شۆڕش، لە بەرامبەریدا کار دەکرێت لە پێناو خۆپاکگرتن و هەماهەنگی و زۆر هەست کردن بە هاریکاری لەگەڵ یاساکانی گەردوون و جیهان و بوونەوەرەکانی... جگە لەمانەش زۆرێك لەو بەهایانەی کە پێویستە بچێنرێن و گەشەیان پێبدرێت لە ناو ناخی قەوارە و کۆمەڵەی موسڵمان لە پێناو بەهێزکردنی کەسایەتیەکەی و جەختکردنەوە لەسەر خودی شارستانی و لێهاتوویەکەی بۆ وەستان لەسەر دوو پێیەکانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی بیروباوەڕو هزرو وڵات و شارستانیەتەکان لە جیهانێکدا کە ئەوەی کەسایەتی و خودی نەبێت ئەوا دەتوێتەوەو لەناودەچێت...

جا _ بۆ نموونە نەك کورتهەڵهێنان _ پێویستی پابەندی ڕەوشتی هەیە بە چەمکە فراوانەکەی... خۆ دوورگرتن لە شتە پیس و نزم و هەڵخەڵەتێنەرەکان...

پێکهێنانی تێڕوانینی گشتگیرانە کە بەش بەشی و پارچە پارچەیی ڕەتبکاتەوە... سازاندنی یەکێتی نێوان بیروباوەڕو کردار یان تیۆرو ڕەوشت... گەشەپێدانی هەستی جوانی کە کرچ و کاڵ نییە... ڕووماڵکردنی ئەو بۆشاییە فراوانەی کە شارستانیەتی هاوچەرخ پێشکەشی دەکات لە چێژی ڕێکخراو لەلایەك.. تێپەڕاندنی ڕۆمانسیەتی دەردەدار و خودگەرایی داخراو لەلایەکی ترەوە، و ڕەتکردنەوەی شوێن پێهەڵگرتن بەشێوەی کەسی لاڵ و شوێن کۆمەڵ کەوتنی کەڕانە لەلایەکی ترەوە... شەرمەزارکردنی هەڵاتن و توانەوە... لێرەدا گەشەی سۆزداری و ویژدانی هەیە بەپێی ڕێگە سەلامەتەکان... هەڵمژین و نەش و نما پێدانی وزەی جنسی سەرکوتکراو... هەڵوەشاندنەوەو لەباربردنی ترس و هەستکردن بە کەم و کورتی و بێ متمانەیی و سەرجەم گرێ و گۆڵ و قەیرانە دەروونیەکان وا لە مرۆڤ دەکات لە ئاستی هەرە نزمی هاوسەنگی داواکراو داببەزێت و بەرگری لاواز بێت لە بەرەنگار بوونەوەی دوودڵی داڕوخێنەرو چەکەرەکردنی دڵنیایی... و بەرەنگار بوونەوەی هەستی بێ ئامانجی و لێڵی و فرێدانی جێگرەوەی ئیمانی ئامانجدارو بە کەڵك... جا لێرەدا _ لە سەرووی ئەمانەوە _ هاتنەجێی هەماهەنگی سەلامەتە لە نێوان هونەرو بەهادا، و پێشکەش کردنی جێگرەوەی ئیسلامی دلگیر بۆ کارە هونەریە دەستکردەکان لە گۆڕەپانی بەها پەروەردەییەکان: (سوودگەرایی: براغماتیەت) و بوونگەرایی، نموونەگەرایی و ماددەگەرایی...

بەهەر حاڵ ئەوەش لە بیر ناکەین کە لە بەرامبەردا پرۆسەی داڕوخاندن و تێکدان و ناشرین کردن و تێکشکاندنی صەهیۆنیەت هەیە کە دەتوانین ڕەهەندەکانی هەست پێبکەین لە دەرەنجامە تیۆری و کردارییەکانیاندا.

ئەمە پەیژەیەکی بەهایی و درێژاییەکەی پان و پۆڕە، پلیکانەکانی زۆرن، مادەم ئیسلام هاتووە بۆ ڕوومالکردنی ئەزموونی ژیانی مرۆڤ بە هەر دوو ئاڕاستەی ئاسۆیی و ستوونی بە یەکسانی، و مادەم _ ئیسلام _ پێشترو ئێستا و لە ئایندەشدا هەڵوێستێکی تەواو و تێڕوانینێکی گشتگیرە بۆ ڕۆڵی مرۆڤ لە جیهاندا، بەهەموو ئەو واتایەی کە ئەم دەربڕینە لەخۆی دەگرێ.

دوای ئەمە بۆمان هەیە ئەندێشەی ئەو ماوە فراوانە بکەین کە دەکرێ هونەرمەند تیایدا بجوڵێتەوە لە بەرامبەر ئەمەشدا پشت دەبەستێت بە هەندێك واقیع و ڕووداوی مێژوویی کە وەك چەند نموونەیەکی چڕو پڕن بۆ ئەو فلان یان فیسار ئەزموونەی مرۆڤایەتی، یاخود بۆ فلان یان فیسارە هەڵوێستە، بە گەیشتن بە واتا پەروەردەییە ئامانجدارەکانی.

دووەم:

**لەوەتەی تەلەفزیۆن گەیشتۆتە وڵاتمان و بڵاوبووەتەوە بە پایتەخت و هەرێمەکانماندا، و شاشە بچوکەکەی زۆر نمایشی هونەری نواندن یان شانۆ یاخود پێکهێنان بەخۆیەوە دەبینێت کە پشت دەبەستێت بە ڕووداو و واقیع و ئەزموونەکانی مێژووی ئیسلامیمان..**

**بەڵام چەند لەم کارانە ئامانجێکی پەروەردەییان پێکاوە بۆ ملیۆنان بینەر کە بە دەوری ئەم ئامێرە کۆبوونەتەوە لەو کاتانەی بێ کارن و بەخۆیان و کچ و کوڕو براو خوشك و خێزانیان لە دەوری کۆدەبنەوە، تەنانەت تەلەفزیۆن بۆ ئەوان وەك میوانێکی ڕۆژانەی کاریگەری لێهاتووە کە ناتوانن لێی جیاببنەوەو ئۆقرە ناگرن بێ ئامادە نەبوونی؟.**

**ئایا چەند لەم کارە هونەریانەی لەسەر تەلەفزیۆن نمایش دەکرێن بەهای بنیاتنەریان لە ناخی منداڵەکان و دواتر لە دەروونی گەنجەکاندا دروستکردووە، و گفتوگۆی کردووە لەسەر بەهای سێیەم لە ناخی پێیاو ئافرەت و بەساڵاچوواندا؟.**

**زیاتر لەمەش: چەند لەم کارانە پیادەی هەڵەیان نەکردووە بە فلان و فیسارە ئاڕاستەیە، جا بەمەش هەندێك بەهای ڕووخاندبێ کە دامەزراوەکانی تری وەك خێزان و قوتابخانە و مزگەوت شەونخونیان کردووە بە دیار دروستکردنی. و دواتر بەهای پێچەوانەی دروست نەکردووە لە کۆتاییدا سەردەکێشێت بۆ پرۆسەی گەڕەلاوژێی ڕەوشتی و هەڵوەشاندنەوەی پەروەردەیی و لەبارچوونی کۆمەڵایەتی؟.**

لێرەدا _ بە سروشتی بارودۆخەکە _ نادوێین لەسەر کردارە هونەریە مێژووییە چێژبەخشەکان کە هەڵدەستن بە چارەسەرکردنی شتەکان بە شێوەیەکی ڕووکەشی ڕاستەوخۆ، نە ئەوەی نوێ دروست دەکات و نە ئەوەی کۆنیش دەڕوخێنێت، بەڵکو تەنها بە شێوەیەکی کاتی کاریگەری هەیە، لە دوای نمایشکردنی هیچ شوێنەواری نامێنێت.

ئا بەم شێوەیە خۆمان لەبەردەم کۆمەڵێك مەرج دەبینینەوە کە پێویستە تێبینیان بکەین و دەستیان پێوە بگرین ئەگەر بمانەوێت نمایشێکی شانۆیی یان نواندنی بەردەوام ببینین لە چوارچێوەی مێژووی ئیسلامیدا و ئامانجی دەستەبەرکردنی دەرەنجامی باش بێت، لەوانەیە چێژ وەرگرتنی تەواو و تێرکردنی لایەنی جوانی تەنها چەند لایەنێك بن لە نمایشەکە.

یەکەم مەرج لەوانە بریتییە لە پابەندی: _ سەرەتا _ دەبێت هونەرمەند تێڕوانینێکی گشتگیرو تەواوی هەبێت بۆ بوونەوەرو ژیان و مێژوو و مرۆڤ لە میانەی دیدی بێ هاوتای ئیسلام، لە بەرامبەر ئەمەدا کرانەوەی ویژدانی بەردەوام و شڵەژانی دەروونی هەیە کە هیچ یارمەتیدەرێکی نییە سەبارەت بە دیدی خۆی بۆ گەردوون و ژیان و مێژوو و مرۆڤ... بەمەش مرۆڤەکە بە بێ سەروبەری پابەند و لەگەڵ بارودۆخەکات دەڕوات، پەیوەندیەکەی لەگەڵ داهێنانی هونەری هەرگیز دانامەزرێت لەسەر زۆرەملێی و ناچاری، و هەرگیز دان نانێت بە قوتابخانەیی یان ئامۆژگارێتی.

پابەند بوون بەم چەمکە فراوانەی، کە ڕێنوێنی کاری و ڕووکەشگەرایی ڕەتدەکاتەوە ئەوا ئەمە دەتوانێت هەڵسوکەوت بکات لەگەڵ ڕووداوەکانی مێژووی

ئیسلامی و ئەزموونەکانی بەشێوەیەکی هونەری جوان و ڕەسەن. لە ئاست سنووره مێژوویان ناوەستێت کە بە وردو درشتیەوە نمایشی دەکات، هەروەك لە زۆر کاری تەلەفویۆنیدا دەبینین کە ئەو شتانەی نمایش دەکرێن تەنها بریتین لە وانەی مێژوویی کە قوڵ نابنەوە بۆ ناخ و عەقڵ و دەروونەکان، بەڵکو _ هونەرمەندی ڕەسەن _ دەپەڕێتەوە بۆ ئەودیوی واقیعەکە بۆ نمایشکردنی بەها و ئاماژە و واتاکان و ئەم ڕاستیانە چڕ دەکاتەوە بەهۆی توانای پێداگیریەکەی. و دەربڕین و بێ هاوتایی خۆی بارگاویان دەکات و وای لێدەکات کە بە هاکەزایی و بە کاریگەریەکی قوڵ لە هەمان کاتدا بەهای بنیاتنەری زیاترمان پێبدات _ بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ _ لە گەشەپێدانی ژیانمان و دەوڵەمەندکردنی خێرو بێرەکانمان و بەهێزکردنی کەسایەتیە شارستانیەکەمان و داکوتینی ڕەگی ڕەسەنایەتیەکەی.

ژمارەیەکی زۆر لە هونەرمەندان هەن کە شوێنکەوتووی کۆمەڵێك ڕێبازی دەستکردن و بەتایبەت ماددەگەرایی مێژوویی، پشت دەبەستن بە چەمکی پابەندی هونەری بۆ جەختکردنەوەو بەهێزکردنی بۆچوونە تایبەتەکانیان لەسەر ئەستۆی دەستکەوتەکانی خودی مێژووی ئیسلامی، و لە میانەی کاری تەلەفزیۆنی یان نواندن یاخود شانۆیی بە بەرچاوی خەڵك دەردەکەون بە دەروونێکی تەواو ماددەگەرایانە، ئەوانە لە ئامادەباشیدابوون _ لە پێناو بڵاوکردنەوەی ماددەگەرایی بەناو ڕووداوەکانی مێژووماندا _ تا هەڵبستن بە گۆڕینی شتە بەڵگەنەویستەکانی ئەم مێژووەو دووبارە کەرستە سەرەتاییەکانی دابڕێژنەوە لە پێناو ئەوەی یارمەتیان بدات لەسەر پێکهێنانی ئەو وێنە هونەریەی کە پابەندیە مەزهەبیەکەیان ناچاریان دەکات... سەرباری ئەوەی ئەو شتەی هەوڵی گۆڕینی

دەدەن بە وردو درشتیەوە لە ڕۆح و ڕووخسارو بناغە و کەسایەتیە تایبەتمەندەکەی ئەم مێژووەیە.

ئا بەم شێوەیە پابەندی لە بەرامبەر زۆرێك لە هەڵوێستە مرۆییەکان چەکێکی دوو سەرەیە، جا وەستانمان لە بەردەم ئەم لافاو و لێشاوە شێوێنەرو ڕووخێنەرەی کە مەشخەڵەکانی مێژوومان دەگۆڕیّ لە جیاتی ئەوەی بیانگێڕێتەوەو بنچینەکانی پەروەردەییمان تێکدەدات لە جیاتی ئەوەی گەشەی پێبدات، ئەوا وەستانمان ڕاستەقینە نابێت تەنها داهێنانی کاری هونەری ئیسلامی زیاتر نەبێت کە لەلایەك پێویستە، و پێشکەشکردنی دەستکەوتە ڕەخنەییەکانمان لە میانەی (تێڕوانینێکی ئیسلامیانە) لە لایەنی جوانی و ڕەخنەییدا لەلایەکی ترەوە.

لە بەرامبەر ئەم پابەند بوونە (پێچەوانەیەدا) دەبینین زۆرێك لە هونەرمەندان کە خاوەنی هیچ هزرو بیروباوەڕێك نین دێن بۆ گۆڕەپانی مێژووی ئیسلامی، هەندێك ڕووداوی لیّ هەڵدەبژێرن، دایدەڕێژنەوەو نمایشی دەکەن بەشێوەیەکی هونەری لە دیدێکی تاکەکەسی و بەپێی حەز هەندێك جار، زۆربەی جران بازرگانی بووە... ئەی چی دەڵێی سەبارەت بە مەترسیدارترین ڕووداوەکانی ئەم مێژووە کە لە ناوەڕۆکیدا دەگۆڕدرێن بۆ چیرۆکی خۆشەویستی بیّ سنوور کە وەك هۆکاری هەرە مەزن و گرنگ لە پاڵ ڕووداو و دەستکەوتە مێژوویە مەزنەکان دەنوێنرێن بە بەرهەمە بیروباوەڕیەکانیشەوە... و دەبینین زۆرێك لە کەسایەتیە مێژووییەکان _ کە بەدرێژایی هەوڵ و تێکۆشانەکەی _ خوێن و ئارەقەیەکی زۆریان ڕشتووەو تەنانەت _ هەندێك جار _ شەهید بوونە، کەچی دەبینین لە نواندن و نمایشدا وا دەردەکەوێت کە تێکۆشان و جولەیان بریتییە لە

خۆشەویستی و بوونە دیلی دەستی خۆشەویست... سەرباری ئەوەی لەوانەیە ڕەگەزەکانی (نمایش) کە بە یەکێك لە بنچینە سەرەکیەکانی کاری هونەری داهێنەر دادەنرێ لەوانە زۆر کات لەسەر پەیوەندی ناخۆشی نێوان خۆشەویست و خۆشویستراو دانەمەزرێ، ئا ئەم ڕەگەزانە چەندە زۆرن لە ئاڕاستەکانی تری ئەزموونی ناو مێژوومان سەرەتا لە ململانێی خودی دژی ئەو هێزانەی کە هەوڵدەدەن بۆ لە ناوبردنی کەسایەتی مرۆڤ، ئەم هململانێیەش لە پێناو یەکگرتوویی و پاکێتی و گونجاویەتی، کە دواتر کۆتایی دێت بە هەوڵی بەردەوام بۆ لە خوا نزیك بوونەوە کە خۆشەویستی هەرە مەزنە... ئەمەش لە میانەی تێکۆشان لە بەرە فراوانەکان دژی ئەو تاغوتانەی کە هەوڵ دەدەن بۆ تێکشکاندنی داخوازیەکانی مرۆڤ و کۆمەڵەی موسڵمان... سەرباری ئەوەی ڕووداوە مێژوویەکان ئەم ڕەگەزانەشی تێدایە (سەرسامکەرەکان) و (پاڵەوانێتی) و (خەمناکی) داگیرسان و هەڵچوونی لایەنی ویژدانی و سۆزداری، کە هونەرمەند دەتوانێت لە میانەی گەشت و گەڕانی بەناو گۆڕەپانەکانی ئەم مێژووە ئەم شتانە ئاشکرا بکات و کاری هونەری داهێنەرو کاریگەری لێ دروست بکات..

ئەگەر لە مەرجی پابەندی دەربچین کە دەبێت _ هەروەك بینیمان _ هۆشداری بێت بۆ ئەوانەی هەڵدەخلیسکێن لە ئامۆژگاری کاران و شێوێنەرەکان و پشکنینمان کرد بۆ مەرجەکانی تر تا واقیعی مێژووی بخەینە خزمەت ئەم هونەرە، دواتر بیخەینە خزمەتی بەها پەروەردەییەکان، ئەوا دەبێت ئاماژە بکەین بۆ تێپەڕاندن و فەرامۆشکردنی دووبارەبوونەوەی بێزارکەرو وەستانی بەردەوام لەلای هەندێك ماوەو بۆشایی دوورو درێژو چڕو پڕی مێژوومان، سەرباری ئەوەی

کە ڕەگەزەکانی (نمایش) لەم ماوەو بۆشاییانەدا زۆر بەپیت نەبێت لەچاو ماوەو ڕووداوی تر کە _ تا ئێستا _ دەستی هیچ هونەرمەندێکی پێنەگەیشتووە..

گرنگی تەواوی ئاینی هەندێك ڕووداو و ماوەی مێژوومان بێگومان گرنگی بیروباوەڕی و مێژوویی خۆیی هەیە، بەڵام لەوانەیە ملکەچی پێویستیەکانی داهێنانی هونەری نەبێت، جا دواتر یان ئەوەتا هێزی دەربڕین و کاریگەریەکەی لە دەست دەدات و دەبێتە پرۆسەی نمایشی مێژوویی و تەواو یاخود هونەرمەندەکە خۆی ناچار دەبینێت لەبەردەم شکاندنی هەندێك بەربەست کە ڕەچاوکاری ئاینی پێویستی دەکات، بەمەش دەکەوێتە ناو هەندێك هەڵە کە ئەگەر بیزانیبا چۆن واقیع و ڕووداوەکان هەڵدەبژێرێت ئەوا نەدەکەوتە ناو ئەو هەڵەیەوە.

ئەمڕۆ لەسەر وێژەوان و هونەرمەندان پێویستە بەدوای گۆڕەپان و مەیدانی نوێدا بگەڕێن بەناو مێژووە پڕ بەرهەم و دەوڵەمەندەکەمان... جا ئەوان _ بە دڵنیاییەوە _ لەوێ ڕووداو و بەرایی وا دەدۆزنەوە کە بەهۆیەوە دەتوانن کاری هونەری مەزنی پێ دروست بکەن و بەهاکانی جوانی و پەروەردەیی قوڵتری پێ دەستەبەر بکەن.

ئا لەوێوە _ بەهەمان شێوە _ پێویستی بەردەوامی پەیوەندی هەبوون لە نێوان مێژوو و واقیع دێتەدی. واتە پەیوەندی نێوان ڕابردوو و ئێستا... هونەرمەند هەوڵ بدات دیواری کاتی ببڕێت و بمانگوازێتەوە بۆ ناو دڵی مێژوو بۆ ژیان لەگەڵ ڕووداوەکانی و کارلێك کردن لەگەڵ دەرەنجامەکانی...

بێگومان بەدیهاتنی ئەم چوونە ناویەکە کاتیە لە هەمان کاتدا پێویستیەکی هونەری و بابەتیشە، پێویستیەکی هونەریە، چونکە وامان لێدەکات بوەستین

لەسەر دڵی واقیعی مێژووییەکەوەو لە میانەی تەکنیکی هونەری لێهاتوو هێزێکی مەزنی دەبێت لەسەر دەربڕین و کاریگەری دروستکردن... و پێویستیەکی بابەتیە، چونکە کردارە مێژووییەکە لە وەستان و دیلایەتی دەستی کات و ڕووکەشیایەتیەکەی دێنێتە دەرەوەو ژیانی بەبەردا دەکات وەك کردارێکی بەردەوام و گەشەکردووە... کردارێك کە بە بەردەوامی دەجوڵێت تا دەستکەوت بڕژێنێتە ناو ئەم دەریای بوونەمان و زیاتر ڕەسەنی بکات بە وەرگرتنی خوێنی گەرم لە منداڵدانی مێژووەکەی خۆی، بەمەش بوونی ئێمە نابێتە بوونێکی ناڕەسەن..

نووسەرو هونەرمەندە ڕاستەقینەکانی خۆرئاوا خەڵسوکەوتیان کردووە لەگەڵ مێژووی خۆیان، ئەگەر تەنها یەك سەرنجی قوڵ بدەینە دەرەنجامە هونەری و شانۆییەکانیان لەم بوارەدا، ئەوا دەیانبینین _ زۆربەی جاران _ وەستانی نەرێنی لە بەرامبەر ئەم واقیعە تێدەپەڕێنن... ئەو وەستانەی کە جوڵەی مێژوو تۆمار دەکات لەلایەنێك لە لایەنەکانی بە تۆمارکردنێکی فۆتۆگرافیانە، جا نە هونەرمەند شتێك بۆ واقیعی ڕابردوو زیاد دەکات، و نە هەوڵیش دەدات دووبارە واقیعەکە دابڕێژێتەوە کە زیاتر کاریگەری هەبێت لەوەی بریتی بێت لە تەنها نمایشێکی ڕووتی مۆزەخانەیی... ئەوان ئەو وەستانەیان تێپەڕاند، چونکە ئەوان دەیانەوێت هەندێك نمایشی فێرکاریمان پێشکەش بکەن لەبارەی مێژووەکەیان، جا ئەم نمایشانە و بوارە قوتابخانەییەکەی ناسراون، بەڵام ئەوان هەوڵدەدەن هەماهەنگی دروست بکەن لە نێوان دیدی دووربینی هونەرمەند و سپاردەی جیهان و پابەندیەکەی و لە نێوان خود و بابەت و ئەوەی کە بووەو ئەوەی دەبێت و ئەوەش کە دەکرێ ببێت. ئەوان هەڵناسن بە ڕیزکرنی ڕووداوەکان بە پانی بەڵکو

دەچنە قوڵایی ڕووداوەکان بۆ ئەوەی بەها دەروونی و پەروەردەییەکانی لێ هەڵبهێنجن کە دەکرێ کرداری مێژوویی لەبارەیەوە بۆمان بدوێت لە کاتێکدا کە لە ڕێڕەوە بەردەوامەکەیدا بەها و کاریگەری و شێوە پێکهاتەی نوێ گەڵاڵە دەکات کە گرنگە بۆ مرۆڤی هاوچەرخ و پەیوەندی بە واقیع و خەون و ئاواتەکانیەوە هەیە.

بۆ نموونە کە ئەمانە دەخوێنینەوە: (بکت)ی جان ئەنوی، (الأرض الكروية) و (ليالي الغضب)ی سلاکرۆ، (أنطونيوس و كليۆباترا)ی شكسپير، (العادلون) و (كاليغولا) كامی، (هنرى الرابع)ی بیرندلو، (الذباب)ی سارتر، (تاج على الميتة) و (مالاتستا) مونترلان... خۆمان لەبەردەم چەند چەشنێکی (جوڵەیی) دەبینینەوە لە هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ ڕووداوی مێژوویی، کە ئەو مەرجانەی تێدایە کە لەسەر هونەرمەندی موسڵمان پێویستە کە هەڵدەستێت بە پشت بەستن بە مێژووی ئیسلامی لە بنیاتنانی کارەکانی، سوودی لێی ببینێت، بەتایبەت کە مێژووە بە پیت و فەرەکەمان ئەوەندە ڕووداو و مێژووی تێدا هەن کە واتا و ئاماژەی خەست و بەهای نیگابەخش و کاریگەری زیاترمان پێدەدات کە ئەوە ڕەت دەکاتەوە ببێتە دیلی کات و شوێن.

بێگومان کاری هونەری کە پشت دەبەستێت بە لایەنی مێژوویی _ لەلایەکی ترەوە _ بریتی نییە لە چێژێکی هزری یان جوانی پوخت، تا مێژوو لە واقیع داببڕێت و وانمایشی بکات وەك ئەوەی جیهانێکی سەربەخۆیە و جگە لە جوانیەکی ڕێژەیی هیچی ترمان پێ نابەخشێت کە لەوانەیە هیچ کاریگەریەکی کارای لەسەر ئەزموونی زیندووی ژیانی ئێمە نەبێت. جا دواتر شکاندنی ناوبڕی کاتی و بەرپاکردنی پەیوەندی لە نێوان ئەزموونی خاکیمان و ئەو ژیانەی ئێستامان

سەردەکێشێت بۆ کاری هونەری و تێپەڕاندنی سنووره جوانیە پوختەکانی بۆ کردارو گۆڕانکارو بنیاتنان.

هونەرمەندی ماددەگەرا ئەم شێوەیە پەیدا دەکات لە کاتێکدا سەرگەرمی بەدیهێنانی کارتێکەری هزری و پەروەردەییە لە میانەی داهێنانە هونەریەکەی... ئەمە واتای ئەوەیە کە مێژوومان دەبێتە ئامرازێکی دەستاودەست پێکراو لەلایەن دەستانێکی نامۆوە کە پەیوەندی سروشتی لەگەڵ مێژووەکەماندا نییە و شێواندن و دەستکاری ڕەتدەکاتەوە... مێژووەکەمان لەسەر دەستی ئەوان دەبێتە دۆخی ئێستا تا باوەشی پێدا بکەین، بەڵام دوای ئەوەی دەگاتە دۆخی بەیەکگەیشتن و باوەش پێکداکردن ئەوا دەبینین شوناس و ناسنامەی کەسایەتی خۆی لە دەستداوە..

لە بەرامبەر ئەم هەڵەیە و وەك جێگیرەوەی ئەم پێشهاتە پێویستە هونەرمەندی موسڵمان بجوڵێت و دیواری کاتی بشکێنێت و ڕابردوو و ئێستا و مێژوو و واقیع بەیەکتر ببەستێتەوە، تا لە میانەی داهێنانە هونەریەکەیدا بەهای بەرزەمان پێشکەش بکات کە ببنە یارمەتیدەرمان لە چەسپاندنی ڕەسەنایەتی کەسایەتیەکەمان و پاراستنی خودە شارستانیەکەمان لە بەرامبەر هێرش و هەڵمەتی هزری و پەروەردەیی کە چەکی خۆی دادەنێت تا ئەم کەسایەتی و بوونەمان نەسڕێتەوەو تێك و پێك نەشکێنێت بە تەواوی.

جا لێرەدا کێشەی دۆزینەوەی جێگرەوەی هونەری شیاوە بۆ ڕووماڵکردنی ئەو بۆشاییەی دروست دەبێت بەهۆی ونبوونی کەسایەتیە مەترسیدارەکان کە خاوەن پێگەی سەرکردایەتی پێشکەوتوون لەناو مێژووەکەماندا وەك: پێغەمبەران

(سڵاوی خوایان لێبێت) و گەورە هاوەڵان (ڕەزای خوایان لێبێت)... بەڕاستی هەندێك هونەرمەندان توانیان ئەم کێشەیە تێبپەڕێنن بێ ئەوەی هیچ زیانێك بە کاری ئەوان بگات. بەڵام ئەو ئاڕاستەیەی ئێستا باوە _ لەسەر ئاستی تەلەفزیۆن و سینەما _ بریتییە لە زیاتر دروستکردنی ناڕەحەتی لە نمایشکردنی کەسایەتی لەو شێوەیە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، ئەو شتە دەرەنجامی پەروەردەیی خراپی لەسەر کەڵەکە دەبێت بەتایبەت لەلایەن چینی منداڵانەوە... جا _ بۆ نموونە _ ئەو پیاوە دەبینن کە بەر مانگێك یان دوو مانگ هەڵساوە بە گێڕانی ڕۆڵی خالیدی کوڕی وەلید (ڕەزای خوای لێبێت) کەچی هەمان پیاو لە نمایش و شانۆیەکی تردا بە تاوانبارێکی خراپەکار یان ماستاوچیەکی سەرشۆڕ دەردەکەوێت... و دەبینن ئەو ئافرەتەی کە هەڵساوە بە گێڕانی ڕۆڵی (شەیما)ی خوشکی پێغەمبەر ﷺ ئەوا لە نمایشێکی تردا ڕۆڵی ئافرەتێکی خراپ دەگێڕێت.. ئەمەش زۆر درزو کەلێن لە تێڕوانینی ئەواندا دروست دەکات، سەرباری ئەوەی هەر دەرهێنەرێکی تری هاوچەرخ هەرچەندە پاك و خاوێن بێت ئەوا ناگاتە ئەو ئاستەی ڕۆڵی فلان یان فیسارە هاوەڵە بگێڕێت... جا دواتر لەسەر هونەرمەندی موسڵمان پێویستە جێگیرەوەیەکی هونەری بدۆزێتەوە، کە نەرم و نیان و بەردەوامی هەبێت، بۆ قەدەغەکردنی دووبارە بوونەوەی ئەم دیاردەیە و قەرەبوکردنەوەی ئەو بۆشاییەی لێیەوە دروست دەبێت. ئەمەش فەراهەم نابێت تەنها بە یارمەتی سەرجەم ڕەگەزەکانی کاری هونەری نمایش نەبێت کە پێکهاتووە لە نووسەرو سیناریۆو دەرهێنەرو نەخشەسازی ڕازێنەرەوەو ڕۆڵگێڕو نمایشێك.

ئەمە بۆ ئەوەمان دەبات کە بۆ سوود بینین لە شاشەی بچوك لەم لایەنەدا، پێویستە باسی ئەوە بکەین کە کاری نمایشکاری شتێکی سادە نییە، کە فلان یان

فیسارە شتە لە دەرەنجامی سەرکەوتنیدا دروست دەبێ، بەڵکو بریتییە لە کۆششێکی لێکدراو کە ئامانجەکەی بە دەست ناهێنێت تەنها بە دەستەبەری و هاریکاری نەبێ لە نێوان ئەو ڕەگەزە کارایانە نەبێت کە کەمێك پێش ئێستا باسمان کردن، بەلایەنی کەمەوە دەبێت تێڕوانین و پابەندێتی هاوبەشیان هەبێت.

سەرباری ئەمە هەر دەق بە بناغە و خاڵی سەرەکی دەمێنێتەوە، کە کاری هونەری ڕاستەقینەی لەسەر بەرپا دەبێت. جا نووسەر ئەم کارە دادەنێت و کەرستە سەرەتاییەکانی هەڵدەبژێرێت و ڕەهەندە کاتی و شوێنیەکانی دیاری دەکات و دارِشتە نیمچە کۆتاییەکەی دادەنێت و بوون و کەسایەتیەکەی پێدەبەخشێت... هەموو ئەو کارانەی دواتر ئەنجامدەدرێن لەسەر دەستی هونەرمەند و نمایشکاران ئەوا لەوە زیاتر نابێت کە دەربڕین لە دۆخی وشەوە ببەنە دۆخێکی تر کە لەسەر جوڵە دەوەستێت.

## سێیەم:

دوای ئەمە باسێکی گرنگ دەمێنێتەوە کە لە پێشەکی شانۆی (المأسورون[1])دا تاوتویێمان کردبوو، دەبێ لێرەشدا هەر تاوتوێی بکەینەوە بەهۆی ئەوەی پەیوەندی تووندو تۆڵی بە بابەتەکەوە هەیە، ئەمە سروشتی پەیوەندی نێوان ڕووکەش و کرۆکە لە کاری هونەریدا. پرسیارەکە دووبارە خۆی دەخاتەوەڕوو: کە ئایا پێویستە شێوەی شانۆیی یان نمایشکاری دووبارە دابڕێژرێتەوە کە کۆك و تەبا بێت لەگەڵ کرۆکی ئیسلامی؟ و ئایا هیچ پەیوەندیەکی ئەندامی زیندوو هەیە لە نێوان تێڕوانین و ئەزموونی ئیسلامی و شێوەو ڕووکاری شانۆیی؟

لێرە وەڵامەکە بە بەڵێ و نا دێت...

بەڵێ، چونکە جیاوازی سەرەکی لە نێوان ناوەڕۆکی ئاینی ئیسلام و سەرجەم ناوەرەکی ئاینەکانی ترو بەرنامە دەستکردەکاندا هەیە، بە ئەندازەیەك ئەم جیاوازیە زۆرە کە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر شێوەی شانۆیی ئەو لایەنەی کە دەگیرێتەبەر بۆ خستنەڕووی ناوەڕۆکەکە لە ڕووی شانۆییەوە، و ئەم کاریگەریە ڕاستەوخۆیە هەر زیاد و قوڵ دەبێتەوەو ڕووکارو ناوەرۆك زیاتر یەکتر دەگرن هەر جارێك کە شانۆیەك یان نمایشێکی ئیسلامی نوێ پێشکەش بکرێت... تا ڕۆژێك دێت خۆمان دەبینینەوە لەبەردەم یەکەیەکی ئەندامی کە لە شانۆی ئیسلامدا ناکرێت ڕووکەش و ناوەڕۆك لەیەکتر جیا بکرێنەوە، بەتایبەت کە

---

(1) منشورات دار الإرشاد، بیروت ١٩٧٠.

ئیسلام دەستکاری زۆر گرنگ دەکات لە دەرهێنانی شانۆیی و نمایشکاری کە دەبێ ڕەچاو بکرێت ئەگەر ویسترا کاری هونەری سروشتی خۆی بپارێزێت، و خۆپارێزی لە هەڵبژاردنی ڕەگەزەکانی نمایش و جل و بەرگیان و پەردەپۆش کردنی ئەو کەسایەتیانەی کە پێگەیەکی تایبەتیان هەیە و تەنها گواستنەوەی دەنگیان یان پشتبەستن بە ڕەگەزەکانی تری نمایش: (وەك: ئەوانەی هاوار دەکەن، یان کۆڕس، هونەری شانۆ لە ناو شانۆدا)، بۆ گواستنەوەی ئەو شتانەی لە پاڵ ئەوەی دەخرێتەڕوو بۆ بینەران بخرێتەڕوو[1]، و لە نەخشەسازی دیکۆرو دیاریکردنی سروشتە گشتیەکەی، و ڕێکخستنی کاریگەریە دەنگیەکان و هەڵبژاردنیان... هەروەك _ لەلایەکی ترەوە _ ناوەڕۆك بواری نوێ و ئاسۆی فراوان دەکاتەوە لەبەردەم دەرهێنەردا، و کەسانێك و هەندێك ڕۆڵ دەخاتە ناو ڕیزی نمایشەوە کە مەزهەبەکانی تر دایاننەناوە، ئەمەش لەسەر بەدیهێنەر پێویست دەکات کە لێهاتوویی و ئامرازی شانۆیی زیاتر بەکاربێنێت و گۆڕانکاری سەرەکی بکات لە تەکنیك بۆ ئەوەی بتوانێت وەڵامی ئەم داخوایە بداتەوە لەلایەك و لەلایەکی تر خۆپارێزیەکان ڕەچاو بکات..

بەسترانەوەی ناوەڕۆك بە ڕووکاری شانۆیی بووەتە شتێکی باو لە جیهانی شانۆیی لە سەردەمی هاوچەرخدا، بەتایبەت لە دوای جەنگی جیهانی دووەم... و بەتایبەتتر لە دوای ئەو تاقیکردنەوانەی کە مەزهەبە نوێیەکان پیادەیان کرد لە گۆڕەپانی شێوەی شانۆیی، وەك هەوڵەکانی (برشت) لە شانۆیە داستانەییەکەیدا و (بیتر فایس) لە شانۆیە تۆماریەکەیدا و (بکت) و (یۆنسکۆ) و (ئاداموف) و

---

[1] بڕوانە شانۆی (صرخة عند المسجد الأقصى) لە کتێبی (المعجزة في الضفة الغربية) کە دانراوی خۆمە، مؤسسة الرسالة، بيروت، ١٩٧٩.

(جینیە) لە شانۆیە پێشەنگخوازەکەیان (شانۆی گاڵتە و نا مەعقوڵ)... جا هەرچەند ڕابەرو قوتابیانی ئەم قوتابخانەیە بەرهەمیان زیاتر بێت، ئەوا یەکگرتنی ناوەڕۆکی هزری و ڕووکەشە شانۆییەکەیان زیاتر دەبێت، ئەمەش وا دەکات کە بوترێت شانۆی ئیسلامی ناوەڕۆك و ڕووکەشەکەی زیاتر یەکترگر دەبن، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو جیاوازیە بنەڕەتیەی هەیە لە نێوان پەیڕەو و تێڕوانینی ئیسلام و پەیڕەو و تێڕوانینەکانی تر، سەرباری بوونی جیاوازی لە خودی ڕووکەشی ئیسلام و ڕووکەشی بەرنامەکانی تردا، هەروەك چەند لایەنێکمان بەر لە ئێستا لێ باسکرد.

دیاریکردنی ڕووخسارەکانی شێوەی شانۆیی یان نمایشی ئیسلامی ئەوەندە کاری ڕەخنەگرە لێکۆڵەرەکان نییە ئەوەندەی کاری خودی نووسەرە شانۆییەکانە. کەواتە مادەم ((شێوە))ی بابەتی شانۆیی بزواو، ئەوا کۆی دەستکەوتەکانی نمایشەکە _ لە ئایندەیەکی دوور یان نزیکدا _ ڕووخسارەکانی ئەم شێوەیە دیاری دەکەن. جا ئەگەر _ ئێستا _ ڕەخنەگران کەلەپورێکی شانۆیی ئیسلامیان دەستکەوتبا ئەوا دەیانتوانی ئەم ڕووخسارانە هەڵهێنجن... بەڵام زۆربەی ئەوەی هەیە لە کاری شانۆیی _ تەنها کەمێك نەبێت _ لە شانۆی مێژوویی کلاسیکی تێناپەڕێت کە پشت دەبەستێت بە وەرگرتنی ماوەیەك یان چەند نموونەیەك لە مێژوو _ بە پاڵەوان و ڕووداوەوە _ بۆ نمایشکردنی لەسەر شانۆ یان شاشەی بچوك. و لەم ئاڕاستەیەدا شانۆیی مێژوویی ئیسلامی و غەیرە ئیسلامی یەکسانن و هیچ کاریگەریەکی نییە لەسەر داڕشتنەوەی شێوە.

ئەوەی ئێمە مەبەستمانە بریتییە لە شانۆیەك کە گەڵاڵە ببێ لە تێڕوانین و ئەزموونی ئیسلامی کە هەندێك لە خەسڵەتەکانیمان خستەڕوو لە بەشەکانی

ڕابردوودا، و دەکرێ لە شانۆی خاوچەرخدا دەربکەون، هەروەك دەکرێ دەربکەون لەسەر شانۆی مێژوویی بەومەرجەی ئەم جۆرە لاساییکردنەوە کلاسیکییە کۆنە تێبپەڕێنێ و پشت ببەستێت بە شێوازی هێنانەگۆی مێژوو و تێکشکاندنی ئەو دیوارانەی کە ڕووداو و واتاکان دەخنکێنێت، و پشت ببەستێت بە بەزاندنی سنوورەکانی شوێن و کات و گونجانی ڕێژەیی ڕووداوەکان... جا تا ئەو کاتەی شانۆی ڕەسەنی ئیسلامی دروست دەبێت _ بە هەموو ڕەهەند و مەرجەکانی _ ئەوا بۆ هیچ ڕەخنەگرێك فەراهەم نابێت _ پێشوەختە _ ڕووخسارو خەسڵەتەکانی شێوەی شانۆی ئیسلامی دیاری بکات... بابەتەکە _ جارێکی تر _ دۆزێکی هونەری بزواوە، نەك نەخشەسازیەکی ئەندازەیی بێ کە پێشتر ڕووخسارەکانی بۆ دیاری بکرێت.

سەبارەت بە وەڵامی (نەخێر)... واتە: پێویست نییە دووبارە شێوەی شانۆیی یان نواندن دابڕێژرێتەوە بەشێوەیەك کە گونجاو بێت لەگەڵ ناوەڕۆکی ئیسلامی، ئەمە لەسەر ئەوە دادەمەزرێ کە شێوەی شانۆیی لە بنەڕەتدا ڕەگەزە سەرەکیەکانی هەر دەمێنێت، سەرباری گۆڕینی ئەو مەزهەب و ڕێبازانەی کە شانۆیان بڵاوکردەوە هەر لە سەرەتاوە تا ئەم ساڵانەی دوایی... ئەم ڕەگەزانە بوونەتە بناغە و بۆ هیچ مەزهەبێکی شانۆیی ناگونجێت کە پشتگوێیان بخات هەر چەندە ئەو مەزهەبە نامۆ بێت لە شکاندنی ڕێسا باوەکان، ئایا بۆ هیچ ڕێبازێکی شانۆیی دەکرێ بەشێوەیەکی بەردەوام ڕۆڵگێر فەرامۆش بکات؟ ئایا دەتوانێت جوڵە و دەربڕین بوەستێنێت؟ دواتر _ ئەمە گرنگەکەیە _ لە توانایدا هەیە ئەو سێ دیوارەی دەوروبەری شانۆ لاببات کە بە (تەختەی شانۆ) ناسراوە.

ئەم ئامرازانە و جگە لەوانیش بە درێژایی کات هەر مانەوە سەرباری ئەو هەڵبەزو دابەزەی کە جوڵەی شانۆیی بەخۆیەوە بینیوە هەر لە سەردەمی تراژیدیای یۆنانیەوە تا شانۆی تۆماری و شانۆی گاڵتە و نا مەعقوڵ... دوای ئەمە پێویستە لەسەر شانۆی ئیسلامی پابەند بێت بەو بناغە هاوبەشەی شێوەی شانۆ، و لە میانەی ئەم شێوەیەدا دەرهێنەر دەتوانێت پاڵنەرەکانی شانۆیی دابڕێژێتەوە: لە ڕێگەی دەرهێنان و نواندن و نەخشەسازی و هەڵبژاردنی کاریگەرە دەنگیەکان و دابەشکردنی ڕووناکی و تاریکی بەشێوەیەك کە بگونجێت لەگەڵ ناوەڕۆکی شانۆیی ئیسلامی؟!.

## چوارەم:

پاشان هەر هەوڵێکی ڕاستەقینە بۆ دۆزینەوەی هونەری نواندن _ تەلەفزیۆنی ئیسلامی، و پشت ببەستێت بە (مێژووی ئیسلامی) وەك گۆڕەپانی داهێنانەکەی، ئەوا دەبێت ئەم هەنگاوانە بنێت:

١_ ئامادەکردنی (دەقە) گونجاوەکان کە لە تێڕوانینی گشتگیری ئیسلام و تێگەیشتنێکی باشی مێژووی ئیسلامی و خەسڵەتە تایبەتەکانی گەڵاڵە بوونە، لە پاڵیدا هێزێکی هونەری داهێنەر هەبێت کە هەڵبستێت بە پیادەکردنی هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ ڕووداوە مێژووییەکە بەپێی ئەو مەرجانەی کەمێك پێشتر باسمان کردن.

٢_ ئامادەکردنی کادیری هونەری پابەند: سیناریۆکار، دەرهێنەر، ئەندازیاری دیکۆڕ، نمایشکار، بەرهەمێنەر، بۆ ئەوەی ئەو دەقە هونەریە بەدی بکات کە بێ شێواندن و دەستکاری و تێکدان بیگۆڕێ بۆ کارێکی هونەری داهێنەر. ئەمەش بە سروشتی بارودۆخەکە پێویستی بە دروستکردنی دامەزراوەی ئەکادیمیای هونەری ئیسلامییە، کە ئەرکی ئامادەکردنی ئەم کادیرانە بگرێتەئەستۆ و ئەزموون دیدەکانیان و پسپۆریان قوڵتر بکاتەوە، بێگومان فەراهەم کردنی ئەمە ئەمڕۆ سەختە، بەمەش گەشەی ئەم کادیرانە بە پلەیەك پشت دەبەستن بە پابەندی هەندێك قوتابیی کە دەرچوون لە فڵان یان فیسارە ئەکادیمیە هونەریە، و سوودبینین لە کەرستەکانی پەیڕەو و پسپۆریەکەیان و دیدی خۆیان بەسەر ئەم

پسپۆریەدا دابڕێژن و لێهاتوویيە قوتابخانەییەكەیان دووبارە دابڕێژنەوە بەشێوەك كە بگونجێت لەگەڵ هەڵوێستە گشتگیرەكەیان _ وەك هونەرمەندان _ لەهەمبەر گەردوون و ژیان و مێژوو و مرۆڤ. ئەگەرچی زۆرێك لە ئەكادیمیای هونەری كاردەكەن لە چوارچێوەی قوتابخانەیی پوختدا و بەلای ڕاست و چەپدا ناڕۆن، ئەوا بەمە دەبنە لێهاتوویەكی ڕووتی بێ لایەن كە هونەرمەند دەتوانێت سوودی لێ ببینێ بۆ بەهێزو قوڵتر كردنەوەی تواناكانی، جا هونەرمەندەكە ماددەگەرا یان نەتەوەگەرا یاخود ئیسلامی بێت.

هەروەك خستمانەڕوو لەبەر ئەوەی دەق بەردی بناغەیە، ئەوا لە توانای دەقدا هەیە كە _ بە ئەندازەیەكی تەواو (لە ئەمینداری) كە رووخسارو كەسایەتیەكەی بپارێزێت _ لە ڕێگەی كۆمەڵێك هونەرمەندی تەواوكەرەوە و بەتایبەت ئەگەر دەقەكە بەهێز بوو ئەوا كەسایەتیەكە بسەپێنێت بە ڕەهەندە جیاوازەكانی بەسەر ئەو نمایشكارانەی جێبەجێ دەكەن و بەوپەڕی توانایانەوە كار دەكەن بۆ گۆڕینی تێڕوانین و دیدی نووسەر بۆ كارێكی بینراو... و لە ڕاستیدا دەرهێنەر _ كە زۆر جار یەكسانە لەگەڵ نووسەر _ ئەوا كاری تەنها بریتییە لە گواستنەوەیەكی داهێنەرانەی دەقی نووسراو بۆ جوڵەی دەربڕینی بەرچاو و بینراو... جا هەرچی دەرهێنەر دەیكات بریتییە لە گونجاندن بۆ پێكانی ئامانج.

دەتوانین بڵێین كە بە تەنها بە ئامادەكردنی وێژەوانی موسڵمان كە دەزانێت چۆن هەڵسوكەوت دەكات لە ڕووی هونەریەوە لەگەڵ واقیعی مێژوویی و چۆن هەڵی دەبژێرێت و پاڵفتەی دەكات... ئەوا سێیەكی ڕێگەمان بەو كارە بڕیوە. تەنانەت هەندێك جار دەقی ئیسلامی سوود دەبینێت لە پسپۆری سەرجەم هونەرمەندان و بەتایبەت دەرهێنەرو نمایشكار، ئەوانەی تەنها لە ڕووی پیشەیی و

ئەکادیمیاوە پابەندیان ئەنجامداوە، جا بەهۆی وزەی ئەم هونەرمەندە کۆنانە دەق هێزو داهێنانی زیاتر دەبێت. _ بۆ نموونە _ ئەگەر هەندێك حەلقە لە زنجیرەی (بوکی یەمامە) بخەینەڕوو ئەوا دەزانین کە دەقی نایاب دەتوانێت پشت ببەستێت بە وزەی دەرهێنان و نمایشکاری دەگمەن کە لە ڕووی هزریەوە پابەند بوونی نەناسیوە[1]، بەڵکو تەنها لە میانەی دڵسۆزی لە کارەکەیدا و پسپۆری و لێهاتووییەکەی کە کاری بەردەوامی درێژ گەشەی پێداوە ئەوا دەتوانێت دیدی دەق بە داهێنانەوە جێبەجێ بکات بەشێوەیەك کە لە سەرووی توانای کۆی ئەو هونەرمەندانەوە بێت کە پابەندن بەڵام تازەن لە ناو کێڵگەکانی هونەری نمایش.

٣_ هەڵسان بە ڕووماڵکردنی هەموو ئەو دەقانەی کە لە دارشتنیاندا پشت بەستراوە بە واقیعیەتی مێژووی ئیسلامی و بێ ڕەچاوکردنی هەڵوێستی نووسەرەکەی و سروشتی پابەندیە هزریەکەی، لە پێناو بژاردنی ئەم دەقانە و ڕێکخستنیان لەبەر ڕۆشنایی تێڕوانینی ئیسلامی.

کۆششێکی لەم جۆرە دوو بەرهەممان پێدەبەخشێت، یەکەمیان خۆی دەبینێتەوە لە سوودبینین لە لێهاتوویی ئەوانی تر و پشکنینی خاڵەکانی لاوازی و بەهێزی، و نیشانەی ڕاست و هەڵە، و دووەمیان لەسەر گەشەپێدانی توانا داهێنان و ڕەخنەییمان دەوەستێت، لە میانەی هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ ئەم گەلە دەقە چڕوپڕە. لەوانەیە لە نێوان ئەم دەقانەدا سەرباری فلان و فیسارە نزیکترین دەق ببینینەوە لە تێڕوانینی ئیمانی بەشێوەیەکی گشتی و دیدی ئیسلامی بەشێوەیەکی تایبەتی، مادەم نووسەر لە بنەڕەتدا هەڵسوکەوتی لەگەڵ مێژوو و

---

(١) مەبەستی لەوەیە کە ئەو وزانەی دەرهێنان پابەندی هیچ دید و تێڕوانیك نین جگە لە پیشەکەیان. (وەرگێڕ).

بیروباوەڕی ئێمە کردووە بەشێوەیەکی دەگمەن کە پشتی بەستووە بە لێهاتووە دەوڵەمەندەکانی و خۆی دووردەگرێ لە تەنها وەرگرتنی تووتیانەی ڕاستەوخۆ کە لەوانەیە لەلای هەندێك نووسەری ئیسلامی بەدی بکەین.

٤_ لە بەرامبەر ئەمەدا دەبێ ڕووماڵێکی گشتگیرانەی تر بکرێ بۆ سەرجەم دەستکەوتەکانی تەلەفزیۆنی لەم بوارەدا: زنجیرە و نمایش و شانۆکان، لە پێناو بژارکردن و ڕێکخستن و بەش بەش کردنیان لەبەر ڕۆشنایی دیدی ئیسلامی، ئەمەش وەك هەوڵێك بۆ سوود وەرگرتن لە ئەزموونە جیاوازەکان لەلایەك و بۆ گەشەپێدانی توانا هونەریەکانمان لەلایەکی تر و بۆ دەستخستنی نموونەی (جێبەجێکاری) کە دەکرێ زیاتر گونجاو و بە کەڵکتر بێت لە هەوڵ و کۆشش خەرج کردن بۆ پێشکەش کردنی نموونەی نوێ لە میانەی ئەزموونی تازەوە لەسەر پڕ بایەخی ئەم بابەتە و پێویست بوونی.

جا ئێمە دەتوانین لێرەدا ئاماژە بکەین _ وەك نموونە نەك کورتهەڵهێنان _ بە هەندێك لەو نموونانەی کە لە هەڵوێستیاندا جیاوازن و دوورو نزیکیان وەك یەك نییە لە دیدی ئیسلامیدا وەك: (عذراء مكة)، (عروس اليمامة)، (عرس في السماء)، (رجال فوق الصخور)، (نور إلى الأبد)، (إبراهيم الخليل)، (مصعب بن عمير)، (خالد بن وليد)، (الخندق)، (راحل إلى النجوم)... زۆرێکی تری جگە لەمانە.

٥_ سەرباری هەموو ئەمە پێویستە ڕووماڵێکی تەواو بکرێت بۆ مێژووی ئیسلامیمان لە سەرجەم گۆڕەپانەکانی بە: ڕەش و سپی و تاریك و ڕۆشنیەوە... بە شوێنی سەرکەوتن و دەرەنجامەکانی شکست... گومان لەوەدا نییە کە هەر دوو پرۆسەی ڕووماڵکردنی پێشوو سوودی دەبێت بۆمان لە تێپەڕاندنی دووبارە

بوونەوەو هەندێك ڕووداویش بەشێوەیەکی تەواو لە ڕووی هونەریەوە چارەسەرکراوە... جا لە دووبارە ڕووماڵکردندا ئەو هەوڵانە پوچەڵ دەبنەوە کە تێکۆشاون بۆ شێواندنی واقیعی مێژوویی. هەروەك بە کەڵك دەبێ بۆمان لە پێدانی ئاماژەی ورد بۆ دروستکردنی کاری هونەری لەسەر هەندێك ڕووداو کە داهێنەرو ڕاستەقینەن و پێشتر هیچ نووسەرو هونەرمەندێك هەڵسوکەوتی لەگەڵ نەکردووە.

پێشنیارێك هەیە دەکرێ لەم بوارەدا بخرێتەڕوو: ئەویش ئەوەیە کە ژمارەیەك لە مێژوونووسان و هونەرمەندانی ئیسلامی هەڵبستن بە ئامادەکردنی (پەڕاوی کار) کە شیاوی تاوتوێ و هەموار کردن بێ و خشتەیەکی تێروتەسەلی تێدا بێت کە واقیع و کەس و ڕووداوی مێژووییەکان لەخۆبگرێ کە دەگونجێ بۆ پشت پێبەستن لە بنیاتنانی کاری هونەری تەلەفزیۆنی ئامانجدار و کاریگەر لە هەمان کاتدا، لەگەڵ ئاماژەکردن بەو کارە هونەریانەی پێشکەش کراون و دەکرێن لەهەمبەر ئەو ڕووداو یان فڵان یاخود فیسارە کەسایەتیە، بە مەبەستی خۆ دوورگرتن لە دووبارە بوونەوە... لەگەڵ جێگیرکردنی ئەو ئاماژانەی کە هەماهەنگی دروست دەکات لە نێوان گۆڕەپان و مەیدان و واقیعە مێژووییەکان بەپێی گرنگی و داهێنان و بەها دەربڕینکاریەکەی، و ڕێگەی دەرهێنەرو هونەرمەند و سەرجەم کادیرە هونەریەکان ڕۆشن بکاتەوە بۆ ئەوەی زیاتر سەرپەرشتی بابەتەکە بکەن و توانای هەڵبژاردن و داهێنانیان هەبێت.

٦_ هەڵسان بە هەوڵێکی تاقیکاری شتێکی بە کەڵکە _ ئەگەر دەربڕینەکە دروست بێت _، ئەمەش بە بانگهێشتکردنی سەرجەم وێژەوانان و هونەرمەندانی ئیسلامی و ئەوانی ئامادەباشیان تێدایە بۆ ئەوەی داهێنانی خۆیان پێشکەش بکەن

لە میانی تێڕوانینی ئیسلامی، کارە وێژەیی و هونەریەکانیان پێشکەش بکەن لە پێناو دەوڵەمەندکردنی دەقی هونەری ئیسلامی و فرەجۆرکردنی و فراوانکردنی ئاسۆکانی، دواتر ڕێگەکردنەوە لەبەردەم کادیرەکانی دەرهێنان و نواندن کە خۆیان دەبیننەوە لەبەردەم گەلەدەقێکی زۆر دەوڵەمەند کە دەتوانێت هەڵبژاردنیان بۆ بکات و بەهۆیەوە داهێنان بکات. ئەمە _ لە هەمان کاتدا _ پێویست دەکات کە بانگهێشتی ژمارەیەك دەرهێنەرو نمایشکار بکرێ بە تاك یان کۆمەڵ بن و کێشبکرێن بە شێوەیەك لە شێوەکان بۆ دەستکردن بە جێبەجێکردنی یەکێك یان زیاتر لەو دەقانەی بۆ کارکردن خراونەتەڕوو. جا جەماوەری ئوممەتەکەمان هەرچەند لە ڕێگە لابدەن و دید و تێڕوانینیان بەرەو خۆرهەڵات یان خۆرئاوا بڕوات، ئەوا بەردەوام لە ناخیدا گونجان و هەماهەنگی و هاوئاوازی و وەڵامدانەوەی قوڵ هەیە لەگەڵ هەر شتێك کە بەشێکە لە ئیسلامی ڕەسەن، چونکە بێگومان دەبێتە ڕەنگدانەوەی داخوازیەکانی و مایەی زیاتر متمانە بەخۆکردنی، و چەسپاندنی ڕەسەنایەتی بوون و کەسایەتیەکەی.

جەماوەری ئوممەتەکەمان کچی چواردە سەدەیە لە بزوتنەوەی مێژووی ئیسلامی و بزاقی بەردەوام... هەمیشە حەزی لە گەڕانەوەیە بۆ لای دایکی دوای گەشتێکی نامۆبوونی درێژ کە بووەتە مایەی ئێش و ئازار بۆی... دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی خۆی ببینێت کە باوەش بە یەکگرتوویی خۆیدا دەکات و بە چارەنووسی خۆی بگات لەوێ... داهێنانی هونەری لەوە توانادارتر نییە لە گەڕانەوەی ئەرێنی و زیندووکردنەوەی کرداری دەستکەوتە مێژووییەکان... لە هونەر بەهێزتر نییە کە ڕۆح بکاتەبەر دڵی وەستاو و ژیان بەناو ڕەگ و ڕیشەکانی مێژوودا هەڵبقوڵێنێت.

ئا بەم شێوەیە تەنانەت لەسەر ئاستی سوودگەرایی پوختیش ئەوا هونەرمەند ناوبانگ و سەرکەوتنی خۆی دەبینێتەوە لە ئەندازەی بە توانایی خۆی لە دەستەبەرکردنی ئەم هاوئاوازیە لە نێوان جەماوەری موسڵمانان لەگەڵ تێڕوانین و داخوازی و سۆزیان لە میانەی داهێنانە تایبەتەکەیان... هەر لەو پابەندییە هزریە بگەڕێ کە لەسەر هونەرمەند پێویست دەکات لە چوارچێوەی دەستکەوتێکی ئامانجداری ڕەسەندا بجوڵێتەوە.

## بۆچوونێک دەربارەی ((ڕۆحگەرایی))

مرۆڤ زۆرێك لە دانراو و توێژینەوە دەخوێنێتەوە لەبارەی بزوتنەوەی ڕۆحگەرایی هاوچەرخ، بەهۆی زۆری و بۆری بەڵگە تاقیکراوەکان و گەواهیدەرە زانستیەکان و ڕووداو و واقیعەکان کە پێشکەش دەکرێن لە میانەی تاقیگە و نێوەندگیرەکان و شێوازە تایبەتەکانی لە پەیوەندی ڕۆحی و بانگهێشت و ئامادەکردنی ڕۆحەکان... خەریکە مرۆڤ بڕوا بە دەستکەوت و ڕاستی دەرەنجامەکانی بکات. بۆ نموونە خوێنەر دەتوانێت بۆ هەر یەکێك لەو نووسراوانە بگەڕێتەوە: (الروح والخلود بين العلم والفلسفة) دانراوی عەزیز جادۆ، (الإنسان روح لا جسد) دانراوی دکتۆر ڕەئوف عەبید، (ما وراء الموت) دانراوی (کارلیل ب)، (عن تاريخ الروحية) دانراوی سێر ئارسەر کونان دویل، (ظواهر حجرة تحضير الأرواح) دانراوی لادوین باورز، (أرواح وأشباح) دانراوی ئەحمەد فەهمی ئەبو خەیر، (أضواء على الروحية) دانراوی دکتۆر عەلی عەبدولەجید ڕازی، (على حافة العالم الأثري) دانراوی جیمس ئارسەر فندلای... تا بەخۆی ئەو ڕاستیەی بۆ ڕوون ببێتەوە کە ئێمە باسی دەکەین.

نەك تەنها ئەمە، بەڵکو ئەوانەی ئەم کردارانەیان جێبەجێ کردووە، ئەوا هاوەڵانیان لەبارەی ئەو شتەی بینیویانە زۆر بەڵگەی ماددی دێننەوە لەسەر ڕاستی تاقیکردنەوەکە... بەخۆشم هەندێك نەخش و نیگاری ئاڵۆزم بینیوە کە

خەڵکانێك کێشاویانە لەبارەی ئەم هونەرە هیچ نازانن، و وتویانە ئەوان تەنها نێوەندگیری ڕۆحی هونەرمەندە کۆنەکانن کە ئەم وێنانەیان بەوان وتوە، و گوێبیستی قسەی قوڵ بوومە لەبارەی فەلسەفە و ئەودیو سروشت لەلایەن کەسانێکەوە کە لە خوێندندا قۆناغی سەرەتاییان تێنەپەڕاندووە!!.

بەڵام لەبەرامبەر ئەمەدا کتێبێکی بەهێز دەخوێنینەوە کە دکتۆر محەممەد محەممەد حوسەین دەری کردووە بە ناونیشانی (الروحية الحديثة دعوة هدامة)[1]... ناوبراو خەریکە بەهۆی ئەو بەڵگانەی دەیخاتەڕوو و ئەو پەیڕەوە سەلامەتە دەیگرێتەبەر کە قەناعەتمان پێ بکات سەبارەت بە ڕاستی بوونی پەیوەندی لە نێوان دامەزراوەو خانەکانی ئامادەکردنی ڕۆحەکان و هێزی تێکدەری ماسۆنیەت و صەهیۆنیەت لە جیهانی هاوچەرخماندا... لە ڕێگەی دەستکەوتە ڕۆحیە هاوچەرخەکان بۆ تێکشکاندنی کۆسپەکانی نێوان ئاینەکان و گومان خستنەسەر زۆرێ لە بەها ڕەوشتیەکان، و بەتایبەت ڕەواج دانی بە بنەما و دروشمەکانی ئاینی جولەکە... بە پوختی ئەم ڕەوتە ڕۆحگەراییە _ بەپێی ڕێگە تایبەت و پڕ لە کاریگەرەکانی _ ئەوە دەستەبەر دەکات کە ماسۆنیەت دەیەوێت بۆ بزوتنەوەی صەهیۆنیەت لە هەموو جیهاندا دابینی بکات.

دکتۆر حوسەین لە پێشەکی کتێبە ناوبراوەکەیدا دەڵێت: ((... دەمەوێت سەرنجی موسڵمانان و نەصرانیەکان بەیەکسانی بۆ مەترسیداری ئەو بانگەوازە ڕابکێشم لەسەر هەر دووکیان... ئەوانەی بانگەشەی هێنان و ئامادەکردنی ڕۆحی موسڵمان و ڕۆحی نەصرانی و ڕۆحی جولەکە و ڕۆحی بوزی و جگەلەوانەش لە

[1]) دار الإرشاد بيروت، الطبعة الثانية ١٩٦٩.

خەڵکی سەردەمی نەفامی بە جیاوازی ڕێبازیان و لەسەرجەم شوێنەکانی زەویدا دەکەن و پێیان وایە لە بەختەوەری و خۆشیدا دەژین. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە بەختەوەری لەسەر ئەو ئاینە ناوەستێت کە خەڵك بۆ خۆیان هەڵی دەبژێرن لە ژیانی سەر زەویاندا. ئەمەش سەردەکێشێ بۆ بە سوك سەیرکردنی سەرجەم ئاینەکان و دروستکردنی چەمکی ئاینی نوێ. جا ئامانجی پاڵ ئەم بانگەشەیە چییە!.

((ئەمە ئەو پرسیارەیە کە ئەم کتێبە[1] وەڵامی دەداتەوە. دواتر خوێنەر دەزانێت کە وەڵامەکە لە چەند وشەیەك تێپەڕ ناکات. ئەوەی لە پاڵ ئەم بانگەشەیەوەیە بریتییە لە صەهیۆنیەتی جیهانی تێکدەر بە هەموو دەزگاکانیەوە و لە سەرووشیانەوە ماسۆنیەت کە کار دەکات بۆ سڕینەوەی دەمارگیریە ئاینی و نەتەوەییەکان، تا بتوانێت گێژبوونی موسڵمانان و نەصرانیەکان و خاوەن ئاینەکانی تریش بەکاربهێنێت بۆ خزمەتی ئامانجەکانی لە ژێر پەردەی مرۆڤایەتی کە هەمووان کۆ دەکاتەوە، و بۆ ئەوەی ڕووی زەوی بسڕێتەوە لە هەموو دەمارگیریەك و تەنها دەمارگیری جولەکە بۆ ئایین و نەتەوەی خۆیان بمێنێتەوە، جا ئەگەر ئەمەش هاتەکایە ئەوا جیهان هەمووی لەبەردەم جولەکە دەبێتە ڕانە مەڕێك کە هیچ شتێك کۆیان ناکاتەوەو بە کەیفی خۆیان بەرەو ئەوە بەڕێیان دەکەن کە دەیانەوێت.

((هەر بۆیە ویستم ئەوان ئاگادار بکەمەوە کە دەکرێ بە ڕووکەشی بانگەشەکە هەڵبخەڵەتێن بە دژایەتی ماددەگەرایی و ڕۆیشتن بەرەو مرۆڤگەرایی و

---

[1] مەبەستی دکتۆر حوسەین کتێبەکەی خۆیەتی. (وەرگێڕ).

یەك ڕاستی کە لە پاڵ ئاینەکاندایە، ئەوەی لە دێڕەکانی بانگەشەکارانی ئەم بانگەشەیە دەبریسکێتەوە و لە پاڵ دێڕەکانیاندا بوونی هەیە ئەوا تەنها ئامانجی بریتییە لە هەڵوەشاندنەوەی گەل و نەتەوەکان تەنها لە پێناو خزمەتکردن بە صەهیۆنیەتی جیهانی...)).

ڕاست و هەڵە لە کوێن؟ هەق و ناهەق لە کوێن؟ ڕەش و سپی لە دیدی ئەم دوو تێڕوانینە جیاوازانە چین؟!

پێم وایە باوەڕداری هاوچەرخ بە گشتی و موسڵمانان بە تایبەتی توانای هەیە سوود ببینێت لەم بزوتنەوانەی کە زۆربەی دەستکەوتەکانی _ وەك چۆن خستمانەڕوو _ لەسەر بنچینەی ئەزموونی دامەزراون، و زانا مەزنەکانی سروشتناسی و پزیشکی و گەردووناسی و بیرکاری لە چالاکیەکانیدا بەشدارن سەرباری زۆرێك لە بیرمەندان لە فرە بوارەکانی زانیاری مرۆیی.. ئەمەش دوای ئەوەی موسڵمان هەموو ئەو دەرەنجامانە فڕێدەدات کە داڕێژراوە بۆ خزمەتکردنی ئامانجی تێکدەر بۆ ئەم بزوتنەوە مەزهەبیە یان فلانە ڕێبازە... گومان لەوەدا نییە مرۆڤی موسڵمان دەتوانێت ئەمە بکات بەهۆی ئەم دیدە گشتگیرو باوەڕە قوڵ و تێگەیشتنە ژیرەی هەیەتی لەسەر پرۆسەی بژارکردنی شتێکی لەو جۆرەو بەڕێکردنی دەرەنجامەکانی ڕۆحگەرایی هاوچەرخ بە بەرگە بریسکەدارەکەی بێ ئەوەی قەناعەتی پێ بکات تەنها ئەوە نەبێت کە گونجاوە لەگەڵ زانستی تایبەت و ڕاستی کە لە دوایەوە جگە لە ناهەقی و پوچەڵ هیچی تر نییە.

دەی با گوێبگرین بۆ گەواهی هەندێك لەو زانا و بیرمەندانە لە ڕێگەی وەرگرتنی وتەکانیان لە کتێبی (الروح و الخلود)ی دانراوی عەبدولعەزیز جادۆ:

**ڕۆبرت هیر** (**مامۆستای کیمیا لە زانکۆی پەنسلفانیا**): ((دوای ئەوەی بە ئەندازەیەکی تەواو گەیشتین بە وزەی نێوەندگیری بۆ ئاڵوگۆڕ کردنی ڕاو بۆچوون لەگەڵ هاوڕێیانمان لە ڕۆحەکان، هیچ پێویستم بەوە نەما کە تۆمەتی درۆو هەڵخەڵەتاندن بدەمە پاڵ نێوەندگیری ڕۆحی، بەڵکو ئێستا ڕەوشتی تایبەتیەکەم جێگای پرسیارە... هەموو ئەو بەڵگانەی دەستم خستوون و ئەو دەرەنجامانەم لەسەر دەرخستوون کە ئاماژەم پێدا ئەوا ژمارەیەکی زۆر لە توێژەران ئەم دەرەنجامە و ناوەڕۆکەیان دەستکەوتووە. هەندێك لەو توێژەرانە هەرگیز بیریان لە پەیوەندی کردن بە ڕۆحەکانەوە نەکردووەو بە خەیاڵیاندا نەهاتووە ببنە کەسانی ڕۆحی، و ئامادەییان تێدایە بۆ ئەوەی جەخت لەسەر ڕوودانی ئەم دیاردە و جوڵانە بکەنەوەو لەهەمان کاتدا ئامادە نین نکوڵی لێبکەن ئەگەرچی ئەم دیاردەیان لەلا نارۆشنیش بێت)).

**ئەدیسۆن** (**داهێنەری بەناوبانگ**): ((من بەدوای ڕاستیدا دەگەڕێم، لەم ڕێگەیەشدا زۆر بەرەوپێش ڕۆیشتووم، بەتایبەت ئەوەی پەیوەندی بە جیهانەکەی ترو ژیانی دوای مردنەوەیە. من دان بەوەدا دەنێم کە دەبێت ڕۆح بمێنێتەوەو بژیت لە دوای جیابوونەوەی لە جەستە. جا هەموو بیرو هزرەکانم بەرەو ئەو کێشەیە دەڕۆن ئەویش کێشەی بەردەوامی ژیانە لە دوای مردن، و بیرم سەرقاڵە بەو شوێنانەی کە نەفس بۆی بەرز دەبێتەوەو چ شێوەیەك لەوێ هەڵدەبژێرێت و سروشتی ئەو پەیوەندیانە دەبێ چۆن بێت کە دەکرێ لەگەڵ جیهانی زەوی هەیبێت)).

**ولیەم جێمس** (**فەیلەسوفی ناسراو**): ((ئەگەر ئێستامان بەراورد بکەین لەگەڵ تێڕوانینی ڕابردوو سەبارەت بە هزری مرۆیی، چ لە ڕووی کرداری یان ئاینیەوە،

ئەوا سەرمان سوڕدەما لەوەی کە ئەو گەردوونەی بەو گەورەییە بۆ ئێمە دەرکەوتووە ئەوا زۆر بە سادەیی بۆ ئەوانەی پێش ئێمە دەرکەوتووە... و ئێستا ئەگەر سەیری جیهان بکەین لە سۆما جیاوازەکانیەوە کە بریتییە لە جیهانی (دیکارت) یان جیهانی (نیوتن) یان جیهانی ماددە لە سەدەی ڕابردوودا، یان جیهانی (برید جو وتر) لەم سەردەمەماندا ئەوا بە چاوی خۆمان دەبینی کە بریتییە لە (جیهانی بچوکی نەبینراو)، و ئەگەر سەیری (لیل) و (فرادی) و (میل) و (داروین) بکەین و تیۆرە جیاوازەکانیان بپشکنین ئەوا دەبینین تێڕوانینی مندااڵنە و بێ تاوانانە بەبەر بۆچوونەکانیاندا دەکەن...نکۆڵی کردن لە زانستی لاساییکەرەوەی کەسایەتی وەك ڕووکەشی ڕووداوەکان، و باوەڕبوون بەوەی جیهان جیهانێکی کەسی نییە لە وردترین خەسڵەتیدا، ئەوا بەڵگەن لەسەر ئەو کەم و کورتیەی کە جێگرەوەکانمان سەریان پێی دەسوڕمێت بە نیسبەت ئەو زانستەی کە ئێمەشانازی پێوە دەکەین، ئەمە ئەو کەم و کورتیەیە وا دەکات زانستی ئێمە دەستکورت و قوڵ نەبێت لە تێڕوانینی جێگرەوەکانمان))[1].

**ڕیتشارد هۆدجسۆن** (**زانای ئینگلیزی**): ((... من و مامۆستا هایسلوب لەوەتەی دوازدە ساڵە دەستمان بە توێژینەوەکان کردووە، ئێمە ماددەگەرا و ڕۆژگارگەرا بووین و باوەڕمان بە هیچ شتێکی ڕۆحی نەبوو. جا لەم توێژینەوەیەماندا تەنها یەك مەبەستمان هەبوو ئەویش ساختە و فێڵکردن بوو. بەڵام ئەمڕۆ _ جا تۆ چوزانی ئەمڕۆ چییە _ من باوەڕم وایە کە دەکرێ گفتوگۆ لەگەڵ ڕۆح و

(١) ئەمە تێڕوانینی فەیلەسوفی بیرکاری ئینگلیزی (ئەلفرد نورس وایتهید)مان بیر دەخاتەوە کە بانگەشەی کرد بۆ بەشداری کردنی مرۆڤ لە توێژینەوە زانستییە: سروشتی و بیرکاری و گەردوونیەکان، لە تێگەیشتنی قوڵتر لە گەردوون. سەیری (بحث في الإسلوب المقارن) لە کتێبی (في النقد الإسلامی المعاصر)ی دانراوی دانەری ئەم کتێبە بکە.

مردووەکاندا بکرێ. بەڵگەی وا لەلای من لەسەر ئەمە بەرپا بووە کە هیچ گومانێك هەڵناگرێت)).

**سێر ولیام کروکس** (**یەکێکە لە دیارترین زانا سروشتناسەکانی سەدەی ڕابردوو، و یەکێکە لە سەرکردەکانی کۆڕبەندی زانستی بەریتانیا، و زۆر شتی دەرخستووە لە کیمیا و سروشت**: ڕەگەزی سالیۆم، شوشەی گەرم... و دانەری تیۆری ماددەی تیشکدەرە): ((لەبەر ئەوەی من دڵنیام لە ڕاست و دروستی ئەم ڕووداوە (ڕۆحیانە) ئەوا لە ترسنۆکی ڕەوشتیە کە من گەواهی بۆ نەدەم بە پاساوی ئەوەی ڕەخنەگران و جگەلەوانیش گاڵتەیان بە نووسراوەکانمیان کردووە، ئەوانەی کە هیچ شتێك لەوبارە نازانن...)). (ناڵێم دەکرێ پەیوەندی بە ڕۆحەکانەوە بکرێ، بەڵکو دەڵێم ئەمە شتێکە بە کردار ڕوویداوە).

**سێر ولیەم باریت** (**زانای سروشتناس، و مامۆستای زانستە سروشتیەکان لە زانکۆی دبلن، و ئەندامی کۆڕبەندی زانستی بەریتانیە**): ((سەرەتا بوونی جیهانی ڕوحی چەسپا. دواتر ژیانی دوای مردنیش چەسپا. سێیەمیش ئەوە چەسپا کە دەگونجێ پەیوەندی بەوانەوە بکرێ کە چوونەتە ئەوێ...)). ((زۆر سەختە ئێمە هەر بیرۆکەیەکی تەواو بخەینەڕوو سەبارەت بەو هێزە مەزنەی کە واقیعی نادیار هەیەتی بۆ ئەوانەی کە گومانیان سەبارەت بەمە هەیە)).

**سێر ئۆلیڤەر لۆدج** (**بەڕێوبەری زانکۆی بێرمینگهامە، و ئەندامی کۆڕبەندی پاشاییە، یەکێکە لە زانا هەرە بەهێزەکانی فیزیا لە سەدەی بیستەم**): ((لە ژیریەوە نییە کە بوترێ دەروون و ڕۆح لەناودەچێ ئەگەر جەستە لەناوچوو، بەڵکو ئێمە هەر دەمێنینەوە لە دوای مردنی جەستەمان و کۆتایی هاتنی تەمەنە

کورتەکانمان لەسەر ئەم زەویە. بە پشت بەستن بە بەڵگەی زانستی ئەمە دەڵێم، ئەمە دەڵێم لەبەر ئەوەی بۆم دەرکەوتووە هەندێك لە هاوەڵانم کە مردوون هێشتا هەر ماون، چونکە گفتوگۆم لەگەڵ کردوون)). ((لەبارەی باوەڕەم سەبارەت بە ڕاستی ئەمە بەهۆی کاریگەری ئاینیەوە نەبووە، بەڵکو باوەڕی خۆم بەو بابەتە بنیاتناوە لەسەر دەرەنجامی تاقیکردنەوەی زانستی کە پێی هەڵساوم لە میانەی زانستی فراوانەوە، ئەو زانستەی کە لەسەری پێویستە _ وەك چۆن بڕوام وایە _ سەرەنج بداتە ئەم دیاردانە و تەنها گرنگی نەدات بە ڕووکەشە مادديەکان وەك چۆن زانایانی سەدەی نۆزدەم و تەنانەت زانایان لە سەردەمی نیوتنەوە کە زانستیان ڕاهێناوە لەسەر گرنگی دان تەنها بە زانست)).

**پۆل جیبیە** (**قوتابی باستۆرو بەڕێوبەری پەیمانگەی باستۆر لە نیۆیۆرك**): ((بە جەستەبوون بە هۆی ڕۆحە کاراکانەوە دەبێت لە ڕێگەی ئەو وزەیەی لە نێوەندگیرەکانەوە وەردەگرێت، لەلای ئەو زانایانەی کە ئەم نیشانە دەرەکیە پەیدابووانەیان بینیوە لەکاتی ئامادەبوونی نێوەندگیردا چەسپاوە کە نێوەندگیر بەڵگەی دەمکوتکەری پێیە، کە هەرگیز شتی وامان دەستنەکەوتووە، بەوەی ئێمە ڕۆحێکی هەستپێکەرو تایبەتمەند و نەمرمان هەیە لە دوای مردن، بەڵام ئەو بارودۆخەی ئێستا تێیدا دەژین تەنها بریتییە لە حاڵەتێکی تێپەڕ بوون)).

**کامی فلاماریۆن** (**فەیلەسوف و گەردووناس و دامەزرێنەری کۆمەڵەی گەردووناسی فەڕەنسی**): ((هەندێك هێز هەن لە مرۆڤدا کە نەناسراون و بۆ ڕۆح دەگەڕێنەوە، هەندێك شت هەیە کە زۆر لە نموونەیەکی تر دەچێت... و تەزووە ڕۆحیەکان کەش و هەواکان دەبڕن، و ئێمە لەناو جیهانێکی نەبینراودا دەژین، هێزەکانی ڕۆح هەر دەمێننەوە لە دوای شیتەڵ بوونی ئەندامەکانی جەستە... و

ڕازو نیاز گۆڕینەوە لە نێوان مردوان و زیندواندا هەیە بەو ئەندازەیەی کە لە نێوان زیندووواندا هەیە)).

**شارڵ ڕیشیە** (**مامۆستای فسیۆلۆژی لە کۆلیژی پزیشکی زانکۆی پاریس لەوەتەی ساڵی** ١٨٨٧**دوە خەڵاتی نۆبلی لە فسیۆلۆژیادا بەدەستهێناوە لە ساڵی** ١٩١٣)**:**

((دەکرێ بە هێزێك بگەین بە ڕۆح بەمەش شتانێکمان بۆ ئاشکرا بکات کە بە ڕوانین و بیستن و دەست لێدان دەرناکەون)). ((بەڕاستی ڕاڤەی ڕۆحی تاکە تیۆرە کە بتوانێ ڕاڤەی هەموو دەرەنجامەکانی ئەم لێکۆڵینەوانە بکات)). ((بەڕاستی ملکەچی بۆ ڕاو بۆچوونە باوەکان شتێکی باو بوو لەو سەردەمدا، جا هیچ کۆششێك خەرج نەکرا لە پێناو لێکۆڵینەوە لە بۆچوونەکانی (کروکس) یان ڕەتکردنەوەی، بەڵکو خەڵکی هەڵسان بە گاڵتە کردن بەم بۆچوونانە، و من خەجاڵەتانە داندەنێم کە بە ویستی خۆم و بە ئەنقەست لەگەڵ کوێرەکاندا بووم. جا لە جیاتی ئەوەی گەواهی بدەم لەسەر بوێری پیاوێکی زانستی کە چاونەترسی نواند (لە ساڵی ١٨٧٢) لە ڕاگەیاندنی ئەوەی _ کە ڕاستی _ تارمایی و ڕۆحەکان دەکرێ بە کامێرا وێنا بکرێت و گوێ بگیرێ بۆ دڵەکانی کە لێدەدا، سوکایەتیم پێکرد... بەڕاستی بەڵگەمان لەبەردەستە لەسەر ئەوەی کە دەبێت ئەم بەرجەستە بوونە ئۆکتۆپلازمیانە شوێن و پێگە و خەسڵەتی ڕاستەقینەی زانستیان هەبێت. گومانیش لەوەدا نییە کە لەوانەیە پەیی بە ناوەڕۆکەکەی نەبەین، بەڵام گەوجێتیە کە ڕاستی بە گاڵتە وەربگرین...)).

و جگە لەمانە بە دەیان گەواهی تری زانایان.

ئەگەر موسڵمانی هاوچەرخ تەنها سەرەنجی دەرەنجامەکانی ڕۆحگەرایی هاوچەرخ بدات و بڕوانێتە ئەو جەختکردنەوە تاقیکاری و هەستەوەری و تاقیگەییانەی هەن لەسەر بوونی جیهانێکی نەبینراو لە پاڵ جیهانی بینراومان، ئەو گەواهییانەی کە دەدرێن لەسەر بوونی کەسایەتی نەبینراو لەو ماوەو پانتاییانەی دەوری ئێمەیان داوە، ئەوا ئەمە بەس دەبوو بۆ موسڵمان کە ببێتە بەڵگەیەکی قەناعەتکەر لەسەر ئەوەی ئاینە ئاسمانیەکان هێناویانە، و لەسەر ئەوەی قورئانی پیرۆز بۆ ئێمەی باس کردووەو لە سوڕەت و ئایەت و بڕگەکانیدا سەبارەت بە جیهانەکانی فریشتە و پەری و شەیتانەکان..

چ بەڵگەیەك زیاتر قەناعەت بەوانە دەکات کە تەنها باوەڕیان بە هەستەکان هەیە و تەنها متمانەیان بە ڕێگە و گەواهی زاناکان هەیە، لەو بەڵگە بەرهەستە لەسەر بوونی جیهانی نەبینراو لە پاڵ جیهانەکەمان کە لە توانایدا هەیە زۆر شت بکات و کۆسپەکانی سەردەم و شوێنیش دەبڕێت، و پەیوەندیمان لەگەڵ دەبەستێ بە فەراهەم بوونی بارودۆخی گونجاو و دەزگا هەستیە بە تواناکان لەسەر گواستنەوەی زمانە تایبەتەکەی بۆمان؟!.

دەستکەوتەکانی ڕۆحگەرایی هاوچەرخ، دوای ئەوەی پوچی و ئەفسانەییەکەی بێ بنەما دەرچوو، و دوای هۆشداری دانی ژیرانە سەبارەت بە هەندێك ئامانجی پیسی نەخشە بۆکێشراو، ئەوا دەکرێ ببێتە چەکێکی نوێ کە بخرێتە پاڵ باوەڕ بوون بە جیهانی پەنهان، و شوێنکەوتووانی ئەم ڕۆحگەراییە دەتوانن بەردەوام بن لە ڕووخاندنی خوانەناسی و بێ دینی بە ورەیەکی بەرزتر و توانای زۆرتر لەوەی پێشتر.

ڕاستە وەك چۆن ژمارەیەك لە شێخ و بیرمەندانی ئیسلام لە سەدەی دوایدا دواون لەسەر ئەوەی لە توانای بانگهێشتکەری ڕۆح و نێوەندگیرەکان کە زۆربەی لەوانەن کە پابەندی سنوورەکانی خواو پێغەمبەرەکەی نەبوونە و خۆیان دوور نەگرتووە لە شتی نزم و پیس، ئەوا لە توانایاندا نییە ڕۆحی خەڵکانی پاك و شێخە مەزنەکان و زانا ڕاستەقینەکان جڵەوگیر بکەن، لە کاتێکدا بۆ ماوەیەکی کۆنە مردوون و ئەو ڕۆحەیان بانگهێشت کردووە بۆ دادگا نهێنیەکانیان و پرسیاری لەویٚ لێبکەن... و ڕاستە لە سروشتی تێڕوانینی شتەکان و سروشتی دادگەری گەردووندا نییە کە ڕەش سپی و بچوك گەورە و لەناوچوو و نەمر و هەڵەکار ڕاستپێك جڵەوگیر بکات...

بەڵام ئەم تاقیکردنەوەو دەستکەوتانە، ئەگەر بە ڕێگە تایبەتەکانمان بۆمان چەسپا، هەروەك بێگومان بوونی جیهانی پەری و جنۆکەمان بۆ چەسپا کە بە دەیان شێوە خۆیان دەردەخەن و دادەپۆشن و خۆیان بە نێوەندگیر نمایش دەکەین، بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئەوان ڕۆحی فلان یان فیسارن، و توانای دەوردانی هەموو شتێکیان هەیە... جا ئەگەر ئەمەمان بۆ چەسپا، ئەوا ئەمە بەسە بە دڵنیاکەرەوە بۆ دڵی ئەوانەی گومانیان هەیە لە جەختکردنەوەکانی قورئانی پیرۆز بەتایبەتی و ئاینەکان بەگشتی سەبارەت بە بوونی جیهانی جنۆکە لە پاڵ جیهانی ئێمە یان لە هەمان جیهانی ئێمەدا، ئەگەر وردبین بین ئەوا ئەمە تەنیا وەك چەپۆکێکی تر بەڕووی ئەوانەی نکۆڵی دەکەن لە جیهانی نەبینراو... ئەگەرچی زۆرێك لەوانە سەدان چەپۆکیش لە خەوە قوڵەکەیان خەبەریان ناکاتەوە!!.

سەختی و پوچی و بیٚ بنەمایی و مەترسیە دەروونیەکانی بانگهێشتکردنی ڕۆحەکان گەلێك زۆرن... ڕۆژێك لە بارەی موسڵمانێکەوە نەمانبیستووە هەر لە

سەردەمی هاوەڵان و شوێنکەوتووان و شوێنکەوتووی شوێنکەوتووان و ئەوانەش کە بەچاکە شوێنیان کەوتوون پیادەی کارێکی لەوشێوەیەیان کردبێ لەم مەیدانەدا..

بەڵام مادەم خودی گوماندااران لە کاتێکدا بەدوای دڵنیایی و ڕاستیدا دەگەڕێن لە میانەی قەناعەتە تایبەتیەکانیان و لەسەر ئەم ئاستە بەڵگە دەخەنەڕوو... ئەوا بۆچی سوودیان لێ نەبینین لە ململانێ و ڕیشەکێش کردنی خوانەناسی و ماددەگەرایی؟! بەو مەرجەی _ وەك چۆن جەختمان لەسەر کردەوە _ ئامانجە پیسەکان پەکبخەین؟! دەی بۆچی دەست بەو ڕێسایەوە نەگرین کە عومەری کوڕی خەتتاب (ڕەزای خوای لێبێت) فێری کردووین: (تاوانەکەیان لە ئەستۆی ئەوان و سوودەکەشیان بۆ ئێمەیە)؟!.

# چەند هێڵێکی سەرەکی لە

# خواپەرستی ئیسلامیدا

دیاردەیەکی سەرەکی هەیە کە چالاکی خواپەرستی لە ئیسلامدا پێی جیا دەبێتەوە ئەویش ئەوەیە کە تایبەت نییە بە چەند ماوەیەکی پچڕ پچڕ یان شوێنی دیاریکراو لە جیهاندا، بەڵکو ئەوەندە فراوانە کە هەموو شوێن و کاتێك بگرێتەوە... نەك تەنها ئەمەش، بەڵکو بریتییە لە خستنەوە یادی ئامادەگی توانا و ویست و دەورەدان و چاودێری و زانستی خوایی لە گەردوون و پەیی بردن بە ڕەهەندە گشتگیرەکانی... و بوونی پەیوەندیەکی بەردەوام لەگەڵ خوا لە هەر شتێك کە مرۆڤ دەیکات یان ویستی لەسەرە و هێشتا نەچووەتە دۆخی کردارەوە یاخود ئەو نیەت و مەبەست و ڕازو نیاز و هەڵبەز و دابەزینانەی کە لە دەروونی مرۆڤدا هەن... جا ڕێزگرتنە لە گەورەیی خوا کە گەردوون و ژیان و مرۆڤی لەسەر جوانترین بەرنامە و سیستەم دروست کردووە. و داننانی جوانە بە بەدیهێنەری داهێنەر کە بارودۆخێکی بۆ مرۆڤایەتی ڕەخساندووە کە بەهۆیەوە مرۆڤ دەتوانێت لە هەموو کاتێکدا بەختەوەری تەواو لە زەوی و ئاسماندا بەدەست بێنێت... خواپەرستی بەو واتایە بۆ هەموو ڕووبەروو و گۆڕەپانەکانی ژیانی دیارو نادیارو تایبەت و گشتی و تاك و کۆمەڵ و ماددی و مەعنەوی درێژ دەبێتەوە،

تەواو بەوشێوەیەی کە چۆن خوێن لە دەمارو خانەکانی لاشەی مرۆڤدا دێت و دەچێت.

لەم ڕاستیەوە ئەمە گەڵاڵە دەبێت کە دەبێ جیاوازی بکرێ لە نێوان ئەم یاسا خواپەرستیە گشتگیرە و هەندێك وێنەی خواپەرستی کە ئیسلام دیاری کردووە لەسەر شێوەی دروشم و ڕێوڕەسمی شێوەدار یان دیاریکراو وەك: نوێژ، ڕۆژوو، حەج و زەکات... جا لە حاڵەتی یەکەمدا هەر کردارێکی دیار یان نادیار دەکرێ ببێتە خواپەرستی ئەگەر مەبەستێکی باوەڕداری لە پاڵ بێت و بیەوێت هەموو چالاکیەکی بکاتە خواپەرستیەك کە بەهۆیەوە مرۆڤ لە خوا نزیك ببێتەوەو یادی بوونە ڕەها و توانا بێ سنوورەکەی بکاتەوە... ئەم یاسا گشتگیرە کە پێنج دروشمەکانی ئیسلام و چالاکیەکانی تریش لە خۆی دەگرێت هەر لەوەی کە زۆر بە چڕی ماددیە (وەك: ئەزموونی لایەنی جنسی و خواردن و خواردنەوە) تا شەو بەڕێکردنی دوورو درێژ بەبێداری بە مەبەستی نزیك بوونەوە لە خواو وردبوونەوەو ڕامان لە بەدیهێنراوانی.

لە ڕاستیدا جیاکردنەوەی دروشمەکانی ئیسلامی و بنچینەی خواپەرستی سەختە، بەهۆی بەسترانەوەی وردی نێوانیان، سەرباری ئەوەی کە خودی ئەم دروشمانە تەنها بەسەر لایەنی ڕۆحی ڕامێنەردا کورت نابنەوە، بەڵکو پەلدەهاوێژێ بۆ هەموو لایەنەکانی چالاکی کرداری مرۆڤ: بە جەستە و سۆزو جۆش و خرۆش و ڕۆح و عەقڵ و ئەندام و ویژدانەوە بەڵام دەبێ ئەم جیاکاریە بکرێ بەمەبەستی ڕوونکردنەوەی ئەم ڕاستییە سەرەکیە لە بینای ئیسلامی کە بۆ شوێنکەوتووانی بەرنامەیەکی کرداری دیاری دەکات بۆ سەرکەوتن و بەرز بوونەوە کە دەیگەیەنێتە دوورترین ئاسۆکانی لەو ساتانەی کە تیایدا مرۆڤ لەگەڵ خودی

خۆیدا یەکدەگرێ و دەبێتە دەربڕینێکی زیندووی خودی خۆی، بەشێوەیەك کە پیادەی هەر کارێك بکات ئەوا لە میانەی ئەمەدا هەست بە بوونی خوایی دەکات کە دەوری هەموو شتێکی داوە، ئەو کاتەش مرۆڤ بەرزترین پلەی موسڵمانێتیەکەی کە (ئیحسان)ە بەدەستدێنێ، ئەو کاتەش ئیسلام ڕۆڵی تەواوی خۆی گێڕاوە!!.

گومان لەوەدا نییە کە لەم بارەوە پرسیارێك دێتە ناو گوێچەکەکانەوە، ئەویش ئەوەیە ئەگەر ڕووبەری خواپەرستی ئیسلامی ئەمەندە پان و پۆڕ بێ کە ئەو گۆڕەپانە فراوانە لە ژیانی مرۆڤ بگرێتەوە ئەوا بۆچی ئیسلام دروشمی ڕۆژانە و ساڵانەی دیاری کراوی بۆ زیادکردووە کە خۆی لە ڕۆژوو یان حەج یاخود زەکات دەبینێتەوە... و لەسەر موسڵمانانی پێویستکردووە کە پێیەوە پابەندبن و فەرامۆشکردنی ئەو دروشمانەشی بە سنووری نێوان کوفرو ئیمانی داناوە؟.

وەڵامەکە زۆر بەخێرایی دێت لەوەی کە ئیسلام هاتووە بۆ ئەوەی لە دەستپێکە ئەرێنی و واقیعیەکەیەوە هەڵبستێت بە دیاریکردن و ڕێکخستنی شت و پەیوەندی و بەهاکان، لەبەر ئەوەی بەجێهێشتنی مرۆڤ (سەربەستانە) لە پیادەکردنی خواپەرستیەکەی ئەوا لە بنەڕەتدا مسۆگەری پیادەکردنی ئەو خواپەرستیە ناکات لەلایەن هەندێك لایەنگرانی خواپەرستی و بەردەوام بوونی لەلایەن هەندێکی ترەوە. جا بۆیە دەبێت ئاستێکی هەرە نزمی (پابەندکەر) دابنرێ کە وەك یاسا و بنچینەیەك بێت بۆ ئەوەی چاڵاکی زیاتری خواپەرستی لەسەر بنیات بنرێ کە بە (سەرپشکانە) و بەپێی توانا مرۆڤ بگەیەنێ بە پلەی (چاکەخوازی: ئیحسان) و گۆڕینی هەموو ژیان بۆ گۆڕەپانێکی خواپەرستی و یادی خوا!!.

ئێمە لێرەدا لەسەر باسی هۆکارەکانی ڕێکخستنی ئەم دروشمانە و داخوازیەکانی داین، جا لەبەر ئەوەی ئەم بابەتە توێژینەوەیەکی پێویستە و مەبەستیشمان ئەوە نییە لێرەدا بە تێروتەسەلی بیخەینەڕوو... تەنها ئەوە نەبێ کە دەمانەوێ چەند ئاماژەیەکی خێرا بدەین بە هەندێك تایبەتمەندی و ڕەهەندی خواپەرستی ئیسلامی، جا چ لە ڕووی بنچینە گشتگیرەکەی یان لە وێنە دروشمییە دیاریکراوەکەیدا:

یەکەم: بەڕاستی خواپەرستی لە ئیسلامدا (یان ئەوەی کە دەکرێ پێی بوترێت پەیوەندی بەردەوام یان کاتی بەخواوە) لەسەر خۆشەویستی و سۆزی (ویژدانی) دامەزراوە لە نێوان خواو بەندەکانی، نەك لەسەر بوغزاندن و ڕق و کینە و ترس و تۆقاندن، وەك چۆن لە ژمارەیەك ئاینی بتپەرستیدا هەیە کە مرۆڤی (ترساو) بتپەرستیەکەی دەکات لە ترسی ئەوەی نەوەك توڕەیی خوایە توڕەکەی بەسەردا برژێ. بێگومان ئەو پەیوەندیانە بەرۆشنی لە تراژیدیای یۆنانی ڕەنگی دایەوە کە ڕەهەندی ترسناکی ململانێمان بۆ وێنا دەکات لە نێوان ئەو خواوەندانەی سەرجەم چەکەکانیان بەدەستە و ئەو مرۆڤەی کە هیچ چەکێکی پێ نییە. جا خودی ئەم وێنەیە بەپێی ڕۆژگارەکان گوازرایەوە، لە دوو توێی دەستکەوتە وێژەییە گشتیەکان و شانۆییە تایبەتەکان کە ئەو ململانێیە دوو لایەنە هەر بەسەریدا زاڵ بوو لە نێوان هێزی ئامادە و پەنهان و مرۆڤ و خواوەندەکان[1]، جا لە ناو هەندێ ئاینی بتپەرستیدا پەرستش کردنی مرۆڤ تەنها بریتی بووە لە خۆپاراستنی لە لێدانێك کە دەکرێ لە کاتێکی دوور یان نزیك پێی

---

[1] بڕوانە بەشی (مشكلة القدر والحرية في المسرح الغربي المعاصر) لە کتێبی (فوضى العالم في المسرح الغربي الحاضر)ی دانراوی دانەر بکە.

بکەوێت. و ئێمە لە پەرستشکردنێکی لەوشێوەیەدا کە لەسەر ترس و تۆقاندن وەستابێ پێشبینی ئەوە ناکەین پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤ و بەدیهێنەرەکەی پتەوتر ببن و بەستەرەکانی خۆشەویستی نێوانیان بەهێزتر ببێت.

لە خواپەرستی ئیسلامیدا سۆزو خۆشەویستی دەگاتە پلە بەرزەکان، تەنانەت خوای پاك و بێگەرد لەسەر زمانی پێغەمبەرەکەی ﷺ لە هەندێك فەرموودەی (قودسیدا) پێمان ڕادەگەیەنێت کە پڕیەتی لە خۆشەویستی بۆ ئەو مرۆڤە باوەڕدارەی کە دەزانێت چۆن جێنشینایەتی ڕاستەقینەی خۆی پیادە بکات لەسەر زەوی، بە تەماشاکردنی سەرجەم فەرموودە قودسیەکان ئەوا بەڕۆشنی ئەو خۆشەویستیەمان بۆ دەردەکەوێت کە لەوانەیە هەندێك جار بگاتە ئاستی هاوڕێیەتی بەسۆزو خۆشەویستانەی ڕاستەقینە لە نێوان خوای گەورە و مرۆڤ: (... هەر کەسێك دژایەتی خۆشەویستێکم بکات ئەوا جەنگی لە دژ ڕادەگەیەنم، بەندەکەم بەهیچ شتێك لێم نزیك نەبووەتەوە کە لەلام خۆشەویستە لەوەی کە لەسەرم پێویست کردووە. بەردەوام بەندەکەم بە کاری خێرو سوننەت لێم نزیك دەبێتەوە تا خۆشم دەوێت. جا کە خۆشمویست ئەوا دەبمە ئەو گوێچکەیەی کە پێی دەبیستێ و ئەو چاوەی کە پێی دەبینێ و ئەو دەستەی کە دەستی پێ لە شت دەدات و ئەو پێیەی کە پێیی دەڕوات، ئەگەر داوای لێکردم پێی دەبەخشم. و ئەگەر پەنای پێگرتم پەنای دەدەم[١])[١]، (ئەگەر بەندە بستێك لێم نزیك ببێتەوە

---

(١) شایەنی باسە کە خوای مەزن پاکە لە شوێن و کات، تەنها بەدیهێنراوان دەکەونە ناو بازنە و چوارچێوەی کات و شوێن، خوای گەورە ناکەوێتە ناو ئەو بازنەیە، چونکە خۆی بەدیهێنەری هەموو شتێکە بە کات و شوێنەوە، بێ نیازە و جێگای نیازە. ئەم فەرمایشتەی پێغەمبەر ئەوە دەگەیەنێت کە مرۆڤ کاتێك لە پلەکانی بەندایەتی و خواپەرستیدا تەواو بەرزدەبێتەوە ئەوا ئەو سنوورانە نابەزێنێت کە خوای گەورە بۆی داناون، دەست بۆ شتێك نابات کە خوا حەرامی کردبێ، ناڕوانێتە شتێك و بەرەو

ئەوا گەزێك لێی نزیك دەبمەوە، ئەگەر گەزێك لێم نزیك بێتەوە ئەوا باڵێك لێی نزیك دەبمەوە، ئەگەر بە ڕۆیشتن بۆ لام هات ئەوا بە نیمچە ڕاکردن بۆ لای دەچم)[٢]، لە ئەبو هورەیرەوە (ڕەزای خوای لێبێت) هاتووەو وتویەتی پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (پەروەردگاری پاك و بەرزمان لە سێیەکی هەموو شەوێك بۆ ئاسمانی دونیا دادەبەزێت. دەفەرموێت: کێ لێم دەپاڕێتەوە تا وەڵامی بدەمەوە؟ کێ داوام لێ دەکات تا پێی ببەخشم؟ کێ داوای لێخۆشبوونم لێ دەکات تا لێی خۆشببم؟). و ئەبو سەعیدی خودری (ڕەزای خوای لێبێت) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (خوای مەزن بە خەڵکی بەهەشت دەفەرمووێت: ئەی خەڵکی بەهەشت!، ئەوانیش دەڵێن: وەڵامگۆ و ملکەچی تۆین و خێر هەموو لە دەستی تۆدایە. خوای گەورە دەفەرمووێت: ئایا ئێوە ڕازی بوون! دەڵێن: پەروەردگارمان بۆچی ڕازی نەبین لە کاتێکدا شتێکت بە ئێمە بەخشیوە کە بە هیچ بەدیهێنراوێکت نەبەخشیوە؟! جا خوا دەفەرمووێت: ئایا لەوە باشترتان پێ نەدەم؟ دەڵێن: جا چ شتێك لەوە باشترە؟ دەفەرمووێ: ڕەزامەندی خۆمتان بەسەردا دەڕێژم و هەرگیز لێتان تورە نابم)[٣].

---

شوێنێك هەنگاو نانێ و حەز لە شتێك ناکات کە خوا قەدەغەی کردبێ، بەمەش ویستی ئەم بەندەیە شتێك ناخوازێت کە مایەی ڕەزامەندی خوا نەبێت، و بەرنامەی خوا هەر جوڵەیەکی خۆویستی ئەم بەندەیە دادەڕێژێت و ئاڕاستە دەکات. (وەرگێڕ).

(١) بوخاری گێڕاویەتیەوە.

(٢) بوخاری گێڕاویەتیەوە. لە ڕاستیدا بابەتی پەیوەندییە ویژدانیەکان لە نێوان خواو مرۆڤدا لە فەرموودە قودسیەکاندا، پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زۆر هەیە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو لایەنە گرنگە لە تێڕوانینی ئیسلامیدا.

(٣) بوخاری و موسلیم هاوبەشن لە گێڕانەوەیدا.

دووەم: کرداری خواپەرستی لە ئیسلامدا وەستاوە لەسەر ڕۆشنی و تێگەیشتن و ژیربێژی و وردبوونەوەو ڕامان لە بەدیهێنانی ئاسمانەکان و زەوی و مرۆڤ، زۆر بەتووندی ساختەیی و پڕو پوچی و ئەفسانەیی و جادووگەری و نەریتە ناڕۆشن و ئاڵۆزەکان ڕەت دەکاتەوە کە لە پەرستش و دروشمەکانی ژمارەیەك ئایندا پیادە دەکرێت. گومان لەوەدا نییە کە پشت بەستنی ئەم جۆرە پەرستشانە بەشێوازی ئاوا ئاڵۆزو پێچراو لە دەرەنجامدا دەبێتە مایەی ئەو کردارەی پیاوانی ئاینی پیادەی دەکەن لە ساختەکردنی دروشمەکانی ئاینی و دەستکاری کردن و زیاد کردنی گەلێك مەتەڵ و نەریتی دەمامکدارو ئەفسانەیی بۆی. تا ئەو جەماوەرەی باوەڕی پێی هەیە توانای تێگەیشتن و وەرگرتنی بیروباوەڕەکەی نەبێ بە تەواوی و هەر بەترساوی بمێنێتەوە. ئەمەش وای لێدەکات کە هەمیشە پشت ببەستێت بە چینی پیاوانی ئاینی بۆ شیتەڵ کردنی هەندێك مەتەڵ و پێدانی ئارامی و جێگیری زیاتر. جا ئەم چینە ئاینیە کە زێڕو زیوێکی زۆر بۆ پیاوەکانی دەڕژێنێت ئەوا هەر ئەویشە پەرستش و دروشمەکانی نا ئیسلامی گەیاندە ئەم ئاکامە کە تێڕوانینی ئاینی بە هەموو شێوەیەك ڕەتی دەکاتەوە.

بەڵام لە ئیسلامدا چینی ئاینی و ڕێکخستنی کەهەنوتی نییە، بەڵکو دەقی بڕاوە هەیە کە لە قورئانی پیرۆزو سوننەتی بەپێزدا هاتوون، لە بواری دیاریکردنی پەیوەندی نێوان خواو بەندەکان و ڕێکخستنی دروشمە ئاینیەکان... خواپەرستی پاکی و ڕۆشنی و کراوەیی و گونجانە دەرئاسا و موعجیزەکەی خۆی پاڕاستووە لەگەڵ بەرهەمەکانی عەقڵی مرۆیی. نەك تەنها ئەمە بەڵکو خودی خواپەرستی بە نوێژ و حەج و ڕۆژووەوە بریتییە لە بانگی (عەقڵ) دەکات بۆ کارو وردبوونەوەو توێژینەوە لە موعجیزایەتی بنیاتی گەردوونی کە هەردەم مرۆڤ

دەبات بەرەو ئەنجامدانی خواپەرستیەکەی بە ڕێك و پێکتر، ئەوانەی بیر لە ئاسمانەکان و زەوی دەکەنەوەو پاشان بە ملکەچیەوە دەڵێن: ﴿رَبَّنَا مَا خَلَقْتَ هَٰذَا بَٰطِلًا سُبْحَٰنَكَ فَقِنَا عَذَابَ ٱلنَّارِ﴾ آل عمران: ١٩١. واتە: (پەروەردگارا؛ تۆ ئەو هەموو دروستکراوانەت بێهودە و بێ ئامانج دروست نەکردووە، پاکی و بێگەردی شایستەی تۆیە، دەتۆش بمانپارێزە لە سزای ئاگری دۆزەخ).

سێیەم: لە کاتێکدا پەرستشی ئاینەکانی تر هەڵسوکەوت لەگەڵ لایەنێك لە لایەنەکانی مرۆڤ دەکات لە وەڵامدانەوەی داخوازیەکانی، لایەنی ڕۆحی وەك چۆن لە مەسیحیەتدا هەیە یان لایەنی جەستەیی وەك چۆن لە ئاینە سەرەتاییەکاندا هەبووە یاخود لایەنی عەقڵی وەك لە هەندێك ئاینی خۆرهەڵاتیدا هەیە... دەبینین پەرستش لە ئیسلامدا وەڵامی هەموو داخوازیەکانی پێکهاتەی مرۆڤ دەداتەوە بە عەقڵ و ڕۆح و سۆزو جەستە و ویژدانەوە... و تەماشاکردنێکی خێرای هەر چاڵاکیەکی خواپەرستی ئیسلامی ئەوا ئەو هاوسەنگیە لە نێوان پێکهێنەرەکانی مرۆڤ پیشان دەدات.

ئەم هاوسەنگی و گونجان و گشتگیریە دەگاتە لوتکەی جوانی و ڕۆشنیەکەی لە نوێژدا کە بە شێوازێکی هونەری و جوڵەیی موعجیزەدار ڕێکخراوە، مەبەستم لەوەیە کە لە میانەی نوێژدا هەموو پێکهێنەرەکانی مرۆڤ و وزە عەقڵی و جەستەیی و ڕۆحیەکانی (بجولێ) بۆ ئەوەی بە هاوسەنگی کار بکات. ئەوەی کە ڕۆژانە پێنج جار (بەلایەنی کەم) بیری مرۆڤ دەخاتەوە کە ژیان بوونی شتێکی پەرتەوازەو بێ سەروبەرو نا هەوسەنگ نییە... کە هەر یەکەی پێویستی بە چاڵاکی و کارێك بێت و مرۆڤ پارچە پارچە بکات و دووچاری دووفاقی و دوودڵی

بکات و لە دەرەنجامدا ژیانی بکاتە دۆزەخێکی بەرگە نەگیراو... بەڵکو بە پێچەوانەوە: نوێژ یەکێتی خودیە لە موسڵماندا... لە پێکهێنەرە کەسیەکان لەلایەك و لە نێوان موسڵمان و هێزە دەرەکیەکان لەلایەکی ترەوە... و هاوسەنگی و گونجانە لە نێوان داخوازی و پێداویستیەکانی بوونی مرۆڤ لەسەر زەوی و بانگەوازی سەرەنجامەکەی لە ئاسمان. جا ئەگەر نوێژ ئەوە داوا بکات... کە دروشمێکە زۆر پەیوەستە بە ئەزموونە تایبەتەکانی مرۆڤ و پەیوەندییە ڕۆحیەکانیەوە جا سەبارەت بە چالاکیەکانی تر چی لە گۆڕەپانی پان و فراوانی ژیان؟.

خواپەرستی ئیسلامی بەشێوەکی زۆر چالاك بەشداربوو لە ئازاد کردنی مرۆڤ بە هەر سێ ئاڕاستەوە، یەکەمیان ئاڕاستەی ئاینی، جا بۆ موسڵمان فەراهەمە کە بە ئازادی ڕەها پەیوەندی بکات بە خواو خواپەرستی بکات بێ یارمەتی وەرگرتن لە (پیاوانی ئایین) یان (بتەکان) یاخود (دەستە) یان (دامەزراوە) ئاینیەکان، هەروەك بۆی هەیە بە ئازادانە بۆ لای خوا بگەڕێتەوەو تۆبە بکات بێ (بلیتی لێخۆشبوون) کە دەرکردنی ئەم بلیتانە پەیوەستە بە پیاو یان دەستەی ئاینی جیبەجیکار. جا لە ڕێی ئەم ئازادیەوە موسڵمان دەتوانێت ئەو کۆسپ و لەمپەرانە تێپەڕێنێت کە دێنە سەر ڕێگەی شوێنکەوتووانی زۆرێك لە ئاینەکانی تر و ڕێیان لێدەگرێ لە ڕۆیشتن بەرەو خواپەرستی یان گەڕانەوە بۆ لای خواو تۆبەکردن تەنها لە دوای دانی نرخێك یان سەردانەواندن یاخود بەڵێنی گوێڕایەڵی نەدەن!! زۆربەی جاران (دەسەڵات) ئەم ڕێکخستنە ئاینیە هەڵەیە بە هۆکار دادەنێ بۆ زاڵ بوون و ترس و تۆقاندن و خۆسەپاندن بەسەر باوەڕداران هەر کاتێك بۆی هەڵکەوت.

دووەمیان ئاڕاستەی سیاسی و کۆمەڵایەتیە، هەردەم خواپەرستی ئیسلامی شوێنکەوتووانی بارگاوی دەکات بە ئازادیخوازی و هۆشیاری بەردەوام و ئازادبوون لە ملکەچ بوون بۆ هەر هێزێك لەسەر زەوی، و ملدانەواندن و سەرشۆڕکردنی تاغوتە سیاسی یان ئابوریەکان... چونکە خواپەرستی لە هەموو ڕۆژو کاتژمێرێك موسڵمان فێری ئەوە دەکات کە (هیچ خوایەك نییە بە هەق تەنها خوای گەورە نەبێت) و خوا مەزنترە لە هەر هێزێك کە لەسەر زەوی هەبێت و هەر ئەویش شایەنی مل بۆ کەچکردن و گوێڕاڵی بۆ نواندنە. و خواپەرستی هەمیشە ئەو هەستە لای موسڵمان دروست دەکات کە مادەم خوای پاك و بێگەرد توانای ڕەهای هەیە لە ئەنجامدانی هەر کردارێك ئەوا پەنا بۆ بردنی باشترین پارێزەرە کە دەکرێ موسڵمان پشتی پێ ببەستێت لە ململانێکەی لەگەڵ تاغوتەکاندا. جا لە هەر دوو بارودۆخدا موسڵمان کە خواپەرستی دەکات زیاتر هەست بە ئازادی ویژادنی دەکات لە کاتێکدا لەگەڵ خوا دەدوێت و لێی نزیك دەبێتەوە بە بەرەنگار بوونەوەی هێزو تاغوتەکانی سەر زەوی.

هەروەك موسڵمان لە کاتێکدا سەرگەرمی ئەنجامدانی خواپەرستیە جۆراو جۆرەکانیەتی، تێڕوانینەکانی ئیسلامی لە هۆشیدا جێگیر دەبێت، ئەو تێڕوانینانەی کە دامەزراوە لەسەر ڕێزداری و بێ هاوتایی مرۆڤ لەسەر زەوی و مەزنتر بوونی لەسەرجەم بەدیهێنراوان، ئەوا موسڵمان زیاتر هەست بە ئازادی دەکات کە ئەم وێنە پڕشنگدارو بەرزە پێی دەبەخشێت سەبارەت بە پێگەی مرۆڤ لەسەر زەوی و وزەیەکی مەزنی خودی پێدەدات، هێزێك کە بێ سنوورە لە ململانێکردن لەگەڵ هێزە ماددیەکان و ویستە نزمخوازەکان، کە زۆرێك واگومان

دەبەن _ بەهۆی ڕزگار نەبوونیان لە ترس و فشاری دەروونی و کۆمەڵایەتی _ کە ئەم نزم بوونەوەیە هەر دەبێت و هەر دەبێ بە ڕەهایی بۆی ملکەچ ببێت.

لە دواییدا ئازادکردنی ئاراستەی سێیەم دێت کە ئاراستەی فەلسەفی میتافیزیکیە، کە وەستاوە لەسەر بەرچاوڕۆشنی مرۆڤ سەبارەت بە ئازادی خۆی لە هەڵگرتنی بەرپرسیارێتە تەواوەکەی لە ژیانی دونیادا و دیاریکردنی چارەنووسی خۆی... چونکە پەرستش لە چوارچێوە گشتگیرەکەیدا کۆشش و داهێنان و پابەندی و گوێڕایەڵی و سەرپشکیە... هەر کاتێك مرۆڤ چالاك بوو لە گەرم و گوڕیدان بە خواپەرستیەکەی و هەنگاو دوای هەنگاو لە پلەی (ئیحسان) نزیك بووەوە، کە پلەی (لوتکە)یە هەموو موسڵمانێك ئاواتەخوازە بە ویستی تایبەتی خۆی ڕۆژێك بەو پلەیە بگات. جا ئەم هەستکردنە قوڵە بە ئازادی مرۆڤ لە قوڵکردنەوەی خواپەرستیەکەیدا ئەوا لە هۆشیدا یەکێك لە چەمکەکانی ئیسلام زیاتر تۆخ دەکاتەوە کە لەسەر ئازادی مرۆڤ وەستاوە لە داڕشتنی بوون و یەکگرتووی نێوان و ئاکامەکەی. سەرباری ئەوەی خواپەرستی وەك هۆکاری تۆبەکردن و سوککردنی هەڵە و تاوانەکانی پێشووش دێت، دواتر خواپەرستی ئەو دەروازە فراوانەیە کە بەکراوەیی لەسەر پشت دەمێنێتەوە، مرۆڤ دەزانێت کە ئەو ئازادە لە هەڵبژاردنی ئەم سەرەنجامە... لە توانایدایە کە بە درێژایی قۆناغەکانی ژیانی لەو دەرگایەوە بچێتە ژوورەوە بەرەو گۆڕەپانی خوای لێخۆش بوو و لێبوردە، کە ڕەحمەتەکەی دەوری هەموو شتێکی داوە..

پێنجەم: دوای ئەمە دێینە سەر یەکێك لە تایبەتمەندیە سەرەکیەکانی خواپەرستی، ئەوەی کە هۆشیارکەرەوەو پاڵنەرێکە موسڵمان بەرەو ئەوە دەبات کە بەردەوام ویژدانی بە ئاگا بێت و بەرپرسیارێتی تەواو لە ئەستۆ بگرێت و داهێنان

بکات یان بە ڕێك و پێکی هەڵسێت بە هەر کارێك کە ئەنجامی دەدات و سەرجەم تواناکانی بقۆزێتەوە لە پێناو بەرهەم و دەستکەوتی زیاتر بەپێی توانا خودیەکان و هێزەکانی کە بارودۆخە بۆماوەیی و ژینگەیەکان دایانڕشتووە... گومان لەوەدا نییە کە ئەمە پاڵنەرێکی شارستانی داهێنەرە کە مرۆڤ هاندەدات بۆ هەڵساندنەوەی هەموو هێزەکان لە پێناو کاردا، نەك تەنها ئەمە، بەڵکو ئاڕاستەکردنی ئەو تواناکانە بە چەشنێکە کە کاری خۆی بە جوانترین و تەواوترین شێوە ئەنجام بدات، جا موسڵمان کە پەیوەندی بەخواوە دەکات و ئەوەی لە یادە کە خوا دەوری هەموو شتێکی داوەو لە ناخی دەروونیەوە هەست بە چاودێری پەروەردگار دەکات و بەڵێنە گەورەکەی خوای لەبەرچاوە بۆ ئەوانەی کارەکانیان بە چاکی و پەلە دەکەن لە جێبەجێ کردنیدا... ئەوا خۆی لەبەردەم دوو شتدا دەبینێتەوە: یان وەڵامدانەوەی بانگەوازی ویژدانی ئاینی لە پێناو بەدەستهێنانی بەختەوەری دەروونی زیاتر و پاداشت، ئەمەش سەردەکێشێت بۆ بەرپرسیارێتی و کاری بەردەوام و ڕێك و پێك، یان ڕەتکردنەوەی ئەم بانگەوازەو هەڵنەگرتنی بەرپرسیارێتی و خراپ ئەنجامدانی کار، ئەمە دەبێتە مایەی سەرشۆڕیەکی مەزن، چونکە ئەو وەك موسڵمان، لە هەر ڕۆژو کاتژمێرێکدا سەدان ئاگاداری پێدەگات لەبارەی ئەوانەی کە خواپەرستی دەکەن و دواتر ئەو پەرستشە بەرهەمێکی ئەرێنی نابێت لەسەر واقیعی ژیانی ڕۆژانە. دواتر قورئانی پیرۆز وەسفی موسڵمانە ڕاستگۆکان دەکات بەوەی (پەلە دەکەن لە ئەنجامدانی کاری خێرو چاکەدا) و (پێشڕەون لە کاری خێردا). لە هەر دوو دەربڕینەدا هەست بە ڕەهەندی کات دەکەین: (خێرایی) و (پێشڕەو)... ژیانی دیاریکراوی موسڵمان هەل و فرسەتێك بووە بۆ (پێشبڕکێ لەگەڵ کات) ئەمەش دەبڕی سەرجەم تواناکانیەتی

بۆ کردارو دەستکەوتی شارستانی بەر لە تێپەڕبوونی ڕۆژەکان و تەندروستی تێك بچێت و توانای نەمێنێت، ئەو کاتەش توانای نەبێت لەسەر ئەنجامدانی هیچ کارێك و دواتر تاکە هەلی هەڵبژاردن لە دەست بدات کە خوا لە ژیانی دونیادا پێی داوە.

ئەگەر _ بۆ نموونە _ وادابنێین پێوەری ناوەندی بۆ یەکەکانی وزە کە هەر مرۆڤێك هەیەتی یەکسانە بە چل، ئەوا ئیمانی زیندوو کە بەهۆی خواپەرستی و یادی بەردەوامی خوا دەتەقێتەوە، ئەوا موسڵمان نزیك دەکاتەوە لە دەربڕینی ئەو پەڕی تواناکەی بەپێی جوانترین شێوە، کە لەوانەیە سی و پێنج یان زیاتر لەو یەکانە بقۆزێتەوە.

ئەگەر باوەڕ هانی تاکەکانی کۆمەڵگەیەکی موسڵمانی دا یان وای لێکرد زۆربەی یەکەکانی تواناکانی بقۆزێتەوە بە جوانترین شێوە، بەڕاستی لە توانای ئەم کۆمەڵگەیەدا هەیە پێشبڕکێ بکات و شتی ئەستەم بێنێتە کایە. ئێمە ناتوانین لە دەستکەوتە مەزن و خێراکان تێبگەین کە چینی هاوەڵان و شوێنکەوتووان بەدەستیان هێنا و لەسەر ڕووی لاپەڕەکانی مێژوو تۆماریان کرد. تەنها بە گەڕانەوە نەبێت بۆ ئەم ڕاڤەیە. جا ئەزموونی (هەڵکەندنی چاڵ: خەندەق) لە جەنگی ئەحزاب و پرۆسەی ڕزگاریخوازی ئیسلامی _ بۆ نموونە _ تەنها بەرجەستەکەری ئەم سەلمێنراوە بووە لە مێژووی شارستانیەکاندا. ڕاستی ئیمان و باوەڕی ئاینی کە خواپەرستی ڕێکخراوی بەردەوام و یادی خوا هێزی پێدەدات ئەوا بەرجەستەکەی ئەم پاڵنەرە شارستانیەیە کە زۆرێك لە فەیلەسوفەکانی مێژوو و ڕاڤەکارانی هانداوە کە بڵێن زۆربەی شارستانیەتەکانی مرۆڤایەتی لەسەر بنچینەی ئەزموونی ئاینی دامەزراون، و تیشکدانەوەی گەرم و گوڕی هەستی ئاینی لە

ویژدانی مرۆڤدا زۆرێك لە گەل و کۆمەڵەکانی لە نەفامیەوە بۆ شارستانیەت و لە تاریکیەوە بۆ ڕووناکی دەرهێناوە..

شەشەم: لەوانەیە یەکێك پرسیار بکات ئەگەر ئامانجی مرۆڤ لە گەردووندا بریتی بێ لە خواپەرستی (وەك چۆن قورئان جەختی لەسەر دەکاتەوە)، ئایا ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە لێرەدا مرۆڤ تەنها شتی لێداواکراوە بێ ئەوەی هیچ وەربگرێت؟ وەڵام: نا شتی وا نییە!! چونکە خواپەرستی لە ئیسلامدا _ وەك چۆن خستمانەڕوو _ بریتییە لە ئەزموونی هەرە مەزنی ژیان کە لەسەر هاوسەنگی بێ هاوتا دامەزراوە لە پێدان و وەرگرتن. و مرۆڤ دەگاتە لوتکەی مرۆڤایەتیەکەی کاتێك دەگاتە خاڵێك کە هاوسەنگی تێدا بەدەستدێنێت، دەبینین دەگاتە ئەوپەڕی پلەی گونجان و یەکێتی دەروونی و زیندوێتی هەستی و چالاکی ڕۆحی و کرانەوەی عەقڵی و جوڵەی جەستەیی... چونکە خوای پاك و بێگەرد _ کە زاناترە بە ماڤی خۆی _ خواپەرستی کە ئامانجی بەدیهێنرانی هەموو بەدیهێنراوانە کردوویەتیە کلیلی ئەو ئاکام و چارەنووسەی کە هەموو مرۆڤێك حەزی لێیەتی. جا چ مرۆڤێك هەیە لەسەر زەوی کە حەز نەکات یەکگرتوو و گونجاو و بە جوڵە و چالاك بێت؟!.

پەرستش لە ئیسلامدا بریتی نییە لە _ هەروەك چۆن لە زۆر ئاین و بیروباوەڕدا بەدی دەکرێت _ گفتوگۆیەکی لاوەکی لەگەڵ خوای بێگەرد لە چەند کاتژمێرێکی دیاریکراوی شەو یان ڕۆژدا، گفتوگۆیەك کە خۆی ببینێتەوە بە ئەنجامدانی هەندێك جوڵە و گێڕانەوەی دەربڕین و درووود کە پێشتر نووسراون و ئارام بوون بە ئەندازەی کاتی ئەم گفتوگۆیە. جا هەر کە ئەم خواپەرستیە لاوەکیە یان نوێژ کە لە پەیوەندیەکی کاتی زیاتر نییە تەواو بوو کە زۆربەی جاران بە تەمبەڵی ڕۆحی ئەنجام دەدرێ ئەوا مرۆڤ دەگۆڕێ بۆ ڕەوتێکی ژیانی بەژاوەژاو بۆ

ئەوەی ئامێرەکانی بجوڵێنێت کە بەهۆی کاتی نوێژەوە بەستبوون!! و دوای ئەو نوێژە بە کەسایەتیەکی تر هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەوانی تردا دەکات، کە بریتییە لە کەسایەتی دونیاگەرایی کرداری بە جوڵە. بەڵام لە ئیسلامدا هەموو چالاکیەکانی مرۆڤ دەبنە خواپەرستی، مادەم ئەو مرۆڤە خوای مەزنی لەبەرچاو گرتووە..

پێنج نوێژەکە تەنها وێستگەی بە یادهێنانەوەو پڕکردنەوەی وزەی ڕۆحی مرۆڤن، بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت لە ڕۆیشتنەکەی بەردەوام بێت، لە کاتێکدا خوای گەورەی لەبەرچاو گرتووە... و ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان بریتییە لە وێستگەیەکی ساڵانە بۆ بەجێگەیاندنی ئەم ئەرکە... سەبارەت بە حەج ئەوا وێستگەی تەمەنە کە مرۆڤ لێیەوە دەردەچێت بە سووك و پوختی وەك هەمان ئەو ڕۆژەی کە لە دایکی خۆی بووە... جگەلەوە ئەوا سەرجەم کاتەکانی شەوو ڕۆژ بریتین لە خواپەرستی، و هەموو کرداری ڕۆحی و فیکری و جەستەیی پەرستشن. جا لە میانەی هەر کردارێکی مرۆڤدا خوا زیاتر بۆ ئەو مرۆڤە بەدەرکەوت و درەوشایەوە ئەوا ئەو کردارە زیاتر دەگونجێت لەگەڵ چەمکی خواپەرستی گشتگیرو قووڵ. و ئەو درەوشانەوە یان (ئیحسان)ە هۆی دڵئارامی پێغەمبەر ﷺ بوو، ئەمەش تەنها بە ئارامگری و بەردەوامی دەستەبەر دەبێت، زۆر ناخایەنێت کە لە بەرهەمە شیرینەکەیدا وەك گوڵای سەرمۆر... ئەوا لەوێدا ئەزموونی پێدان و وەرگرتن هاوسەنگ دەبێت[١]..

---

(١) لەبارەی تایبەتمەندی چوارەم بڕوانە توێژینەوەی (الطبيعة في الفن الغربي والإسلامي) دانراوی دانەر، مؤسسة الرسالة، بیروت _ ١٩٧٧.

# ســـــەرەنجـــێـک

## (دەربارەی پرۆژەی نووسینی مێژووی عەرەب و ئیسلام)

لە میوانداری زانکۆی کوەیتدا، ئەمینداریێتی گشتی زانکۆکانی عەرەبی ئەرکی (پرۆژەی نووسینی مێژووی عەرەب و ئیسلام)ی گرتەئەستۆ لەوەتەی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٧٤ز، کارەکە تا ئێستاش بەردەوامە، لەبەر ڕۆشنایی هەندێك ئاماژە و سەرەنجی کارەوە کە لیژنە تایبەتەکان تاوتوێیان کرد و لە (پەڕاوی کار)ی تایبەت بە پرۆژەکەدا ڕایانگەیاند، زۆر خاڵی پڕ بایەخی لەخۆگرت. ئەو وتارەی خوارەوەش تەنها خستنەڕوویێکی چڕو جەختکردنەوەیە لەسەر ژمارەیەك لەو سەرنجانەی کە لە (پەڕاوی کار)دا هاتبوون، هەندێك سەرەنجیشم بۆ زیاد کردووە.

١_ دەستکردن بە پێشکەشکردنی شرۆڤەیەکی بابەتیانە (کە گشتگیر بێت) بۆ ناساندنی گرنگترین ڕووخسارو تایبەتمەندی و خەسڵەت و ڕەگەزەکانی بێ هاوتایی و پێکهێنەرەکانی کەسایەتی مێژووی ئیسلامی لە پێناو دانانی هێماکانی کار کە هەموو توێژەران پێیەوە پابەند بن، جا کار بکەن لەسەر قۆناغی سەرەتای ئیسلام یان سەردەمی عەبباسی یاخود سەردەمەکانی دواتر، تا توێژینەوەکانیان پێچەوانەوەو پەرتەوازە نەبن لە تێڕوانیندا، لە خستنەڕوو و شرۆڤەدا بەریەك نەکەون، چونکە بەریەك کەوتن دەبێتە هۆی خستنەڕووی توێژینەوەیەکی

مێژوویی کە یەکێتی پەیڕەو و بابەتی تێدا نییە و هیچ ئامانجێکی ئەرێنی دەست ناخات.

بە دەربڕینێکی تر، ئەم شرۆڤەیە وەك ئاستی هەرە نزمی هاوبەش دەبێت کە پێویستە هەموو توێژەران پێیەوە پابەند بن، چونکە دەبێتە ئەو هێڵەی کە هەموو توێژینەوەکانیان ڕێکدەخات و دووری دەخاتەوە لە ڕیزپەڕی و پەرتەوازەیی و بەیەکدادان کە دەبێتە مایەی شڵەژانی ئەو قوتابی و فێرخوازانەی پشت بەم نووسەرە دەبەستن، هەروەها دەبێتە هۆی وروژاندنی گومان و تێکگیران لە تێڕوانینی قوتابیان سەبارەت بە بەرهەمەکانی مێژووی ئیسلامی.

٢_ دڵنیا بوون لە تێبینی کردنی ئەو تایبەتمەندیانەی کە لیژنەی ڕاسپێرراو پێی دەگات لە هەڵسان بەو شرۆڤەیەی کەمێك پێشتر باسکرا، و پابەند بوون بە سەرنجەکانی لە میانەی هەڵسان بە پرۆسەی نووسین و دانان. ئێمە لێرانەدا دەمانەوێت پێشوەختە جەخت بکەینەوە لەسەر گرنگترین و ڕۆشنترین و گرانترین و پێویسترین ئەم تایبەتمەندیانە:

أ_ هاوسەنگی ڕێژەیی کە مێژووەکەمان بەخۆیەوە بینی لە نێوان هێزی ماددە و بەهای ڕۆح _ سەرباری لەرز تێکەوتنی بەرەو لای ڕاست و چەپ _، کە سەرکێش بوو بۆ پاراستنی بەرهەم و دەستکەوتەکانی ئەم مێژووە لە لادانی کۆتایی بەرەو ماددەگەرایی یان جیابوونەوەی تەواو بەرەو ئاڕاستەی ڕۆحی. ئەمە هاوسەنگیەکە ناکرێ لە هیچ هەوڵێکی توێژینەوەو ڕاڤەکردنی مێژووەکەماندا پشتگوێ بخرێت.

ب_ هاوسەنگی ڕێژەیی لە نێوان هەر دوو خواستی ڕەوشتی و سوودگەرایی لە ئاشتی و جەنگدا.

پ_ کرانەوە بە ڕووی جیهانی فراواندا بە بەخشین و وەرگرتن، کە گرێ و گۆڵ و هەستیاریی جڵەوگیری ناکات.

ت_ هاوسەنگی ڕێژەیی لە نێوان سروش و عەقڵ و ئەزموون لە وەرگرتنی زانیاریدا.

((مێژووی ئیسلامی بە مەشخەڵ و خەسڵەتی ڕەسەن جیادەکرێتەوە لە مێژووەکانی تر کە کەسایەتیەکی سەربەخۆی پێدەدات، کە جگە لەخۆی زیاتر بەرجەستەکەری بەیەکگەیشتنی داهێنەرە لە نێوان ئاسمان و زەوی، داخوازی مرۆڤی باوەڕدار بۆ گێڕانەوەی ڕێڕەوی ئەزموونی مرۆیی بۆ سەر ڕێگە ئاساییەکەی و هەنگاونان بەرەو ئامانجە نەخشە بۆکێشراوەکەی لە گەردووندا. ئەو مێژووەی کە وێنای هەوڵ و کۆششی مەزنمان بۆ دەکات کە موسڵمانان خەرجیان کردووە لە دیاریکردنی سەرەنجامیان بەپێی پەیڕەوێکی تاقانە کە لە یەك چوارچێوەدا: دەرو دەروون و ئامادەیی و پەنهان و سروشت و ئەودیو سروشت و خاك و جوڵە و مادده و ڕۆح و قەدەرو ئازادی کۆ بکاتەوەو ڕێگە لەبەردەم مرۆڤ واڵا بکات بۆ پێشکەش کردنی ئەوپەڕی تواناکانی لە بنیاتنانی شارستانیەتێکی نە لەرزۆك، شارستانیەتێك کە چاڵاکی و کارایی پیشەسازیەکەی هەموو گۆڕەپان و یەکەکان بگرێتەوە: هەڵسوکەوت و هونەرو زانستەکان و فەلسەفە و یاسا و دەروون

و کۆمەڵگە لە باوەڕێکی قوڵ سەبارەت بە ڕۆڵی مرۆڤ گەڵاڵە بووبێ لە گەردووندا و ئامانجداری چالاکی و هاوسەنگیەکەی))[1].

٣_ ئەندازەیەك لە هاوسەنگی نواندن لە نێوان لێکۆڵینەوە لەلایەنە سیاسیەکان _ سەربازیەکان، و شیکردنەوەو پشکنینی لایەنە شارستانیەتیەکان، لەگەڵ پێویستی ڕوانینە دەستکەوتەکانی شارستانی بەوپێیەی کە کەرت و بەشی پەرش و بڵاون لە ناو گشتێکی فراواندا کە واتادارو ئامانجداریان دەکات.

پێویست نییە لێکۆڵەران بوەستێت لەسەر تێکڕای وردەکاریەکان کە سەرچاوە کۆنەکانمان لەخۆیان دەگرێت، بەتایبەت ئەوەی پەیوەستە بە لایەنی سیاسی و سەربازی مێژووەکەمان، پێویست ناکات لێکۆڵەر ببێتە دیلی ئەم گەلەدەقە زۆرە، کەواتە پێویستە شتە وردەکان بۆ گشتیەکان و ڕووداوی بچوك بۆ واتای مەترسیدار جێبهێڵێت، لە ئاست سنووری دەق و ڕووداو نەوەستێت بەڵکو بیبڕێت بۆ واتا قوڵ و ئاماژەکانی، ئا لەو کاتە دەتوانێت تواناکەی لەسەر مەبەستەکەی کۆگیر بکات، جا هەر کۆمەڵێك وردەکاری لە ژێر فلان یان فیسار واتا کۆدەبێتەوەو ئاماژەیەکمان پێدەدات، لە ناوکۆی بزوتنەوەی مێژوویی قەبارە گەورەتر، دواتر ئەو شتە لاوەکیانە دەبنە کەرستەی چەندێتی یان نموونەی وێکچووی فرەواتا، دەکرێ پشت بە ژمارەیەکی دیاریکراوی نموونەکانی ببەسترێت بۆ گەیشتن بە شێوەی بنیاتنەری هەرە مەزن بۆ واقیعی مێژووییەکە، پاشان خۆ ڕزگارکردن لە کەڵەکە بووی وردەکاریەکان کە شڵەژان زیاتر لە مێشکی خوێنەردا دروست دەکات

---

(1) زیاتر زانیاری بڕوانە (اقتراحات في التدريس والمنهج التاريخي)ی دانراوی دانەر، گۆڤاری (حضارة الإسلام، ژمارە: ٩ _ ١٠) ساڵی ١٦.

نەك ئەوەی زاڵبوون بەسەر بزوتنەوەی مێژوویی و تێگەیشتن لە سەرەنجامەکەی فەراهەم بکات.

٤ _ فەراهەم کردنی ئەندازەیەك لە هاوسەنگی لە نێوان خستنەڕووی ئەکادیمی پوخت بۆ واقیعە مێژوویی و سیاسی و شارستانیەکان، هەروەها لە گرتنەبەری هەڵوێستی فەلسەفیانە بۆ ڕاڤەی ئەم ڕووداوانە و هۆکارەکانی دروستبوونیان و ئاماژەکانی ئاڕاستەکانیان و دەرەنجامی سەرەنجامیان، بەو مەرجەی سەرجەم ئەو هەڵوێستانە لە تێڕوانینێکی جۆرێتی لەگەڵ یەك گونجاودا ڕێکبخرێن، پابەند بێ بە ئاستی هەرە نزمی ئەو بنچینە و شتانەی باسیان لێوەکرا، جا یەکێك بە ڕەهایی ڕاڤەی ماددەگەرایی نەگرێتەبەر لە کاتێکدا یەکێکی تر ڕاڤەی نموونەگەرایی یان شارستانیانە یاخود ڕۆحیانە بگرێتەبەر، بەڵکو ئەو هەڵوێستانە بە ئەندازەی گونجان هەوڵ بدەن بۆ پشت بەستن بەو فەلسەفەی کە گونجاو و شیاو و هەماهەنگترینە لەگەڵ جوڵەی مێژووی ئیسلامی و لە هەموو فەلسەفەکانی تر بەتواناترە لەسەر ڕاڤە کردنی.

٥ _ پشت بەستن بە شێوازێکی ڕەخنەیی ڕەسەن لە هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ تێکڕای ئەو گێڕانەوانەی کە سەرچاوە (کۆنەکانمان) خستوویانەتەڕوو و بەڕەهایی ملکەچ نەبوون بۆ هەموو ئەو شتانەی مێژوونووسە کۆنەکانمان دەیخەنەڕوو، خستنەڕووی گێڕانەوەی مێژوویی _ بەر لە ملکەچ بوون بۆی _ و بەراوردکردنی لەگەڵ ڕێڕەوی گشتی قۆناغە مێژووییەکە بۆ زانینی ئەوەی کە ئایا دەکرێ خوێن و گۆشتی ئەو گێڕانەوەیە یەکبگرێ لەگەڵ خوێن و گۆشتی ئەو قوناغە مێژووییە؟ سەربارەی ئەوەی کە دەبێ پشت ببەسترێت بە پێوەرەکان و ڕەخنە

ناوەکی و دەرەکیەکان بۆ گەیشتن بە دڵنیاییەکەی تەواو سەبارەت بە دروستی گێڕانەوەکە.

دەکرێ لە لایەنی ڕەخنەی دەرەکی _ تا ئاستێکی زۆر _ سوود وەربگیرێ لە هەر دوو زانستی (زاراوەی فەرموودە: مصطلح الحديث) و (متمانەدارو لەکەدارکردن: الجرح و التعديل) کە بەشێوەیەکی فراوان پیادەکراون لە پرۆسەکانی پاڵفتە و بژارکردنی فەرموودەکانی پێغەمبەردا، هەروەها سوود وەربگیرێ لە کتێبەکانی ژیاننامە دەوڵەمەندە بە پیتەکان، هیچ ئوممەتێك لەسەر زەوی وەك ئوممەتی ئیسلام گرنگی نەداوە بە پاڵفتەکردنی هەواڵ و مێژووەکەی، جا لێرەدا ژیاننامەی نیو ملیۆن کەس هەیە کە بەشدار بوونە لە پێشکەشکردنی فەرموودە و هەواڵ و گێڕانەوە مێژووییەکان کە ناکرێ متمانەیان پێبکرێ و وەربگیرێن تەنها دوای پشکنینی ئەو کەسانە نەبێ کە گواستوویانەتەوە.

دوای ئەمە توێژینەوەی مێژووی ئیسلامی بەشێوەیەکی ڕاستەقینە بێگومان پێویست دەکات کە لێکۆڵینەوە بکرێ لەو بابەتە مەترسیدارە بۆ ئەوەی توێژینەوە مێژوویەکە دابمەزرێ لەسەر پشت بەستن بە متمانەدارترین سەرچاوەکان و وردترین هەواڵەکان و پاکژ کرابێتەوە لە ژەهرو ڕێژنەی گێڕانەوە ساختە و هەڵبەستراوەکان کە هێزە دژەکانی مێژوومان فڕێیان داوەتە ناو جەستەی چڕو پڕی مێژووماندا[1].

لێرەدا دەبێت ئاماژە بکرێت بەو سەرنجە پڕ بایەخەی کە (موحیبەدین خەتیب) خستیەڕوو لەبارەی ئەم بابەتە، ناوبراو دەڵێت کە مێژووی مەزنی

---

[1] سەرچاوەی پێشوو.

تەبەڕی ناكرێ سوودی لێوەربگیرێ تەنها دوای گەڕانەوە بۆ ژیاننامەی گێڕەڕەوەكانی نەبێت لە كتێبەكانی (متمانەدارو لەكەداركردن: الجرح و التعدیل). و كتێبەكانی (زاراوەی فەرموودە: مصطلح الحدیث) ئەو خەسڵەتانەیان ڕوون كردۆتەوە كە دەبێ گێڕەڕەوە هەیبێت، هەروەها باسی ئەوەشی كردووە كە كەی گێڕانەوەی كەسی دژەڕا وەربگیرێت. نازانین مێژوونووسانی هیچ ئوممەتێك ئەوەندەی زانایانی موسڵمانان گرنگیان دابێت بە پاڵفتەكردنی هەواڵەكان و ڕوونكردنەوەی پلەكانی و مەرجەكانی سوود لێوەرگرتنی. زانینی ئەمە یەكێكە لە پێویستیەكانی سەرقاڵ بوون بە مێژووی ئیسلامی.

بەڵام ئەوانەی بە هەوەسی خۆیان هەواڵ كۆدەكەنەوە، ناچن لە گێڕەڕەوەكانی بكۆڵنەوەو تەنها ئەوە بە بەس دەزانن كە لە پاشكۆی هەواڵەكەدا ئاماژە بكەن كە تەبەڕی: لە لاپەڕەی فلانە و فیسارە بەشە گێڕاویەتیەوە، وا گومان دەبەن كە ئەركەكەیان بەمە كۆتایی هاتووە، ئەوانە دوورترین كەسن لە سوود بینین لەو هەواڵە زۆرانەی كە كتێبەكانی مێژووی ئیسلامی تێیاندایە. جا ئەگەر ئەوان شارەزابوونایە لە زانستی (زاراوەی فەرموودە: مصطلح الحدیث) و هۆگری كتێبەكانی زانستی (متمانەدارو لەكەداركردن: الجرح و التعدیل) بوونیایە و بایەخیان بە گێڕەڕەوەی هەر هەواڵێك دابووبا وەك ئەو هەواڵەی كە مایەی بایەخە لەلایەن ئەوان، ئەوا دەیانتوانی لە ناو كەش و هەوای مێژووی ئیسلامیدا بژین و چاك و خراپی هەواڵەكانیان لە یەكتر جیا دەكردەوە، نرخی هەر هەواڵێكیان دەزانی بە هەڵوەستەكردنیان لەسەر نرخ و قەبارەی گێڕەڕەوەكانی[1].

---

(1) المرجع الأول في تاریخنا. مجلة الأزهر، بەرگی ٢٤ لا ٢١٠، صەفەڕ ١٣٧٢ك.

تەنانەت خودی تەبەڕی لە پێشەکی کتێبەکەیدا دەڵێت: ((ئەو هەواڵەی کە لەبارەی پێشینان و ڕابردووان کە لە کتێبەکەمدا هەیە و خوێنەر ڕەتی دەکاتەوەو بیسەر دەیبوغزێنێت لەبەر ئەوەی هیچ ڕوویێکی ڕاست و دروستی ئەم هەواڵەی نەزانیوە. هیچ واتایەکی ڕاستەقینەی بۆ نییە. ئەوا با تێبگات کە ئەمە لەلایەن پێشینانەوە پێمان نەگەیشتووە، بەڵکو هەندێك کەسی گێڕەڕەوە ئەم هەواڵەیان بە ئێمە داوە. جا وەك چۆن پێمان گەیشتووە ئەوا ئێمەش دەیخەینەڕوو)).

[٦] _ لەبەرامبەر ئەمەدا پێویستە لە بنیاتنانی توێژینەوەی زانستی پشت ببەسترێت بە خودی ڕووداوەکە نەك کەوتنە ناو چاڵی پشت بەستن بە پەیکەری وێنەکراو و تێڕوانینی دروستکراوی پێشوەخت، و هەوڵدان بۆ ملکەچ پێکردنی ڕووداوەکان بۆ گونجان لەگەڵ ئەو پەیکەرو تێڕوانینانە ئەگەرچی ببێتە هۆی شێواندنی نیشانەکانی ڕووخساری ڕووداوە مێژووییەکە یان دووبارە داڕشتنەوەی بۆ ئەوەی بگونجێت لەگەڵ دیدە پێشینەکە، _ بۆ نموونە _ ئەمە بەدی دەکەین لەو توێژینەوانەی لە تێڕوانینی ماددیەوە ڕاڤەی مێژوو دەکەن. ئەمەش وای لێکردووە بکەوێتە ناو کۆمەڵێك هەڵە و تێکگیرانەوە. و _ بۆ نموونە _ ئێمە ئەمە لە هەڵوێستی ئەواندا دەبینین لەبەرامبەر بزوتنەوەی پێغەمبەر ﷺ ((جا هەندێکیان پێیان وایە کە کۆمەڵگەی عەرەبی _ لە مەککە و مەدینە _ کۆمەڵگەیەکی بەخۆیەوە بینی سەرەتا کە کۆیلە و بەندەی هەبوو. لە کاتێکدا (بیجولفسکایا) پێی وایە قورئانی پیرۆز هەست دەکات بە قۆناغی بوونی خاوەندارێتی کۆیلە، ناوبراو لەگەڵ (بلایف) هاو بۆچوونە لەوەی کە قۆناغی دەرەبەگایەتی لە پەیوەندی کردنی عەرەب بە گەلانی ترەوە ورۆژا. لەگەڵ ئەوەدا هەندێکی تر پێیان وایە کە کۆمەڵگەی دەرەبەگایەتی بە کرداری دەستی بە

دروست بوون کرد. هەشیانە پێی وایە ئیسلام دەگونجێت لەگەڵ ئەو چینانەی نوێ لە پاشا و ئەستۆقراتیەتی دەربەگایەتی کە چینەکانی تر بەکاردێنن، بۆ نموونە (کلیموفیج) ئەم بۆچوونەی هەیە، هەشیانە وا دەبینێت کە ئیسلام تەنها لەگەڵ بەرژەوەندی ئەرستۆقراتیەتی کۆیلەکان دەگونجێت. لە کاتێکدا هەندێك وەك _ بلایف _ پێی وایە ئیسلام کە لە قورئاندا وێناکراوە ناگونجێت لەگەڵ بەرژەوەندیە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی چینی حوکمڕان، جا شوێنکەوتووانی ئیسلام پەنایان بردە بەر هەڵبەستنی فەرموودە بۆ پاساودان بە قۆستنەوەی چینایەتی نوێ... .

((لە کاتێکدا هەندێکیان دەڵێن ئەرستۆقراتیەت یەکێتی تیرەکانی عەرەبی دروستکردووە بۆ ئەوەی ئامانجەکانی دەستەبەر بکات، هەندێکی تریان جگە لەوانە دەڵێن تیرو هۆزەکانی عەرەب هەوڵی یەکگرتنی دەدا، ئیسلام بە یەکگرتوویی هات و هەوڵی یەکگرتنەکەی بەرجەستەکرد.

((هەڵوێست لەبارەی خودی سەرهەڵدانی ئیسلامیش دەشڵەژێت، جا لە کاتێکدا (کلیموفیج) بانگەشەی ئەوە دەکات کە محەممەد ﷺ یەکێکە لە چەندین پێغەمبەر کە هاتن و مژدەیان بە یەکتاناسی دا و ویستیان هۆزو تیرەکان یەکبخەن، (تولستوف) بوونی پێغەمبەری عەرەبی ڕەت دەکاتەوەو پێی وایە کەسایەتیەکی ئەفسانەییە. جا لە کاتێکدا هەندێکیان پێیان وایە کە ئیسلام هاتووەو دەرکەوتووە، ئەوا (کلیموفیج) پێی وایە زۆر بەشی مەزنی ئیسلام دواتر دەرکەوتووە لە بەرژەوەندی دەرەبەگخوازان، بنەڕەتی ئیسلامیشی داوەتە پاڵ هەندێك چالکی دەرئاسای محەممەد ﷺ. (تولستوف) ئەوەشی تێپەڕاند و بۆ ئەوە چوو کە ئیسلام سەریهەڵداوەو دروست بووە لەسەر ئەفسانەیەك کە لە ماوەی

خەلافەتدا دروستکرا بۆ بەرژەوەندی چینی دەسەڵاتدار، ئەمەش ئەفسانەیەکە کە لە بیروباوەڕە پێشینەکانەوە سەرچاوەی گرتووە کە بە یەکتاناسی ناودەبرێت))[١].

٧_ هەروەك پێویستە، لەبەرامبەر ئەمەدا، هەڵوێستێکی زانستی ڕەخنەگرانە بگیرێتەبەر لەهەمبەر دەستکەوتەکانی خۆرهەڵاتناسان _ بە خۆرئاوایی و خۆرهەڵاتییەکانەوە _ لەسەر ئاستی پەیڕەو و بابەت و ملکەچ نەبوونی ڕەهایی یان پشتگوێخستنی بە گشتی، چونکە ئەم دەرەنجام و دەستکەوتانە باش و خراپ، سپی و ڕەش لەخۆی دەگرێت... هەڵوێستی ڕاستەقینە بریتییە لەوەی کە دەزانێت چۆن سوود وەربگرێت لەوەی بزوتنەوەی خۆرهەڵاتناسی پێشکەشی دەکات بێ ئەوەی بکەوێتە ژێر کاریگەریەکەی لەسەر ئەستۆ _ حساب _ی ڕاستی مێژوویی.

لێرەدا دەمەوێت بوەستم بۆ ڕوونکردنەوەی هەندێك بابەتی سەرەکی لەبارەی ئەم خاڵەوە[٢]:

بێگومان پەیڕەوەکانی توێژینەوەی خۆرئاوایی (مەسیحی و ماددەگەرا) ناکرێ بە هیچ شێوەیەك ڕاڤەیەکی ژیرانە و گشتگیری و یەکگرتوو بۆ مێژووی ئیسلامیمان بخاتەڕوو، ئەگەرچی سەرکەوتووبێت لە ڕاڤە و هەڵسەنگاندنی مێژووی خۆرئاوا ئەوا شکست دەخوات لە شرۆڤە و هەڵسەنگاندنی مێژووی ئیسلامی، چونکە پەیڕەوانێك کە لەسەر بنچینەیەکی (هاوسەنگ) دانەمەزراون کە بڕوانێتە بەها ڕۆحی و مادییەکان وەك هۆکاری چالاکی بەشدار لە

(١) عبدالعزیز الدوري و زملاؤه، تفسیر التاریخ _ مقال التاریخ والحاضر (مكتبة النهضة، بغداد ١٩٦٣).

(٢) بە تێروتەسەلی بڕوانە توێژینەوەی (إقتراحات في التدریس والمنهج التاریخي): مجلة (حضارة الإسلام) ژمارە ٩ _ ١٠، ساڵی ١٩٦٠ز.

دروستکردنی مێژوو، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەوڵ دەدات بەهۆی پاڵنەرە ماددی و دونیاگەراکەی پاڵنەری ماددی پەسەند بکات و ڕووبەری گۆڕەپانی پاڵنەری ڕۆحی بچوك بکاتەوە لە بزوتنەوەی مێژوودا، بەڵکو کوژاندنەوەی پاڵنەرە ڕۆحیەکان هەندێك جار و لە بنەڕەتدا نکۆڵی لێکردنی _ لە جاروباری تردا _ وەك پاڵنەر لە مێژووی مرۆڤایەتیدا.

جا ئەم پەیڕەوانە _ لەلایەکی ترەوە _ مێژووی هەموو جیهان دەخاتەڕوو بە مێژووی خۆشمانەوە لە گۆشەیەکی خۆرئاوایی هەرێمی، کە ئەوروپا دەکاتە ناوەندی جیهان کە گوایە هەموو ڕووبەرەکانی تری زەوی بەو گەل و نەتەوەو شارستانیانەی تێیدان لە دەوری ئەم جەمسەرە دەسوڕێنەوە، زۆرجار وەك سێبەری کاڵیان لێدێت بۆ پەیکەری مێژووی بەرزی ئەوروپا کە تۆخ و چڕوپڕو گەشاوەیە.

پێویستە لێرەدا ئاماژە بکرێ بە سەرەنجی نووسەری نەمساوی (لیۆبۆلد فایس: محەممەد ئەسەد) دەربارەی ئەم تێڕوانینە کورتبینە دەڵێت:

((بیرمەند و مێژوونووسە ئەوروپاییەکان هەر لە سەردەمی یۆنان و ڕۆمانەوە بەولایەدا ڕۆیشتوون کە مێژووی جیهان تەنها بە تێڕوانینی مێژووی ئەوروپی و ئەزموونی ڕۆشنبیری خۆرئاوایی ببینن، سەبارەت بەو شارستانیەتانەی خۆرئاوایی نین، تەنها ئەوەندە دەزانێت کە بوونی ئەم شارستانیانە یان چەند جوڵەیەکی تایبەتیان کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لە سەرەنجامی مرۆڤی خۆرئاوایی، ئا بەم شێوەیە مێژووی جیهان و ڕۆشنبیریە جۆراوجۆرەکانی لە چاوی خۆرئاواییەکاندا مێژوویەکی فراوان نییە بۆ خۆرئاوا. ئەمە شتێکی سروشتییە، چونکە ئەوەی لەم گۆشە تەسکەوە بڕوانێت ئەوا چاوی هەر دەکەوێتە سەر

دیمەنێکی شێوێنراوی نا دروست. کەسی ئەوروپی یان ئەمریکی سادە لەبەر ئەوەی وا ڕاهاتووە کە ئەو کتێبانە بخوێنێتەوە کە چارەسەر یان تاوتوێی مەسەلەکانی شارستانیەتەکەی دەکات بە تایبەتمەندیەکی سادە و فراوانکاری کە ڕەنگی زیندووی بەبەردا دەکات بێ ئەوەی ڕۆشنایی بخاتە سەر تێکڕای بەشەکانی جیهان تەنها چەند ڕوانینێکی لێرەو لەوێ نەبێ، بۆ ئەوەی بە ئاسانی ملکەچی خەیاڵی خەڵەتێنەر ببێتەوە کە وا دەخاتەڕوو ئەزموونە ڕۆشنبیریەکانی خۆرئاوایی نەك تەنها بەرزترە لە سەرجەم ئەزموونە ڕۆشنبیریەکانی تری جیهان، بەڵکو لەگەڵ هیچ یەکێکیان ناگونجێت. دواتر شێوازو ڕێبازی ژیانی خۆرئاوایی تاکە نموونەی ڕاستەقینەیە کە دەکرێ بە پێوەر دابنرێت بۆ بڕیاردان لەسەر تێکڕای ڕێبازەکانی ژیان، چونکە هەر چەمکێکی ڕۆشنبیری یان دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی یاخود هەڵسەنگاندێکی وێژەیی کە تێکبگیرێ لەگەڵ نموونەی خۆرئاوایی ئەوا _ دەبێ _ لە بوونێکی پلە نزمترەوە سەرچاوەی گرتووە. ئالێرەوە دەبینین کەسی خۆرئاوایی _ وەك خۆ چوواندن بە یۆنان و ڕۆمانەکان _ دەبێ باوەڕی وابێت سەرجەم ئەم شارستانیانە تەنها بریتین لەو ئەزموونانەی کە شکستیان خواردووە لە ڕێگەی بەرز بوونەوەو پێشکەوتن، ئەو ڕێگەیەی کە خۆرئاوا ئاوا دەیگرێتەبەر بەشێوازێکی دروست و دوور لە هەڵە. یان لە باشترین ئاروودۆخدا _ وەك بارودۆخی شارستانیەتەکانی پێشوو کە ڕاستەوخۆ لەپێش شارستانیەتی هاوچەرخی خۆرئاواوە بوون _ زیاتر نییە لە چەند بەشێکی پاشکۆی یەك لە دوای یەك لە کتێبی تاقانە و دەگمەن کە بێگومان دواین بەشی بریتییە لە شارستانیەتی خۆرئاوا))[1].

---

(1) الطريق إلى مكة، چ ١، لا ١٧_١٨، وەرگێڕانی عەفیف بەعلەبەکی (دار العلم للملايين، بيروت _ ١٣٨

گومان لەوەدا نییە کە پێویستترین داخوازیەکان (دووبارە نووسینەوەی مێژووی ئیسلامی) بریتییە لە دەرچوونی ڕۆشنبیرانێك کە شانازی بکەن بە مێژوو و ئوممەت و شارستانیەکەیان، لە قوڵایی ناخیانەوە هەست بە بەرزی و باڵادەستی ڕۆشنبیری و شارستانی خۆیان بکەن بەسەر تێکڕای گەلان و مێژوو و شارستانیەکانیان، بەتایبەت کە خۆرهەڵات بە گشتی و ئوممەتی ئیسلامی بەتایبەتی لە شارستانیەکەیدا _ وەك چۆن باسمان کرد _ بەیەکگەیشتنی پڕ لە بەخششی تێدایە لە نێوان ئاسمان و زەوی. _ زۆر کات _ گەڵاڵە دەبێت لە سەرچاوەی زانیاری باڵا کە لە هیچ لایەکەوە کەم و کورتی و پوچی تێ ناکەوێت. بەتایبەت ئەم خاڵە پێویستە جەختی لەسەر بکرێتەوە بە بەردەوامی لە پڕۆسەی نووسینی نوێ بۆ ئەوەی لە دەروونی ڕۆشنبیراندا هەستی بەرزو پایەداری بڕوێت و هەست پێکردن بە کەم و کورتی لەهەمبەر شارستانیەکانی تر وەلابنرێت، ڕێگەش بگیرێت لە هەر هەوڵێك بۆ جەختکردنەوە لەسەر پاشکۆبوونی هزری بۆ ئەو وزانە.

دواتر ئەم پەیڕەو خۆرئاواییانە _ لەلایەنێکی ترەوە _ کاتێك توێژینەوە دەکات لەسەر مێژووەکەمان ئەوا دەمارگیریەکان و پاشماوەی دەروونی و ڕۆشنبیری مێژوویی و ئارەزووی سیاسی و ئابوری و حیزبگەرایی ئاینی و مەزهەبی و ئایدۆلۆژی و نەتەوەیی دەستی تێوەردەدات، لەبەر ئەوەی ئەم پەیڕەوانەی سەریان هەڵدا و گەڵاڵە بوون لەو سەدەیەی کە بزوتنەوەی داگیرکاری ئەوروپی کۆن بۆ جیهانی ئیسلامی گەیشتبووە ئەوپەڕ.

---

١٩٥٦ز)

دەی با جارێکی تر گوێ بگرین بۆ لۆبۆلد فایس (محەممەد ئەسەد) کاتێك ئەم هەڵوێستە هزریە دەمارگیرانە شیدەکاتەوە لەهەمبەر ئەو وڵاتانەی کە بە تێڕوانینی (خاچپارێزەکانی دووەم) خاکێکی مردوو بوو و دەبێ زیندوو بکرێتەوە بۆ بەرژەوەندی کلێسا و دەوڵەتە خۆرئاواییەکان. ناوبراو دەڵێت:

((سەبارەت بەوەی پەیوەستە بە ئیسلامەوە ئەوا بە دزێودانانی لاساییکەرەوانە خەریکە لە شێوەی حیزبگەرایی نا ژیرانە بخزێتە ناو توێژینەوە زانستیەکانیان، ئەو کەنداوەی مێژوو لە نێوان ئەوروپا و جیهانی ئیسلامی هەڵکەند _ لەوەتەی جەنگی خاچپارێزەکانەوە _ ئەوا هەر ماوەتەوە بێ ئەوەی پردێکی بەسەردا دروستکرا بێت. دواتر بە دزێو سەیرکردنی ئیسلام وەك بەشێکی سەرەکی بیرکردنەوەی خۆرئاوایی لێهات. لە واقیعدا خۆرهەڵاتناسان لە سەردەمی هاوچەرخدا بریتی بوون لە بانگخوازی نەصرانی کە لە وڵاتانی ئیسلامیدا کاریان دەکرد، ئەو وێنە شێوێنراوانەی کە لە ئامۆژگاریەکانی ئیسلام و مێژووەکەی دروستیان کرد لەسەر ئەو بناغەیە داڕێژرابوو کە بە مسۆگەری کاریگەری دروست بکات لەسەر هەڵوێستی ئەوروپاییەکان لەهەمبەر (بتپەرستان). ئەو خوارو خێچیە عەقڵیە بەردەوام بوو لەگەڵ ئەوەی زانستەکانی خۆرهەڵاتناسی ڕزگاریان بوو لە دەسەڵاتی مژدەدرایەتی نەصرانیەت، زانستی خۆرهەڵاتناسیش ئەو پاساوەی نەما لە دەمارگیری نەفامی کە ئاڕاستەی ناشرین بکات. سەبارەت بە هەڵمەتەکانی خۆرهەڵاتناسان بۆ سەر ئیسلام ئەوا حەزێکی بۆماوەیی و تایبەتمەندیەکی

سروشتیە کە وەستاوە لەسەر ئەو کاریگەریانەی جەنگەکانی خاچپارێزان بە هەموو کلك و پاشکۆکانیەوە کە لە عەقڵی ئەوروپاییەکاندا بەجێیان هێشت))[1].

دواتر جێبەجێکردنی ئەم پەیڕەوانە لە دانان و نووسین و خوێندن و توێژینەوەی مێژووی ئیسلامی لە ناو دامەزراوەو زانکۆکانماندا بەرهەمی تاڵی خۆی خستەڕوو هەر لەوەتەی یەکەم نەوە کە لەم زانکۆیانەوە دەرچوون، بەردەوامیش دەبێت لە هێنانە کایەی ئەو بەروبوومە تاڵانە تا مێژوونووسە ئەکادیمیەکان کودەتایەکی ڕیشەیی دەکەن لەو بنچینانەی کە کاریان پێ دەکردێت لە دانان و نووسین و خوێندندا.

بێگومان جێبەجێکردنی پەیڕەوێکی (دەستکورت) لە توێژینەوەی مێژووی ئیسلامیدا، ئەوا دەکرێت نیشانەیەکی بنچینەیی یان بەهایەکی ڕەسەن یاخود زیاتر پشتگوێ بخات، گومان لەوەدا نییە کە ئەمە سەردەکێشێت بۆ تێگەیشتنێکی کەم و کورت و شرۆڤەیەکی شلەژاو بۆ واتای ئەم مێژووەو سروشتی ڕێڕەوەکەی.

داوا لە ئەندازیاری میکانیکی ناکرێ وێنەی ئەندازەی تەلارێکی باڵابەرز بکێشێت، زانای فیزیایی هەڵناستێت بە بوێری نواندن بە بنیاتنانی پردێك لەسەر ڕووبارێکی زۆر مەزن، ئەندازیاری تەلارسازی ناتوانێت نەخشەکەی بکێشێت بەبێ ئامرازو پێداویستیەکانی وێنەکێشان ئەوا ناتوانێت ئەو ڕەهەند و دووریانەی لە مێشکیدا هەن بەرجەستەیان بکات. ئا بەم شێوەیە جێبەجێکردنی پەیڕەوی ماددی دونیاگەرایی خۆرئاوا بە هەر دوو بەشە مەسیحی و دیالیکتیەکەی لە

---

(1) الإسلام على مفترق الطريق، چ ٦، لا ٦٠_٦١، وەرگێڕانی: عومەر فەروخ (دار العلم للملايين، بيروت _ ١٩٦٥ز)

توێژنەوەی مێژووەکەماندا ئەوا گەورەترین هەڵەیە کە کاتی ئەوە هاتووە لەسەر دەستی پیاوانی دڵسۆز پەیی پێببرێت، ئەو پیاوانەی کە ئەرکی جێبەجێکردنی پرۆژەی (نووسینی مێژووی عەرەب و ئیسلام) دەگرنە ئەستۆ بەپێی پەیڕەوێك کە ئەو ئامرازو پێداویستیانە پێشکەش بکات کە یارمەتی مێژوونووسان بدات بۆ خستنەڕووی ڕووداوەکانی ئەم مێژووە بە گەورەترین ئەندازە لە دەستپاکی و بابەتی بوون.

گومان لەوەدا نییە کە گرنگترین شەقڵ و خەسڵەتەکانی ئەم پەیڕەوە ئەوەیە کە گشتگیرە و هەموو پاڵنەرو بەهاکان لە خۆی دەگرێت کە مێژوو دروست دەکەن، دەستەوەسان نییە لەبەردەم سنووری واقیعی بەرهەست و دیار، ئەوەندە دووربینی فەراهەم دەکات کە بەهۆیەوە مێژوونووس دەتوانێت هەڵسەنگاندنێکی ڕەسەن بخاتەڕوو بۆ ڕووداوەکانی مێژووی ئیسلامی و کەسایەتیەکانی. مێژووی ئیسلامیمان زۆر پێویستی بە چینێکی نوێ هەیە لە مێژوونووسان کە دووبارە ئەم مێژووە بخەنەڕوو و شرۆڤەی بکەن بە زیندوێتی و چاڵاکێتی و قوڵبوونەوەی بەشێوەی ئاسۆیی و ستوونی و ڕەگەزە دیارو نادیارەکانی، ئەمەش _ بێ گومان _ تێگەیشتنێکی قوڵتر بۆ ئەم مێژووە فەراهەم دێنێت، دەبێتە مایەی چاکتر پەیی بردن بە ڕەگەزەکانی گەشەکردنەکەی، ڕۆشنتر بینینی هێڵەکانی ڕێڕەوەکەی و پێچ و بڕگەکانی. بەڵکو لیژنەکانی (پرۆژەی نووسینی مێژووی عەرەب و ئیسلام) ئەم ئامانجە مەزن و گەورەیە دەستەبەر بکەن.

٨_ پێویستە ئەوانەی کار لەم پرۆژەیەدا دەکەن نەکەونە ژێر بارودۆخە هاوچەرخەکان لە سەرجەم لایەنەکانی ژیانی مرۆیی: سیاسی و ئابووری و ڕەوشتی و ڕۆحی و کۆمەڵایەتی، چونکە دەکرێ ئەمە تێڕوانینی ئەوان بۆ مێژووی

ئیسلامی بەشێوەیەك ڕەنگ بکەن کە لە واقیعی هاوچەرخی ئێمەوە سەرچاوەی گرتبێت، ئەمە لەوانەیە بابەتی بوونی تێڕوانینەکە تێکبدات، دواتر ڕێگە لە مێژوونووسەکە دەگرێت بۆ گەیشتن بە ناوەڕۆکی واقیعی مێژووەکان کە هیچ پەیوەندییەکی بە بارودۆخەکانی سەدەی بیستەوە نییە. ڕاستە دەبێت مێژوونووس دەبێت پشت ببەستێت بەهەموو ئەو شتانەی کە ئەم سەدەیە پێشکەشی کردووە لە زانست و ئامرازە گەیەنەرەکان یان یارمەتیدان لەسەر ئاشکراکردنی ڕاستییە مێژووییەکان، مێژوونووسە کۆنەکانمان دەیەکی ئەو شتانەیان بۆ فەراهەم نەبووە. بەڵام پشت بەستن بەو زانستانە کە زۆربەیان مەیدانی و ئەزموونین بۆ هاریکاری لەسەر ئاشکراکردنی واقیعە مێژووییەکان شتێکە، کاریگەر بوون بە فەلسەفەی زانستی گوماناوی خەملێنراو و ئەو هەڵنگوتانەی هێناویەتیە کایە لە هەر دوو جیهانی دەروون و کۆمەڵگە و مەیدانی ویژدان و هەڵسوکەوتدا شتێکی ترە، لەوانەیە وا لە مێژوونووس بکات ببێتە کۆیلەی بارودۆخی کاتی ڕێژەیی گۆڕاو کە ئاڕاستەیەکی بەسەردا دەسەپێنێت لە هەڵسوکەوتکردنی لەگەڵ کۆکەڵێکی زۆر لە واقیعی مێژوویی، جا ئەو واقیعە مێژووییە بەوشێوەیە نابینێت کە دەبێت توێژینەوەی بابەتی بیبینێت، بەڵکو هەڵدەستێت _ ئەگەر دەربڕینەکە دروست بێت _ بە تێپەڕاندنی ئەو ڕووداوانە لە میانەی ئەو بارودۆخانە. ئەو کاتە ئەو بارودۆخانە ڕەنگی ڕەسەن و خەسڵەت و کەسایەتیە تایبەتمەندەکەی لە دەست دەدات، ڕەنگ و خەسڵەتی ئەو بارودۆخ و نیشانانە لەبەر دەکات و ون دەبێت.

٩ _ زۆر چاکە لەهەمبەر ئەمەدا لیژنەی باڵا لە پسپۆران دابنرێن بۆ دانانی هێماکانی کار لەم سێ ئاڕاستەیەی خوارەوەدا:

أ_ ڕەخنەگرتن لە گێڕانەوە سەرەکیەکانی مێژوونووسە کۆنەکان و دابەشکردنیان بەپێی بەهێزی و لاوازیان.

ب_ ڕەخنەگرتن لە هەڵوێستەکانی فەیلەسوفەکانی مێژوو، ئەوانەی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ ئەم مێژووە کردووەو توێژینەوەیان لەسەر هەندێك لایەنی کردووە، هەروەها دیاریکردنی دوورو نزیکی دەستکەوتەکانیان لە ڕاستی مێژوویی.

پ_ ڕەخنەگرتن لە بەرهەمەکانی بزوتنەوەی خۆرهەڵاتناسی، بە هەر دوو باڵە مەسیحی و ماددیەکەیەوە، هەروەها دیاریکردنی ئەو گۆڕەپانانەی کە دەکرێ سوودی کارای لێوەربگیرێت و ئەوەش کە دەبێ خۆپارێزی لێبکرێت، لەگەڵ ڕوونکردنەوەی ڕەهەندە نابابەتیەکانی.

١٠_ تێپەڕاندن و پشتگوێخستنی دابەشکاری کاتی کە لەسەر گۆڕانی بەردەوامی حوکمڕان و خانەوادە حوکمڕانەکان دامەزراوە، هەروەها پشت بەستن بە پێوەری گۆڕانی جۆری لە بزوتنەوەی مێژووییدا لە نێوان قۆناغێك و قۆناغێکی ترو سەردەم و سەردەمێکی تر و لەسەر گشت ئاستە سیاسی و بیروباوەڕی و کۆمەڵایەتیەکانەوە. واتە: دابەشکاری کاتی بۆ قۆناغەکانی مێژوویی نابێت کۆگیر بێت لەسەر گۆڕاوە ڕووکەشیەکان، بەڵکو دەبێت قوڵ ببێتەوە بۆ دڵی کۆمەڵگە لە بەرهەمداری و گۆڕانی بەردەوامی. بەڵام لەسەر ئاستی شوێن ئەوا پێویستە پشت ببەسترێت بە یەکە شارستانیە جۆراوجۆرەکان لە میانەی چوارچێوەی یەکێتی شارستانیەتی ئیسلامی، ئەو یەکە تایبەتمەندانەی زیاتر لە قەوارەیەکی سیاسی لە خۆ دەگرێت و لەوانەیە درێژ ببێتەوە بۆ زیاتر لە هەرێمێك یاخود ژینگەیەکی جوگرافی.

١١_ پێشکەشکردنی ڕووداوە مێژووییەکانی هاوکات لە نێوان ئەوەی کە قۆناغێك لە قۆناغەکانی مێژووی ئیسلامی ڕوویداوەو، ئەو ڕووداوانەش کە جیهانی دەوروبەری ڕووداوەکە بەخۆیەوە دەبینی، لە پێناو دروستکردنی تێڕوانینێکی گشتگیر بۆ توێژەرو خوێنەر، کە وای لێبکات تێبگات لە سروشتی پەیوەندیەکانی نێوان ئیسلام و جیهانی دەرەکی لە میانەی ئەندازەیەك زاڵبوون بەسەر ئەو شتانەی کە لە قۆناغێکی مێژوویدا ڕوویانداوە.

## تەنها شوێن گومان کەوتوون

### یــەکــەم:

ئیسلام بە کامڵی هات... هێڵە سەرەکی و بنچینەییەکانی کێشا... لە ماوەی بانگەوازی پێغەمبەردا ﷺ ئەم هێڵە سەرەکیانە داخران... هیچ کەلێنێك نەمایەوە کە کەم و کورتی تێبکەویت یان مرۆڤ هەوڵبدات پڕی بکاتەوە بە پشت بەستن بە ڕێژەیی بوونی کات و شوێن، هاوسەنگی لە نێوان ڕێژەیی و ڕەهادا نییە... هێڵە سەرەکیەکانی ئیسلام لە دەرەنجامی سەرپەرشتی کردنەوە هاتن... سەرپەرشتیەك کە بەسەر کات و شوێن درێژ بووەتەوە... سەرپەرشتیەك کە لە سەرووی کات و شوێنی مرۆڤەوە... سەرپەرشتیەك کە سەرەتا و کۆتایی شتەکە دەبینێت، تەنانەت هەمووی دەبینێت... ئەم هێڵانە لە بەدیهێنەری ئاسمان و زەویەوە هاتوون... لەلایەن ئەوەی کە بە ڕەهایی پەیبەرە بەو دوو ڕەهەندە... لەلایەن ئەو خوایەی کە زانستی دەوری هەموو شتێکی داوە!!.

### دووەم:

ئەو جەنجاڵیە بیروباوەڕیەی مرۆڤایەتی دووچاری هات لە کۆتاییدا دەگەڕێتەوە بۆ شارەزا نەبوون لە سروشتی مرۆڤ، بە سروشتە ڕەسەنەکەی لەلایەك، شارەزا نەبوون بە هەر دوو ڕەهەندەکەی تری کات و شوێن لەلایەکی

ترەوە. ئەم شارەزا نەبوونە بەداخەوە هەموو جوڵە و بیروباوەڕە دەستکردەکانی دیل کردووە بە درێژایی مێژوو، ئەو جوڵە و بیروباوەڕە دەستکردانەی کە لە دواییدا _ ماوەکە درێژ یان کورت بێت _ خۆی بە دیواری نەزانیدا دەدات، دواتر مێژوو باسی ئەوەی نەکردووە بۆمان کە بنەمایەکی دەستکرد ئەوەندە درێژ بووەتەوە تا هەموو مێژووی ڕووماڵ کردبێت، لەبارەی بزوتنەوەیەکی مرۆیی نەدواوە کە نەمر بێت... بەڵکو هەموویان لەناوچوون جگەلەوانیش هاتن و ونبوون، هەندێکی تریش هەڵهاتن و لەسەر ڕێگەی تیاچوونن!!.

## ســـێیەم:

هەر مەزهەب و ڕاڕەوێکی دەستکرد پوچەڵە جا چ لە سنووری خودی خۆی یان لە سنووری کات و شوێنی مرۆڤدا، چونکە لە هەردوو حاڵەتدا دەرەنجامی نەزانی و بێ هیوایی بەجێدەهێڵێت بەمەش شتانێکی شارستانی تێکدەشکێن و مرۆڤایەتی ژێر پێ دەخرێت و خوێن دەڕژێت و بەدبەختیەك سەروەر دەبێت کە بوونی مرۆیی دەداتە بەر خەنجەر!!.

## چـــوارەم:

کەواتە مرۆڤایەتی پێویستی بە مەزهەبێکی ڕەها و بیروباوەڕێکی گشتگیر و جوڵەی هەمەلایەن هەیە، کە پێکدادان لە نێوان ئەو و سروشت و پێکهاتەی خودی

مرۆڤدا ڕوونەدات، دەستەوەسان نەبێت لە ئاست ڕۆیشتن لەگەڵ کات و شوێن کە ئەوەندە درێژ دەبنەوە تا لەبەرچاو ون دەبن... ئالێرەوە (بێ ئاگایی) ڕوون دەبێتەوە و زۆرێك لە مەزهەب و فەلسەفەکان تێیکەوتن، بەتایبەت ئەوەی کە بانگەشەی کرد _ بە نەزانی و ساختەیی _ کە توانای هەیە لەسەر پێشبینی و بڕینی دیوارەکانی کات و شوێن، لە _ دوای گەڕانە گوماناویەکەی _ ڕای گەیاند کە زانایە بەهەموو شتێك، ﴿وَمَا لَهُم بِهِۦ مِنۡ عِلۡمٍۖ إِن يَتَّبِعُونَ إِلَّا ٱلظَّنَّۖ وَإِنَّ ٱلظَّنَّ لَا يُغۡنِي مِنَ ٱلۡحَقِّ شَيۡـٔٗا﴾ النجم: ٢٨. واتە: (ئەوانە لەوبارەوە هیچ جۆرە زانست و زانیاریەکیان نییە، بەڵکو هەر شوێنی گومانی بێ سەرو بن دەکەون، لە کاتێکدا کە گومان بەهیچ شێوەیەك جێگەی هەق و ڕاستی ناگرێتەوە).

## پێنجـەم:

تەنها خوای مەزن توانای ڕەوانەکردنی مەزهەبی ڕەهای هەیە، چونکە خوای گەورە بەدیهێنەری مرۆڤە، دروستکەری کات و شوێنە. پەروەردگار لەسەرووی ئەم سێ ڕەهەندەوەیە، بە یەکسانی سەرەتا و کۆتایی بەدیهێنراوانی دەبینێت، چۆن هەر بەوشێوەیە دەبینێت، چونکە هەر خۆی بەدیهێنەرو دروستکەرە، دواتر ئیسلام لە میانەی ئەم تێڕوانینە خواییە هات کە دیوارەکانی کات و شوێن دەبڕێت و دەزانێت چۆن هەڵسوکەوت دەکات لەگەڵ سروشتی مرۆڤ. جا ئەو ڕۆژەی پرۆسەی دارشتنی مەزهەبی ڕەها لەسەر زەوی تەواو بوو، لە دوای چەندین قۆناغی مێژوویی سەخت و دژوارو سەرپەرشتی سەرجەم پێغەمبەران (سڵاوی

خوایان لێبێت)، خوا لەسەر زمانی پێغەمبەرە مەزنەکەی بانگەوازی کۆتایی نەمری بۆ تێکڕای مرۆڤایەتی ڕاگەیاند کە دیوارەکانی کات و شوێن دەبڕێت: ﴿ٱلۡيَوۡمَ أَكۡمَلۡتُ لَكُمۡ دِينَكُمۡ وَأَتۡمَمۡتُ عَلَيۡكُمۡ نِعۡمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلۡإِسۡلَٰمَ دِينٗا﴾ المائدة: ٣. واتە: (ئەمڕۆ ئایین و بەرنامەکەتانم بە کۆتایی گەیاندو نازو نیعمەتی خۆمم بۆ تەواو کردن و ڕازیم بەوەی کە ئیسلام ببێتە بەرنامەو ئاینتان).

## شەشەم:

سروشتی ڕەسەنی مرۆڤ، لە دوو توێی کات و شوێندا لە جوڵەی بەردەوامیدایە بێ گۆڕان، ئەو سروشتە بریتییە لەو پێکهاتە هاوسەنگە کە شێلراوە بە دەرئاسا و موعجیزەداری زۆر سەرەنجڕاکێش لە هەر دوو ڕەگەزی ڕۆح و گڵ، هەروەها بە تەواوکاریەکی زۆر جوان چنراوە لە قوماشی ئاسمانەکان و زەوی، بانگەوازی ئاسمان ڕێنوێنیکارو پاکەرەوەیەتی، گۆشتەکەی کێش و کرچ و کاڵیەکەی زەویە... سروشتی مرۆڤ هەردەم حەزی لەوەیە هاوسەنگ بێت وەك چۆن خوای گەورە ویستویەتی وابێت، سەرباری بوونی هۆکارەکانی پەرتەوازەکردن و دەستکاری کردن و کەم و کورتی تێخستن کە بنەما دەستکردەکان ڕووبەڕووی سروشتی مرۆڤ دەکاتەوە لە کاتێکدا ئەو بنەما دەستکردانە زانستی تەواوی نەبووەو ناشبێت سەبارەت بە سروشتی مرۆڤ... ئا بەم شێوەیە بانگەشەی سروشت بە تاکە بانگەوازی ڕەسەن دەمێنێتەوە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، هەرگیز کەڵەکەبووەکانی ماددەگەرایی سنووربەزێن یان ڕۆحگەرایی نەرێنی کە هیچ هۆکارێك ئەو بە زەوی نابەستێتەوە سروشتی ڕەسەن هێور ناکاتەوە، _ کەواتە _ نرخی کات لەهەمبەر ئەم چەسپاوی و خۆڕاگریە لە سروشتی جۆری مرۆیی و

پێکهاتەی سروشتی ئادەمیزادیەکەی لەناودەچێت... با وا دابنێین کە ئەم کاتەمان دابەش کردووە بۆ چەند بەشێکی لە دوای یەك، ئەوا هەر بەشێکی وەك بەشی پێش و پاش خۆی دەبێت... جا سروشتی مرۆڤ هەر ئەو سروشتەیە کە هەبووە دەبێت و هەر ئەوەش بووە لە هەموو سەردەمێکدا!!.

## حەوتەم:

ئەو ڕێبازو مەزهەبەی حەزی لەوەیە کە دەیەوێت زیاتر بمێنێتەوەو نەمرێت لەسەر زەوی ئەوا ئەمە ئەو ڕێبازەیە کە چاك دەزانێت چۆن هەڵسوکەوت بکات لەگەڵ مرۆڤ و وەڵامی سروشتی مرۆڤەکە بداتەوە کە هەرگیز بێ دەنگ نابێت، هێڵە سەرەکیەکانی ئیسلام لە تێکڕای لایەنە بیروباوەڕیەکانیدا تەنها بریتییە لە سەلمێنەری ئەم هەڵسوکەوتە دەگمەنە لەگەڵ مرۆڤ و وەڵامدانەوە دەرئاساکەی بۆ بانگەوازی سروشتی نەمر... ئەو هێڵانەی کە نەمری و بەردەوامیەکەی بەدەست دێنێت لە تواناکەی لەسەر ئەو هەڵسوکەوتە بەناو چوارچێوەکانی کات و شوێن، فراوانە سەرسوڕهێنەرەکەی کە هەموو تەحەدا و بازدان و دەستکەوتە بەردەوامەکانی مێژوو لەخۆ دەگرێت... پاش ئەمە هێڵەکان بە چەسپاوی دەمێننەوەو دەستی گۆڕانکاری و شێواندن و دەستکاری کردن پێی ناگەن هەرچەندە شوێنەکان بگۆڕێن و ڕەوڕەوەی کات بخولێتەوە..

## هەشتەم:

بەدرێژایی ئەو ڕووبەرە فراوانەی کە مرۆڤ فەراهەم هێنراوە تا لە مێژووی خۆیدا لە میانەی ئەم ڕووبەرەدا بخولێتەوە، ئەوا ئیسلام ئازادیەکی پێدا کە تا ئێستاش هەموو ئەو ئازادیانەی هێنایە کایە کە هەر مەزهەبێك لە مەزهەبەکان بە شوێنکەوتووانی داوە... ئازادی کۆشش و هەڵهێنجان و پێوانەکردن و بەکارهێنانی هۆش لە ڕووبەروو بوونەوەی کێشە و ڕووداوەکان کە هەمیشە بە تێپەڕبوونی کات و گۆڕانی شوێن دێنە کایە... ئەگەرچی بیرو هزر هەردەم پارێزراو نییە لە ڕیزپەڕین و لادان لە ڕێگەی ڕاست، چونکە _ بێگومان _ کارلێك دەکات لەگەڵ سروشتی کاتی هەنووکەیی و بارودۆخی سنوورداری شوێن، کاریگەریش دەبێ بە لادانە لەناکاوەکانی... لەبەر ئەمە هێڵە سەرەکیەکانی شەریعەتی ئیسلام بریتین لە مسۆگەرکەرەکان کە بە ڕووی هەر لادانێك دەوستێت کە جوڵەی مێژوو کە مرۆڤی بۆ کێش دەکات بێ ئەوەی کەس بناسێت... هێڵە مەزنەکان بریتین لە نیشانە و هێمای ڕۆشنی چەسپاو لەسەر ڕێگەی ئازادی مرۆیی و ئێستا و ئایندەی دروست دەکات بێ ئەوەی وا لە مرۆڤ بکات هاوسەنگیە کاراکەی نێوان ڕۆح و ماددە لە دەسبدات، هەروەها بێ ئەوەی لە ڕێی ڕاست لایبدات و بەرەو یەکێك لەو ئەشکەوتە زۆرانە بیبات کە مێژووی ئادەمیزادی پێ پڕە..

## نۆیەم:

ئەو لادانانەی مرۆڤایەتی بەخۆیەوە بینی بەدرێژایی مێژووە دوورو درێژەکەی، ئەوا بریتین لە لادانی کاتی کە پەیوەست نین بە گەوهەری مرۆڤەوە... هەر بوونەوەرێك بە خودی خۆی لابدات جا تاك یان کۆمەڵ یاخود هۆز یان نەتەوە یاخود ئوممەت بن ئەوا بە تێپەڕ بوونی کات لادانەکەی تەشەنە دەکات بۆ بوونەوەرەکانی تریش، ئەگەر هزری مرۆیی لە دایك بووی ژینگە و مێژووەکەی بێت ئەوا هەنگاوهاویشتن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی مێژوو و بوون بێ ئاماژە ڕێنوێنی سەروو هەڵەیەکی مەزنە دەرهەق بە مرۆڤ، چونکە ئازادیەکی بێ بەندوباری ئاوا تەنها بریتییە لە قوڵتر کردنەوەی لادان لە ڕێگە و بە بنەچەکردنی دەرچوون لە سروشتی هاوسەنگ و سزادانی مرۆڤ... دواتر ئیمان دێت کە چاك پەیی بەوە دەبات کە هێڵە سەرەکیەکانی ئیسلام دەستەبەرکەری نەکەوتنە ناو هەڵەیەکی لەو شێوەیەن، بە پشت بەستن بە مەشخەڵ و هێما و ئاماژە نەمرەکان کە پێغەمبەر لە ژیانی دونیادا لەسەر ڕێڕەوی مرۆڤایەتی دایناوە...

## دەیەم:

ئیسلام بەم شێوەیە، بەم شێوەیەش دەمێنێتەوە، کامڵە و لە دەرەنجامی سەرپەرشتیەوەیە.. ئەو سەپەرشتیەش بریتییە لە زانایی و شارەزابوونێکی تەواو

سەبارەت بە سروشتی مرۆڤ بە ڕەهایی کات و شوێنەکەی، جا داندەنێت بە نەمری و بەردەوامێتیەکەی... چەرمەسەری مرۆڤایەتی لەوەدایە کە دانەرانی مەزهەب و بیروباوەڕە دەستکردەکان هەموویان حەز دەکەن مەزهەبەکانیان سیفەت و خەسڵەتی بەردەوامێتی و نەمری بەدەستبێنن، ئەمەش لە پێناو ئەوەیە پەروەردگارێتی خۆیان مسۆگەر بکەن لە ژیان و دوای مردنیشیان... ئەوان لە پێناو ئەمەدا ئامادەن پیادەی هەموو جۆرە ستەم و چەوساندنەوەو زۆرداری و خۆسەپێنی بکەن، چونکە باوەڕیان وایە کە مانەوەو نەمری مەزهەبەکانیان لەو ساتەدا بەدەستدێت کە خەڵك دەبنە ڕانە مەڕێك و دوایین کەس ون دەبێت کە دەتوانێت وشەی (نا) بڵێت..

ئەوان _ لە سەرکەشی و زۆرداریان لەسەر زەویدا _ ئەوە لە بیر دەکەن کە هەر مەزهەبێك هەر مرۆڤێك دایبنێت ئەوا سەردەکێشێت بۆ پوچەڵی و نەمان و لەناوچوون، جا هەر هێزێك پاسەوانی بکات و بەسەر عەقڵ و دڵی خەڵکدا بسەپێنێت، ، چونکە _ دوور یان نزیك _ خۆی دەکێشێت بە ئاڵۆزیەکانی دەروونی مرۆیی و دیوارەکانی کات و شوێندا. _ بەرلەمەش _ ئەوە لە یاد دەکەن کە تەنها هێزێك لە گەردووندا هەیە کە لە توانایدا هەیە ئەو مەزهەب و ڕێبازانە دابنێت کە چەرمەسەری لەناوچوون تێبپەڕێنێت... ئەویش خوای مەزنە: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَخۡفَىٰ عَلَيۡهِ شَيۡءٞ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَلَا فِي ٱلسَّمَآءِ ﴾ آل عمران٥. واتە: (بێگومان لە زەوی و ئاسماندا هیچ شتێك لە خوا ون نابێت).

# گەشتێک لەگەڵ جیهانی گیانلەبەران

# لە کتێبی خوادا

ناوی هەندێك لەو گیانلەبەرانەی کە هەندێك لە سورەتەکانی قورئانی پیرۆز بە ناوی ئەوانەوە ناونراون سەرنجیان ڕاکێشام: مانگا، ماڵات، هەنگ، مێروو، جاڵجاڵۆکە، فیل... جا پێم خۆش بوو گەشتێکی خێرا بکەم لەگەڵ ئەم جیهانە لە کتێبی خوادا..

ئەو ئامۆژگاری و بەهاو ڕاستیانەی قورئان فێرمان دەکەن گەلێك زۆرن، بە شێوازە خوایی کاریگەرو دلگیرەکەی، لە کاتێکدا بە ناو جیهانی گیانلەبەراندا دەخولێتەوە... هەر لە بچوکترین بەدیهێنراو لە جیهانی گیانلەبەردا کە خەریکە چاو نەیبینێت تا ئەو گیانلەبەرەی خاوەن گەورەترین قەبارەیە...

زۆرێك لە باوو باپیرانمان لەبارەی ئەم جیهانەیان نووسیوە: جاحز، دمیری، قەلقەشەندی، نوەیری، عومەری... تاد.. هەڵوێستەیان لەئاست ئەم جیهانە کردووە بە دوورو درێژی، بەهاو پەند و سروشت و نهێنی ئامۆژگاریان لێ وەرگرتووە، و دەروونی خۆشیان خۆشکردووە بە خۆشی و جوانی و قەشەنگی ئەم جیهانە... سەبارەت بە ڕاڤەکارانی قورئانیش ئەوا کەمتر لەوان باخیان بەمە نەداوە. و لە سەدەکانی دواییدا زانستی گیانلەبەرناسی لە تویژینەوە تیۆری و ئەزموونیەکان و

لە دامەزراوە ئەکادیمی و زانستییەکان شوێن و پێگەیەکی گەورەی گرت .. ئێستاش ئەم پێگە مەزنەی هەر هەیە...

دەی با دەست بە گەشتەکە بکەین...

## یەکەم:

قورئانی پیرۆز لە چەندین ئایەتدا بۆمان دەدوێت سەبارەت بەوەی جیهانی گیانلەبەران بە جۆرو چەشن و پێرە جیاوازەکانی... و بە خەسڵەت و تایبەتمەندی و سروشت و حەزو ئارەزووەکانی... و بە پێکاتە و ئەندازەیی جەستەییەکەی یەکێك لە دەیان بەڵگەی لەسەر دەرئاسا و موعجیزەی خوا لە بەدیهێنراوەکانیدا، و بەڵگەیە لەسەر ئەوەی پەروەردگار بە بەردەوامی مشوری بەدیهێنراوەکانی دەخوات، جا پێگەی ئەم بەدیهێنراوانە لە هەر کوێیەك بێت لە موعجیزەی بەدیهێنان و ڕۆڵی هەر چییەك بێت لە شانۆکەیدا و قەبارەی هەر چەند بێت لە ڕیزی جۆرەکانی بەدیهێنراواندا...

پێدانی هێزێکی خۆرسکی بە گیانلەبەر لە گەڕان بەدوای خۆراك و دۆزینەوەو پاشەکەوت کردنی، و توانایەکی دەگمەن لەسەر جوڵە و فڕین و خۆ گونجاندن بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانی و جێپێ جێگیرکردنی بۆ بەردەوامی دان بە مانەوە لەبەرامبەر ناخۆشی و تەنگ و چەڵەمە و مەترسی و ڕووبەڕوو بوونەوەکان.

﴿ وَمَا مِن دَآبَّةٖ فِي ٱلۡأَرۡضِ إِلَّا عَلَى ٱللَّهِ رِزۡقُهَا وَيَعۡلَمُ مُسۡتَقَرَّهَا وَمُسۡتَوۡدَعَهَاۚ كُلّٞ فِي كِتَٰبٖ مُّبِينٖ ٦ ﴾ هود: ٦. **واتە: (هیچ زیندەوەرێك نییە لەم زەویەدا ڕزق و ڕۆزیەکەی لەسەر خوا نەبێت و ئاگادارە بە شوێنی حەوانەوەو دەرچوونیان، هەموو شتێك تۆمارە لە دۆسیەی ئاشکرا "لوح المحفوظ"دا).**

﴿مَّا مِن دَآبَّةٍ إِلَّا هُوَ ءَاخِذُۢ بِنَاصِيَتِهَآ ﴾ هود: ٥٦. **واتە: (هیچ گیانلەبەرێك نییە جڵەوی بە دەست خوای گەورەوە نەبێت).**

﴿ أَلَمۡ يَرَوۡاْ إِلَى ٱلطَّيۡرِ مُسَخَّرَٰتٖ فِي جَوِّ ٱلسَّمَآءِ مَا يُمۡسِكُهُنَّ إِلَّا ٱللَّهُۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ لِّقَوۡمٖ يُؤۡمِنُونَ ﴾ النحل: ٧٩. **واتە: (ئایا باڵندەکانیان نەبینیوەو سەرنجیان نەداون لە هەوای ئاسماندا بارهێنراون بۆ فڕین؟ کێ دەتوانێت ڕایانبگرێت بە ئاسمانەوە جگە لە خوای گەورە، بەڕاستی ئا لەوەدا بەڵگە و نیشانەی زۆر هەن بۆ کەسانێك کە باوەڕ دەهێنن).**

﴿ قَالَ رَبُّنَا ٱلَّذِيٓ أَعۡطَىٰ كُلَّ شَيۡءٍ خَلۡقَهُۥ ثُمَّ هَدَىٰ ٥٠ ﴾ طه: ٥٠. **واتە: ("موسا فەرمووی": پەروەردگارمان ئەو زاتەیە کە هەموو شتێکی بەتایبەتی و ڕێك و پێکی دروست کردووە، پاشان ڕێنوێنی کردووە تا بە چاکی ڕۆڵی خۆی ببینێت).**

﴿ وَكَأَيِّن مِّن دَآبَّةٖ لَّا تَحۡمِلُ رِزۡقَهَا ٱللَّهُ يَرۡزُقُهَا وَإِيَّاكُمۡۚ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡعَلِيمُ ٦٠ ﴾ العنكبوت: ٦٠. **واتە: (زۆر زیندەوەر هەیە ڕزق و ڕۆزی خۆیان نەداوە بە کۆڵی خۆیاندا _ کەچی خوا پەکیان ناخات و لە برسان نامرن _، چونکە ڕزقی ئەوان و ئێوەش دەدات، بێگومان ئەو زاتە بیسەرو زانایە).**

﴿أَوَلَمۡ يَرَوۡاْ إِلَى ٱلطَّيۡرِ فَوۡقَهُمۡ صَٰٓفَّٰتٖ وَيَقۡبِضۡنَۚ مَا يُمۡسِكُهُنَّ إِلَّا ٱلرَّحۡمَٰنُۚ إِنَّهُۥ بِكُلِّ شَيۡءِۢ بَصِيرٌ ١٩﴾ الملك: ١٩. **واتە: (ئایا سەرنجی باڵندەیان نەداوە بەسەریاندا پۆل پۆل دەفڕن و باڵەکانیان لێك دەنێن، ئەو باڵندانە جگە لە خوای میهرەبان کەس بە ئاسمانەوە ڕاگیر ناکات، بەڕاستی ئەو زاتە بە هەموو شتێك بینایە و هیچی لێ ون نابێت و چاودێری هەموو دروستکراوەکانی دەکات).**

﴿أَفَلَا يَنظُرُونَ إِلَى ٱلۡإِبِلِ كَيۡفَ خُلِقَتۡ ١٧﴾ الغاشية: ١٧. **واتە: (ئایا ئێوە سەرنجی وشتر نادەن چۆن دروستکراوە).**

**کرداری زیندەیی زۆر ئاڵۆز هەن بۆ دروستکردنی خۆراك، کە پڕ موعجیزەن، دەکرێ ڕوونی بکەینەوە لە پڕۆسەی دروستکردنی شیر و هەنگوین... چ خەسڵەتێکی سروشی پێکهاتوو لە ماڵات و هەنگدا دانراوە بۆ بەرهەم هێنانی ئەم دوو جۆرە خۆراکە پێویستە، نەك بۆ گیانلەبەر بەڵکو بۆ مرۆڤیش بەهەمان شێوە؟.**

﴿وَإِنَّ لَكُمۡ فِي ٱلۡأَنۡعَٰمِ لَعِبۡرَةٗۖ نُّسۡقِيكُم مِّمَّا فِي بُطُونِهِۦ مِنۢ بَيۡنِ فَرۡثٖ وَدَمٖ لَّبَنًا خَالِصٗا سَآئِغٗا لِّلشَّٰرِبِينَ﴾ النحل: ٦٦. **واتە: (بەڕاستی لە بوونی ماڵات _ و زیندەوەرانی جۆراو جۆردا _ پەندو ئامۆژگاری هەیە بۆتان و جێگەی سەرنج و تێڕامانە، لە نێوان پیسی و خوێندا شیرێکە پاك و بێگەردو خۆش و بەتام و گەوارا بەرهەم دەهێنین بۆ ئەوانەی دەیخۆنەوە).**

﴿ وَإِنَّ لَكُمْ فِي ٱلْأَنْعَٰمِ لَعِبْرَةً ۖ نُّسْقِيكُم مِّمَّا فِي بُطُونِهَا وَلَكُمْ فِيهَا مَنَٰفِعُ كَثِيرَةٌ وَمِنْهَا تَأْكُلُونَ ﴿٢١﴾ ﴾ المؤمنون: ٢١. واتە: (بەڕاستی لە بەدیهێنانی ماڵاتیشدا جێگەی سەرنج و پەندە بۆتان _ کە ورد ببنەوەو بەدیهێنەری جوانکار بناسن _ جا لەوەی کە لە سکیاندا بەدی دێت "مەبەست شیرە" دەرخوارتان دەدەین و چەندەها کەڵکی زۆری تری هەیە بۆتان _ لە پێستیان و خوری و موویان... هتد _ و لێشیان دەخۆن).

﴿ وَأَوْحَىٰ رَبُّكَ إِلَى ٱلنَّحْلِ أَنِ ٱتَّخِذِي مِنَ ٱلْجِبَالِ بُيُوتًا وَمِنَ ٱلشَّجَرِ وَمِمَّا يَعْرِشُونَ ﴿٦٨﴾ ثُمَّ كُلِي مِن كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِ فَٱسْلُكِي سُبُلَ رَبِّكِ ذُلُلًا ۚ يَخْرُجُ مِنۢ بُطُونِهَا شَرَابٌ مُّخْتَلِفٌ أَلْوَٰنُهُۥ فِيهِ شِفَآءٌ لِّلنَّاسِ ۗ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَءَايَةً لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ ﴿٦٩﴾ ﴾ النحل: ٦٨ _ ٦٩. واتە: (پەروەردگاری تۆ _ ئەی مرۆڤ _ نیگا و ئیلهامی کردووە بۆ هەنگ کە جێگە بۆ خۆی ساز بکات لە کون و کەلێنی چیاکاندا، هەروەها لە کەلەبەری درەختەکان و لەو شوێنانەش کە ئادەمیزاد بۆی ئامادە دەکات. لەوەودوا _ فێرمان کردووە _ لە هەموو بەروبووم _ و شیلەی گوڵان و شتی بەسوود _ بخوات و پێمان ڕاگەیاندووە، ئەو نەخشانەی پەروەردگارت بۆی کێشاویت بە ملکەچیەوە ئەنجامیان بدە، جا لە ناو سکی ئەو هەنگانەوە شیلەیەکی ڕەنگ جیاواز دێتە دەرەوە کە شیفای تێدایە بۆ _ زۆر نەخۆشی _ خەڵکی _ سەرەڕای تامی شیرین و خۆشی _، بەڕاستی ئا لەمەشدا بەڵگە و نیشانەی بەهێز هەیە بۆ کەسانێك بیر بکەنەوە).

بەڵام ئەم کردارو پرۆسانە لەوە تێناپەڕن کە ببنە شتێك بەرامبەر بە دەرئاسا و موعجیزەی هەرە مەزن کە سەرباری پێشکەوتنی زانست ئەوا فەراهەم نەبووەو بەپێی گومانی زاڵ بۆشی نالوێت نهێنیە شاراوەکەی ئاشکرا بکات و

مەتەڵە سەرسوڕهێنەرەکەی هەڵبوەشێنێتەوە.. ئەویش موعجیزەی ژیانە... جا بەم شێوە کتێبی خوا داوامان لێدەکات بە زەویدا بگەڕێین و پشکنین بکەین و ورد ببینەوەو ڕابمێنین بۆ بەدواداچوون بۆ سەرەتاکانی بەدیهێنانی بوونەوەر، چونکە لەوێوە موعجیزەی ژیان دروست دەبێت و _ دواتر _ پێکهاتە و داهێنانەکانی ژیان فرە جۆر دەبن:

﴿ قُلۡ سِيرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَٱنظُرُواْ كَيۡفَ بَدَأَ ٱلۡخَلۡقَۚ ثُمَّ ٱللَّهُ يُنشِئُ ٱلنَّشۡأَةَ ٱلۡأٓخِرَةَۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ ﴾ العنكبوت: ٢٠. واتە: (پێیان بڵێ: با بگەڕێن بە زەویدا، تەماشا بکەن و سەرنج بدەن، چۆن ئەو زاتە دروستکراوانی بەدیهێناوە، لەوەو دواش هەر خوا سەرلەنوێ بەرپایان دەکاتەوە، بەڕاستی خوا دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە).

﴿ وَمِنَ ٱلنَّاسِ وَٱلدَّوَآبِّ وَٱلۡأَنۡعَٰمِ مُخۡتَلِفٌ أَلۡوَٰنُهُۥ كَذَٰلِكَۗ إِنَّمَا يَخۡشَى ٱللَّهَ مِنۡ عِبَادِهِ ٱلۡعُلَمَٰٓؤُاْ ﴾ فاطر: ٢٨. واتە: (هەروەها لە خەڵك و گیانداران و ماڵاتیش جۆرەها ڕەنگ و شێوەو قەبارەی جیاواز هەیە. بەڕاستی هەر زاناکان پەیی بەو نهێنیانە دەبەن و لە ناو بەندەکانی خوا هەر ئەوان لەخوا دەترسن).

ئا لێرەوە... لەهەمبەر بەخششی خوا کە عەقڵەکان پێی ناگەن، و لە بەرامبەر ئەو جۆراو جۆرێتیە دەگمەنەی کە لەم بەخششەوە گەڵاڵە بووە... لە ئاست فیستیفاڵی بوونەوەری ڕەنگاو ڕەنگ... مرۆڤ هیچی بۆ ناکرێت جگە لەوەی بە ملکەچی و سەرسامیەوە ملکەچ بکات لەبەرامبەر ویستی خوا... و قورئانی پیرۆز زیاتر لە جارێك جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە بەدیهێنانی ئەم

**بوونەوەرانە لە نەبوونەوە بۆ بوون موعجیزەکەی کەمتر نییە لە بەدیهێنانی ئاسمانەکان و زەوی و مرۆڤ.**

﴿وَأَلْقَىٰ فِي ٱلْأَرْضِ رَوَٰسِيَ أَن تَمِيدَ بِكُمْ وَبَثَّ فِيهَا مِن كُلِّ دَآبَّةٖ﴾ لقمان: ١٠. **واتە: (لە زەویشدا کێوەکانی دامەزراندووە کە لەنگەری زەویان ڕاگرتووە، نەوەکو ژێرەو ژوور ببن و لاربېنەوە، جۆرەها زیندەوەرو گیانلەبەریشی تێدا بڵاوکردۆتەوە).**

﴿وَمِنْ ءَايَٰتِهِۦ خَلْقُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَمَا بَثَّ فِيهِمَا مِن دَآبَّةٖۚ وَهُوَ عَلَىٰ جَمْعِهِمْ إِذَا يَشَآءُ قَدِيرٞ﴾ الشورى: ٢٩. **واتە: (لە نیشانە و بەڵگەکانی گەورەیی دەسەڵاتی خوا: دروستکردنی ئاسمانەکان و زەوی و ئەو زیندەوەرانەیە کە تیایاندا بڵاوی کردۆتەوە، هەر ئەو زاتە کاتێك بیەوێت توانا و دەسەڵاتی بەسەر کۆکردنەوەیانی هەیە).**

﴿وَفِي خَلْقِكُمْ وَمَا يَبُثُّ مِن دَآبَّةٍ ءَايَٰتٞ لِّقَوْمٖ يُوقِنُونَ ٤﴾ الجاثية: ٤. **واتە: (هەروەها لە دروستکردنی ئێوەدا، لەو هەموو زیندەوەرە جۆراو جۆرانە کە لەسەر زەوی و ژێر زەوی و ناو ئاودا هەن و بڵاویان دەکاتەوە، بەڵگە و نیشانەن لەسەر دەسەڵاتی خوا بۆ کەسانێك کە دڵنیان و باوەڕی دامەزراویان هەیە).**

**ئەمەش بەڕاستی جەخت کردنەوەیەکی بەردەوامە لەسەر ئەوەی ئەم بەدیهێنراوانە بە هەموو ئەو شتانەی کە هەیانە هەر لە شێوەی بەدیهێنان و پێکهاتە و ئارەزووە و کردارە موعجیزەکانیان بریتیین لە (بەڵگە و نیشانە..) بۆ هەر زانایەکی ڕاستگۆ کە بەڵگە و نیشانەکان کێشیان دەکەن بۆ شوێنگەکانی باوەڕو ئیمان..**

**قورئان زۆر ناوەستێت بەڵکو تەحەداکەی دەخاتەڕوو وەك گوتەی یەکلاکەرەوە لەم بارەوە:**

﴿ هَٰذَا خَلْقُ ٱللَّهِ فَأَرُونِى مَاذَا خَلَقَ ٱلَّذِينَ مِن دُونِهِۦ ﴾ لقمان: ١١. **واتە: (ئائەمە دروستکراوانی خوا، وەرن نیشانم بدەن بزانم ئەوانی تر جگەلەو زاتە، چیان دروست کردووە، نەخێر هیچیان دروست نەکردووە).**

**هیچ شتێك نییە دروستیان کردبێت!!.**

دووەم:

**جا نمایشکردنی بەڵگە و نیشانەی بینراو لەسەر موعجیزایەتی بەدیهێنانی خوایی و بەڕێوەبردنی... تاکە ئامانج نییە لە پاڵ دەرخستنی ئەم فیستیفاڵەی زیندەوەران و گیانلەبەران و سەرنج ڕاکێشان بۆ لای... بەڵکو _ بەهەمان شێوە _ لێرەدا ئەم جیهانە ڕام کراوە بۆ خزمەتی مرۆڤ کە گەورەی بەدیهێنراوان و ڕێزدارترینیانە لەلای خوا... و سوودی بۆ مرۆڤ فەراهەم هێناوە تا یارمەتی بدات لە بەردەوام بوون لەسەر ئەرکی شارستانی خۆی لە جیهاندا، هەر لە پێویستترین پێداویستیە ڕۆرژانەییەکانی کە لە هەمووان زیاتر پێویستە بۆ ژیان لە: خواردن و خواردنەوەو جل و بەرگ و شوێنی نیشتەجێ بوون، کەل و پەلی ناو ماڵ، گواستنەوەو جەنگ:**

﴿وَمِنَ ٱلۡأَنۡعَٰمِ حَمُولَةٗ وَفَرۡشٗاۚ كُلُواْ مِمَّا رَزَقَكُمُ ٱللَّهُ﴾الأنعام: ١٤٢. **واتە: ("هەر خوا" هەندێك لە ماڵاتی بۆ ئێوە ڕام هێناوە کە بۆ باربردن بەکاریان دەهێنن و _ لە خوری و مووی هەندێکیان _ فەرش و ڕایەخ دروست دەکەن و بۆ سواریش هەندێکی تریان بەکاری دێنن).**

﴿ يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ قَدۡ أَنزَلۡنَا عَلَيۡكُمۡ لِبَاسٗا يُوَٰرِي سَوۡءَٰتِكُمۡ وَرِيشٗاۖ وَلِبَاسُ ٱلتَّقۡوَىٰ ذَٰلِكَ خَيۡرٞ ﴾

الأعراف: ٢٦. **واتە: (ئەی نەوەی ئادەم، ئێمە بەڕاستی پۆشاکی لەبارمان بۆ فەراهەم هێناون، عەورەت و ئەوەی پێتان ناخۆشە دەربکەوێت دای دەپۆشێت، هەروەها جل**

**و بەرگی جوانیش کە خۆتانی پێ برازێننەوە _ بەڵام بیرتان نەچێت _ کە پۆشاکی پارێزگاری و لەخواترسی چاکترو خێردارتر و بەفەڕترە).**

﴿ وَٱلْأَنْعَٰمَ خَلَقَهَاۗ لَكُمْ فِيهَا دِفْءٌ وَمَنَٰفِعُ وَمِنْهَا تَأْكُلُونَ ۝٥ وَلَكُمْ فِيهَا جَمَالٌ حِينَ تُرِيحُونَ وَحِينَ تَسْرَحُونَ ۝٦ وَتَحْمِلُ أَثْقَالَكُمْ إِلَىٰ بَلَدٍ لَّمْ تَكُونُواْ بَٰلِغِيهِ إِلَّا بِشِقِّ ٱلْأَنفُسِۚ إِنَّ رَبَّكُمْ لَرَءُوفٌ رَّحِيمٌ ۝٧ وَٱلْخَيْلَ وَٱلْبِغَالَ وَٱلْحَمِيرَ لِتَرْكَبُوهَا ﴾ النحل: ٥_٨. **واتە: (ماڵاتیشی دروستکردووە بۆ خزمەتی ئێوە، کە گەرمیتان پێ دەبەخشێت، هەروەها جۆرەها سوودی لێوەردەگرن و لە شیرو گۆشتەکەشی دەخۆن. کاتێك ماڵاتەکان دەهێننەوە لە ئێواراندا _ بەتێری و شیرەوە _، لە بەرەبەیانەکانیشدا کە لە ماڵ دەریان دەکەن، دیمەنێکی جوانتان بۆ دەنوێنن. هەندێك لەو ماڵاتانە بارو کەل و پەلی سەنگینتان هەڵدەگرن بۆ وڵات و شوێنێك کە ئێوە دوای زەحمەت و ماندووبوونێکی زۆر نەبێت پێی نەدەگەیشتن، بەڕاستی پەروەردگارتان زاتێکی زۆر بەسۆزو میهرەبانە. هەروەها چەندەها جۆری ئەسپ و ماین و هێسترو گوێدرێژی بۆ بەدیهێناون تا بۆ سواری و گواستنەوە بەکاری بهێنن).**

﴿ وَهُوَ ٱلَّذِى سَخَّرَ ٱلْبَحْرَ لِتَأْكُلُواْ مِنْهُ لَحْمًا طَرِيًّا ﴾ النحل: ١٤. **واتە: (هەر ئەو زاتە کە دەریای بۆ بارهێناون تا گۆشتی تەڕو تازەی لێ بخۆن).**

﴿ وَٱللَّهُ جَعَلَ لَكُم مِّنۢ بُيُوتِكُمْ سَكَنًا وَجَعَلَ لَكُم مِّن جُلُودِ ٱلْأَنْعَٰمِ بُيُوتًا تَسْتَخِفُّونَهَا يَوْمَ ظَعْنِكُمْ وَيَوْمَ إِقَامَتِكُمْۙ وَمِنْ أَصْوَافِهَا وَأَوْبَارِهَا وَأَشْعَارِهَآ أَثَٰثًا

وَمَتَـٰعًا إِلَىٰ حِينٍ ﴿٨٠﴾ ﴾ النحل: ٨٠. واتە: (هەر خوا ماڵەکانتانی بۆ کردوون بەهۆی ئارامگرتن و حەوانەوەو لە پێست و مووی ماڵاتیش دەتوانن شوێن و جێگە بۆ خۆتان بسازێنن، پاشان بە ئاسانی هەڵی بدەن لە کاتی نیشتەجێ بوونتاندا و لە خوری و کوڵك و مووەکەی، دەتوانن کەل و پەل و شتومەك بۆ خۆتان دروست بکەن و تا ماوەیەك سوودیان لێ وەربگرن).

﴿ وَإِنَّ لَكُمْ فِي ٱلْأَنْعَـٰمِ لَعِبْرَةً ۖ نُّسْقِيكُم مِّمَّا فِي بُطُونِهَا وَلَكُمْ فِيهَا مَنَـٰفِعُ كَثِيرَةٌ وَمِنْهَا تَأْكُلُونَ ﴿٢١﴾ وَعَلَيْهَا وَعَلَى ٱلْفُلْكِ تُحْمَلُونَ ﴿٢٢﴾ ﴾ المؤمنون: ٢٠_٢١. واتە: (بەڕاستی لە بەدیهێنانی ماڵاتیشدا جێگەی سەرنج و پەندە بۆتان _ کە ورد ببنەوەو بەدیهێنەری جوانکار بناسن _ جا لەوەی کە لە سکیاندا بەدی دێت "مەبەست شیرە" دەرخوارتان دەدەین و چەندەها کەڵکی زۆری تری هەیە بۆتان _ لە پێستیان و خوری و موویان... هتد _ و لێشیان دەخۆن. لەسەر پشتی هەندێك لەو گیاندارانەش هەڵدەگیرێن و لەسەر کەشتیەکانیش).

﴿ أَوَلَمْ يَرَوْا۟ أَنَّا خَلَقْنَا لَهُم مِّمَّا عَمِلَتْ أَيْدِينَآ أَنْعَـٰمًا فَهُمْ لَهَا مَـٰلِكُونَ ﴿٧١﴾ وَذَلَّلْنَـٰهَا لَهُمْ فَمِنْهَا رَكُوبُهُمْ وَمِنْهَا يَأْكُلُونَ ﴿٧٢﴾ وَلَهُمْ فِيهَا مَنَـٰفِعُ وَمَشَـٰرِبُ ۖ أَفَلَا يَشْكُرُونَ ﴿٧٣﴾ ﴾ یس: ٧١_٧٣. واتە: (باشە ئەو خەڵکە سەرنجیان نەداوە کە بەڕاستی بە دەسەڵاتی خۆمان ماڵاتمان بۆ دروست کردوون و ئەوان بوون بە خاوەنی؟. ئینجا ئەو ماڵاتەمان ڕام هێناوە، هەندێك بۆ سواری بەکاردێن، لە گۆشتی هەندێکشیان دەخۆن. هەروەها سوود و قازانجی زۆریان لێ دەبینن و شیرەکەی دەخۆن، جا ئایا ئەوە بۆ سوپاسی خوای بەخشندە ناکەن).

﴿ ٱللَّهُ ٱلَّذِى جَعَلَ لَكُمُ ٱلْأَنْعَٰمَ لِتَرْكَبُوا۟ مِنْهَا وَمِنْهَا تَأْكُلُونَ ﴿٧٩﴾ وَلَكُمْ فِيهَا مَنَٰفِعُ وَلِتَبْلُغُوا۟ عَلَيْهَا حَاجَةً فِى صُدُورِكُمْ وَعَلَيْهَا وَعَلَى ٱلْفُلْكِ تُحْمَلُونَ ﴾ غافر: ٧٩_٨٠. واتە: (هەر خوایە کە ماڵاتی بۆ ئێوە ڕام هێناوە، تا هەندێکی بۆ سواری بەکاربهێنن و هەندێکیشی بۆ خۆراك سوودی لێ وەردەگرن. هەروەها سوودی زۆری ترتان دەستدەکەوێت لەو ماڵاتانەدا، بۆ ئەوەی بە سواری ئەوانە بگەنە ئەو شوێنانەی نیازتان لە دڵدایە بیگەنێ و کاروباری خۆتان ئەنجام بدەن، جا بە سواری ئەو وڵاخانە و کەشتیش هەڵدەگیرێن).

﴿ وَٱلَّذِى خَلَقَ ٱلْأَزْوَٰجَ كُلَّهَا وَجَعَلَ لَكُم مِّنَ ٱلْفُلْكِ وَٱلْأَنْعَٰمِ مَا تَرْكَبُونَ ﴿١٢﴾ ﴾ الزخرف: ١٢. واتە: (هەر ئەو زاتەی هەموو جووتەکانی دروست کردووە، هەروەها کەشتی و جۆرەکانی ئاژەڵیشی بۆ ڕام هێناون، کە بۆ سواری سوودی لێ وەربگرن).

## سێیەم:

بەڵام قورئانی پیرۆز لە کاتێکدا کە جەخت لەسەر ئەو سوودە دەکاتەوە کە لە جیهانی گیانلەبەرانەوە هاتووە بە هەنگاو هاویشتن لە پەیڕەوە میانڕەوە گشتگیرەکەی کە هەڵسوکەوت دەکات لەگەڵ هەموو لایەنەکانی ڕاستی و شتەکان، بەپێچەوانەی پەیڕەوی ئەوانەی لەسەر ڕێبازە دەستکردەکانن، چاو نانوقێنێ لە ئاست لایەنەکەی ترو بێ بایەخی ناکات کە ئەویش: جوانی بە جیهانی گیانلەبەران دەبەخشێت...

لەبەر ئەوەی ژیانی مرۆڤایەتی بە هەموو ئەو شتانەی لەسەری دەوەستێت و ئەو پەیوەندی و پرۆسە و پابەندیانەی تێیدا سەرهەڵدەدەن، بریتی نین لە ڕەفتارێکی سوودگەرایی پوخت... هەروەك چۆن بریتی نییە لە خۆشویستنی جوانی (ڕۆمانسی) پوخت... بەڵکو هەر دووکیانە، و بە هەردووکیان بەردەوامێتی نرخ و بەها و خۆشیەکەی بەدەستەوە دەدات:

﴿ يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ قَدۡ أَنزَلۡنَا عَلَيۡكُمۡ لِبَاسٗا يُوَٰرِي سَوۡءَٰتِكُمۡ وَرِيشٗاۖ وَلِبَاسُ ٱلتَّقۡوَىٰ ذَٰلِكَ خَيۡرٞ ﴾

الأعراف: ٢٦. واتە: (ئەی نەوەی ئادەم، ئێمە بەڕاستی پۆشاکی لەبارمان بۆ فەراهەم هێناون، عەورەت و ئەوەی پێتان ناخۆشە دەربکەوێت دای دەپۆشێت، هەروەها جل و بەرگی جوانیش کە خۆتانی پێ برازێننەوە _ بەڵام بیرتان نەچێت _ کە پۆشاکی پارێزگاری و لەخواترسی چاکترو خێردارتر و بەفەڕترە).

﴿ وَٱلۡأَنۡعَٰمَ خَلَقَهَاۗ لَكُمۡ فِيهَا دِفۡءٞ وَمَنَٰفِعُ وَمِنۡهَا تَأۡكُلُونَ ٥ وَلَكُمۡ فِيهَا جَمَالٌ حِينَ تُرِيحُونَ وَحِينَ تَسۡرَحُونَ ٦ وَتَحۡمِلُ أَثۡقَالَكُمۡ إِلَىٰ بَلَدٖ لَّمۡ تَكُونُواْ بَٰلِغِيهِ إِلَّا بِشِقِّ ٱلۡأَنفُسِۚ إِنَّ رَبَّكُمۡ لَرَءُوفٞ رَّحِيمٞ ٧ وَٱلۡخَيۡلَ وَٱلۡبِغَالَ وَٱلۡحَمِيرَ لِتَرۡكَبُوهَا وَزِينَةٗۚ وَيَخۡلُقُ مَا لَا تَعۡلَمُونَ ٨ ﴾ النحل: ٥_٨. واتە: (ماڵاتیشی دروستکردووە بۆ خزمەتی ئێوە، کە گەرمیتان پێ دەبەخشێت، هەروەها جۆرەها سوودی لێوەردەگرن و لە شیرو گۆشتەکەشی دەخۆن. کاتێك ماڵاتەکان دەهێننەوە لە ئێوارەندا _ بەتێری و شیرەوە _، لە بەرەبەیانەکانیشدا کە لە ماڵ دەریان دەکەن، دیمەنێکی جوانتان بۆ دەنوێنن. هەندێك لەو ماڵاتانە بارو کەل و پەلی سەنگینتان هەڵدەگرن بۆ وڵات و شوێنێك کە ئێوە دوای زەحمەت و ماندووبوونێکی زۆر نەبێت پێی نەدەگەیشتن، بەڕاستی پەروەردگارتان زاتێکی زۆر بەسۆزو میهرەبانە. هەروەها چەندەها جۆری ئەسپ و ماین و هێسترو گوێدرێژی بۆ بەدیهێناون تا بۆ سواری و گواستنەوە بەکاری بهێنن، سەرەڕای دیمەنی قەشەنگیان، و شتی تریش دروست دەکات کە ئێستا ئێوە نایزانن).

﴿ وَمِنَ ٱلنَّاسِ وَٱلدَّوَآبِّ وَٱلۡأَنۡعَٰمِ مُخۡتَلِفٌ أَلۡوَٰنُهُۥ كَذَٰلِكَۗ إِنَّمَا يَخۡشَى ٱللَّهَ مِنۡ عِبَادِهِ ٱلۡعُلَمَٰٓؤُاْ ﴾ فاطر: ٢٨. واتە: (هەروەها لە خەڵك و گیانداران و ماڵاتیش جۆرەها ڕەنگ و شێوەو قەبارەی جیاواز هەیە. بەڕاستی هەر زاناکان پەیی بەو نهێنیانە دەبەن و لە ناو بەندەکانی خوا هەر ئەوان لەخوا دەترسن).

﴿ إِذۡ عُرِضَ عَلَيۡهِ بِٱلۡعَشِيِّ ٱلصَّٰفِنَٰتُ ٱلۡجِيَادُ ٣١ فَقَالَ إِنِّيٓ أَحۡبَبۡتُ حُبَّ ٱلۡخَيۡرِ عَن ذِكۡرِ رَبِّي حَتَّىٰ تَوَارَتۡ بِٱلۡحِجَابِ ٣٢ رُدُّوهَا عَلَيَّۖ فَطَفِقَ مَسۡحَۢا بِٱلسُّوقِ وَٱلۡأَعۡنَاقِ ٣٣ ﴾ص: ٣١_٣٣. واتە: (کاتێك دەمەو ئێوارە ئەو ئەسپە چاکانەی کە ئامادەکرابوون بۆ غەزا هێنایان و نمایش کران لە پێش چاویاندا. ئینجا وتی: من هەمیشە حەز لەو جۆرە کارانە دەکەم و گرنگیدان بەو جۆرە ئەسپانە بەخێر دەزانم، لەگەڵ ئەوەشدا نابێت ببنە هۆی ئەوەی کە لە یادی پەروەردگارم بێ ئاگا بکەن و یادی فەرامۆش بکەم، ئەسپەکان غاریان کرد تا لە چاو ون بوون. لەوەو دوا سولەیمان فەرمانیدا کە بیانگێڕێتەوەو کە گەڕانەوە بۆ لای دەستی هێنا بەڕان و ملیاندا).

﴿أَوَلَمۡ يَرَوۡاْ إِلَى ٱلطَّيۡرِ فَوۡقَهُمۡ صَٰٓفَّٰتٖ وَيَقۡبِضۡنَۚ مَا يُمۡسِكُهُنَّ إِلَّا ٱلرَّحۡمَٰنُۚ إِنَّهُۥ بِكُلِّ شَيۡءِۭ بَصِيرٌ﴾ الملك: ١٩. واتە: (ئایا سەرنجی باڵندەیان نەداوە بەسەریاندا پۆل پۆل دەفڕن و باڵەکانیان لێك دەنێن، ئەو باڵندانە جگە لە خوای میهرەبان کەس بە ئاسمانەوە ڕاگیر ناکات، بەڕاستی ئەو زاتە بە هەموو شتێك بینایە و هیچی لێ ون نابێت و چاودێری هەموو دروستکراوەکانی دەکات).

تەنانەت ئەسپەکان لە کاتێکدا لە گۆڕەپانی جەنگدا کە ڕادەکەن و سمیان لە زەوی دەدەن و تەپ و تۆزو بریسکەیان لێ بەرز دەبێتەوە، دواتر خۆی بە کۆمەڵەی بەرامبەردا دەدات، تەنانەت جوڵەی ئەسپەکان لە شێوەی ژەنینی ئاوازی زۆر سەرنج ڕاکێش و جوانە:

﴿وَٱلۡعَٰدِيَٰتِ ضَبۡحٗا ١ فَٱلۡمُورِيَٰتِ قَدۡحٗا ٢ فَٱلۡمُغِيرَٰتِ صُبۡحٗا ٣ فَأَثَرۡنَ بِهِۦ نَقۡعٗا ٤ ﴾ العاديات: ١_٤. واتە: (سوێند بەو ئەسپانەی لە مەیدانی جەنگدا ئەدەنە غارو

ئەپڕمێنن، و سوێند بەو ئەسپانەی لە غارکردنیاندا سمیان ئەدا لەبەردو ئاگریان لێ دەبێتەوە. ئینجا سوێند بەو ئەسپانەی لە بەرەبەیانا هەڵئەکوتنە سەر دوژمن. جا بەو هەڵکوتانە سەر دوژمنەیان تۆزو گەرد بەرز دەکەنەوە).

## چوارەم:

قورئانی پیرۆز لە ئاست سنووری (سوود) و (جوانی) ناوەستێت کە جیهانی گیانلەبەران بە نەوەکانی ئادەم دەبەخشن... بەڵکو چەند هەنگاوێکی تر دەنێت، لە هەمان ئاراستەدا. جا بە ئایەتە ڕۆشنەکانی ئەو هاو ئاوازی و سۆزو گفتوگۆیەمان بۆ وێنا دەکات کە لە نێوان سەرجەم بەدیهێنراوانی خوادا هەیە بە گیانلەبەرو مرۆڤەوە... جا لە جیهاندا کەش و هەوایەکی پڕ لە هۆگری و خۆشەویستی و هەماهەنگی بڵاو دەکاتەوە... و جەخت لەسەر ڕەگەزە هاوبەشەکان دەکات لە کەرەستەی بەدیهێنانی هەر دوو لا و پەیکەری گشتیدا. و جەخت لەسەر بنچینە و پێکهاتەکەی دەکاتەوە...

﴿ وَمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مِن مَّآءٍ فَأَحۡيَا بِهِ ٱلۡأَرۡضَ بَعۡدَ مَوۡتِهَا وَبَثَّ فِيهَا مِن كُلِّ دَآبَّةٍ ﴾ البقرة: ١٦٤. واتە: (لەو ئاوەی کە خوا لە ئاسمانەوە دەیبارێنێت و ئینجا بەهۆیەوە زەوی پێ زیندوو دەکاتەوە دوای وشك بوون و مردنی، هەروەها جۆرەها زیندەوەرو گیانلەبەری لەسەر ڕووکاری زەوی بڵاوکردۆتەوە).

﴿ وَمَا مِن دَآبَّةٍ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَلَا طَٰٓئِرٍ يَطِيرُ بِجَنَاحَيۡهِ إِلَّآ أُمَمٌ أَمۡثَالُكُمۚ مَّا فَرَّطۡنَا فِي ٱلۡكِتَٰبِ مِن شَيۡءٍۚ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّهِمۡ يُحۡشَرُونَ ﴾ الأنعام: ٣٨. واتە: (هیچ زیندەوەرو گیانلەبەرێك نییە بەسەر زەویدا بڕوات و هیچ باڵندەیەك نییە بە باڵەکانی بفڕێت و ئەوانیش گەلێك نەبن وەك ئێوە، _ دڵنیا بن _ هیچ شتێك نییە پشتگوێمان خستبێت لە

**دۆسیەی پارێزراو _ لوح المحفوظ _دا، لەوەو دوا هەر هەموو ئەوانە کۆ دەکرێنەوە بۆ لای پەروەردگاریان).**

﴿وَٱللَّهُ خَلَقَ كُلَّ دَآبَّةٍ مِّن مَّآءٍۖ فَمِنۡهُم مَّن يَمۡشِي عَلَىٰ بَطۡنِهِۦ وَمِنۡهُم مَّن يَمۡشِي عَلَىٰ رِجۡلَيۡنِ وَمِنۡهُم مَّن يَمۡشِي عَلَىٰٓ أَرۡبَعٖۚ يَخۡلُقُ ٱللَّهُ مَا يَشَآءُۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ﴾ النور: ٤٥. **واتە: (خوا هەموو زیندەوەرێکی لە ئاوێکی تایبەت دروست کردووە، جا هەیانە لەسەر سکی دەڕوات، هەیشە لەسەر دوو قاچ دەڕوات، هەیانە لەسەر چوار پێ دەڕوات، خوا هەرچی بوێت دروستی دەکات، بەڕاستی خوا دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە).**

﴿وَمِنَ ٱلنَّاسِ وَٱلدَّوَآبِّ وَٱلۡأَنۡعَٰمِ مُخۡتَلِفٌ أَلۡوَٰنُهُۥ﴾ فاطر: ٢٨. **واتە: (هەروەها لە خەڵك و گیانداران و ماڵاتیش جۆرەها ڕەنگ و شێوەو قەبارەی جیاواز هەیە).**

﴿سُبۡحَٰنَ ٱلَّذِي خَلَقَ ٱلۡأَزۡوَٰجَ كُلَّهَا مِمَّا تُنۢبِتُ ٱلۡأَرۡضُ وَمِنۡ أَنفُسِهِمۡ وَمِمَّا لَا يَعۡلَمُونَ﴾ يس: ٣٦. **واتە: (پاك و بێگەردی بۆ ئەو زاتەی هەموو بەدیهێنراوەکانی بە جووت دروستکردووە لەوەی لە زەویدا دەڕوێت، لە خۆیشیان، لەو شتانەش کە نایزانن).**

﴿أَوَلَمۡ يَرَوۡاْ أَنَّا خَلَقۡنَا لَهُم مِّمَّا عَمِلَتۡ أَيۡدِينَآ أَنۡعَٰمٗا فَهُمۡ لَهَا مَٰلِكُونَ ٧١ وَذَلَّلۡنَٰهَا لَهُمۡ فَمِنۡهَا رَكُوبُهُمۡ وَمِنۡهَا يَأۡكُلُونَ ٧٢﴾ يس: ٧١_٧٢. **واتە: (باشە ئەو خەڵكە سەرنجیان نەداوە کە بەڕاستی بە دەسەڵاتی خۆمان ماڵاتمان بۆ دروست کردوون و ئەوان**

بوون بە خاوەنی؟. ئینجا ئەو ماڵاتەمان ڕام هێناوە، هەندێك بۆ سواری بەکاردێن، لە گۆشتی هەندێکشیان دەخۆن).

﴿جَعَلَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَاجًا وَمِنَ ٱلْأَنْعَـٰمِ أَزْوَٰجًا يَذْرَؤُكُمْ فِيهِ﴾ الشورى: ١١.

واتە: (هەر لە خۆتان هاوسەرانی بۆ سازاندوون، لە ئاژەڵ و مەڕو ماڵاتیش جووت، نێرو مێی بۆ فەراهەم هێناون، لەو ڕێگەیەوە زاووزێ دەکەن و زۆر دەبن بۆتان).

بەڵکو قورئانی پیرۆز وێنەیەکی دەگمەنمان بۆ دەخاتەڕوو سەبارەت بە گفتوگۆیەك کە لە نێوان مرۆڤ و گیانلەوەر ڕوویداوە، ئەمەش بەزەیی و سۆز زیاتر دەکات و پەیوەندی و بەستەرەکانی پتەو و قوڵتر دەکاتەوە:

﴿وَوَرِثَ سُلَيْمَـٰنُ دَاوُۥدَ ۖ وَقَالَ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ عُلِّمْنَا مَنطِقَ ٱلطَّيْرِ وَأُوتِينَا مِن كُلِّ شَىْءٍ ۖ إِنَّ هَـٰذَا لَهُوَ ٱلْفَضْلُ ٱلْمُبِينُ ﴿١٦﴾ وَحُشِرَ لِسُلَيْمَـٰنَ جُنُودُهُۥ مِنَ ٱلْجِنِّ وَٱلْإِنسِ وَٱلطَّيْرِ فَهُمْ يُوزَعُونَ ﴿١٧﴾ حَتَّىٰٓ إِذَآ أَتَوْا۟ عَلَىٰ وَادِ ٱلنَّمْلِ قَالَتْ نَمْلَةٌ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّمْلُ ٱدْخُلُوا۟ مَسَـٰكِنَكُمْ لَا يَحْطِمَنَّكُمْ سُلَيْمَـٰنُ وَجُنُودُهُۥ وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ ﴿١٨﴾ فَتَبَسَّمَ ضَاحِكًا مِّن قَوْلِهَا وَقَالَ رَبِّ أَوْزِعْنِىٓ أَنْ أَشْكُرَ نِعْمَتَكَ ٱلَّتِىٓ أَنْعَمْتَ عَلَىَّ وَعَلَىٰ وَٰلِدَىَّ وَأَنْ أَعْمَلَ صَـٰلِحًا تَرْضَىٰهُ وَأَدْخِلْنِى بِرَحْمَتِكَ فِى عِبَادِكَ ٱلصَّـٰلِحِينَ ﴿١٩﴾﴾ النمل: ١٦_١٩. واتە: (سولەیمانی جێنشینی داودی باوکی بوو، ڕۆژێك وتی: ئەی خەڵکینە ئێمە فێری زمانی باڵندە کراوین و لە هەموو شتێکمان پێدراوە، بەڕاستی ئەمە هەر فەزڵ و ڕێزێکی ئاشکرایە. هەرچی سەربازو لەشکری سولەیمان هەبوو لە پەری و ئادەمیزاد و باڵندەکان کۆکرانەوەو نمایشیان کرد بە ڕیزو ڕێك و پێکی هەموویان بە سەرەتا و کۆتاییان

یەکیان گرت. هەتا گەیشتنە دۆڵی مێروولە، مێرولە مێچکەیەك _ هاواری کرد و _ وتی: هۆ مێروولەینە، بچنە ماڵ و کون و کەلەبەرەکانتانەوە نەوەکو سولەیمان و سەربازانی پێشێلتان بکەن، لە کاتێکدا هەستتان پێ ناکەن. سولەیمان _ کە گوێی لە هاواری مێروولەکە بوو _ زەردەخەنەی گرت و پێکەنی بە هاوارو قسەکەی، بۆیە وتی: پەروەردگارا، یارمەتیم بدە دڵ و دەروون و ڕۆح و گیانم کۆ بکەرەوە، تا سوپاسگوزاری نازو نیعمەتەکانت بم کە بەسەر من و دایك و باوکمدا ڕژاندووتە، هەروەها کۆمەکیم بکە هەتا کارو کردەوەی چاکە ئەنجام بدەم کە تۆ پێی ڕازی بیت و بەڕەحمەت و میهرەبانی خۆت بمخەرە ڕیزی بەندە چاکەکانتەوە).

﴿وَتَفَقَّدَ ٱلطَّيۡرَ فَقَالَ مَا لِيَ لَآ أَرَى ٱلۡهُدۡهُدَ أَمۡ كَانَ مِنَ ٱلۡغَآئِبِينَ ٢٠ لَأُعَذِّبَنَّهُۥ عَذَابٗا شَدِيدًا أَوۡ لَأَاْذۡبَحَنَّهُۥٓ أَوۡ لَيَأۡتِيَنِّي بِسُلۡطَٰنٖ مُّبِينٖ ٢١ فَمَكَثَ غَيۡرَ بَعِيدٖ فَقَالَ أَحَطتُ بِمَا لَمۡ تُحِطۡ بِهِۦ وَجِئۡتُكَ مِن سَبَإِۭ بِنَبَإٖ يَقِينٍ ٢٢﴾ النمل: ٢٠_٢٢.

واتە: (_ ئینجا سولەیمان _ کەوتە بەسەر کردنەوەو پشکنینی دەستە و تاقمی باڵندەکان و وتی: ئەوە بۆچی من پەپوو نابینم؟ یاخود لێرە نییە و خۆی دزیوەتەوەو لە نادیارەکانە. سوێند بێت ئەبێت سزایەکی زۆر سەختی بدەم یانی سەری ببڕم یاخود دەبێت بە بەڵگەیەکی ئاشکراوە بێت بۆ لام. _ سولەیمان _ زۆر چاوەڕێی نەکرد _ پەپوو پەیدا بوو، یەکسەر هات و نیشتەوە _ و وتی: ئەوەی من پێم زانیوە تۆ پێت نەزانیوە، من لە وڵاتی سەبەئەوە هەواڵێکی ڕاست و دروستم بۆ هێناویت).

چیرۆکەکە لە دوای ئەمە ناسراوە، لێرەدا باڵندە تەنها ناچێتە ناو گفتوگۆ لە نێوان مرۆڤ و گیانلەبەرەوەو بەس، بەڵکو ڕۆڵێکی مێژوویی گرنگ دەگێڕێت بە ویستی خوا لە ململانێی ڕاستی و هەق دژی ناعەقی... ڕۆڵی باڵوێز لە نێوان سولەیمان (سڵاوی خوای لێبێت) شاژنێك دەبینێت کە شاژنەکە خۆی و گەلەکەی سوژدە بۆ خۆر دەبەن جگەلە خوای گەورە... لە دەرەنجامدا سەرکەوتن بۆ سەربازگەی یەکتاناسی دەبێت... ئەمەش ڕووداوە بەناوبانگەکەی فیلمان دەخاتەوە یاد، کاتێك کاربەدەستی حەبەشی هەوڵیدا بۆ هێرش کردنە سەر کەعبە، ماڵی خوای ڕێزدارو پارێزراو بۆ تێکدان و ڕووخاندنی، جا لەلای دەرگاکان فیلەکان وەستان و ڕەتیان کردەوە فەرمانەکانی گەورەکەیان جێبەجێ بکەن، جا ئەوە ڕوویدا کە ڕوویدا، وەك چۆن قورئانی پیرۆز سەرگوزەشتەکەی بۆمان گێڕایەوە: ﴿أَلَمْ تَرَ كَيْفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِأَصْحَٰبِ ٱلْفِيلِ ﴿١﴾ أَلَمْ يَجْعَلْ كَيْدَهُمْ فِى تَضْلِيلٍ ﴿٢﴾ وَأَرْسَلَ عَلَيْهِمْ طَيْرًا أَبَابِيلَ ﴿٣﴾ تَرْمِيهِم بِحِجَارَةٍ مِّن سِجِّيلٍ ﴿٤﴾ فَجَعَلَهُمْ كَعَصْفٍ مَّأْكُولٍۭ ﴿٥﴾﴾ الفيل: ١_٥. واتە: (ئایا نەتزانیوە _ ئەی پێغەمبەر ﷺ _ پەروەردگارت چی کرد بە خاوەن فیلەکان؟. ئایا سەری لێنەشێواندن و پیلان و نەخشەکانیانی پووچ نەکردەوە؟ پۆل پۆل باڵندەی نەناردە سەریان؟ تا بەبەردی سەنگڵ _ وەك خشتی سورکراوە _ بەرد بارانیان بکەن. سەرەنجام وەك پووش و پەڵاش و کای خوراویان لێکردن).

ئا لێرەدا فیل لە گەڵ ڕاستی دەوەستێت لەیەك سەنگەردا دەوەستێت دژی پوچەڵی و ناهەقی لە گەڕێك لە گەڕەکانی ململانێی هەمیشەیی نێوان هەق و ناهەقدا... هەروەك چۆن پێشتر پەپوو لەپاڵ ڕاستی دژی ناڕاست وەستا.. لە هەر دوو گەڕو قۆناغیشدا سەرکەوتن بەشی ڕاستی و هەق بووە...

هەرووەك چۆن قورئان پێمان ڕادەگەیەنێت ئەوا ئەمە جیهانێکە کە خۆشەویستی و سۆزو میهرەبانی تێدا باوەو هەماهەنگی مرۆڤ و گینلەبەران بەیەکەوە دەبەستێتەوە، ئەمەش ئاماژەی خۆی هەیە سەبارەت بە پەیوەندی مرۆڤ بە هەموو جیهانەوە... ئەو جیهانە نییە کە زۆربەی پەیڕەوانی بەرنامە دەستکردەکان هەوڵ دەدەن وێنەی بکێشن بەوەی شانۆیەکی خوێناویە کە یاسای دارستان تێیدا زاڵە... یاسای دارستان پەیوەندی مرۆڤ... و گیانلەبەرو مرۆڤ و جیهان... و مرۆڤ و مرۆڤ ڕێکدەخات!!.

## پێنجەم:

لێرەدا _ بەهەمان شێوە _ چەندین بەها و بنەما هەن کە جیهانی گیانلەبەران چرنووکی نانوێنن لە بەخشینی بەو جیهانەی کە لەوان بەرزترو باشترە ئەویش جیهانی مرۆڤە، بەهۆی پشتبەستنی پرۆسەی پەروەردەیی لە کۆن و ئێستادا بەو جیهانە بۆ جێبەجێکردنی بەشێك لە ئامانجەکانی لەگەڵ منداڵان... ئەگەرچی ئەو منداڵانە _ زۆربەی جاران _ ناتوانن شت ڕاستەوخۆ فێر ببن تەنها لە میانەی نێوەندێکەوە نەبێ، ئەوا گەورەکان دەتوانن ڕاستەخۆ شت فێر ببن...

هەر لە ساتە زووەکانی مێژووەوە... قابیلی (بکوژ) بە مەندەهۆش و وێڵی دەمێنێتەوە لەبەرامبەر تەرمی هابیلی براکەی، نازانێت چی لێبکات، دوای ئەو کردارە قێزەونەی لە بەرامبەر براکەی نواندی، جا لەم بارودۆخەدا خوای گەورە قەلەڕەشێك دەنێرێت بۆ ئەوەی قابیل فێری ناشتنی تەرم بکات : ﴿ فَبَعَثَ ٱللَّهُ غُرَابًا يَبۡحَثُ فِي ٱلۡأَرۡضِ لِيُرِيَهُۥ كَيۡفَ يُوَٰرِي سَوۡءَةَ أَخِيهِۚ قَالَ يَٰوَيۡلَتَىٰٓ أَعَجَزۡتُ أَنۡ أَكُونَ مِثۡلَ هَٰذَا ٱلۡغُرَابِ فَأُوَٰرِيَ سَوۡءَةَ أَخِيۖ فَأَصۡبَحَ مِنَ ٱلنَّٰدِمِينَ ﴾ المائدة: ٣١. واتە: (ئینجا خوای گەورە قەڵەڕەشێکی نارد و چاڵێکی لە زەویدا هەڵکەند _ بۆ قەڵەڕەشێکی تری مردار بوو _، تا نیشانی بدات چۆن لاشەی براکەی بشارێتەوە، _ هەر کە ئەوەی دی _ وتی: هاوار لە من، ئایا ئەوە من نەمتوانی وەك ئەو قەڵەڕەشە بکەم و بەقەدەر ئەوم لێنەهات تا لاشە و عەیب و عاری براکەم بشارمەوە، ئیتر بۆ هەمیشە چووە ڕیزی پەشیمانان). هەر لەوڕۆژەوە نەوەکانی ئادەم کەم و کورتی

مردووانیان دادەپۆشن بە هۆی ناشتن و بە خاك سپاردنیان.. مرۆڤ لە دوای مردن و هەڵوەشانەوەی چی بەسەر دێت جگە لە دەرکەوتنی کەم و کورتی و کرچ و کاڵیەکانی، بۆیە دەبێت بە خێرایی بنێژرێت؟!.

جیهانی مێروولە، کە جیهانێکی سەرسوڕهێنەرە، لەو گفتوگۆیەیدا کە کەمێك پێشتر خرایەڕوو لەگەڵ سولەیمان (سڵاوی خوای لێبێت) فێرمان دەکات کە دەبێت پەیوەندیەکانی نێوان بەدیهێنراوان چۆن بێ، لە نێوان مرۆڤ و گیانلەبەران... ئەی دەبێ لە نێوان مرۆڤ و مرۆڤ دەبێ چۆن بێت؟.

ئێمە نرخی ئەو هاوسۆزیە ویژدانیە دەزانین لەگەڵ جیهانی مێروولەی بچوکدا، بەوەی تەنها هەڵسین بە باسکردنی توانا مەزنەکان و لێهاتوویە فراوانەکان کە بۆ سولەیمان لە جیهانە مەزنەکەیدا ڕام کرابوو.

تەنانەت لە سەردەمی خودی سولەیمانیشدا... گیانلەبەران دانایی و حیکمەتێکی ترمان فێر دەکەن، بە توندی ڕامان دەچڵەکێنن، چاوەکانمان زۆر بە جوانی بەسەر دیوەکەی تری بارودۆخی مرۆیی دەکەنەوە کە پێویستە بیبینین:

﴿ وَلِسُلَيْمَٰنَ ٱلرِّيحَ غُدُوُّهَا شَهْرٌ وَرَوَاحُهَا شَهْرٌ ۖ وَأَسَلْنَا لَهُۥ عَيْنَ ٱلْقِطْرِ ۖ وَمِنَ ٱلْجِنِّ مَن يَعْمَلُ بَيْنَ يَدَيْهِ بِإِذْنِ رَبِّهِۦ ۖ وَمَن يَزِغْ مِنْهُمْ عَنْ أَمْرِنَا نُذِقْهُ مِنْ عَذَابِ ٱلسَّعِيرِ ﴿١٢﴾ يَعْمَلُونَ لَهُۥ مَا يَشَآءُ مِن مَّحَٰرِيبَ وَتَمَٰثِيلَ وَجِفَانٍ كَٱلْجَوَابِ وَقُدُورٍ رَّاسِيَٰتٍ ۚ ٱعْمَلُوٓا۟ ءَالَ دَاوُۥدَ شُكْرًا ۚ وَقَلِيلٌ مِّنْ عِبَادِىَ ٱلشَّكُورُ ﴿١٣﴾ فَلَمَّا قَضَيْنَا عَلَيْهِ ٱلْمَوْتَ مَا دَلَّهُمْ عَلَىٰ مَوْتِهِۦٓ إِلَّا دَآبَّةُ ٱلْأَرْضِ تَأْكُلُ مِنسَأَتَهُۥ ۖ فَلَمَّا خَرَّ تَبَيَّنَتِ ٱلْجِنُّ أَن لَّوْ كَانُوا۟ يَعْلَمُونَ ٱلْغَيْبَ مَا لَبِثُوا۟ فِى ٱلْعَذَابِ ٱلْمُهِينِ ﴿١٤﴾ ﴾ سبأ: ١٢_ ١٤. واتە: (بۆ سولەیمانیش _ با _مان خستە ژێر

فەرمانیەوە، بەیانیان یەك مانگە ڕێ دەڕۆیشت و ئێواران یەك مانگە ڕێ دەهاتەوە، کانی – مس –یشمان بۆ تواندەوە، لە پەریەکانیش هەندێکمان بۆ ڕاهێنا کە لەبەر دەستیدا کار بکەن بە فەرمانی پەروەردگاری، جا ئەوەی لە فەرمانی ئێمە دەربچێت سزای دۆزەخی پێ دەچێژین. سولەیمان هەرچی بیویستایە، پەریەکان بۆیان دروست دەکرد، لە چەندەها جۆری میحراب و شوێنی خواپەرستی، لە پەیکەرو قاپ و کاسە وەك حەوزی فراوان، هەروەها مەنجەڵی گەورەی وا کە لە جێگەی خۆی دامەزراوەو ناجوڵێت، ئینجا پێمان وتن: ئەی نەوەو شوێنکەوتووانی داود، ئێوە بە کردارو گوفتار سوپاسگوزار بن، هەر چەندە کەمێك لە بەندەکانم سوپاسگوزارن. کاتێك بڕیاری مردنی سولەیمانماندا و مرد، تەنها مۆرانە نەبێت کە گۆچانەکەی کلۆر دەکرد، هیچ شتێك ئەوانی ئاگادار نەکرد لە مردنەکەی، جا کە سولەیمان کەوت بە ڕوودا، ئەوسا پەریەکان زانیان سولەیمان دەمێکە وەفاتی کردووە، جا ئەگەر غەیب زان و پەنهانزان بوونایە، ئاوا لە کارو فرمانی ناخۆش و ڕیسواکەردا بەردەوام نەدەبوون).

ئەو پێغەمبەرە، کە ئەم وزە مەزنانەی بۆ ڕام کراوەو خراوەتە خزمەتی لە پێناو بنیاتنان و دروستکردن و ئاوەدان کردنەوەو داهێنان و بەرەو پێش بردنی ژیان لەسەر ڕێچکەی جێنشینایەتی بەرپرس و باوەڕدار، کە بەم نازو نیعمەتە مەزنە لانادات لە سوپاسگوزاری نواندن بۆ بەدیهێنەری گەورە... زۆر ناخایەنێت ئەم پێغەمبەرە لە ڕێگەدا کۆچی دوایی دەکات، مردن چاوەڕوانی هەموو کەسێکە، جا ئەو کەسە باڵابەرز یان کورتەباڵا، پاشا یاخود هەژار بێت، پێویستە لەسەر ئادەمیزاد کە لە هەر شوێنێك بێت ئەوا ئەمە بیر خۆیان بێننەوە، چونکە ئەو کەسە کە پێغەمبەرە و وزەی هەموو جیهانی بۆ ڕام کراوە ئەوا وەك ئەوانی تر

سەردەنێتەوەو دەمرێت، دواتر ئەوەندە ناخایەنێت کرمەکان کە قێزەون و بێ نرخترین جانەوەرن گۆچانەکەی دەخۆن بێ ئەوەی هەستی پێ بکات!.

وەك چۆن قورئانی پیرۆز سەرەنجام ڕادەکێشێت بۆ جیهانی مێرووله، ئەوا _ بەهەمان شێوە _ هەڵوەستەمان پێ دەکات لە ئاست جیهانی هەنگ کە لە ڕووی داهێنانی دروستکردن و کردارو موعجیزەی کەمتر نییە لەو سروشتە دەگمەنەی کە خوا بە مێرووله و هەنگی بەخشیوە: ﴿ وَأَوْحَىٰ رَبُّكَ إِلَى ٱلنَّحْلِ أَنِ ٱتَّخِذِى مِنَ ٱلْجِبَالِ بُيُوتًا وَمِنَ ٱلشَّجَرِ وَمِمَّا يَعْرِشُونَ ﴿٦٨﴾ ثُمَّ كُلِى مِن كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِ فَٱسْلُكِى سُبُلَ رَبِّكِ ذُلُلًا ۚ يَخْرُجُ مِنۢ بُطُونِهَا شَرَابٌ مُّخْتَلِفٌ أَلْوَٰنُهُۥ فِيهِ شِفَآءٌ لِّلنَّاسِ ۗ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَةً لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ ﴿٦٩﴾ ﴾ النحل: ٦٨ _ ٦٩. واتە: (پەروەردگاری تۆ _ ئەی مرۆڤ _ نیگا و ئیلهامی کردووە بۆ هەنگ کە جێگە بۆ خۆی ساز بکات لە کون و کەلێنی چیاکاندا، هەروەها لە کەلەبەری درەختەکان و لەو شوێنانەش کە ئادەمیزاد بۆی ئامادە دەکات. لەوەودوا _ فێرمان کردووە _ لە هەموو بەروبووم _ و شیلەی گوڵان و شتی بەسوود _ بخوات و پێمان ڕاگەیاندووە، ئەو نەخشانەی پەروەردگارت بۆی کێشاویت بە ملکەچیەوە ئەنجامیان بدە، جا لە ناو سکی ئەو هەنگانەوە شیلەیەکی ڕەنگ جیاواز دێتە دەرەوە کە شیفای تێدایە بۆ _ زۆر نەخۆشی _ خەڵکی _ سەرەڕای تامی شیرین و خۆشی _، بەڕاستی ئا لەمەشدا بەڵگە و نیشانەی بەهێز هەیە بۆ کەسانێك بیر بکەنەوە).

زۆر شت وتراوەو نووسراوە لەبارەی لایەنی سوودی خواردنەوە کە دەبێتە مایەی چارەسەری خەڵك... چەندین وتارو توێژینەوەو فەرهەنگ نوسراون

لەوبارەوە کە خوێنەری تیژبین لە میانەیدا ڕەهەندی ڕاستەقینەی ئەوە بەدی دەکات کە قورئانی پیرۆز دەفەرموویێت.

بەڵام شتەکە لە ئاست ئەمەدا ناوەستێت... مێروولە و هەنگ بە کردارە بێ وێنە نەخشە بۆکێشراوەکەیان، بە جێبەجێکردنە ئەندازەییە سەرسوڕهێنەکەیان، بە کۆشش و هەوڵە بەردەوام و ئارامگرەکەیان... فێرمان دەکات کە دەبێت کۆششی مرۆیی چۆن: دەگمەن و بێ وێنە، نەخشە بۆکێشراو، ئەندازیاری و ئارامگرانە بێت، ئەگەر ویسترا نەوەکانی ئادەم ژیانێکی خۆش ببەنەسەر، ئا ئەمە ڕاسپاردە و ڕێنماییە نەرێنیەکانی ئەم دوو جیهانەن... بەڵام لێرەدا یەك لایەنی نەرێنی هەیە، کە بەپێی گومانی زاڵ زۆر گرنگترە.

جا چەسپان بە زەوی و ڕێکخستنی لە پێناو دابینکردنی ئەندازەیەکی زۆر لە دەستەبەری تێر بوون بە خواردن و شوێنی نیشتەجێ بوون و جل و بەرگ و جنسەوە، بریتی بێ لە تاکە ئامانجی ژیان، ئەوا مێروولە و هەنگ و کرمی ئاوریشمی زیرەکترین بەدیهێنراون لەم بوارەدا، چونکە بە سروشتی خۆیان _ کە خوای گەورە پێیانی بەخشیوە _ دەزانن کە چۆن بە زۆرترین ئەندازە لە کۆشش و ڕێکخستن و کردار ئەم دەستەبەریانە مسۆگەر بکەن...

کێ هەیە لە ئێمە نەزانێت کە ئەم سێ جۆرە جانەوەرانە توانای بەرهەم هێنان و ڕێکخستنی کارو بنیاتنانیان هەیە، بەڵام ژیانی مرۆڤایەتی تەنها تێرکردنی پێویستیەکان نییە، ئەمەش بابەتێکە کە بڕاوەتەوەو مایەی یەکدەنگیە لە نێوان هەموو ئەوانەی دەیانەوێت ژیان چارەسەر بکەن بەشێوەیەکی واقیعی ڕاستەقینە... بەڵام لێرەدا هەندێك ئامانج هەن لە پاڵ ئەم سنوورە دونیاییانە لە

تێرکردنی پێویستیەکان... لێرەدا بەها و نموونە و بنەما و سۆزو ویژدان و حەزو ئارەزووی ئاینی و جوانی و ڕەوشتی هەن...

بەڕاستی گیانی مرۆڤ هەردەم عەوداڵە بە دوای تێرکردن، دەروونی مرۆڤ هەمیشە بەلای دابینکردنی حەزەکانی و وەڵامدانەوەی پاڵنەرەکانی دەچێت کە سنووری جنس و خواردن و خواردنەوە تێپەڕ دەکات.

جا ئەگەر ڕێکخستنی ماددی کە بچوکترین جانەوەر تیایدا هاوبەشە لەگەڵمان بەهۆی حیکمەتێك خوا خۆی دەزانێ!! کە لایەنی مەدەنی و ژیاری لە شارستانیەتی مرۆڤایەتی دەگرێتەوە، ئەوا لێرەدا لایەنێکی تر هەیە کە گرنگی و مەترسیەکەی کەمتر نییە، ئەگەر تێگەیشتنی زۆری بوێت، ئەوا بریتییە لەلایەنی ڕۆشنبیری شارستانیەکان، بەهەموو ئەو بەها و بنەما و حەزانەی کە چوارچێوەی هەڵسوکەوت کردنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ خاك تێدەپەڕێنێت...

ئا ئەم لایەنەیە کە ڕەنگ و شێوە بە شارستانیەت دەدات و کەسایەتی سەربەخۆی پێدەبەخشێ... و بەمە مێژووی مرۆڤایەتی جۆراو جۆر و سەرنجڕاکێش دەبێ بە یەکدادان و جیاوازی...

ئایا چی دەبێت ئەگەر شارستانیەتەکانی مرۆڤایەتی خەمی سەرەکی خۆی بکاتە بەرهەم هێنانی ئەندازەی قەبارەی مەزنتری خۆراك و بنیاتنانی کۆمەڵگەی نیشتەجێبوونی زۆرتر، و تەنینی ڕووبەری زیاتر لە قوماش، ئایا دەکرێ بەمە جیاوازی شارستانی هەبێ؟.

تەنها جیاوازی چەندێتی دەبێ... ئەم ئوممەتە گەنم و جۆ کەمتر بەرهەم دێنێت لەو ئوممەتەی تر بەڕێژەی کەمتر لە سی و پێنج لە سەد... فڵانە ئوممەتە چنراوەکان دەخاتە بازارەوە بە ڕێژەی لە سەدا پەنجا زیاتر لە فیسارە ئوممەتە...و ئەم گەلە لە یەك ساڵدا بیست کۆمەڵگەی نیشتەجێ بوون دروست دەکات، لە کاتێکدا گەلی دراوسێ تەنها هەشت کۆمەڵگە لە ساڵێکدا دروست دەکات!!.

لێرەدا هیچ جیاوازیەکی ڕەسەن لە کەسایەتی شارستانیەتدا بوونی نییە. لە ڕەنگ و بۆنیدا... جا نرخ و بایەخی مێژووی مرۆڤایەتی چەند دەبێ ئەگەر ئەو جیاوازی و تایبەتمەندێتیە شارستانیەتە ڕەسەنە لە دەست بدات؟.

بێگومان ئەوەی خۆرهەڵات لە خۆرئاوا، و هیند لە چین و جیهانی ئیسلامی لە جیهانی مەسیحی یان ماددەگەرایی یاخود بوزی جیا دەکاتەوە. بریتی نییە لە ئەندازەی ئەوەی بنیاتی دەنێی یان ئەنجامی دەدەی و دەیچنی...بەڵکو بریتییە لەوەی کە چۆن هەر گەلێك لەو گەلانەت خۆش دەوێت... و چۆن نوێژ دەکەی و ڕۆژوو دەگری و خواپەرستی دەکەی.. و چۆن دروشم و پەخشان و فەلسەفەکانی دەنووسی.. و چۆن بیر لە ئاکام دەکەیتەوە...

بایەخدانی مەزن بریتین لەوەی کە سنووری کێشکردنی زەوی و پێداویستەکانی ببەزێنێت، سەرباری بەهێزی ئەو کێشکردنە و گرانی ئەو پێویستیانە و گرنگیە زۆرەکەی.. ئەوا ئەمانە تێدەپەڕێنێت بۆ ئاسۆ فراوان و پان و پۆڕەکان... کە ئاینەکان بە تایبەت هاتوون بۆ ئەوەی مرۆڤایەتی بەرەو ئەوێ ببەن دوای ڕزگارکردنیان لە کێشکردنی پێویستیەکان و کۆت و بەندیان لەسەر لادەبات...

ئینجا بەبێ ئەو ئازادیەی کە ئایین پێمان دەبەخشێت، ئەوا زیاتر لەوە ئەنجام نادەین کە کرمی ئاوریشمی دەکات لە کاتێکدا ئاوریشم دەچنێت و کۆمەڵگەکانی مێرووولە کاتێك تێشوو پاشەکەوت دەکات بۆ ڕۆژانی زستان، و هەنگ لە کاتێکدا خانەکانی دروست دەکات بەپێی ئەندازەی بیناسازی و بەوپەڕی وردەکاریەوە.

## شەشەم:

بەهۆی چڕو پڕی ئەو بەها و ئامۆژگاریانەی کە جیهانی گیانلەبەران دەیبەخشێ... و توانای پڕ کاریگەری ئەم جیهانە بەهۆی پشت بەستنی بە نموونەی کرداری بینراو.. جا لەبەر ئەمانە کتێبی خوای گەورە پشت دەبەستێت بە چەند سوودو وەدەستهاتوو و نموونەیەکی ئەم جیهانە و بە وێنە و نموونەی دەهێنێتەوە... بێگومان لە کۆن و ئێستاش نموونە هێنانەوە لە باشترین و کاریگەرترین هۆکارەکانی پەروەردە و فێرکردنە...

﴿ وَٱتۡلُ عَلَيۡهِمۡ نَبَأَ ٱلَّذِيٓ ءَاتَيۡنَٰهُ ءَايَٰتِنَا فَٱنسَلَخَ مِنۡهَا فَأَتۡبَعَهُ ٱلشَّيۡطَٰنُ فَكَانَ مِنَ ٱلۡغَاوِينَ ﴿١٧٥﴾ وَلَوۡ شِئۡنَا لَرَفَعۡنَٰهُ بِهَا وَلَٰكِنَّهُۥٓ أَخۡلَدَ إِلَى ٱلۡأَرۡضِ وَٱتَّبَعَ هَوَىٰهُۚ فَمَثَلُهُۥ كَمَثَلِ ٱلۡكَلۡبِ إِن تَحۡمِلۡ عَلَيۡهِ يَلۡهَثۡ أَوۡ تَتۡرُكۡهُ يَلۡهَثۚ ذَّٰلِكَ مَثَلُ ٱلۡقَوۡمِ ٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَاۚ فَٱقۡصُصِ ٱلۡقَصَصَ لَعَلَّهُمۡ يَتَفَكَّرُونَ ﴿١٧٦﴾ ﴾ الأعراف ١٧٥_١٧٦.

واتە: (_ ئەی محەممەد ﷺ _ هەواڵی ئەو کەسەیان بەسەردا بخوێنەرەوە کە فەرمانی خۆمانمان پێبەخشی بوو، کەچی ئەویش خۆی لێ داماڵی و دوورەپەرێز گرت، ئەوسا ئیتر شەیتان شوێنی کەوت و دایە پێش و چووە ڕیزی سەر لێشێواوان. خۆ ئەگەر بمانویستایە بەو ئایەت و فەرمانانە بەرزمان دەکردەوە، بەڵام ئەو خۆی چەسپان بە زەویەوەو _ دەستی کرد بە دونیا پەرستی و _ شوێن ئارەزووەکانی خۆی کەوت، جا نموونەی _ ئەو جۆرە کەسانە _ وەك نموونەی سەگ وایە، ئەگەر دەری بکەیت و پیایدا هەڵبشاخێیت هەناسە بڕکێیەتی _ زمان

دەردەکێشێت _، یاخود ئەگەر وازی لێبهێنێت هەر هەناسە بڕکێیەتی، ئەوە نموونەی ئەو کەسانەیە کە ئایەتەکانی ئێمەیان بە درۆ زانیوەو بڕوایان پێ نەبووە، کە وابوو ئەم جۆرە بەسەرهاتانە بگێڕەرەوە بۆ ئەوەی _ دابچڵەکێن و _ بیر بکەنەوە).

﴿ مَثَلُ ٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَوْلِيَآءَ كَمَثَلِ ٱلْعَنكَبُوتِ ٱتَّخَذَتْ بَيْتًاۖ وَإِنَّ أَوْهَنَ ٱلْبُيُوتِ لَبَيْتُ ٱلْعَنكَبُوتِۖ لَوْ كَانُواْ يَعْلَمُونَ ﴾ العنكبوت: ٤١.

واتە: (نموونەی ئەوانەی جگەلە خوای گەورە کەسانێکی تر دەکەنە پشتیوانی خۆیان، وەك نموونەی جاڵجاڵۆکەیەك وایە کە ماڵێکی بۆ خۆی ساز کردبێت، بەڕاستی لاوازترینی هەموو ماڵەکان ماڵی جاڵجاڵۆکەیە، ئەگەر سەرنجیان بدایە و تێبگەیشتنایە).

﴿ مَثَلُ ٱلَّذِينَ حُمِّلُواْ ٱلتَّوْرَىٰةَ ثُمَّ لَمْ يَحْمِلُوهَا كَمَثَلِ ٱلْحِمَارِ يَحْمِلُ أَسْفَارًۢاۚ بِئْسَ مَثَلُ ٱلْقَوْمِ ٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِۚ وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴾ الجمعة: ٥. واتە: (وێنەی ئەوانەی کە تەوڕاتیان درا بەسەردا تا پەیڕەوی بکەن، پاشان هەڵیان نەگرت و پەیڕەویان نەکرد، وەك گوێدرێژێك وایە کە بارە کتێبێکی هەڵگرتبێت، ئای کە چەندە ناشرینە وێنە و نموونەی ئەوانەی کە ئایەتەکانی خوایان بەدرۆ زانیوەو بڕوایان پێ نەبووە، بێگومان خوا هیدایەت و ڕێنوێنی ستەمکاران ناکات).

﴿ فَمَا لَهُمْ عَنِ ٱلتَّذْكِرَةِ مُعْرِضِينَ ﴿٤٩﴾ كَأَنَّهُمْ حُمُرٌ مُّسْتَنفِرَةٌ ﴿٥٠﴾ فَرَّتْ مِن قَسْوَرَةٍۭ ﴿٥١﴾ ﴾

المدثر: ٤٩_٥١. واتە: (باشە، ئەوە بۆچی لە یادخستنەوە پشت هەڵدەکەن و ڕوو

وەردەگێڕن. دەڵێی گەلە گوێدرێژی کێوین و دەسڵەمێنەوە. لە ترسی شێر هەڵهاتوون).

ئەمانە هەندێك نموونەن کە نیگاری خۆیان دەکێشن بە فڵچەی داهێنەری قورئانی پیرۆز، بۆیە پێویستی بە لێکدانەوە نییە... ئەوانەی خۆیان دادەماڵن لە بەڵگە و نیشانە و فەرمانەکانی خوا و دونیا پەرستی هەڵدەبژێرن ئەوا هەناسە بڕکێیانە وەك چۆن سەگ هەناسە بڕکێ دەگرێت، ئەوانەی پشتی بەندە هاووێنەی ئەوانە دەگرن و بە خواو تاغوت دایاندەنێن، ئەوانیش لە جیاتی شوێن کەوتووانیان بیردەکەنەوەو یاسایان بۆ دادەڕێژن، دڵنیاشن لە پتەوی پایەکانی خۆیان... ئەوا بێگومان تەنها خانووی لەرو لاوازیان هەڵبژاردووە وەك ماڵی جاڵجاڵۆکە، کە زۆر ئاسانە بۆ با یان دەستی مرۆڤ کە ماڵی لەوشێوەیە ڕابماڵێت؟!.. ئەوانەی بەسەریاندا سەپێنرا و فەرمانیان پێکرا کە پابەندی حوکم و ئامۆژگاریەکانی تەورات بن کەچی ئەمەیان پەیڕەو نەکرد و لە هزرو ڕەوشت و هەڵسوکەوتیان ڕەنگی نەدایەوە، بەڵکو تەنها ئەوەیان بە بەس زانی کە لەسەر پشتی خۆیان هەڵبگرن و خۆیانی پێ هەڵبدەنەوە، لەو کەرو گوێدرێژە زیاتر نین کە کۆمەڵە کتێبێکی هەڵگرتووە؟ ئایا گوێدرێژ لەوە تێدەگات کە هەڵی گرتووەو پیادەی دەکات؟!.. ئەوانەی لە بەر بانگەوازی ڕاستی هەڵدێن، ئەو بانگەوازەی دەیەوێت ڕۆڵی ڕاستەقینەی مرۆڤ لەسەر زەوی یادی مرۆڤ بخاتەوەو ئەوەیان بیر بخاتەوە کە پێویستە ئەنجامی بدەن تا بەڕاستی شایستەی ژیانی مرۆڤایەتی بن... ئایا ئەوانەی لەبەر ئەم بانگەوازە ڕادەکەن بریتی نین لە گوێدرێژی هەڵاتوو، کە شێرێکی دڕندە هەڵی بکوتێتەسەر لە کاتی بێئاگایی، جا گوێدرێژەکەش لەبەر دەستی شێرەکە ڕا بکات و گوێ بە هیچ نەدات؟!.

ئەمانەش هەندێك نموونەن كە وێنەی خۆیان دەكێشن بە فلْچەی داهێنەری قورئانی پیرۆز، بۆیە پێویستی بە لێكدانەوە نییە... بەڵام نموونەی هەرە مەزن و مەترسیدار كە خوا دەیەوێت بۆ ئێمە بە نموونە بێنێتەوە لە جیهانی گیانلەبەراندا، بریتییە لە خودی موعجیزەی بەدیهێنان، جا لێرەدا جگە لە خوا هیچ كەسێك نهێنی بەدیهێنان و كلیلی ژیان نازانێت: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَسۡتَحۡيِۦٓ أَن يَضۡرِبَ مَثَلٗا مَّا بَعُوضَةٗ فَمَا فَوۡقَهَاۚ فَأَمَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ فَيَعۡلَمُونَ أَنَّهُ ٱلۡحَقُّ مِن رَّبِّهِمۡۖ وَأَمَّا ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ فَيَقُولُونَ مَاذَآ أَرَادَ ٱللَّهُ بِهَٰذَا مَثَلٗاۘ يُضِلُّ بِهِۦ كَثِيرٗا وَيَهۡدِي بِهِۦ كَثِيرٗاۚ وَمَا يُضِلُّ بِهِۦٓ إِلَّا ٱلۡفَٰسِقِينَ﴾ البقرة: ٢٦. واتە: (بەڕاستی خوا باكی نییە و نەنگ نییە بەلایەوە هەر نموونەیەك بێنێتەوە بە مێشوولەیەك، لەویش بچوكتر یان گەورەتر، جا ئەوانەی ئیمان و باوەڕیان هێناوە، ئەوە چاك دەزانن ئەم نموونەیە ڕاستە و لەلایەن پەروەردگاریانەوەیە، ئەوانەش كافرو بێ باوەڕن دەڵێن: خوا مەبەستی چی بوو لەم نموونەیەدا؟ _ خوای گەورەش دەفەرمووێت: _ زۆرێكی پێ گومڕا دەكات و زۆرێكی تریشی پێ ڕێنوێنی دەكات، بەڵام دیارە جگەلە لارو وێرو یاخی و تاوانباران كەسی تر گومڕا ناكات).

قورئانی پیرۆز هەڵدەستێت بە هەڵبژاردنی بچوكترین گیانلەبەرەكان و ئەوانەی كە لە هەمووان كەمتر بایەخیان بۆ دادەنرێ بۆ ئەوەی نموونەی پێ بهێنرێتەوەو بەهۆیەوە تەحەدای نەوەكانی ئادەم و تاغوت و خوا درۆینەكانی دەكات كە هاوشێوەی ئەمانە دروست بكەن: مێشوولە... مێش... لە هەمان كاتدا قورئان دەچێت بەرەو گەورەكردنی پێچەوانە بەپێی شێوازی كاریكاتێری بۆ ئاستی هەرە نزم تا گاڵتە بە خەڵكی لادەر بكات و لە هەمان كاتدا پێكەنین بخاتە

سەر زاریان: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ضُرِبَ مَثَلٌ فَٱسْتَمِعُواْ لَهُۥٓۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ لَن يَخْلُقُواْ ذُبَابًا وَلَوِ ٱجْتَمَعُواْ لَهُۥۖ وَإِن يَسْلُبْهُمُ ٱلذُّبَابُ شَيْـًٔا لَّا يَسْتَنقِذُوهُ مِنْهُۚ ضَعُفَ ٱلطَّالِبُ وَٱلْمَطْلُوبُ﴾ الحج: ٧٣. واتە: (ئەی خەڵکینە: نمونەیەك هێنراوەتەوە چاك گوێی بۆ بگرن؛ بەڕاستی ئەوانەی کە هاناو هاواری لێدەکەن لە جیاتی خوا، هەرگیز ناتوانن تاکە مێشێك دروست بکەن، هەر چەندە بۆ ئەو کارە کۆببنەوەو _ یارمەتی یەکتر بدەن _ ئەگەر مێشەکە شتێکیان لێ بفڕێنێت، ناتوانن لێی بسەننەوە، داواکارو داوالێکراو هەر دووکیان لاوازو بێ دەسەڵاتن).

ئا لێرەوە قورئان بانگەوازە تەحەداکارو گاڵتەپێکەرەکەی دەخاتەڕوو و دەفەرموویێت: ئەی ئەو خوا درۆزنانەی کە باڵای خۆیان بۆ ئاسمان بەرز کردۆتەوەو دەیانەوێ لە زەویدا ڕۆبچن و بە ئەندازەی چیاکان بەرز بننەوە... ئەی ئەو خوایانەی کە تووشی دەردی لەخۆبایی بوون بوون بەمەش قەبارەی ڕاستەقینەی خۆیانیان تێپەڕاندووە چەندین جار... ئەی ئەو درۆزنانەی زانست و زانینی باڵا بۆ خۆیان قۆرغ دەکەن و بۆ خەڵکی بیردەکەنەوەو ڕێسا و یاسایان بۆ دادەنێن... ئا ئەوە تەحەددای ئێوە دەکەم... بەوەی بتوانن مێشوولە یان مێشێك یاخود لەوە زیاتر دروست بکەن، تەحەددای ئێوە دەکەم بەوەی ئەو شتە بێ نرخە بگێڕنەوەو لە مێشوولە بسەننەوە کە ئەو لە ئێوەی ڕفاندووە...

ئەی خواو پەرستراو و درۆزنەکان ئەگەر بتوانن _ بەیەکەوە _ مێشوولەیەك دروست بکەن و ئەوەی ئەو مێشوولە لە ئێوەی ڕفاندووە لێی وەربگرنەوە... بەڕاستی داواکار ئەی خوا درۆینەکان و داوالێکراویش لاوازن.

لێرەدا قورئانی پیرۆز تەنها نامانهێنێتە پێکەنین، بەڵکو دەمانخاتە گریانەوە... بەڕاستی فرمێسك لە چاوەکانمان دەبارێنێت...

لە کاتێکدا پێدەکەنین و دەگریەین ئەوا دەزانین بۆچی خوای پایەبەرز ئەوەی ویستووە بە مێش و مێشوولە تەحەددای پەرستراو و خوایە درۆزینەکان بکات!!.

## گەشتێک بەناو

## جیهانی ڕووەک لە کتێبی خوادا

لە زیاتر لە لایەن و سۆمایەکەوە قورئانی پیرۆز هەڵسوکەوت دەکات لەگەڵ جیهانی ڕووەك کە بەدیهێنراوێکی دەرئاسا و موعجیزەیە، پڕە لە واتای گەڵاڵە بوو و بنەما و بەها کە بەردەوام سڵ ناکاتەوە لە پێدان و بەخشین... _ کاتێك _ قورئان لە میانەی ئەم جیهانەوە بۆمان دەدوێت لەبارەی مردن و ژیان و لە ناوچوون و نەمری... و گرژ بوون و بڵاوبوونەوە... پەرش و بڵاو بوون و زیندوو بوونەوە... کاتێکی تر دەمانگوێزێتەوە بۆ سەر ڕووخسارەکانی دەرئاسا بوون و داهێنان لەم جیهانەدا... تەقاندنەوەی ژیان لە دڵی خالکی مردوودا... و فرەجۆری بەخشش و بەرهەم کە هەر بە یەك ئاو ئاودەدرێت... کاتێکی تر باسی سوودەکانی ئەم جیهانەمان بۆ دەکات و چۆنیەتی ڕوومالّ کردنی پێداویستیەکان... بێ ئەوەی لایەنی تر لەبیر بکات: جوانی و ڕێك و پێکی و هۆگر بوونی سروشتی کە لە نێوان بەدیهێنراوانی خوادا هەیە... لە چەندین کۆمەڵە ئایەتی تری ڕوون و ڕۆشندا دەچێتە سەر نموونە هێنانەوە، و بۆ ئەوەی _ بە هەمان شێوە _ بۆمان بدوێت لەبارەی ئاکامی گەل و کۆمەڵانێك کە ڕەفتارو هەڵسوکەوتیان ڕێك نەبوو لەگەڵ ئەم جیهانەدا... و ئاماژە بە چەندین شتی تریش بدات...

دەی با دەست بە گەشتە قەشەنگ و دڵڕفێنەکە بکەین، بەڵام با ڕۆیشتنەکەمان خێرا بێت تا زۆر نەخایەنێت...

## یەکەم:

**یەکەم شت کە بەرچاوی مرۆڤ دەکەوێت لە کاتێکدا چاوی دەگێڕێت بەناو باخ و باخچە سەوزەکانی جیهان بریتییە لە گۆڕانە خێراکەی لە نێوان ژیان و مردن... گەڵاڵە بوونی ژیان لە دڵی خاکی مردوو .. سەوز دەبێ و بەژن و باڵای ڕێك دەبێت دواتر وشك هەڵدەگەڕێت و دەپوکێتەوە... زۆر ناخایەنێت تێکدەشکێت... هیچ گەشتێك لە نێوان زیندووبوونەوەو لەناوچوون لەمە خێراتر نییە... ڕاستە ئەمە ئەرکە نەخشە بۆکێشراوەکەی جێبەجێ دەکات لە جیهاندا لە ڕووی سوودو قەشەنگیەوە... بەڵام هەر زیاتر لە سوود و جوانی لە خۆی هەڵدەگرێت، ئەویش (پەندە) کە ئەم گەشتە دەری دەبڕێت کە لە شێوەی گوێزرانەوەی شانۆیی خێرا دەچێت لە نێوان ژیان و مردن.**

**لە کۆتایی لێکدانەوەو شرۆڤەی ژیانی مرۆڤ ئەوە بەدەردەکەوێت کە پێوەرە مرۆییەکان لە جیهانی ڕووەکدا هەن... مرۆڤ لە منداڵدانی دایکی دێتە دەرەوە، بەڵام زۆر ناخایەنێت دوای گەشتێکی درێژ یان کورت، وشك دەبێت و شی دەبێتەوەو ون دەبێت لەناو دڵی گڵ و خۆڵدا... ئەگەر زۆرێك لە خەڵك، بەتایبەتی لە سەردەمی گونجاندنی تاك و کۆمەڵەکان... لەسەر ئاستی تاك یان لە بازنەی داهێنانی شارستانیەتی گشتگیر... ئەگەر زۆرێك لە خەڵك سەرەتا و ئاکام... سەرچاوەو شوێنی تێڕژان... منداڵدان و گۆڕ لەبیر بکەن، ئەوا ڕاستی زۆر بەگەورەتر دەمێنێتەوە لە لەبیرچوونەوە... ئەوانە لە نێوان ئەو دوو لایەنە دێن و دەچن، پێویستە لەسەریان _ هەردەم _ ئەو ماوەو بۆشاییە ڕاستەقینەیە بخەنەوە**

یادی خۆیان کە بۆیان فەراهەم بووە کە بیبڕن لە نێوان ژیان و مردندا... ئەم یادە پێویستە کە دەیانپارێزێت لە دەردی لەخۆبایی بوون و خۆبەگەورەزانی، ئەو دەردەی کە دەبنە هۆی کوفرو لاساری و یاخی بوون...

بەڵام ئێستا لەبیرچوونەوە هەیە... مرۆڤ پێویستی بەوە هەیە کە بە توندی بیهەژێنێت بۆ ئەوەی ئەو چاوانەی بکاتەوە کە لە ئاست ڕاستی داخراون و ئەو دڵەی بە ئاگا بێنێتەوە کە بێ ئاگایە لە ئاکام و سەرەنجام... ئای جیهانی ڕووەك چەند چاکە بۆ ئەم مەبەستە کە بە نمایشە شانۆییەکەی ئەو شڵەژان و هەژاندنە دروست بکات کە خوازراوەو یاد بۆ مرۆڤ بگەڕێنێتەوە:

﴿إِنَّمَا مَثَلُ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا كَمَآءٍ أَنزَلْنَٰهُ مِنَ ٱلسَّمَآءِ فَٱخْتَلَطَ بِهِۦ نَبَاتُ ٱلْأَرْضِ مِمَّا يَأْكُلُ ٱلنَّاسُ وَٱلْأَنْعَٰمُ حَتَّىٰٓ إِذَآ أَخَذَتِ ٱلْأَرْضُ زُخْرُفَهَا وَٱزَّيَّنَتْ وَظَنَّ أَهْلُهَآ أَنَّهُمْ قَٰدِرُونَ عَلَيْهَآ أَتَىٰهَآ أَمْرُنَا لَيْلًا أَوْ نَهَارًا فَجَعَلْنَٰهَا حَصِيدًا كَأَن لَّمْ تَغْنَ بِٱلْأَمْسِ كَذَٰلِكَ نُفَصِّلُ ٱلْـَٔايَٰتِ لِقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ﴾ يونس: ٢٤. واتە: (بێگومان نموونەی ژیانی ئەم دونیایە، هەر لەو بارانە دەچێت لە ئاسمانەوە دامانباراندووە، جا بەهۆیەوە ڕووەکی زەوی گەش دەکات و بە یەکداچوون _ بەروبوومی خۆی پێشکەش دەکات _ لەو خۆراکانەی کە هەم خەڵکی و هەم ئاژەڵیش لێی دەخۆن، هەتا کاتێك وای لێدێت زەوی، بە جوانی نەخش و نیگاری خۆی دەردەخات و خۆی دەڕازێنێتەوە، خەڵکەکەی واگومان دەبەن بەڕاستی هەمیشە دەسەڵاتداری تەواون بەسەریدا _ ئا لەو کاتەدا کە خەڵکی خراپ و بێ ئاگان و دڵیان بە دونیا خۆشە و هەر چی گوناه و تاوانە دەیکەن _ ئەوە فەرمانی ئێمەیان بۆ دەردەچێت لە شەودا یان لە ڕۆژدا،

ئەوسا وەك کشتوکاڵی دروێنەکراوی لێ دەکەین، هەروەکو دوێنێ نەبووبێت، ئا بەم شێوەیە ئایەتەکانی خۆمان ڕوون دەکەینەوە بۆ کەسانێك بیر بکەنەوەو تێبفکرن).

﴿ وَٱضۡرِبۡ لَهُم مَّثَلَ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا كَمَآءٍ أَنزَلۡنَٰهُ مِنَ ٱلسَّمَآءِ فَٱخۡتَلَطَ بِهِۦ نَبَاتُ ٱلۡأَرۡضِ فَأَصۡبَحَ هَشِيمٗا تَذۡرُوهُ ٱلرِّيَٰحُۗ وَكَانَ ٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ مُّقۡتَدِرًا ﴾ الكهف: ٤٥. واتە: (_ ئەی پێغەمبەر ﷺ _ نموونەیان بۆ بهێنەوە کە ژیانی دونیا وەك ئەو ئاوی بارانە وایە کە لە ئاسمانەوە دەیبارێنین و ڕووەکی زەوی بەهۆیەوە بەیەکدا دێن، لە دوای ماوەیەکی کەم _ هەموو ئەو ڕووەك و گژو گیایە _ دەبێتە پووش و پەڵاشێکی وردو خاش، ڕەشەبا بەم لاو لادا بڵاوی دەکاتەوە، خوای گەورەش هەمیشە و بەردەوام دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە). ﴿ أَلَمۡ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ أَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءٗ فَسَلَكَهُۥ يَنَٰبِيعَ فِي ٱلۡأَرۡضِ ثُمَّ يُخۡرِجُ بِهِۦ زَرۡعٗا مُّخۡتَلِفًا أَلۡوَٰنُهُۥ ثُمَّ يَهِيجُ فَتَرَىٰهُ مُصۡفَرّٗا ثُمَّ يَجۡعَلُهُۥ حُطَٰمًاۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَذِكۡرَىٰ لِأُوْلِي ٱلۡأَلۡبَٰبِ ﴾ الزمر: ٢١. واتە: (ئایا تۆ نەتبینیوەو سەرەنجت نەداوە: بەڕاستی خوا لە ئاسمانەوە بارانی باراندووە، لەوەو دوا لە ناو ناخی زەویدا کۆی دەکاتەوە، پاشان بە شێوەی کارێزو کانی دەریدەهێنێت، ئەوسا هەر بەو ئاوە کشتوکاڵی هەمەجۆر و هەمەڕەنگ دەڕوێنێت، ئینجا دەبینیت وشەك دەبێت و زەرد هەڵدەگەڕێت، پاشان دەیخات و ردو خاشی دەکات، جا بەڕاستی ئا لەو شتانەدا یادەروەری و یاد خستنەوە هەیە بۆ کەسانی ژیرو هۆشمەند). ﴿ كَمَثَلِ غَيۡثٍ أَعۡجَبَ ٱلۡكُفَّارَ نَبَاتُهُۥ ثُمَّ يَهِيجُ فَتَرَىٰهُ مُصۡفَرّٗا ثُمَّ يَكُونُ حُطَٰمٗا ﴾ الحديد: ٢٠. واتە: (وەك بارانێکی بە پیت وایە کە ببێتە هۆی بەرهەمێکی

زۆر، جوتیارەکە سەرسام بکات، لەوەو دوا وشك ببێت و زەرد ھەڵگەڕێت، پاشان وردو خاش ببێت).

﴿وَٱلَّذِيٓ أَخۡرَجَ ٱلۡمَرۡعَىٰ ۝٤ فَجَعَلَهُۥ غُثَآءً أَحۡوَىٰ ۝٥﴾ الأعلى: ٤_٥. واتە: (ئەو زاتەی کە گژوگیای لە لەوەڕگا دەرھێناوە. _ بەڵام دوای ماوەیەك _ دەیکاتە پوش و پەڵاشێکی وشك و زەرد و ڕەشھەڵگەڕاو).

لەم دوو ئایەتەی کۆتاییدا ماوەو بۆشایی نامێنێتەوە بەشێوەك ھەر چی ماوە ھەیە لە نێوان زیندووبوونەوەو تێکشکان نەماوە... دەرکەوتن و شین بوون و سیس و وشك بوون... بە ھیچ ماوەو بۆشایی نییە... ئائەمە ڕێگەی قورئانی پیرۆزە کە کاریگەرە لە وێناکردنی بەھا و واتاکان... ئا لێرەوە لە بەرامبەر ڕاستی لەناوچوون و تێکشکان کە دەوری ژیان و بوونەوەرانی داوە، ئەوا ماوەو بۆشایی لە نێوان بوون و سەرەنجام و ئاکام بچوك دەبێتەوە... بە ئەندازەیەك ئەو ماوەیە بچوك دەبێتەوە کە بە ئەندازەی بینین و شاشە درێژ و پان و پۆڕەکانی لەوبەرەوە بۆ ئەو پەڕی ئاسۆکان تەنھا یەك دیمەنی تێدا دەبینرێت ئەویش ئەو لەناوچوونەیە کە ژیان ڕادەماڵێت!! جا ئەگەر وابوو، ئای چەندە پێویستە مرۆڤ لە ئاست سنوورەکەی ھەڵوەستە بکات... ئای چەند پێویستە دەستە و کۆمەڵانی مرۆیی ئەندازە ڕاستەقینەکەی بزانن... ئەگەر چی ئەو ڕاستیەمان لە ڕووکەشیەوە زانی و ھەر یەکێکمان لە ئاست سنووری خۆی وەستا، ھەر کۆمەڵێکیش قەبارەی ڕاستەقینەی خۆی زانی!! ئەوا چاك دەمانزانی کە چۆن ئەزموونی خۆمان لەم ژیانە لەناوچووەدا بکەینە سەوزاییەکی ڕاستەقینە!!.

دووەم:

قورئانی پیرۆز، هەروەك ئەمە نەریتیەتی هەرگیز لە ئاست یەك ڕووی وێنەدا ناوەستێت، بەڵکو ڕووی تر هەن، بەدەوری هەموو ڕووەکانی وێنەکەدا دەخولێتەوە بۆ ئەوەی بە چرا جادوو ئاساکەی چەندین وێنەی جوڵاو و ڕەنگاو ڕەنگ لەسەر شاشەی جیهان بۆ ئێمە دەربخات!!.

بەڵێ لەناوچوون و تێکشکان.. بەڵام زیندوو بوونەوەش هەیە، یەکگرتوویی و ژیانیش هەیە.. کە قۆناغی نوێبوونەوەو سەوز بوونە.. لەم جیهانەدا تەنها (جوڵە) هەیە، کە خوای گەورە لە ناو گەردووندا دایناوەو کردوویەتیە مایەی سوڕانەوەی هەسارە و ئەستێرە و کاکێشان (سەدیم) و خۆرەکان و گەلەئەستێرەکان.. بەهۆی ئەم جوڵەوە یەکتر کێش دەکەن.. سوپاس و ستایشی خوا دەکەن... خوای بێ وێنە ئەم جوڵەیە بەناو دڵی گلدا بڵاو دەکاتەوە بەمەش سەوز دەبێت و نەش و نما دەکات و سوپاس و ستایشی خواش دەکات...

ئەگەر شانۆی لەناوچوونی بە پەلە و خێرا زۆر شتمان فێر بکات.. بەرچاوڕۆشنیمان پێبدات سەبارەت بە شوێن پێ و هەنگاوەکانمان لەسەر ڕووی زەوی.. ئەوا دەرئاسا و موعجیزەی بەدیهێنانی لەناکاویش زۆر شتمان فێر دەکات...

﴿إِنَّ ٱللَّهَ فَالِقُ ٱلۡحَبِّ وَٱلنَّوَىٰۖ يُخۡرِجُ ٱلۡحَيَّ مِنَ ٱلۡمَيِّتِ وَمُخۡرِجُ ٱلۡمَيِّتِ مِنَ ٱلۡحَيِّۚ ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُۖ فَأَنَّىٰ تُؤۡفَكُونَ﴾ الأنعام: ٩٥. واتە: (بەڕاستی خوا لەتکەری دەنك و دانەوێڵەیە بۆ ئەوەی بپشکوێت و بڕوێت، زیندووش لە مردوو دەردەهێنرێت، دەرهێنەری

مردووشە لە زیندوو، ئا ئەوەیە خوای پەروەردگارتان، جا ئیتر بۆ کوێ لادەدرێن و بۆ کوێ ویڵ دەکرێن).

﴿سُقۡنَٰهُ لِبَلَدٖ مَّيِّتٖ فَأَنزَلۡنَا بِهِ ٱلۡمَآءَ فَأَخۡرَجۡنَا بِهِۦ مِن كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِۚ كَذَٰلِكَ نُخۡرِجُ ٱلۡمَوۡتَىٰ لَعَلَّكُمۡ تَذَكَّرُونَ﴾ الأعراف: ٥٧. واتە: (ئەوسا _ ئەو هەورە سەنگینە _ دەنێرین بۆ ناوچە و وڵاتێکی مردوو، جا بەهۆی ئەو ئاوەوە هەرچی بەروبوومە دەری دەهێنین و زیندووی دەکەینەوە بۆ ئەوەی یادەوەری وەربگرن).

﴿وَٱللَّهُ أَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءٗ فَأَحۡيَا بِهِ ٱلۡأَرۡضَ بَعۡدَ مَوۡتِهَآۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَةٗ لِّقَوۡمٖ يَسۡمَعُونَ﴾ النحل: ٦٥. واتە: (هەر خوا بارانی لە ئاسمانەوە باراندووەو زەوی پێ زیندوو کردۆتەوە دوای ئەوەی کە مرد بوو، بەڕاستی ئا لەو دیاردەیەدا نیشانە و بەڵگەی تەواو هەیە بۆ کەسانێك کە گوێ بۆ ڕاستی دەگرن). ﴿وَتَرَى ٱلۡأَرۡضَ هَامِدَةٗ فَإِذَآ أَنزَلۡنَا عَلَيۡهَا ٱلۡمَآءَ ٱهۡتَزَّتۡ وَرَبَتۡ وَأَنۢبَتَتۡ مِن كُلِّ زَوۡجِۢ بَهِيجٖ﴾ الحج: ٥. واتە: (تۆ زەوی دەبینیت وشك و برنگە، جا کاتێك ئاوی بارانمان بەسەردا باراند، دادەچڵەکێت و دەلەرزێت و تۆوەکانی چەکەرە دەکەن و ڕەگ و چڵ دەردەکەن و دەڕوێن، ئەوسا لە هەموو گژو گیاو گوڵ و گوڵزارێکی جوان جووت دەڕوێنێت).

﴿أَلَمۡ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ أَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءٗ فَتُصۡبِحُ ٱلۡأَرۡضُ مُخۡضَرَّةًۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَطِيفٌ خَبِيرٞ﴾ الحج: ٦٣. واتە: (ئایا نەتبینیوە کە بەڕاستی خوا بارانی لە ئاسمانەوە باراندووەو زەوی پێ سەوز دەبێت، بەڕاستی خوا وردبین و بەسۆزو دلۆڤان و ئاگادارە).

﴿ وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّن نَّزَّلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً فَأَحْيَا بِهِ ٱلْأَرْضَ مِنۢ بَعْدِ مَوْتِهَا لَيَقُولُنَّ
ٱللَّهُ ۚ قُلِ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ۚ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْقِلُونَ ﴾العنكبوت:٦٣. **واتە: (خۆ ئەگەر لێیان
بپرسیت: کێ ئاو لە ئاسمانەوە دەبارێنێت، جا زەوی پێ دەبوژێتەوە، دوای ئەوەی
خامۆش و مردوو بوو، ئەوە بە دڵنیاییەوە دەڵێن: الله، "تۆ ئەی پێغەمبەر ﷺ،
ئەی ئیماندار" پێیان بڵێ: سوپاس بۆ خوا).**

﴿ وَءَايَةٌ لَّهُمُ ٱلْأَرْضُ ٱلْمَيْتَةُ أَحْيَيْنَٰهَا وَأَخْرَجْنَا مِنْهَا حَبًّا فَمِنْهُ يَأْكُلُونَ ﴿٣٣﴾
وَجَعَلْنَا فِيهَا جَنَّٰتٍ مِّن نَّخِيلٍ وَأَعْنَٰبٍ وَفَجَّرْنَا فِيهَا مِنَ ٱلْعُيُونِ ﴿٣٤﴾ لِيَأْكُلُوا۟ مِن
ثَمَرِهِۦ وَمَا عَمِلَتْهُ أَيْدِيهِمْ ۖ أَفَلَا يَشْكُرُونَ ﴿٣٥﴾ ﴾ یس:٣٣_٣٥. **واتە: (لە بەڵگە و
نیشانەی ئاشکرای خوا بۆ ئەو خەڵکە: زەوی مردووە کە بەهۆی ئاوی بارانەوە
زیندووی دەکەینەوە، دانەوێڵەی لێ پەیدا دەکەین کە لێی دەخۆن. هەروەها
جۆرەها باخاتی لێ بەرهەم دەهێنین، لە دار خورما و چەند جۆر ترێ، هەروەها
چەندەها کانیاویشمان تێدا هەڵقوڵاندووە. بۆ ئەوەی لە بەربوومەکەی بخۆن،
لەوەش کە بەدەستی خۆیان لەو بەروبوومانە دروستی دەکەن، ئایا لەبەرامبەر ئەو
هەموو نازو نیعمەتانەوە سوپاسگوزاری ناکەن).** ﴿ ٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّ ٱللَّهَ يُحْىِ ٱلْأَرْضَ بَعْدَ
مَوْتِهَا ۚ قَدْ بَيَّنَّا لَكُمُ ٱلْءَايَٰتِ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ ﴿١٧﴾ ﴾الحديد:١٧. **واتە: (بەڕاستی چاك بزانن
کە هەر خوا زەوی زیندوو دەکاتەوە دوای مردنی، بێگومان بەڵگە و نیشانەی
دەسەڵاتداری خۆمانمان بۆ ڕوون کردنەوە، بۆ ئەوەی ژیر بن و بفامن).** ﴿ وَمِنْ
ءَايَٰتِهِۦٓ أَنَّكَ تَرَى ٱلْأَرْضَ خَٰشِعَةً فَإِذَآ أَنزَلْنَا عَلَيْهَا ٱلْمَآءَ ٱهْتَزَّتْ وَرَبَتْ ۚ إِنَّ ٱلَّذِىٓ أَحْيَاهَا لَمُحْىِ

ٱلۡمَوۡتَىٰٓۚ إِنَّهُۥ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٌ ﴿٣٩﴾ فصلت: ٣٩. واتە: (لە بەڵگە و نیشانەکانی خوا ئەوەیە کە دەبینیت زەوی کش و ماتە، جا کاتێك باران بەسەریدا دەبارێنین دەخرۆشێت و گەشە و نەش و نما دەکات، چونکە بەڕاستی ئەو زاتەی زەوی زیندوو کردەوە، مردووانیش زیندوو دەکاتەوە، بێ گومان ئەو خوایە دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە).

ئا لێرەوە قورئانی پیرۆز سەرەنج و تێڕوانینمان ڕادەکێشێت بۆ ئەو ڕاستیانەی کە لە هەمووان گرنتر و بوونیان سەنگینترە لە ناو دڵی جیهاندا: ئەویش ژیاندنەوەیە لەناو قوڵایی گڵ و خاکی مردوودا... جا ئەگەر ویستی خوای ڕەها توانای ئەنجامدانی ئەم کارە گەواهی بۆدراوەی هەبوو لە هەر چرکە ساتێکی لە کات و لە هەر بستێك لەم جیهانەدا... ئایا دەستەوەسان دەبێ _ پاك و بێگەردی بۆ خوا _ لەسەر ئەنجامدانی هەمان کردار لەسەر ئاستی ژیانی مرۆڤایەتی؟ و بۆچی دەستەوەسان دەبێت؟!.

قورئانی پیرۆز ئەوەمان فێردەکات، لە کاتێکدا بە هەر دوو دەستی ئاماژە دەکات بۆ جیهانی ڕووەکی سەوزباو، کە ژیانی لێ هەڵدەقوڵێت... جا بە هەر دوو دەستی ئاماژە دەکات بۆ ئەوەی ویژدانی مرۆڤ بخاتە بەرامبەر ئەو ڕاستییە ڕووت و کاریگەرو بەرچاو و بینراوانە... بەبێ مشتومڕو ئاڵۆز کردن و ناڕۆشنی کە قوتابخانە ئاینی و دەستکردەکان دەیکەن... بەڵام ناڵێم ئاینەکان وادەکەن!!.

ڕاستیەکی تر کە کەم بایەخ نییە لە گەشتی ڕووەك لە نێوان موعجیزەی بەدیهێنان و کارەسانی لەناوچوون فێری دەبین... ڕاستیەکە کە ڕەهەندی شارستانی هەیە... ئەگەر ڕاستی یەکەم ڕەهەندێکی بوونی هەبێ... جا مادەم

جیهانی ڕووەك بە ویست و چاودێری خوا ئەم نموونەیەمان پێشکەش دەکات کە گەواهیدەرە لەسەر نوێبوونەوەی بەردەوام و زیندوو بوونەوەی نەپچڕاو، ئەو بەردەوامیەی کە وەستان یان دابڕان و پچڕان ناناسێت، ئەوا بێ ئومێد بوون لە ژیان و دانیشتن بە بێ جوڵە و چاوەڕێکردنی مردن و لەناوچوون هیچ مانایەکی نییە، مادەم خوا توانای بێ هاوتای بە بوونەوەران داوە لەسەر نوێبوونەوەو نەپچڕان و بەردەوامی و برەودان، ئەوا بەڕەهایی بێ ئومێدی لە گۆڕێدا نییە.. چونکە وا بەدەردەکەوێت خودی لەناوچوونیش پێویست بێت بۆ بەردەوامی ژیان و داهێنان.

کارەسات و ناخۆش و چەرمەسەریەکان پشتی تاك و کۆمەڵ و گەلان دەشکێنن، بەڵام لە پاڵ هەموو ئەمەشدا ئەوە دەمێنێتەوە کە تاکەکان توانایان هەیە لەسەر بەردەوام بوون و شارستانیەتەکان هێزیان هەیە لەسەر بەرەوپێش چوون لەوە زیاتر، گورزە و کارەساتەکان وەك تەحەدا کە دەبنە هۆی ئەوە لە قوڵایی ژیاندا ئەو پەڕی تواناکان هەڵبستنەوە بۆ بەرپەرچ دانەوەو بەرگری و بەردەوامی.

زۆرێك لە فەیلەسوف و مێژوونووسان لەسەروشیانەوە (شەبەنغلەر) دواون لەسەر ئەم ڕووی لێکچوون و هاوبەشە لە نێوان شارستانیەتی مرۆڤایەتی و جیهانەکانی ڕووەك... لە بارەی موعجیزەی بەدیهێنان... لە سەرکەوتنی سەخت.. لە لاربوونەوە بەرەو ئاوابوون... تێکشکان.. لەناوچوون.. پاشان جارێکی تر زیندوو بوونەوە... ناوبراوان دەڵێن مێژووی ئادەمیزاد بەهەمان ئەو قۆناغانەدا دەڕوات کە جیهانی ڕووەك پێیدا دەڕوات... جا ئەم وتەیەیان ڕاست بێ یان نا، ئەوا ئەندازەیەك لە وێکچوون هەیە.. ئەگەر وردبینیمان دەوێت ئەوا لە شێوەی

**وێکچوون ئەندازەییە، کە هەموو بوونەوەرەکانی خوا بەیەکەوە دەبەستێتەوە...**

**مرۆڤ... گیانلەبەر... ڕووەك...**

سێیەم:

قورئانی پیرۆز پشت بەم وێکچوونە بینراوە دەبەستێت لە نێوان ئەم دوو جیهانەدا بۆ ئەوەی نموونە بە دونیای ڕووەك بێنێتەوە، تا _ بەمە _ ئامۆژگاری و ڕێنمایی زیندوو و کاریگەری زیاترمان پێبدات لەم جیهانە دڵڕفێنەدا.

بەخشینی دووڕووان و بەخشینی باوەڕداران... ئەمەیان وەك خاکێکی بەردینە کە داپۆشراوە بە چینێکی زۆر ناسکی گل و خۆڵ کە باران هیچ سوودی بۆ نییە جگەلە زیاتر ڕووتکردنەوەی بەردەکان، ئەوەی تریان خاکێکی بەپیتە کە باران دەبێتە هۆی زیاتر بەرهەم و نەش و نماکردن و بەخشین: ﴿فَمَثَلُهُۥ كَمَثَلِ صَفْوَانٍ عَلَيْهِ تُرَابٌ فَأَصَابَهُۥ وَابِلٌ فَتَرَكَهُۥ صَلْدًا ۖ لَّا يَقْدِرُونَ عَلَىٰ شَيْءٍ مِّمَّا كَسَبُوا ۗ وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿٢٦٤﴾ وَمَثَلُ ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَٰلَهُمُ ٱبْتِغَآءَ مَرْضَاتِ ٱللَّهِ وَتَثْبِيتًا مِّنْ أَنفُسِهِمْ كَمَثَلِ جَنَّةٍۭ بِرَبْوَةٍ أَصَابَهَا وَابِلٌ فَـَٔاتَتْ أُكُلَهَا ضِعْفَيْنِ فَإِن لَّمْ يُصِبْهَا وَابِلٌ فَطَلٌّ ۗ وَٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ ﴿٢٦٥﴾﴾ البقرة: ٢٦٤_٢٦٥. واتە: (نموونەی ئەو جۆرە کەسانە وەك بەردێکی صاف وایە، کە خۆڵێکی بەسەرەوە بێت، لەوەو دوا بارانێکی بە لێزمە ببارێت بەسەریدا و هیچی بەسەریەوە نەهێڵێت و بە ڕەق و تەقی بەجێی بهێڵێت و ڕووی ڕاستەقینەی دەربکەوێت، _ ئینجا ئەو منەتبارانە _ هیچ جۆرە بەهرەیەك لەو بەخشینەیان بەدەست ناهێنن، بێگومان خوای گەورە ڕێنوویی قەومی بێ باوەڕان ناکات. نموونەی ئەوانەی ماڵ و سامانیان دەبەخشن

لە پێناوی بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خوا و بۆ دامەزراندن و ڕاهێنانی خۆیان لەسەر چاکەکاری، وەکو باخچەیەك وایە: لە بەرزاییەکدا بێت و بارانێکی دڵۆپ گەورە بیگرێتەوەو ببێتە هۆی ئەوەی کە دوو بەرامبەر بەرهەمی هەبێت، خۆ ئەگەر بارانی دڵۆپ گەورەش نەیگرێتەوە، ئەوە نمە باران پاراوی دەکات، خوای گەورەش بینایە بەو کارو کردەوانەی دەیکەن).

گوفتاری چاك و گوفتاری خراپ و پیس... گوفتار چاك نەش و نما دەکات و پێدەگات و لق و پۆپ دەگرێت و هەردەم بە بەرهەمە، گوفتاری خراپ وەك دارێکی سەر تەپۆڵەکە وایە کە بێ ڕەگ و لق و پۆپ و بەرهەمە... جا گوفتار (کردار) و پابەندی و بەرپرسیارێتیە، جا دواتر دەزانی دەستکەوتی ئەم جیاوازیە یەکلاکەرەوەیە لە نێوان چاك و خراپ لە هەڵوێستەکانی مرۆڤ و مێژووەکەیدا بەهەمان شێوە چی دەبێت: ﴿أَلَمْ تَرَ كَيْفَ ضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلًا كَلِمَةً طَيِّبَةً كَشَجَرَةٍ طَيِّبَةٍ أَصْلُهَا ثَابِتٌ وَفَرْعُهَا فِى ٱلسَّمَآءِ ﴿٢٤﴾ تُؤْتِىٓ أُكُلَهَا كُلَّ حِينٍۭ بِإِذْنِ رَبِّهَا ۗ وَيَضْرِبُ ٱللَّهُ ٱلْأَمْثَالَ لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ ﴿٢٥﴾ وَمَثَلُ كَلِمَةٍ خَبِيثَةٍ كَشَجَرَةٍ خَبِيثَةٍ ٱجْتُثَّتْ مِن فَوْقِ ٱلْأَرْضِ مَا لَهَا مِن قَرَارٍ﴾ ابراهيم: ٢٤_٢٦. واتە: (ئایا نەتبینیوە چۆن خوا نموونە دەهێنێتەوە بە گوفتاری چاك و پاك، کە وەك درەختی چاك و بەردار وایە، ڕەگی بە تووندی داکوتاوە لە زەویدا، لق و پۆپەکانیشی بە ئاسماندا بڵاوبۆنەتەوە. ئەو درەختە هەموو کات و دەمێك بەروبوومی _ پاك و جوان و بێگەردی _ دەبەخشێت بە ویستی پەروەردگاری، جا خوای پەروەردگار ئەم نموونانە دەهێنێتەوە بۆ خەڵکی، بەڵکو یادەوەری وەردەگرن. نموونەی قسە و گوفتاری پیس و ناپوختیش وەکو درەختی زڕو پیس و بێ سوود وایە، کە

هەڵکێشرا بێت و لەسەر ڕووکاری زەوی فڕێ درابێت، بەهیچ بارێکدا خۆی نەگرێت).

جا لێرەدا (بڕگەیەکی) هاوشێوە هەیە بەڵام لێرەدا ڕۆشنایی خراوەتەسەر کۆمەڵ، کەچی پێشتر تیشك خرابووە سەر وشە!! کەچی هەر یەك شتە: ﴿وَٱلۡبَلَدُ ٱلطَّيِّبُ يَخۡرُجُ نَبَاتُهُۥ بِإِذۡنِ رَبِّهِۦۖ وَٱلَّذِي خَبُثَ لَا يَخۡرُجُ إِلَّا نَكِدٗاۚ كَذَٰلِكَ نُصَرِّفُ ٱلۡأٓيَٰتِ لِقَوۡمٖ يَشۡكُرُونَ﴾ الأعراف: ٥٨. واتە: (وڵاتی بە پیت و چاك و ئاوەدان، دارو درەخت و ڕووەکی تێدا دەڕوێت بە فەرمانی پەروەردگاری، ئەوەش کە زۆنگ و پیس و بێ کەڵك بێت، شتی بێ سوود و بێ فەڕ نەبێت هیچی لێ پەیدا نابێت، ئا بەو شێوەیە بەڵگە و نیشانەی جۆراو جۆر دەهێنینەوە بۆ کەسانێك کە دڵسۆزن و سوپاسی خوا دەکەن).

جوڵە ئیمانیەکان لەو جیهانەی کە پێغەمبەران هاتن بۆ ڕێکخستنی و گۆڕینی جیهان بەهۆیەوە، هەردەم بە سەرەتایەکی سادە دەستی پێدەکرد، کەمینەیەکی لاوازو گەمارۆدراو بوون لە نێوان زۆرینەدا کە هەردەم هەوڵی داڕووخاندنی کەمینەکەی دەدا، بەڵام _ بەویستی خوا _ زۆری نەدەخایەند قەدو باڵای بەهێز دەبوو و بەخۆیەوە ڕادەوەستاو جڵەوی بارودۆخەکانی دەگرتەدەست و ڕێڕەوی مێژووی ئاڕاستە دەکرد... جا نموونەیەك نییە جوانتر بۆ نموونە هێنانەوە بە کشتوکاڵ کە بە لاوازی دەستپێدەکات و دواتر ڕەگ دادەکوتێ لە ناخی زەویدا، جا دواتر قورئانی پیرۆز وەسفی باوەڕداران دەکات بەوەی: ﴿وَمَثَلُهُمۡ فِي ٱلۡإِنجِيلِ كَزَرۡعٍ أَخۡرَجَ شَطۡـَٔهُۥ فَـَٔازَرَهُۥ فَٱسۡتَغۡلَظَ فَٱسۡتَوَىٰ عَلَىٰ سُوقِهِۦ يُعۡجِبُ ٱلزُّرَّاعَ لِيَغِيظَ بِهِمُ

ٱلۡكُفَّارَ ﴾ الفتح: ٢٥. واتە: (نموونەیان لە ئینجلیدا وەك ڕووەكێك وایە کە لە سەرەتاوە چەکەر بکات، جا چەکەرەکەی بەهێز کردبێت، پاشان ئەستوور بێت و لەسەر قەدەکەی ڕابوەستێت، ئەوەندە زوو پێ بگات جوتیارەکە سەرسام بکات و پێیان سەیر بێت، چۆن وا پێگەیی؟! چۆن ئاوا خۆی گرت؟ ئەم نموونە و پێناسەیە بۆ ئەوەیە خوا کافران داخ لە دڵ بکات).

پشت بەستنی قورئانی پیرۆز بە جیهانی ڕووەك بۆ نموونە هێنانەوەیە لەسەر ئاکام و کۆتایی ژیانی دونیا و لەناوچوونی، هەروەك کەمێك بەر لە ئێستا هەڵوێستەمان لەسەر هەندێك نموونە کرد.

## چوارەم:

**زۆری پێنەچوو قورئانی پیرۆز هەڵوێستەی پێکردین لە سەر هەندێك ڕووداوی مێژوویی بۆ ئەوەی بۆمان بدوێت لەبارەی سەرەنجامی هەندێك تاك و کۆمەڵ کە جوان ڕەفتاریان نەکرد لەگەڵ جیانی ڕووەکدا.. ئەم بەخششە دەگمەنەی کە تەنها خوا بەدیدەهێنێت و دەیسەنێتەوە... چەندین تاك و تاقمی جیاواز.. یەکێکیان تەحەدای ویستی خوای کرد:** ﴿وَٱضۡرِبۡ لَهُم مَّثَلٗا رَّجُلَيۡنِ جَعَلۡنَا
لِأَحَدِهِمَا جَنَّتَيۡنِ مِنۡ أَعۡنَٰبٖ وَحَفَفۡنَٰهُمَا بِنَخۡلٖ وَجَعَلۡنَا بَيۡنَهُمَا زَرۡعٗا ﴿٣٢﴾ كِلۡتَا ٱلۡجَنَّتَيۡنِ ءَاتَتۡ أُكُلَهَا
وَلَمۡ تَظۡلِم مِّنۡهُ شَيۡـٔٗاۚ وَفَجَّرۡنَا خِلَٰلَهُمَا نَهَرٗا ﴿٣٣﴾ وَكَانَ لَهُۥ ثَمَرٞ فَقَالَ لِصَٰحِبِهِۦ وَهُوَ يُحَاوِرُهُۥٓ أَنَا۠
أَكۡثَرُ مِنكَ مَالٗا وَأَعَزُّ نَفَرٗا ﴿٣٤﴾ وَدَخَلَ جَنَّتَهُۥ وَهُوَ ظَالِمٞ لِّنَفۡسِهِۦ قَالَ مَآ أَظُنُّ أَن تَبِيدَ
هَٰذِهِۦٓ أَبَدٗا ﴿٣٥﴾ وَمَآ أَظُنُّ ٱلسَّاعَةَ قَآئِمَةٗ وَلَئِن رُّدِدتُّ إِلَىٰ رَبِّي لَأَجِدَنَّ خَيۡرٗا مِّنۡهَا
مُنقَلَبٗا ﴿٣٦﴾ قَالَ لَهُۥ صَاحِبُهُۥ وَهُوَ يُحَاوِرُهُۥٓ أَكَفَرۡتَ بِٱلَّذِي خَلَقَكَ مِن تُرَابٖ ثُمَّ مِن نُّطۡفَةٖ ثُمَّ
سَوَّىٰكَ رَجُلٗا ﴿٣٧﴾ لَّٰكِنَّا۠ هُوَ ٱللَّهُ رَبِّي وَلَآ أُشۡرِكُ بِرَبِّيٓ أَحَدٗا ﴿٣٨﴾ وَلَوۡلَآ إِذۡ دَخَلۡتَ جَنَّتَكَ
قُلۡتَ مَا شَآءَ ٱللَّهُ لَا قُوَّةَ إِلَّا بِٱللَّهِۚ إِن تَرَنِ أَنَا۠ أَقَلَّ مِنكَ مَالٗا وَوَلَدٗا ﴿٣٩﴾ فَعَسَىٰ رَبِّيٓ أَن
يُؤۡتِيَنِ خَيۡرٗا مِّن جَنَّتِكَ وَيُرۡسِلَ عَلَيۡهَا حُسۡبَانٗا مِّنَ ٱلسَّمَآءِ فَتُصۡبِحَ صَعِيدٗا زَلَقًا ﴿٤٠﴾ أَوۡ
يُصۡبِحَ مَآؤُهَا غَوۡرٗا فَلَن تَسۡتَطِيعَ لَهُۥ طَلَبٗا ﴿٤١﴾ وَأُحِيطَ بِثَمَرِهِۦ فَأَصۡبَحَ يُقَلِّبُ كَفَّيۡهِ عَلَىٰ مَآ
أَنفَقَ فِيهَا وَهِيَ خَاوِيَةٌ عَلَىٰ عُرُوشِهَا وَيَقُولُ يَٰلَيۡتَنِي لَمۡ أُشۡرِكۡ بِرَبِّيٓ أَحَدٗا ﴿٤٢﴾ وَلَمۡ تَكُن لَّهُۥ فِئَةٞ

يَنصُرُونَهُۥ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَمَا كَانَ مُنتَصِرًا ﴿٤٣﴾ هُنَالِكَ ٱلْوَلَٰيَةُ لِلَّهِ ٱلْحَقِّۚ هُوَ خَيْرٌ ثَوَابًا وَخَيْرٌ عُقْبًا ﴿٤٤﴾ ﴾ الكهف: ٣٢_٤٤. واتە: (_ ئەی محەممەد ﷺ _ نموونەیان بۆ بهێنەرەوە بە دوو پیاو، کە یەکێکیانمان کردووە بە خاوەنی دوو باخی ڕەز، دەوری هەردوو باخەکەمان بە دارخورما تەنیوەو لە نێوانیاندا باخ و بێستانمان فەراهەم هێناوە. هەر دوو باخەکەش میوەی چاکیان بەرهەم هێناوەو هیچیان لێ خەسار نەبووە، لە نێوان هەر دوو باخەکەشدا ڕووبارێکمان هەڵقوڵاندووە. جا ئەو خاوەن باخە سەروەت و سامانی تری هەبوو، _ کابرای خاوەن باخ لەخۆ بایی بوو بە سامانەکەی _ بۆیە بە هاوەڵە هەژارە ئیماندارەکەی وت کاتێك گفتوگۆی لەگەڵ دەکرد: من سامانی زۆر زیاترم هەیە لە تۆ، ماڵ و منداڵیشم بەهێزترە لەوەی تۆ. ڕۆژێك چوو بۆ سەردانی یەکێك لە باخەکانی _ لەگەڵ هاوەڵەکەیدا _ لە کاتێکدا ستەمکار بوو لە خۆی _ بەهۆی لەخۆ بایی بوونیەوە _، بۆیە لەبەر خۆیەوە وتی: گومان نابەم کە ئەم باخ و باخاتە هەرگیز لەناو بچێت. واشنازانم قیامەت بەرپا ببێت، سوێند بەخوا ئەگەر بمگێڕنەوە بۆ لای پەروەردگارم دوای مردنم، ئەوە دڵنیام کە لای ئەویش جێگە و ڕێگە و چەندەها باخی ڕازاوەی لەمە باشترم ئامادە کردووە. هاوەڵە ئیماندارەکە لە کاتێکدا کە گفتوگۆی لەگەڵدا دەکرد پێی وت: ئایا باوەڕت نەماوە بەو زاتەی کە سەرەتا تۆی لە خاك دروست کردووە؟! لەوەو دوا نوتفەیەك بوویت، پاشان تۆی کردە پیاو؟!. بەڵام من دەڵێم کە: _ الله _ "بەدیهێنەری هەموو بوونەوەرە"، هەر ئەو پەروەردگارمە، هیچ جۆرە هاوەڵ و شەریکێك بۆ ئەو پەروەردگارەم بڕیار نادەم. دەبوا کاتێك دەچووینە ناو باخەکەتەوە، بتوتایە: ماشاء الله، هەرچی خوا ویستی لەسەر بێت هەر ئەوە پێش دێت، ئەم هەموو نازو نیعمەتە بەخششی خوایە، بە هەر کەس بیەوێت

**دەیبەخشێت، هیچ هێزو توانایەك بۆ هیچ کەس نییە تەنها بەهۆی خواوە نەبێت، ئەگەر تۆ من دەبینیت ماڵ و سامانم لە تۆ کەمترە. ئەوە نزیکە و ئومێدەوارم پەروەردگارم لەو باخەی تۆ چاکترم پێ ببەخشێت، بەڵایەکیش لە ئاسمانەوە بۆ باخەکەت بنێرێت و بیکاتە زەویەکی ڕووت و خلیسك و وشك. _ یاخود _ دوور نییە ئاوی باخەکەت ڕوو بچێت و هەرگیز نەتوانێت بە دەستی بهێنیت. _ سەرەنجام پێشبینی هاوڕێ خواناسی هاتەدی _ سەروەت و سامانی بە بادرا و لەناو برا، _ ئینجا بەدەم ئاخ و داخ و هەناسەی ساردەوە _ دەستی دەدا بە یەکدا لەسەر ئەو خەرجیەی تێیدا کردبوو، لە کاتێکدا باخەکە بەسەر یەکدا تەپی بوو و لەجێی خۆیدا کاوڵ بوو، ئەوسا دەیوت: خۆزگە من هیچ جۆرە هاوەڵێکم بۆ خوا بڕیار نەدابایە. ئیتر هیچ دەستەو تاقمێك نەبوو جگە لە خوا فریای بکەوێت و لە خەشمی خوا ڕزگاری بکات، سەرکەوتووش نەبوو).**

**دووەمیان ڕووی لە ڕێنوێنی پەروەردگار وەرگێڕا و پشتی تێکرد:** ﴿لَقَدۡ كَانَ
لِسَبَإٖ فِي مَسۡكَنِهِمۡ ءَايَةٞۖ جَنَّتَانِ عَن يَمِينٖ وَشِمَالٖۖ كُلُواْ مِن رِّزۡقِ رَبِّكُمۡ وَٱشۡكُرُواْ لَهُۥۚ بَلۡدَةٞ
طَيِّبَةٞ وَرَبٌّ غَفُورٞ ١٥ فَأَعۡرَضُواْ فَأَرۡسَلۡنَا عَلَيۡهِمۡ سَيۡلَ ٱلۡعَرِمِ وَبَدَّلۡنَٰهُم بِجَنَّتَيۡهِمۡ جَنَّتَيۡنِ ذَوَاتَيۡ
أُكُلٍ خَمۡطٖ وَأَثۡلٖ وَشَيۡءٖ مِّن سِدۡرٖ قَلِيلٖ ١٦ ذَٰلِكَ جَزَيۡنَٰهُم بِمَا كَفَرُواْۖ وَهَلۡ نُجَٰزِيٓ إِلَّا
ٱلۡكَفُورَ ١٧﴾ سبأ: ١٥_١٧. **واتە: (سوێند بە خوا بە ڕاستی بۆ خەڵکی سەبەء لە وڵاتی خۆیاندا بەڵگەو نیشانەی دەسەڵاتی خوا ئاشکرایە، کە ئەویش دوو باخی زۆر گەورە بوو، لە لای ڕاست و چەپی ناوچەکەدا، فەرمانیان پێ درابوو کە: بخۆن لە ڕزق و ڕۆزی پەروەردگارتان و سوپاسگوزاری بن، وڵاتێکی خۆش و ئاوەدان، پەروەردگارێکی لێخۆشبوو و لێبوردە. جا ئەوان لە جیاتی شوکرانە بژێری و**

خواپەرستی پشتیان هەڵکرد و بەدەم بانگەوازی خواوە نەچوون، بەهۆی ئەوەوە ئێمەش لافاوێکی وێرانکەرمان بەسەردا بەڕەڵا کردن، _ کە باخ و بێستانی کاوڵ کردن _ ئەوسا لە جیاتی ئەو دوو باخە گەورەیە دوو باخی دڕکاوی بەرو بووم تاڵ و درەختی بێ بەری وەك دارگەزۆ و کەمێك درەختی _سیدر _یش کە بەرو بوومێکی کەمی هەیە، پێمان بەخشین. ئا بەو جۆرە سەختە تۆڵەمان لێ سەندن، بەهۆی ئەوەوە کە بێ باوەڕو سپڵە بوون، ئایا ئێمە تۆڵە لە کافرو سپڵە ناسێنین).

سێیەمیشیان بەهۆی بەخۆ سەرسام بوونەوە ڕەتی کردەوە ئەو بەشەی لێ دەربکات کە پێویستە: ﴿إِنَّا بَلَوْنَٰهُمْ كَمَا بَلَوْنَآ أَصْحَٰبَ ٱلْجَنَّةِ إِذْ أَقْسَمُوا۟ لَيَصْرِمُنَّهَا مُصْبِحِينَ ﴿١٧﴾ وَلَا يَسْتَثْنُونَ ﴿١٨﴾ فَطَافَ عَلَيْهَا طَآئِفٌ مِّن رَّبِّكَ وَهُمْ نَآئِمُونَ ﴿١٩﴾ فَأَصْبَحَتْ كَٱلصَّرِيمِ ﴿٢٠﴾ فَتَنَادَوْا۟ مُصْبِحِينَ ﴿٢١﴾ أَنِ ٱغْدُوا۟ عَلَىٰ حَرْثِكُمْ إِن كُنتُمْ صَٰرِمِينَ ﴿٢٢﴾ فَٱنطَلَقُوا۟ وَهُمْ يَتَخَٰفَتُونَ ﴿٢٣﴾ أَن لَّا يَدْخُلَنَّهَا ٱلْيَوْمَ عَلَيْكُم مِّسْكِينٌ ﴿٢٤﴾ وَغَدَوْا۟ عَلَىٰ حَرْدٍ قَٰدِرِينَ ﴿٢٥﴾ فَلَمَّا رَأَوْهَا قَالُوٓا۟ إِنَّا لَضَآلُّونَ ﴿٢٦﴾ بَلْ نَحْنُ مَحْرُومُونَ ﴿٢٧﴾ قَالَ أَوْسَطُهُمْ أَلَمْ أَقُل لَّكُمْ لَوْلَا تُسَبِّحُونَ ﴿٢٨﴾ قَالُوا۟ سُبْحَٰنَ رَبِّنَآ إِنَّا كُنَّا ظَٰلِمِينَ ﴿٢٩﴾ فَأَقْبَلَ بَعْضُهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ يَتَلَٰوَمُونَ ﴿٣٠﴾ قَالُوا۟ يَٰوَيْلَنَآ إِنَّا كُنَّا طَٰغِينَ ﴿٣١﴾ عَسَىٰ رَبُّنَآ أَن يُبْدِلَنَا خَيْرًا مِّنْهَآ إِنَّآ إِلَىٰ رَبِّنَا رَٰغِبُونَ ﴿٣٢﴾ كَذَٰلِكَ ٱلْعَذَابُ ۖ وَلَعَذَابُ ٱلْءَاخِرَةِ أَكْبَرُ ۚ لَوْ كَانُوا۟ يَعْلَمُونَ ﴿٣٣﴾﴾ القلم: ١٧_٣٣. واتە: (بەڕاستی ئێمە ئەو خەڵکەمان تاقی کردەوە هەروەك خاوەنانی باخەکەمان تاقی کردەوە، کاتێك سوێندیان خوارد بێگومان بە یانی دەچین، بێ ئەوەی بڵێن بە پشتیوانی خوا _ یان بەو مەبەستەی هیچی پێوە نەهێڵن بۆ هەژاران _ ئەوسا پەروەردگارت بەڵایەکی داباراند بەسەر باخەکەدا لە کاتێکدا ئەوان خەوتبوون. ئیتر وەك باخێکی لێهات کە هەمووی چنرابێتەوەو هیچی پێوە نەمابێت. ئەوسا بەیانی زوو

یەکتریان ئاگادار کرد و وتیان. با بچین بۆ سەر باخ و بێستانەکەمان ئەگەر بڕیارە بچین. ئەوسا دەرچوون بە نهێنی و بە هێواشی و بە چپە قسەیان دەکرد. دەیانوت: نابێ ئەمڕۆ هەژاران پێمان بزانن و ڕوو بکەنە باخەکەمان. بەیانی زوو بۆی دەرچوون، وایان دەزانی توانیویانە هەژاران بێ بەش بکەن. کاتێك گەیشتە باخە وێرانەکە و بینیان وتیان: بێ گومان ئێمە ون بووین و هەڵەمان کردووە. دوای ئەوەی دڵنیا بوون ڕێیان هەڵە نەکردووە، وتیان: نەخێر، بەڵکو ئێمە بەش بڕاو کراوین. لە هەموویان ژیرتر وتی: پێم نەوتن کە حەق وایە تەسبیحات و ستایشی خوا و سوپاسگوزاری بکەن؟!. ئەوسا هەموو وتیان: پاك و بێگەردی بۆ پەروەردگارمانە، بەڕاستی ئێمە ستەممان کردووە. ئەوسا ڕوویان کردە یەکترو دەستیان کردە لۆمە و سەرزەنشت کردنی یەکتری. وتیان: هاوار بۆ ئێمە، بەڕاستی ئێمە پیاو خراپ و لە سنوور دەرچوو بووین. ئومێدەوارین کە پەروەردگارمان لەم باخە باشترمان پێ ببەخشێت، ئیتر بەڕاستی بەهیوای ڕەزامەندی خوا هەوڵ دەدەین و بەهیوای بەخششی ئەوین. سزای ئەم ژیانە ئاوایە و سزاو ئازاری قیامەتیش سەخترە ئەگەر بیانزانیایە).

قورئانی پیرۆز ئەم ڕووداوانە لە یەکێك لە ڕەهەندە مێژوویەکەی دادەماڵێت یان لە هەر دوو ڕەهەندە مێژوویەکەی دادەماڵێت: کات و شوێن، بۆ ئەوەی بەردەوام ئەرکی ڕێنوێنی ئامێزی خۆی هەڵبگرێت کە چوارچێوەی نمایشی مێژوویی تێدەپەڕێنێت بەرەو ئاسۆیە فراوانەکان و بۆ تایبەتی و گشتی، دواتر بەو نموونانە دەگاتەوە کە قورئانی پیرۆز هێناویەتی بەو ئامانجەی دەیەوێت..

## پێنجەم:

لە هەڵوێستی میانڕەوی گشتگیرەوە، دەڕوانێتە وێنە لە هەموو ڕووەکانیەوە، قورئانی پیرۆز بۆمان دەدوێت لەبارەی هەر دوو لای ئەم جیهانە: سوود و جوانی... پێویستی و ئازادی، تیشك دەخاتە سەر ئەوەی کە جیهانی ڕووەك بە بەخششە زۆرەکانی پێویستیە ماددیەکانی نەوەی ئادەم و خواستە ڕۆحیەکانیان دابین دەکات بە یەکسانی... قورئانی پیرۆزیش ئاماژە بۆ هەر ئەم دووانە دەکات، لە زیاتر لە شوێنێك بایەخە زۆرەکەی ڕووەك دەخاتەڕوو... چ وەك خۆراك چ ئامرازی خۆگەرم کردنەوە یان جل و پۆشاك، داواش لە ئادەمیزاد دەکات بۆ سوود بینین لەم بەخششە خواییە بۆ تێرکردن و پڕکردنەوەی پێداویستیەکانیان : ﴿ وَظَلَّلْنَا عَلَيْكُمُ الْغَمَامَ وَأَنزَلْنَا عَلَيْكُمُ الْمَنَّ وَالسَّلْوَىٰ كُلُوا مِن طَيِّبَاتِ مَا رَزَقْنَاكُمْ ﴾ البقرة: ٥٧. واتە: (هەورمان بۆ کردن بە سێبەرو گەزۆمان بۆ باراندن و پەلەوەری شەلاقەمان بۆ ناردن، دەبخۆن لەو ڕزق و ڕۆزییە چاکانەی کە پێمان بەخشیون).

﴿ وَالنَّخْلَ وَالزَّرْعَ مُخْتَلِفًا أُكُلُهُ وَالزَّيْتُونَ وَالرُّمَّانَ مُتَشَابِهًا وَغَيْرَ مُتَشَابِهٍ ۚ كُلُوا مِن ثَمَرِهِ إِذَا أَثْمَرَ ﴾ الأنعام: ١٤١. واتە: (خورما و کشتوکاڵی جۆراو جۆریشی بەدیهێناوە کە شێوەو قەبارە و ڕەنگ و تام و بۆنیان لە خواردندا جیایە، لە زەیتوون و هەناری لەیەکچوو و لەیەکنەچوو، بخۆن لە بەروبوومەکەی کاتێك دەیگرێت و ڕۆژی چنین و دروێنە مافی _ هەژارانی _ لێ بدەن).

﴿لِيَأْكُلُوا۟ مِن ثَمَرِهِۦ وَمَا عَمِلَتْهُ أَيْدِيهِمْ ۖ أَفَلَا يَشْكُرُونَ﴾ يس:٣٥. **واتە: (بۆ ئەوەی لە بەرو بوومەکەی بخۆن، لەوەش کە بەدەستی خۆیان لەو بەروبوومانەی دروستی دەکەن، ئایا لە بەرامبەر ئەو هەموو نازو نیعمەتانەوە سوپاسگوزاری ناکەن؟!).**

﴿ٱلَّذِى جَعَلَ لَكُم مِّنَ ٱلشَّجَرِ ٱلْأَخْضَرِ نَارًا فَإِذَآ أَنتُم مِّنْهُ تُوقِدُونَ ﴿٨٠﴾﴾ يس: ٨٠. **واتە: (ئەو زاتەی کە لە درەختی سەوز ئاگرتان بۆ بەدی دەهێنێت، ئیتر ئێوە دایدەگیرسێنن).**

﴿أَفَرَءَيْتُمُ ٱلنَّارَ ٱلَّتِى تُورُونَ ﴿٧١﴾ ءَأَنتُمْ أَنشَأْتُمْ شَجَرَتَهَآ أَمْ نَحْنُ ٱلْمُنشِـُٔونَ ﴿٧٢﴾﴾ الواقعة: ٧١_٧٢. **واتە: (ئایا سەرنجی ئەو ئاگرە نادەن کە دایدەگیرسێنن. ئایا ئێوە دارەکەتان دروست کردووە یان ئێمە بەدیهێنەرین؟).**

﴿فَأَنشَأْنَا لَكُم بِهِۦ جَنَّٰتٍ مِّن نَّخِيلٍ وَأَعْنَٰبٍ لَّكُمْ فِيهَا فَوَٰكِهُ كَثِيرَةٌ وَمِنْهَا تَأْكُلُونَ ﴿١٩﴾﴾ المؤمنون: ١٩. **واتە: (ئێمە بەهۆی ئەو ئاوەوە چەندەها باخ و باخاتی خورما و ڕەزمان بەدیهێناوە بۆتان، _ لەو باخ و باخچانەدا _ چەندین میوەی جۆراو جۆری زۆرو زەبەندمان بۆ بەدیهێناون، لە هەندێکیان دەخۆن).**

﴿وَمِن ثَمَرَٰتِ ٱلنَّخِيلِ وَٱلْأَعْنَٰبِ تَتَّخِذُونَ مِنْهُ سَكَرًا وَرِزْقًا حَسَنًا ۗ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَةً لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ ﴿٦٧﴾﴾ النحل: ٦٧. **واتە: (لە بەروبوومەکانی دارخورما و ڕەزی ترێکانیش _ هەندێك جار _ شتی سەرخۆشکەر دروست دەکەن، _ گەلێ جاریش _ بەرهەمی چاك و بەسوود _ وەك: دۆشاو و مێوژ و شەربەت.. هتد _ لێ**

دروست دەکەن، بەڕاستی ئا لەوەشدا بەڵگە و نیشانەی ئاشکرا هەیە بۆ کەسانێك عەقڵ و ژیری خۆیان دەخەنەکار).

تەنها لە ئاست ئەم لایەنە ناوەستێت بەڵکو دەچێتە سەر لایەنی جوانی جیهانی ڕووەك... ئا لە جیهانی ڕووەك بەتواناتر هەیە کە ژیان و جوانی بە دونیا ببەخشێت؟ ئایا بەهێزتر هەیە لە جیهانی ڕووەك لە پێدانی شێوەی دڵڕفێن بە ڕووخساری جیهان و ڕەنگ کردن و جوانکردنی، سەوزایی لە خودی خۆیدا (جوانیەکی پوختە) کە دەستی توانستی داهێنەری خوا ویستویەتی ئەم بوونەی پێ برازێنێتەوە... تەنانەت جۆرەکانی تری ڕووەك کە بەروبووم بۆ مرۆڤ فەراهەم دەکەن ئەوا ئەوانەش بەشدارن لە جوانی و پشکدارن لە دەوڵەمەندکرنی ئەم فیستیفاڵە سەرنجڕاکێشە... ئەمە پرۆسەیەکی دوو لایەنە: بەڵێ پێویستی... بەڵام لەگەڵ پێویستیشدا دەبێت جوانی هەبێت... ئەمە یەکێکە لەو ڕووخسارو تایبەتمەندیانەی کە ئادەمیزاد پێی لە بوونەوەرەکانی تر جیادەکرێتەوە... هەست کردن بە جوانی و حەزلێکردنی: ﴿وَأَنزَلَ لَكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً فَأَنۢبَتۡنَا بِهِۦ حَدَآئِقَ ذَاتَ بَهۡجَةٖ مَّا كَانَ لَكُمۡ أَن تُنۢبِتُواْ شَجَرَهَآ﴾ النمل: ٦٠. واتە: (لە ئاسمانەوە بارانی بۆ باراندوون، جا باخ و بێستانی جوان و ڕازاوەمان پێ بەرهەم هێناوە، ئێوە نەتاندەزانی درەختەکانی بڕوێنن).

﴿وَٱلۡأَرۡضَ مَدَدۡنَٰهَا وَأَلۡقَيۡنَا فِيهَا رَوَٰسِيَ وَأَنۢبَتۡنَا فِيهَا مِن كُلِّ زَوۡجِۢ بَهِيجٖ﴾ ق: ٧. واتە: (زەویمان ڕاخستووەو بڵاومان کردۆتەوەو کەژو کێومان لەسەری دامەزراندووەو لە هەموو جۆرە ڕووەکێکی جوان و ڕازاوەمان تیادا ڕواندووە).

﴿وَنَزَّلْنَا مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً مُّبَٰرَكًا فَأَنۢبَتْنَا بِهِۦ جَنَّٰتٍ وَحَبَّ ٱلْحَصِيدِ ۝٩ وَٱلنَّخْلَ بَاسِقَٰتٍ لَّهَا طَلْعٌ نَّضِيدٌ﴾ ق: ٩_١٠. **واتە: (دارخورمای قەشەنگ و بڵند سەریهەڵداوە، كە هێشووە خورمای جوان و لەسەر یەك و ڕیزكراو دەگرێت ).**

﴿فِيهَا فَٰكِهَةٌ وَٱلنَّخْلُ ذَاتُ ٱلْأَكْمَامِ ۝١١ وَٱلْحَبُّ ذُو ٱلْعَصْفِ وَٱلرَّيْحَانُ﴾ الرحمن: ١١_١٢. **واتە: (جۆرەها میوەی تێدا دێتەبەر، خورمای خاوەن دەفری گوڵدانی بۆ فەراهەم هێناون. هەروەها جۆرەها دانەوێڵەی خاوەن كاو و پەلوپۆدارو بۆنخۆشی تیادا بەرهەم هێناوە).**

﴿لِّنُخْرِجَ بِهِۦ حَبًّا وَنَبَاتًا ۝١٥ وَجَنَّٰتٍ أَلْفَافًا﴾ النبأ: ١٥_١٦. **واتە: (تا بەهۆی ئەو بارانەوە جۆرەها دانەوێڵە و ڕووەك بڕوێنین. و چەندەها باخی چڕو پڕو لەیەك ئاڵاوی بەدی نەهێناوە).**

﴿وَهُوَ ٱلَّذِىٓ أَنشَأَ جَنَّٰتٍ مَّعْرُوشَٰتٍ وَغَيْرَ مَعْرُوشَٰتٍ وَٱلنَّخْلَ وَٱلزَّرْعَ مُخْتَلِفًا أُكُلُهُۥ وَٱلزَّيْتُونَ وَٱلرُّمَّانَ مُتَشَٰبِهًا وَغَيْرَ مُتَشَٰبِهٍ﴾ الأنعام: ١٤١. **واتە: (خواهەر ئەو زاتەیە باخاتی بەرزی لق و پۆپداری بەرپاكردووە، باخاتی نزم و پەرش و بڵاو و خورما و كشتوكاڵی جۆراو جۆریشی بەدیهێناوە كە شێوەو قەبارە و ڕەنگ و تام و بۆنیان لە خواردندا جیایە، لە زەیتوون و هەناری لەیەكچوو و لەیەكنەچوو).**

﴿وَمَا ذَرَأَ لَكُمْ فِى ٱلْأَرْضِ مُخْتَلِفًا أَلْوَٰنُهُۥٓ ۗ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَةً لِّقَوْمٍ يَذَّكَّرُونَ﴾ النحل: ١٣. **واتە: (شتی جۆراو جۆرو هەمەڕەنگی لە زەویدا بۆ**

**بەدیهێناون، کە بەڕاستی ئا لەوەشدا بەڵگە هەیە بۆ کەسانێك کە یادەوەری وەردەگرن).**

﴿ وَهُوَ ٱلَّذِيٓ أَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءٗ فَأَخۡرَجۡنَا بِهِۦ نَبَاتَ كُلِّ شَيۡءٖ فَأَخۡرَجۡنَا مِنۡهُ خَضِرٗا نُّخۡرِجُ مِنۡهُ حَبّٗا مُّتَرَاكِبٗا وَمِنَ ٱلنَّخۡلِ مِن طَلۡعِهَا قِنۡوَانٞ دَانِيَةٞ وَجَنَّٰتٖ مِّنۡ أَعۡنَابٖ وَٱلزَّيۡتُونَ وَٱلرُّمَّانَ مُشۡتَبِهٗا وَغَيۡرَ مُتَشَٰبِهٍۗ ٱنظُرُوٓاْ إِلَىٰ ثَمَرِهِۦٓ إِذَآ أَثۡمَرَ وَيَنۡعِهِۦٓۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكُمۡ لَأٓيَٰتٖ لِّقَوۡمٖ يُؤۡمِنُونَ ﴾ الأنعام: ٩٩. **واتە: (خوا ئەو زاتەیە کە لە ئاسمانەوە باران دەبارێنێت _ دەفەرمووێت _: جا بەهۆیەوە چرۆو چەکەرەی هەموو شتێکی پێ دەردەهێنین و شینی دەکەین، ئینجا لاسکی سەوزی لێ پەیدا دەکەین، زنجیرە دانەی سەفتەکراوی لێ دروست دەکەین _ وەك: گوڵەگەنم ... هتد_ لە دارخورماش لە هەندێ لق و چڵە پۆپی هێشووی خورما شۆڕ دەبێتەوە، هەروەها باخی هەمەجۆری ڕەزو ترێ، زەیتون و هەناریش، هەیانە لە یەك دەچێت و هەشیانە لە یەك ناچێت، جا تەماشای بەرەکەی بکەن کاتێك بەردەگرێت و پێ دەگات، بەڕاستی ئا لەو شتانەدا _ کە ئاماژەی تێدا کرا بۆتان _ چەندەها بەڵگە و نیشانەی تەواون بۆ کەسانێك کە ئیمان و باوەڕ دەهێنن).**

شەشەم:

**هەندێك سەرنج هەن لەبارەی موعجیزەی بەدیهێنان، جا قورئانی پیرۆز دڵ و دەروونەکان بەرەو ئەو سەرنجە ئاڕاستە دەکات، لە کاتێکدا قورئان بۆمان لەبارەی دونیای ڕووەك دەدوێت... هەنێك سەرنج کە دەستی توانست و داهێنەری خوامان پیشان دەدات کە خاك دەتەقێنێتەوە بە ژیان... جا لە یەك گڵەوەو بە یەك ئاوەوە لە شێوەی فیسیفاڵ درەخت و بەروبووم و گوڵ و گوڵزارمان بۆ دەردەخات کە لە تامیاندا جیاوازن و فرە ڕەنگن، لە شێوەو قەبارەو پێکاهاتەکانیاندا هاوشێوە نین... یەك گڵ و خاك... یەك ئاو... بەڵام داهێنانی خوایی بەسەردا دەڕژێت بەمەش فیستیفاڵێك لە شێوەو ڕەنگەکانی پێ دروست دەکات.**

﴿ وَهُوَ ٱلَّذِىٓ أَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً فَأَخْرَجْنَا بِهِۦ نَبَاتَ كُلِّ شَىْءٍ ﴾ الأنعام: ٩٩. **واتە: (خوا ئەو زاتەیە کە لە ئاسمانەوە باران دەبارێنێت _ دەفەرموویت _: جا بەهۆیەوە چرۆو چەکەرەی هەموو شتێکی پێ دەردەهێنین و شینی دەکەین).**

﴿ ٱللَّهُ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَأَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً فَأَخْرَجَ بِهِۦ مِنَ ٱلثَّمَرَٰتِ رِزْقًا لَّكُمْ ﴾ إبراهيم: ٣٢. **واتە: (خوا ئەو زاتەیە کە ئاسمانەکان و زەوی بەدیهێناوە، لە ئاسمانەوە بارانی باراندووەو بەهۆیەوە بەروبومی لە ناخی زەوی بۆ ئێوە دەرهێناوە).**

﴿ وَفِي ٱلۡأَرۡضِ قِطَعٞ مُّتَجَٰوِرَٰتٞ وَجَنَّٰتٞ مِّنۡ أَعۡنَٰبٖ وَزَرۡعٞ وَنَخِيلٞ صِنۡوَانٞ وَغَيۡرُ صِنۡوَانٖ يُسۡقَىٰ بِمَآءٖ وَٰحِدٖ وَنُفَضِّلُ بَعۡضَهَا عَلَىٰ بَعۡضٖ فِي ٱلۡأُكُلِۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ لِّقَوۡمٖ يَعۡقِلُونَ ٤ ﴾ الرعد: ٤. واتە: (لەسەر ڕووکاری زەوی پارچەی جۆراو جۆر هەیە لە پاڵ یەکدا، هەروەها باخی ڕەزی ترێ، کشتوکۆاڵی هەمەجۆر لە دانەوێڵە و بێستانەکاندا، دارخورمای یەك قەد و دوو قەد، هەموو ئەوانە بەیەك ئاو ئاودێری دەکرێن و لەیەك جۆر ئاو دەخۆنەوە، هەندێکیانمان لە هەندێکی تر بۆ خۆراکی ئادەمیزاد نازدارترو پەسەندتر کردووە، بەڕاستی ئا لەو شتانەشدا بەڵگە و نیشانەی زۆر هەن بۆ کەسانێك عەقڵ و ژیری خۆیان بخەنەکار).

﴿ يُنۢبِتُ لَكُم بِهِ ٱلزَّرۡعَ وَٱلزَّيۡتُونَ وَٱلنَّخِيلَ وَٱلۡأَعۡنَٰبَ وَمِن كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَةٗ لِّقَوۡمٖ يَتَفَكَّرُونَ ﴾ النحل: ١١. واتە: (هەر بەو بارانە خوای گەورە چەندەها کشتوکاڵ دەهێنێتە بەرهەم بۆتان، هاوڕێ لەگەڵ زەیتون و خورما و جۆرەها ترێ، بەڕاستی ئا لەوەدا بەڵگە و نیشانەی تەواو هەیە بۆ کەسانێك کە بیر بکەنەوە).

﴿ وَمَا ذَرَأَ لَكُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ مُخۡتَلِفًا أَلۡوَٰنُهُۥٓۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَةٗ لِّقَوۡمٖ يَذَّكَّرُونَ ﴾ النحل: ١٣. واتە: (شتی جۆراو جۆرو هەمەڕەنگی لە زەویدا بۆ بەدیهێناون، کە بەڕاستی ئا لەوەشدا بەڵگە هەیە بۆ کەسانێك کە یادەوەری وەردەگرن).

﴿ وَأَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً فَأَخۡرَجۡنَا بِهِۦٓ أَزۡوَٰجٗا مِّن نَّبَاتٖ شَتَّىٰ ﴾طه: ٥٣. **واتە: (لە ئاسمانیشەوە باران دادەبەزێنێت، کە بەهۆیەوە چەندەها جووت ڕووەکی پێ ڕوواندووە).**

﴿ أَوَلَمۡ يَرَوۡاْ أَنَّا نَسُوقُ ٱلۡمَآءَ إِلَى ٱلۡأَرۡضِ ٱلۡجُرُزِ فَنُخۡرِجُ بِهِۦ زَرۡعٗا تَأۡكُلُ مِنۡهُ أَنۡعَٰمُهُمۡ وَأَنفُسُهُمۡۚ أَفَلَا يُبۡصِرُونَ ﴾ السجدة: ٢٧. **واتە: (ئایا سەرنجیان نەداوە کە بەڕاستی ئێمە چۆن ئاو کێش دەکەین و دەیبەین بۆ زەوی و زاری وشك و بێ ڕووەك، جا بەو ئاوە ڕووەك و گژو گیا دەردەهێنین کە ماڵاتیان و خۆشیان لێی دەخۆن، ئایا ئەوە نابینن و سەرنج نادەن).**

﴿أَلَمۡ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ أَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءٗ فَأَخۡرَجۡنَا بِهِۦ ثَمَرَٰتٖ مُّخۡتَلِفًا أَلۡوَٰنُهَاۚ وَمِنَ ٱلۡجِبَالِ جُدَدُۢ بِيضٞ وَحُمۡرٞ مُّخۡتَلِفٌ أَلۡوَٰنُهَا وَغَرَابِيبُ سُودٞ ﴾فاطر: ٢٧. **واتە: (ئایا سەرنجت نەداوە کە بەڕاستی خوا لە ئاسمانەوە بارانی باراندووە، جا ئێمە بەو بارانە چەندەها بەرو بوومی جیاوازمان دەرهێنا، هەروەها هەندێك لە کەژو کێوەکانمان بە زنجیرە کێشا، هەیانە چین و هێڵ و نەخشی سپی و سوورە ئەوانیش ڕەنگیان جیاوازە، هەشیانە ڕەشێکی تاریك و تۆخە).**

﴿ وَءَايَةٞ لَّهُمُ ٱلۡأَرۡضُ ٱلۡمَيۡتَةُ أَحۡيَيۡنَٰهَا وَأَخۡرَجۡنَا مِنۡهَا حَبّٗا فَمِنۡهُ يَأۡكُلُونَ ﴿٣٣﴾ وَجَعَلۡنَا فِيهَا جَنَّٰتٖ مِّن نَّخِيلٖ وَأَعۡنَٰبٖ وَفَجَّرۡنَا فِيهَا مِنَ ٱلۡعُيُونِ ﴾ يس: ٣٣_٣٥. **واتە: (لە بەڵگە و نیشانەی ئاشکرای خوا بۆ ئەو خەڵکە: زەوی مردووە کە بەهۆی ئاوی بارانەوە زیندووی دەکەینەوە، دانەوێڵەی لێ پەیدا دەکەین کە لێی دەخۆن.**

هەروەها جۆرەها باخاتی لێ بەرهەم دەهێنین، لە دار خورما و چەند جۆر ترێ، هەروەها چەندەها کانیاویشمان تێدا هەڵقوڵاندووە).

هەندێك سەرنجی تر کە زانست ڕەهەندەکانی ئاشکرا نەکرد بەم دواییانە نەبێت... هەندێك ئاماژە لە بارەی پێکهاتەی نێرو مێ لە دونیای ڕووەکدا، قورئانی پیرۆز بۆمان دەدوێت لەبارەی نهێنی زیاد بوونی ژمارەی ئەندامان لە ناو جیهانی سەوزدا... ئەم زۆربوونە جوان و قەشەنگە: ﴿وَهُوَ ٱلَّذِى مَدَّ ٱلۡأَرۡضَ وَجَعَلَ فِيهَا رَوَٰسِىَ وَأَنۡهَٰرًاۖ وَمِن كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِ جَعَلَ فِيهَا زَوۡجَيۡنِ ٱثۡنَيۡنِ﴾الرعد:٣. واتە: (هەر خوا ئەو زاتەیە کە زەوی پان و بەرین کردووە، کەژو چیاو ڕووباری زۆری تێدا دابین کردووە، لە هەموو بەروبوومێك جووتی فەراهەم هێناوە لە هەموو جۆر).

﴿وَأَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً فَأَخۡرَجۡنَا بِهِۦٓ أَزۡوَٰجًا مِّن نَّبَاتٍ شَتَّىٰ﴾طه:٥٣. واتە: (لە ئاسمانیشەوە باران دادەبەزێنێت، کە بەهۆیەوە چەندەها جووت ڕووەکی پێ ڕوواندووە).

﴿وَتَرَى ٱلۡأَرۡضَ هَامِدَةً فَإِذَآ أَنزَلۡنَا عَلَيۡهَا ٱلۡمَآءَ ٱهۡتَزَّتۡ وَرَبَتۡ وَأَنۢبَتَتۡ مِن كُلِّ زَوۡجِۭ بَهِيجٖ﴾ الحج: ٥. واتە: (تۆ زەوی دەبینیت وشك و برنگە، جا کاتێك ئاوی بارانمان بەسەردا باراند، دادەچڵەکێت و دەلەرزێت و تۆوەکانی چەکەرە دەکەن و ڕەگ و چڵ دەردەکەن و دەڕوێن، ئەوسا لە هەموو گژو گیاو گوڵ و گوڵزارێکی جووت جووت دەڕوێنێت).

﴿أَوَلَمْ يَرَوْا۟ إِلَى ٱلْأَرْضِ كَمْ أَنۢبَتْنَا فِيهَا مِن كُلِّ زَوْجٍ كَرِيمٍ﴾ الشعراء: ٧. **واتە: (ئایا سەرنجی زەوییان نەداوەو لێی ورد نەبوونەتەوە، چەندەها جووت گژو گیاو ڕووەکی بەنرخی هەمەجۆرو ڕازاوەمان تێدا ڕواندووە).**

﴿وَٱلَّذِى خَلَقَ ٱلْأَزْوَٰجَ كُلَّهَا﴾ الزخرف: ١٢. **واتە: (هەر ئەو زاتە هەموو جووتەکانی دروست کردووە، هەروەها کەشتی و جۆرەکانی ئاژەڵی بۆ ڕام هێناون، کە بۆ سواری سوودی لێ وەربگرن).**

﴿سُبْحَٰنَ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلْأَزْوَٰجَ كُلَّهَا مِمَّا تُنۢبِتُ ٱلْأَرْضُ وَمِنْ أَنفُسِهِمْ وَمِمَّا لَا يَعْلَمُونَ﴾ یس: ٣٦. **واتە: (پاك و بێگەردی بۆ ئەو زاتەی هەموو بەدیهێنراوەکانی بە جووت دروستکردووە لەوەی لە زەویدا دەڕوێت، لە خۆیشیان، لەو شتانەش کە نایزانن).**

﴿وَمِن كُلِّ شَىْءٍ خَلَقْنَا زَوْجَيْنِ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ﴾ الذاريات: ٤٩. **واتە: (لە هەموو شتێك ئێمە جووتمان دروست کردووە، بۆ ئەوەی بیر بکەنەوەو یادەوەری وەربگرن).**

**سەرنجێك لەبارەی نمایشی خۆراکی (کڕۆلۆفیل)ی... وەك چۆن قورئانی پیرۆز بۆمان دەدوێت لەبارەی نهێنی زۆربوون، ئەوا بەهەمان شێوە دەدوێت لەبارەی نهێنی نەش و نما و گەشە لە دونیای ڕووەکدا، بەڕاستی ئەمە ئاماژەیەکی موعجیزەیە بۆ ماددەی (کڕۆلۆفیل)ی سەوز کە خۆراك دروست دەکات و تۆ دەردەکات:** ﴿وَهُوَ ٱلَّذِىٓ أَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً فَأَخْرَجْنَا بِهِۦ نَبَاتَ كُلِّ شَىْءٍ فَأَخْرَجْنَا مِنْهُ

خَضِرًا نُّخْرِجُ مِنْهُ حَبًّا مُّتَرَاكِبًا ﴾ الأنعام: ٩٩. واتە: (خوا ئەو زاتەیە کە لە ئاسمانەوە باران دەبارێنێت _ دەفەرموویێت _: جا بەهۆیەوە چرۆو چەکەرەی هەموو شتێکی پێ دەردەهێنین و شینی دەکەین، ئینجا لاسکی سەوزی لێ پەیدا دەکەین، زنجیرە دانەی سەفتەکراوی لێ دروست دەکەین _ وەك: گوڵەگەنم ... هتد_).

سێیەم سەرنج سەبارەت بە ئەندازەگیریە تۆکمەکە لە بارەی بڵاوکردنەوەی ڕووەك لە زەویدا و ڕێژەی بەروبوومەکەی... زانایانی ڕووەکناس زۆر دواون لەبارەی ئەم بەڕێوەبردنە (ئەندازە بۆگیراوو هاوسەنگە) کە _ ئەگەر دەربڕینەکەی دروست بێت _ ژیان و گوزەرانێکی ئاشتیانە لە نێوان ڕووەکەکان دێنێتەوە کایە، و _ بە وشەیەکی وردتر _ جۆرێك لە تەبایی و یەکگرتوویی تەواوکارلا بەرپا دەکات کە خزمەت بە پێویستیەکانی مرۆڤایەتی دەکات و یارمەتی سروشت دەدات و بەردەوام دەبێت لە ئەرکەکەیدا... و لە کتێبی خوادا دەیخوێنینەوە: ﴿ وَٱلْأَرْضَ مَدَدْنَٰهَا وَأَلْقَيْنَا فِيهَا رَوَٰسِىَ وَأَنۢبَتْنَا فِيهَا مِن كُلِّ شَىْءٍ مَّوْزُونٍ ﴿١٩﴾ وَجَعَلْنَا لَكُمْ فِيهَا مَعَٰيِشَ وَمَن لَّسْتُمْ لَهُۥ بِرَٰزِقِينَ ﴿٢٠﴾ وَإِن مِّن شَىْءٍ إِلَّا عِندَنَا خَزَآئِنُهُۥ وَمَا نُنَزِّلُهُۥٓ إِلَّا بِقَدَرٍ مَّعْلُومٍ ﴾ الحجر: ١٩_٢١. واتە: (زەویشمان ڕاخستووە، چیاو کێوەکانمان لەسەر داناوە، لە هەموو جۆرە ڕووەك و بەرو بوومێکمان تیادا ڕواندووە، بەشێوەیەکی ڕێك و پێك و بە ئەندازەی پێویست و دیاریکراو. لەسەر زەویشدا بژێوی ڕۆژانەمان بۆ ئێوە دابین کردووە، هەروەها بۆ ئەوانەش کە ئێوە ناتوانن ڕۆزیان بۆ دابین بکەن. هیچ شتێك نییە کە گەنجینەکانی لای ئێمە نەبێت و ئێمە نایبەخشین بە ئەندازەی دیاریکراو لە کاتی لەباردا نەبێت).

﴿ مَّا يَفْتَحِ اللَّهُ لِلنَّاسِ مِن رَّحْمَةٍ فَلَا مُمْسِكَ لَهَا وَمَا يُمْسِكْ فَلَا مُرْسِلَ لَهُ مِنۢ بَعْدِهِۦ وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ ﴿٢﴾ يَٰٓأَيُّهَا النَّاسُ اذْكُرُوا نِعْمَتَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ هَلْ مِنْ خَٰلِقٍ غَيْرُ اللَّهِ يَرْزُقُكُم مِّنَ السَّمَآءِ وَالْأَرْضِ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ فَأَنَّىٰ تُؤْفَكُونَ ﴾فطر: ٢_٣. **واتە: (هەر کاتێك خوا دەروازەی ڕەحمەت و بەخششی خۆی لە خەڵکی بکاتەوە، ئەوە هیچ کەس و هیچ شتێك ناتوانێت بەری بگرێت، هەر کاتێك دەروازەی ڕەحمەتی بگرێتەوەو دای بخات، کەس ناتوانێت دوای گرتنەوەکەی خوا بێجگە لە خۆی بیکاتەوە، هەر ئەو زاتە خۆیشی باڵادەست و دانایە. ئەی خەڵکینە بیر بکەنەوە لە چاکەی خوا بەسەرتانەوە، ئایا دروستکارو بەدیهێنەرێکی تر هەیە جگەلە خوا لە ئاسمان و زەویەوە ڕزق و ڕۆزیتان پێ ببەخشێت؟ جگە لەو زاتە خوایەکی تر نییە، جا ئەوە چۆن لەو بیروباوەڕە دروستە لادەدرێن _ ڕوو دەکەنە گومڕایی _).**

﴿ وَمَا تَخْرُجُ مِن ثَمَرَٰتٍ مِّنْ أَكْمَامِهَا وَمَا تَحْمِلُ مِنْ أُنثَىٰ وَلَا تَضَعُ إِلَّا بِعِلْمِهِۦ ﴾ فصلت: ٤٧. **واتە: (هەرچی بەرو بوم و تۆوێك لە خونچە و چرۆیەکەوە چەکەرە دەکات خوا ئاگادارە لێی، هیچ مێینەیەك سکی نابێت و بەچکە و بەرهەمەکەی دانانێت تەنها بە ئاگاداری خوا نەبێت).**

## حەوتەم:

**ئایەتی کۆتایی دەمانگوازێتەوە بۆ هەمیشە ئامادەبوونی (چاودێری[١]) خوایی لە گەردوون و جیهاندا... ئا لێرەوە ئامادەیی پیرۆز لە دونیایی ڕووەکدا دەبینین... ئەو ئامادەییەی کە ئەندازەگیری دەکات و بەڕێوەی دەبات و دەبینێت... هیچ شتێکی لە دەست ناچێت و لێی ون نابێت... هەر بەروبومێك کە چەکەرە دەکات... هەر گەڵایەك کە دەکەوێت... هەر گەڵایەکی تەڕ یان وشك... هەر دەنکێك خۆی بشارێتەوە لە ژێر بەردێك لە تاریکیەکاندا... ئەوا هەر لە چوارچێوەی ئامادەیی (چاودێری[٢]) خوادایە:** ﴿ يَٰبُنَيَّ إِنَّهَآ إِن تَكُ مِثۡقَالَ حَبَّةٖ مِّنۡ خَرۡدَلٖ فَتَكُن فِي صَخۡرَةٍ أَوۡ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ أَوۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ يَأۡتِ بِهَا ٱللَّهُ ﴾ لقمان: ١٦. **واتە: (_ پاشان لەسەر زاری لوقمان _ دەفەرموویت: ئەی کوڕی ئازیزم؛ بەڕاستی ئەگەر چاکە یان خراپەی ئادەمیزاد بە قەد تۆوی خەرتەلەیەك _ کە زۆر وردە _ هەبێت و لەناو بەردێکدا لە ئاسمانەکان یاخود لە زەویدا حەشاردرا بێت _ لای خوا شاراوە نییە _ و دەیهێنێتە مەیدانەوە، چونکە بەڕاستی خوا هیچ شتێکی لێ شاراوە نییە و زۆریش ئاگایە).**

﴿ وَعِندَهُۥ مَفَاتِحُ ٱلۡغَيۡبِ لَا يَعۡلَمُهَآ إِلَّا هُوَۚ وَيَعۡلَمُ مَا فِي ٱلۡبَرِّ وَٱلۡبَحۡرِۚ وَمَا تَسۡقُطُ مِن وَرَقَةٍ إِلَّا يَعۡلَمُهَا وَلَا حَبَّةٖ فِي ظُلُمَٰتِ ٱلۡأَرۡضِ وَلَا رَطۡبٖ وَلَا يَابِسٍ إِلَّا فِي كِتَٰبٖ مُّبِينٖ ﴾

---

(١) بۆ زیاتر بەرچاوڕۆشنی خۆم زیادم کردووە. (وەرگێڕ).

(٢) بۆ زیاتر بەرچاوڕۆشنی خۆم زیادم کردووە. (وەرگێڕ).

الأنعام: ٥٩. واتە: (کلیلی هەموو شاراوەکان و زانینی هەموو نهێنیەکان بە دەست خوایە و هەر لای ئەوە، کەس نایزانێت جگەلەو زاتە، هەرچی لە وشکانیە خوا پێی دەزانێت، هەروەها هەرچی لە دەریاکانیشدایە ئاگای لێیەتی و هیچ گەڵایەك ناکەوێتە خوارەوە خوا پێی نەزانێت، هەروەها دەنکێك یان تۆوێك لە تاریکیەکانی زەویدا نییە ئەو دەنکە چ شێدار یان وشك بێت، هیچ شتێك نییە لە خوا پەنهان بێت و لە تۆماری پارێزراو یان لە دۆسیەی تایبەتدا نەنووسرابێت).

خوای باڵادەست و خاوەن شکۆ بەدیهێنەری دونیایە، ژیێنەری ڕووەك لە ناو دڵی گڵی کەڕدا، خوای مەزن وای لە گەڵای دارەکان کردووە کە خۆراك پێشکەش بکەن، و وای لە قەدەکانیشی کردووە ئاگر بگرن و دابگیرسێن، هەر پەروەردگاری بێ وێنەشە کە زیندوێتە سەوزەکەی بە ڕووەك دەدات یان زیندوێتی لە ڕووەك دەسەنێتەوەو بەمەش ڕووەك وشك و سیس دەبێ و تێك دەشکێت... خوای پاك و بێگەرد چێنەرو سەرپەرشتیارە و هەر ئەویش بەرهەم دروێنەرو دابەشکارە: ﴿ قُلۡ مَن رَّبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ قُلِ ٱللَّهُ ﴾ الرعد: ١٦. واتە: (_ ئەی محەممەد ﷺ بە خوانەناسان _ بڵێ: کێ پەروەردگاری ئاسمانەکان و زەویە _ ئەگەر ئەوان بێ دەنگ بوون _ تۆ بڵێ: خوا).

﴿ ٱلَّذِي جَعَلَ لَكُم مِّنَ ٱلشَّجَرِ ٱلۡأَخۡضَرِ نَارٗا فَإِذَآ أَنتُم مِّنۡهُ تُوقِدُونَ ٨٠ ﴾ یس: ٨٠.

واتە: (ئەو زاتەی کە لە درەختی سەوز ئاگرتان بۆ بەدی دەهێنێت، ئیتر ئێوە دایدەگیرسێنن).

﴿ أَفَرَءَيۡتُم مَّا تَحۡرُثُونَ ٦٣ ءَأَنتُمۡ تَزۡرَعُونَهُۥٓ أَمۡ نَحۡنُ ٱلزَّٰرِعُونَ ٦٤ لَوۡ نَشَآءُ لَجَعَلۡنَٰهُ حُطَٰمٗا فَظَلۡتُمۡ تَفَكَّهُونَ ٦٥ ﴾ الواقعة: ٦٣_٦٥. واتە: (ئایا سەرنجتان داوە لەو زەویەی کە دەیکێڵن و دەیچێنن؟ ئایا ئێوە دەیڕوێنن یان هەر ئێمەین ڕوێنەرو بەرهەم هێنەر، ئینجا ئەگەر بمانویستایە دەمانکردە چیلکە و چەواڵی بێ خێر، ئەوسا دەستتان دەکرد بە قسەی بێ هودە).

﴿ أَفَرَءَيۡتُمُ ٱلنَّارَ ٱلَّتِي تُورُونَ ٧١ ءَأَنتُمۡ أَنشَأۡتُمۡ شَجَرَتَهَآ أَمۡ نَحۡنُ ٱلۡمُنشِـُٔونَ ٧٢ نَحۡنُ جَعَلۡنَٰهَا تَذۡكِرَةٗ وَمَتَٰعٗا لِّلۡمُقۡوِينَ ﴾ الواقعة: ٧١_٧٣. واتە: (ئایا سەرنجی ئەو ئاگرە نادەن کە دایدەگیرسێنن. ئایا ئێوە دارەکەتان دروست کردووە یان ئێمە بەدیهێنەرین؟. هەر ئێمە کردوومانەتە هۆی ئەوەی کە یادخەرەوە بێت، هەروەها کردوومانەتە هۆیەك بۆ ئەوەی گەڕۆك و گەشتیاران و دەسەڵاتداران کەڵکی لێ وەربگرن).

ئا ئەمە وشەکانی خوای مەزنن کە ڕووبەڕوو دەمانخاتە بەرامبەر ئامادەیی خوایی لە پرۆسەی ڕووەك ڕواندن هەر لە چەکەرە کردنەوە تا لەناوچوونی، ئەو ئامادەیی کە باران دادەبەزێنێت و زەوی لەت دەکات... بەمەش باخچە و بەروبووم بۆ خەڵکی دەردەخات و بەرهەم دێنێت: ﴿ فَلۡيَنظُرِ ٱلۡإِنسَٰنُ إِلَىٰ طَعَامِهِۦٓ ٢٤ أَنَّا صَبَبۡنَا ٱلۡمَآءَ صَبّٗا ٢٥ ثُمَّ شَقَقۡنَا ٱلۡأَرۡضَ شَقّٗا ٢٦ فَأَنۢبَتۡنَا فِيهَا حَبّٗا ٢٧ وَعِنَبٗا وَقَضۡبٗا ٢٨ وَزَيۡتُونٗا وَنَخۡلٗا ٢٩ وَحَدَآئِقَ غُلۡبٗا ٣٠ وَفَٰكِهَةٗ وَأَبّٗا ٣١ مَّتَٰعٗا لَّكُمۡ وَلِأَنۡعَٰمِكُمۡ ٣٢ ﴾ عبس: ٢٤_٣٢. واتە: (دەبا ئادەمیزاد سەیری خواردنەکەی بکات و سەرنجی بدات و بیری لێ بکاتەوە. بێگومان ئێمە ئاومان بۆ داباراندۆتە خوارەوە چۆن داباریندێك. لەوەودوا زەویمان بۆ لەت لەت کرد بە چەکەرەی ناسکی ڕووەك. ئینجا دانەوێڵەمان تیادا ڕواند.

**هەروەها ترێ و سەوزە و زەیتون و دارخورماشمان تیادا ڕوواند. و باخچەی دەورە دراو بە دارخورما یان درەختی تر یاخود باخی چڕو پڕ. و جۆرەها میوە، هاوڕێ لەگەڵ هەموو ئەو گژو گیایانەی کە خواکردە و ماڵات دەیخوات لە لەوەڕگاکاندا. _ هەموو ئەمانە ئامادەمان کردووە _ تا خۆتان و ماڵاتەکانتان سوودی لێ وەربگرن).**

**هەشتەم:**

﴿ هَٰذَا خَلْقُ ٱللَّهِ فَأَرُونِي مَاذَا خَلَقَ ٱلَّذِينَ مِن دُونِهِۦ ﴾ لقمان: ١١. **واتە: (ئائەمە دروستکراوانی خوان، وەرن نیشانم بدەن بزانم ئەوانی تر جگەلەو زاتە، چیان دروست کردووە، نەخێر هیچیان دروست نەکردووە).**

# ناوەڕۆک

پێشەکی وەرگێڕ

ڕەتکردنەوەی جیهانی پەنهان (الغیب) چی دەگەیەنێت؟

سەرنجێك سەبارەت بە لاساییکردنەوەی شارستانی: لە پاشا پاشاپارێزتر

قورئان و ڕەهەندی کات

چەند هەڵوێستێکی دەرچووانی قوتابخانەی قورئان

بۆچوونێك دەربارەی ((ڕۆحگەرایی))

چەند هێڵێکی سەرەکی لە خواپەرستی ئیسلامیدا

سەرەنجێك (دەربارەی پرۆژەی نووسینی مێژووی عەرەب و ئیسلام)

تەنها شوێن گومان کەوتوون

گەشتێك لەگەڵ جیهانی گیانلەبەران لە کتێبی خوادا

گەشتێك بەناو جیهانی ڕووەك لە کتێبی خوادا

لەگەڵ قورئان

لە جیهانە فراوانەکەیدا


**نوسینگەی تەفسیر**

بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن

هەولێر - شەقامی دادگا - ژێر هوتێلی شیرین پالاس

+964 750 818 08 66

www.al-tafseer.com

tafseeroffice@yahoo.com

trizone ARCHITECTURE COVER.DESIGN

/TafseerOffice

6000 دینار

Tafseer Office

4202100060310044

Mobile : +964 750 818 08 65

www.al-tafseer.com